# شیکاری پراگماتیکی گوتاری مانەوەی ئێزدی

## لە ڕۆمانی

## (شنگال، هایێ ل من)

غازی حەسەن

ئەمەریکا/٢٠٢٠

*** ناوی کتێب:** شیکاری پراگماتیکی گوتاری مانەوەی ئێزدی لە ڕۆمانی
(شنگال، هایێ ل من)

*** نووسینی: غازی حەسەن**

*** تایپێست و نەخشەساز : نووسەر**

*** چاپ: یەکەم : ٢٠٢٤**

**چاپخانە: چاپی ئەلەکترۆنی و مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

**تیراژ: بەپێی داونلۆد و بەکارهێنەرانیەتی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ماڵپەڕەکاندا**

**نرخ: خۆراییە و نرخەکەی سوپاسێکە دوای خوێندنەوەی**

*** لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(..... )ی ساڵی ....ی پێدراوە.**

***تێبینی: ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٢٠ نووسراوە و چاوەڕوانی چاپە، بەداخەوە دواکەوت، بۆیە لەپێناو ئەوەی ماندوو بوونەکەم بزر نەبێت و نەچێتە تەنکەی بێ بایەخەکانەوە، ناچار بووم بەم شێوەیە بە (PDF) بڵاوی بکەمەوە.***

***(((( غازی حەسەن/ نووسەری کتێب)))).***

## پێشەکی

### ناونیشانی لێکۆڵینەوە

پەیوەندی بە شیکردنەوەی پراگماتیکی (بنەمای هاریکاری) (گرایس)ەوە هەیە، ئێمە پێمان وایە، ئەم جۆرە ناونیشانە پەیوەندیان بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەلایەک هەیە و لەلایەکی دیکە زمانی کوردی پێویستی زۆری بەم جۆرە بابەت و ناونیشانانە هەیە. کە بریتییە لە شیکردنەوەی گوتاری مێژوویی تەسلیم نەبوونی چیای سەنگال و مانەوە و بەردەوامی ئێزدیەکان. دوای لێکدانەوەیەکی زۆر لەسەر ئەوە ساخ بوومەوە ناوی بنێم (شیکاری پراگماتیکی گوتاری مانەوەی ئێزدی لە ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من)، کە نووسەرەکەی (کەریم کاکە)یە. هەرچەندە ئارەزووی ناونیشانی درێژ ناکەم، بەڵام لەم جۆرە شیکارییەدا ناچار دەبم، خۆ لە ناونیشانی شیعری دوور بخەمەوە. دویا پرسین ل خودای هەندێک برای (ئێزدی) بە ڕاستمان زانی لە جیاتی (ئێزیدی) بنووسین (ئێزدی).
پراگماتیک دەتوانێت بەرکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی قووڵ و کارا لێکبداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی زمان (بەکارهێنانە لەدەروبەرێکی دیاریکراودا). (زمان پەیوەندیکردن و هاوکارییە بۆ گەیاندی زانیاری و لێکگەیشتن و دروستکردنی گوتار).

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، پشت بەبنەماکانی هاریکاری لە تیۆری پراگماتیک دەبەستێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەم ڕێبازەمان هەڵبژاردووە، جونکە دەقی (شنگال، هایێ ل من) لە بنەڕەتدا تۆڕێکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی کاریگەر بۆ هاوکاری لەنێوان (نێرەر و وەرگر) و پێدانی زانیاری پێویست، تەنیا ئەو شتانەی پێویستن، نەک زیادە گۆتن.

## کێشەی لێکۆڵینەوە

یەکەم: نەبوونی سەرچاوەی بەزمانی کورد لەم بوارانە گرفتێکی گەورەیە.
دووەم: نەبوونی خوێندەواری جدی، یان ئەوانەی بەچاوی شیکردنەوە و ڕەخنەگرانە بابەت و دەق دەخوێننەوە. یەکێکە لەگرفتەکانی بەردەم شیکردنەوەی دەق.
سێیەم: دەقێکی لەم جۆرە، کە بریتییە لە دەقێکی پشتئەستور بەمێژوو، ڕووداوی سەردەمیانە. پیویستیت بەسەرچاوەی مێژوویی خودی ئێزدییەکان دەبێت، بەداخەوە ئەوانیش زۆر کەم لەم بوارە خۆیان و بیروبۆچوونەکانیان لەشێوەی دەقی نووسراودا تۆمار کردووە.

## سوودەکانی لێکۆڵینەوە

یەکەم: لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بەکارهێنانی بنەمای هاریکاری لەبارەی بەکارهێنانی (کار و ئەرکی) زمان، لە راستیدا ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لەسنوورێکی زۆر دیاریکراوە کراوە. بۆیە پێمان وایە ئەمە دەبێتە هاریکاری بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

دووەم: لەم لێکۆڵینەوەیەدا گوتاری دەق ئامانجی سەرەکیی لێکدانەوەی پێکهاتەکانی دەقەکە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی گوتار کراون، بەشێوازی جیاواز لەو لێکۆڵینەوە کاری لەسەر کراوە، ئێمە لەڕوانگەی زمانێکی کۆمەڵایەتی، مەبەستی گوتار و ئەنجامەکانی و بەرهەمهێنانەوەی دەق لەسەر بنەمای هاریکاری کارمان کردووە.

سێیەم: بایەخی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی گوتاری دەقمان شیکردۆتەوە. ئاماژەمان بەو بنەمایانە کردووە کە دەبنە هۆکاری هاریکاری لە نێوان (نێرەر و وەرگر) بۆ بەدیهێنانی کردەی (هەڵێنجان و تێگەیشتن).

چوارەم: لەم لێکۆڵینەوەیدا ڕۆڵی (نێرەر و وەرگر)، (دەق و بەکارهێنەرانی)مان لێکداوەتەوە. ئەمە لەکردەوەدا کارکردنە بۆ (گێڕانەوەی) پێگە و هێز و دەسەڵاتی (خوێنەر) بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەق. جونکە پێمان وایە دوای بڵاوبوونەوەی دەق، خوێنەر خاوێنی دەقەکەی، نەک نووسەرەکەی.

**بەشەکانی لێکۆڵینەوە**

**لەدوو بەش پێکدێت**

بەشی یەکەمی بریتییە لە لایەنە تیۆرییەکانی ژمارەک کۆد و ناونیشان و بەش و زاراوەی وەکو (مێژووی ئیزیدییەکان، پراگماتیک، گوتار وشیکردنەوەی گوتار، دەق، بنەماکانی هاریکاری، بەرهەمهێنان و هەڵێنجان، بەکارهێنان وگرفتەکانی، ئەرکی زمان و ڕۆل مەبەست لەدەقی گوتار، واتا، گێڕانەوە، ڕوودوی لەدەقدا).

بەشی دووەم: بریتییە لەچەند بەشێکی شیکاری لەوانە (بابەت ، گوتاری خۆسەپاندن و کوشتنی گوتار، گوتاری رەگەزپەرەستی، کردەی بنەماکانی هاریکاری، گوتاری رەخنەگرانە، ناونیشان و بەرگ، سەرچاوە و لێکەوتە، تێگەیشتن و هەڵێنجان، شیکاری بنەماکانی هاریکاری، بۆ بەکارهێنانی ئەو بنەمایانە، نیشانەکانی پراگماتیک، نیشانەکانی گوتار، پوختەی لێکۆلێنەوە وسەرچاوەکان.

# بەشی یەکەم
# هەندێك لایەنی تیۆری و پێناسەی زاراوەکان

## ١-١- کورتەیەك دەربارەی ئێزدییەکان

پێش ئەوەی ئاماژەیەکی کورتی مێژووی ئێزدییەکان بکەین دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنێین, کە (ئایینی ئێزیدی پاشماوەیەکی ئایینی ئێرانیی پێش – زەردەشتیە (بەتایبەتی پەرستیشی میثرا) لەگەڵ متوربەبوونی بە هەندێک دیمەنی کولتوری ئایینی عێراقی کۆن، سەرباری ئەو چەمکانەی لە ئایینەکانی تر خوازراون (سەروەر پێنجوینی، ، https://sarwar-penjweni.blogspot.com/2013/12/blog-post.html).

بەپێی زانیارییە مێژووییەکان ناوچەی شەنگال هەمیشە ناوچەیەکی سەوز و پڕ بزاوت و خێر و بێر بووە، چیای

شەنگالیش وەکو ناوچەیەکی قایمی ستراتیجی و سەربازی ڕۆڵی لە پاراستنی ئێزدیەکان و سەربازی و ستراتیجی هەبووە. نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش زاین ناوچەی شەنگال بوو، بە بەشێک لە دەوڵەتی میتانی و پایتەختەکەی لەسەر ڕووباری خاپووری سەروو بوو، پاشان ئاشورییەکان مرخیان لەدەشتە بەپیت و بەرەکەتەکە خۆشکردوو و داگیریان کرد. پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشوری لەساڵی ٦١٢ لەسەردەستی مادەکان، ئەو ناوچەیە بووە موڵکی ئەوان. دوای چەندین هێرش و پەلاماری سەربازی ڕۆمانییەکان چیای شەنگالیان داگیرکرد. تاکو سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەمەوی ناوچەکە لەژێر دەستی چەندین دەوڵەت و ئیمراتۆریەت بووە. (سەربەست حوسێن،٢٠٠٢، ١١-١٢).

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێزیدی بەشێوەیەک ڕیکخراوە، کە پەیوەندیی بە ئایینەکەیانەوە هەیە، واتا دابەشبوونی کۆمەڵگا پتر لەسەر بنەمای بۆچوون و پابەند بوونی ئایینەوە ڕۆنراوە و بۆتە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و دەروونیش بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە توندی و قایمی خۆیان لەڕێگەی پەیوەندییە ئایینەیەکەوە بەڕێوە ببەن. لەبەر ئەو پەیوەندییە ئایینیە پتەوەیە، دابەشبوونی کۆمەڵایەتیشان لەسەر ئەو بنەتانە ڕێکخراوە وەکو:

مورید: جەماوەری شوێنکەوتووی ئایینی ئێزدیە، ئەمانە پلەی ئایینیان نییە و نزیکە ٪٧٠ی کۆمەڵگەکە پێک دەهێنن.

شێخ: ئەوانەن، کە ژیانێکی ئایینی تایبەتمەندیان هەیە، دابەشی سێ گروپ بوون، لەوانە: (شەمسانی، ئادانی، قاتانی). سەرۆکی ئەمانە (بابە شێخە)، ئەم کەسایەتییە پلە یەکەمی نێو ئێزدیەکان لە گروپی شەمسیانە و سەرۆکی ڕۆحی ئێزیدیانە و سەرپەرشتیاری گشتی کاروباری ئایینییە.

پیر: لە پێنج کۆمەڵەی سەرەکی پێکدێت و بەسەر ٤٠ هۆزدا دابەش دەبن، کە زۆربەیان ژن و ژنخوازی لەنێو خۆیاندا دەکەن، ئەمانە هەمان دەسەڵاتی شێخەکانیان هەیە، بەتایبەتی کاروباری ڕۆژووگرتن و دەیەک و خەیرات، جیاوازییان لەگەڵ شێخەکان ئەوەیە، کە کوردبوونیان لە شێخەکان ڕوونترە.

پەیدابوونی ئەم سێ چینە بۆ دوای (شێخ ئادی) دەگەڕێتەوە، چونکە شێخ پێویستی بە موریدە و بەم شێوەیەش خەڵکەکە بوونەتە مورید و نەوەی (شێخ ئادی) و خزمەکانی چینی شێخەکان پێک دەهێنن.

میر: بنەماڵەی میر لەبنەڕەتدا بەشێکن لە شێخەکان و لە گروپی قاتانییە، میریش کاروباری دنیایی بەڕێوە دەبات و پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە و کاریگەریی لە ئاراستەی نەتەوەیی ئێزدیەکاندا هەیە، لە ڕابردووشدا کەسێکی پیرۆز بووە، ئەندامی مەجلیسی ڕۆحانی ئێزدیە و بارەگای لە گوندی باعەدرێی شێخانە.

قەوال: ئەمانە جۆرێکی ترن و سرود و وێردە ئایینییەکان لەئەستۆ دەگرن.

کوچەک: کۆمەڵەیەکی بچووکن، خزمەتی مەزارگای (شێخ ئادی) دەکەن و خەریکی وانەی ئایینی و پێشبینی و لێکدانەوەی خەونن.
فەقیر: ئەمانە لەهەموو چینەکانەوە هاتوون. لەکۆتایدا شێوە پەیوەندی بۆماوەییان لەخۆگرتووە. خزمەتکاری (شێخ ئادین)، کاروباری ئاهەنگێڕانی ئایینیان لەئەستۆیە، لە ژیانی هاوبەشی ئایینی و دونیادا دەژین و بەڕۆژوو دەبن و نزیکی جگەرەکێشان و مەی نابنەوە، دژی کاری توندوتیژین، جلوبەرگیان پیرۆزە.
موللا: کۆمەڵێکن فێرکردنی منداڵ و پاراستنی کتێب و نهێنییەکانی ئایینیان لەئەستۆیە، هەندێک پێیان وایە ئەمانە ئێستا نەماون. (سەروەر هەلەبجەیی، https://sarwar-penjweni.blogspot.com/2013/12/blog-post.html).

دوای دەرکەوتنی ئیسلام، کوردستانیش وەکو زۆر شوێنی دیکەی ناوچەکە کەوتنە ژێرکاریگەری و هەڕەشە و بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئیسلام، لە کردەوەدا سوپاسی ئیسلامی بۆ سەرپەڕاندن، یان خۆبەدەستەودانی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان هاتبوون. ئێمە دەزانین لەتەک کوشتاردا باس لەوە دەکرێت، کە بەشێکی زۆری کورد دینی خۆیان بۆ ئیسلام گۆڕی، بەمەش سەری خۆیان لەپەڕاندن پاراستووە.
پاش پەیدابوونی ئیسلام و هێرشەکانی بۆ ناوچەکانی کوردستان هەندێک لەهۆزەکانی ناوچەی شەنگالیش پەیوەستبوون بەئایینی ئیسلامەوە، ئەوانی دیکەش لەچیای شەنگال

بەرەنگارییان کرد و لەسەر ئایینی ئێزدی مانەوە، بەڵام لەنێو جوگرافیای دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئیسلام مانەوە (ئیبن بەتوویە) لە ساڵەکانی ١٣٠٣- ١٣٧٧ زاینی لەگەشتێکی بۆ ناوچەی شەنگال دەڵێت: (پاشام گەیشتینە شاری شەنگال، کە شارێکی فرە میوە و دارودرەختە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بەشێوەیەکە لە دیمەشق دەچێت، خەڵکی شەنگال کوردن و دەستبڵاو و ئازان). (سەربەست حوسێن،٢٠٠٢، ١٢).

ئیمپیراتۆری عوسمانی بە ناڕەوا تۆمەتی دەخستە پاڵ پەیڕەوانی ئەم ئایینە و بە پەرستنی شەیتان تاوانباری دەکردن و بە درێژایی چەندین سەدە کوشتوبڕی یەکجار بێبەزییانەی لێکردوون. ئەم ئایینە تاکو ئێستاش بەتەواوی شێوازی بیرکردنەوە و سەرچاوە و ڕێنونییە ئایینەکەیان نیمچە شاراوەیە، ماوەیەکی زۆر نییە ئێزدیەکان دەرگای نهێنییەکانی خۆیان بەرەو ڕووی دنیای دەرەوە کردۆتەوە. خەڵکی دەرەکی دەتوانن چاویان بە دەقە پیرۆزەکان بکەوێت و گوێ لەنزاو نوێژە تایبەتمەندەکانیان بگرن و سەردانی پەرستگاکانی ئەم ئایینە بکەن، بەڵام هێشتا زۆر شتی ئەم ئایینە بەنهێنی ماونەتەوە. ئایینی ئێزیدی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بە چەواشە بەشێوەیەک لە سۆفیگەری ناسرا بوو، پیاوانی پیرۆزی ئێزیدی و سەرکردە ئایینی و نوێژەکانیان دەخرانە ژێر پەردەی سۆفیگەری، ڕێوڕەسمی تایبەتی سەردانی مەزاری (شێخ ئادی ١٠٧٣ ـ ١١٦٢) لەهەموو ساڵێکدا لە هەفتەی دووەمی مانگی تشرینی یەکەم لە (لالش) لە کوردستانی عێراق ئەنجام دەدرێت،

ئەمەش لەگەڵ سەفەری حەج و تەوافی مەککە بەراورد کراوە. ( ویکیپیدیا، https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%A6%).

لەهێرشەکانی (تەیمور لەنگ)یشدا ئەو ناوچەیە بەرگری سەرسەختی کردووە، بۆ ئەوەی ئێزیدی وەکو (ئایین و بڕوابەخۆبوون و مانەوە) بپارێزن. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ناوچەی شێخان ٤٠٠ خێزانی کوردی ئێزیدی ڕوویان لە ناوچەی شەنگال کردو پاشان خەڵکێکی زۆر لە ئێزدیەکانی جەزیرە و دیاربەکر و حەوزی دیجلە و بتلیس و ناوچەی دیکەش ڕوویان لە شەنگال کرد). (سەربەست حسێن، ، ٢٠٠٢، ١٣).

### ١-١-٣ بەشێك لە فەرمانەكانی دژ بە ئێزیدی

ئیسلام یەکێکە لەو ئایینانە زۆر توندوتیژانە بە نیەتی قڕکردن دژایەتی ئێزدیەکان دەکات، ئەمەش پەیوەندی بە ژمارەیەک هۆکارەوە هەیە، کە لێرەدا دەرفەتی باسکردنیمان نییە، بەڵام دەکرێت بڵێین وەکو بەشێک لە مێژووی فەرمانەکان ئاماژەی پێ دەکەن، ئیسلام بەناوی ئەوەی (چۆن دەبێت گروپێکی شەیتان پەرست لەنێو جەرگەی ئیسلامدا بژیت)، دەستیان بە کاری سڕینەوە و قڕکردنی ئێزدیەکان کردووە و لەهەر دەرفەت و سەردەمێکیشدا پاساویان بۆ ئەم کارە هۆڤانەیە بەجۆرێک و لەپەنای شتێکەوە بووە، دواین هێرشی ئیسلامییە توندڕەوەکان، کە پشتی بەدەقی ئایینی بەستووە، کارە دڕندەییەکانی داعش و گێڕانەوەی سەردەمی کۆیلایەتی و کەنزیکەک بوو.

ساڵی ١٢٥٤ زاینی (بەدرەدین لوئلوئە)ی فەرماندەی موسڵ، دوای دانانی باج و سەرانەیەکی زۆر قورس لەدژی ئێزدیەکان، هێرشێکی گەورەی ڕێکخست، دوای شەڕێکی نابەرابەر و شکانی ئێزدیەکان و کوژرانی خەڵکێکی زۆر و بەدیل گیرانیان سەدانیان بەدارەوە کران و سەدانیشان سەریان بڕا. گۆڕی (شێخ ئادی)یان هەڵدایەوە و ئێسک و پروسکیان سوتاند و سوکایەتیان بە پیرۆزییەکی ئەم کوردە ئیزیدیانە کرد.
ساڵی ١٧٤٣ زاینی (نادر شا)ی (یەفشاری تەهماسپ قولی خان) هێرشی کردە سەر ناوچەی شێخان و هەموو ئاوەدانییەکانی ئێزیدیانی لەسەر زێی گەورە و لە بەعشیقە و چیای شێخ عەبدی ڕوخاند و میری ئێزیدیانی دیل کرد.
ساڵی ١٧٥٢ (سولەیمان پاشا)ی بەغدا بە سوپایەکی گەورە و پاڵپشتی هەندێک میرە کوردەکان و خێڵە عەرەبەکان، هێرشی کردە سەر چیای شەنگال و دەستی گرت بەسەر دێهاتی ئەو ناوچەیدا، زیاتر لە هەزار کەسی ئێزدیەکانی کوشت.
ساڵی ١٨٣٢ میری ڕەواندوز (میری کۆرە محەمەد پاشا) دوای یەکخستنەوەی خێڵە کوردەکانی دەوروبەری خۆی، لە شێخان و شەنگال هێرشی کردە سەر ئێزدیەکان، ئەمەش بەهاندانی (مەلا یەحیا مزوری) بوو، کە یەکێک بوو لەگوێڕایەلانی خەلیفەی عوسمانی. میری ئێزیدی (عەلی بەگ)، کە گەلی عەلی بەگ بەناوی ئەوەوە نراوە، شکا و کوژرا. ئەوانەی ویستیان بەرەو موسل ڕابکەن، لەبەر هەڵسانی ئاوی زێ و شکانی پردەکە نەیانتوانی دەرباز بن، سوپاکەی میری ڕەواندز قەسابخانەیەکی بێ وێنەیان لەئەنجامی ڕەشەکوژییەکە دروستکرد. چەند هەزار

ئێزدیەک کوژران و نزیکەی دەهەزار کەسیش بەدیلی گیران، جگە لەوەش هەموو پەرستگاکانیان سوتێنرا.
ساڵی ١٨٤٤ (حافز پاشا) ی دیاربەکر و (ڕەشید پاشا)ی موسڵ هەوڵیان دا ئێزدیەکانی شەنگال ملکەچ بکەن. سەرەتا لە ساڵی ١٨٣٧ هێرشیان کردە سەر ئێزدیەکان و بەئامانجەکانیان گەیشتن، دواتریش لە ساڵی ١٨٤٤ (حافیز پاشا) دیسان بەهاندانی عوسمانییەکان هێرشیان دژی ئێزدیەکان کردەوە.
١٨٩٢ بەسەختترین هێرش و ڕەشەکوژی دادەنرێت، کە لەلایەن (سەرتیپ عومەر پاشا)ی فرقەی سوپای تورکی ئەنجام دراوە، ئەو بە ئەرکی کۆکردنەوەی بیست ساڵ باج و ڕاگواستنی دەشتەکییەکان و ڕازیکردنیان بۆ نیشتەجێ بوون لە گوندەکان و گۆڕینی ئێزدیەکان و کردنیان بە ئیسلام دەستی بەپەلامارە سەربازییەکەی کرد. ئەم دلڕەقە دوای بەدیلگرتنی هەندێک لە پیاوە دیارەکانی ئێزدیەکان، داوای لێکردن ببنە ئیسلام، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، بۆیە هەموویانی خستە زیندانەوە و هەندێکیان مردن و هەندێکیشیان ڕایان کرد، هەندێکی دیکەشیان لەژێر باری ئازاردا بە ڕواڵەت شایەتمانیان هێنا. دوای ئەوە سوپایەکی نارد و سەرپشکی کردن لەنێوان موسلمان بوون و مردن. لەم هێرشەدا نزیکەی ٥٠٠ پیاوی ئێزیدی کوژران و ژن و منداڵەکانیشیان بە دیل گیران. ژمارەیەکی زۆریان لەترسان بوونە ئیسلام. مەزارگەکانیان ڕوخێنرا، بەتایبەتی ئەوانەی بەحزانی و بەعشیقە.
ساڵی ١٩١٨ یش عوسمانییەکان هێزێکیان بە سەرۆکایەتی (ئیبراهیم بەگ) ناردە چیای شەنگال، لەجەنگێکی نابەرابەردا،

١٣٠ كەسی ئێزیدی كوژران و زیانی مادی گەورەشیان بەركەوت. بەپێی ئامار و سەرچاوە مێژووییەكان ژمارەی ئێزدیەكان لە سەدەی ١٥ دوو سەد و پەنجا هەزار كەس بووە، كەچی بەهۆی ئەم هێرش و فەرمانانەوە ژمارەكەیان لە سەدەی١٩دا كەمبۆتەوە بۆ دوو سەد هەزار كەس. (سەروەر هەلەبجەیی، https://sarwar-penjweni.blogspot.com/2013/12/blog-post.html). بۆ زانیاری پتر بروانە ( Joseph Isya, Devil worship:, Boston, R.G ).

لەنێوەخۆی كوردستانیشدا ئێزدییەكان هەڕەشەیان لەسەربووە و پەلامار دراون، لەوانە هێرشەكانی (عەلی سیدی بەگ) بەبیناوی كۆكردنەوەی باج و پیتاك بۆ ئیماراتی بۆتان و پاشتر هێرشەكانی ( ئەحمەد پاشا) والی دەوڵەتی عوسمانی لە دیاربەكر وەكو (ئەمین زەگی بەگ) دەگێڕێتەوە (ئەم كەسە یەكێك بوو لە سیاسەتمەدارانی توركیا و هەرگیز ئەو هەڵەی لەكیس نەدەدا، كەوا هێرش و پەلامار بەرێتە سەر میرنیشینە كوردەكانی ناوچەكە بە مەبەستی ڕێگترن لەگەشەكردن و فراوان بوونیان، بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٠٤٨ زاینی بە لەشكرێكی هەشت هەزار كەسییەوە هێرشێكی دڕندانەی بردە سەر كوردەكانی ناوچەكە و ١٣ هەزار كەسی لێكوشتن. (سەربەست حوسێن،٢٠٠٢، ١٤).

هاوسێكانیان بەمەبەستی بەربەرەكانی و لەناوبردنیان ناویان بە "شەیتان پەرست" دەبرد، ئەم كارە لەدەوروبەری

فەرمانڕەوایی تورکە عوسمانلییەکان گەیشتبووە لووتکە، چونکە ناونانیان بە شەیتان پەرست خۆی لەخۆیدا هاندانی خەڵکەکە بوو، نەک هەر بەچاوێکی سووک تەماشایان بکەن، بەڵکو بە کوشتن لەناویان ببەن. ئەم سیاسەتە چەوت و چەوێڵەی تورک بووە هۆی ئەوەی بەهەزاران ئێزدی بێ گوناه ببن بە قوربانی تیرۆریی سوڵتانی عوسمانلی. (د. مارف خەزنەدار، ، ٢٠٠١، ٥٤).

## ١-١-٣ ناوی ئێزیدی و کەلتوری کۆمەڵایەتی

مشتومڕێکی زۆر لەبارەی ئێزدیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ناوەکەیان، ئایین و ئایینی و خۆڕاگرییان و بیروڕای کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیان و سەرچاوەی ئایینی و پەرستن و ڕەمزە کۆمەڵایەتی و کەلتور و خووڕەوشت و پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونییان هەیە.
بەپێی سەرچاوە بڕواپێکراوەکان ناوە دروستەکەیان (ئێزیدی)ە، ئایینێکی هەرە کۆنی ناوچەکەیە، خەڵکەکەی کوردن، هەشیانە تەنیا خۆیان وەکو ئایین دەناسێنن، هەشیانە خۆی بەعەرەب دەزانێت، گوایە ناوەکەشیان لە (یەزد)ەوە نزیکە، یان لەبنەڕەتدا لەوشەی (یەز/ یەزدان)ەوە هاتووە. ئەو کەسانەی لەڕوانگەیەکی ئەکادیمی و مێژوویی باسی ئێزدیەکان دەکەن، پێیان وایە (جگە لە میترائیسم، دینی زەردەشتیش جێگەی سەرەنجی ئێزدیەکان بووە، بۆ نموونە حەوت خودایەکەی ئێزیدیان و چلۆنایەتی دروستبوونی ئەوان لە خودی پەروەردگار و لەیەکتر،

لەدینی زەردەشت وەرگیراوە و هەروەها ئەفراندنی ئاسامی و فڕینی حەوت خواکە بۆ ئاسمانەکان. ئێزدیەکان بۆ چوار ماکەی هەوا و ئاگر و ئاو و خاک حورمەتیان هەیە، ئەم بەشە لە ئایینی سابیان، یا ئەستێرە پەرەستان وەرگیراوە. ئێزدیەکان بڕوایان بە چوار زەمان هەیە و بۆ هەرکام لەو زەمانانە بەشێوەی ڕەسمی جێژن دەگێڕن، چونکە عەوام وەدەزانن، کە شەیتان لەبن هەردیدا دەژی). (حەبیبوللا تابانی، ٢٠٠٦، ١٦٦).

(د. مارف خەزنەدار) وابەستەیی و واتای وشەکەی بۆ یەزدو یەزدان گێڕاوەتەوە، ئەو وشەی (یەزیدی) بەکاردەهێنێت، دەڵێت ئەم وشەیە مانای خودا و کردگار و پەروەردگار دەگەیێنێت لەلای باپیرانی کورد و نەتەوەکانی تری ئێرانی. ئایینی یەزیدی یادگار و نموونەی بیروباوەڕێکی گەلێ کۆنە، پاشماوەی ئایینە کۆنەکانی باپیرانیانە لە کوردانی پێشوو و تا ئێستا لەناو بەشێکی نەتەوەی کورد بۆیان ماوەتەوە، یەزدییەکان دەری دەخەن باوەڕیان بە دوو هێز هەیە، هێزی چاکە و هێزی خراپە، هەروەها باوەڕیان بە دۆنادۆنیش هەیە، کە کردگار دێتە سەر زەوی بۆ مەبەستی چاککردنی باری ژیانی خەڵک). (د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ٥٣). دەبێت ئاماژە بەوە بکەین (دکتۆر مارف) کە شارەزایەکی دروستی زمان و کەلتور و باری کۆمەڵایەتییە، پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی ئێزیدی و ژمارەیەکی زۆری توێژەران وشەکەی بەشێوەی (یەزیدی) بەکارهێناوە. لەڕاستیدا کەترسی (یەزید) ئێمە هەموومان گومانێکی زۆر لەوشەی (یەزیدی) دەکەین و لەبەستنەوەی بە

(یەزدان) خۆمان دەپارێزین، ڕەنگە لایەنی دووەمیش خۆ دزینەوەکە پەیوەندی بە ناوی (خوداوە) هەبێت. هەرچەندە وشەی (ئێزد، یان ئێزیدی) بەهەمان واتا لەڕووی وشەسازی و سەرچاوەی مێژووی گەشەکردنی وشەکە دادەنرێت.
ئێزدییەکان؛ کە خۆیان خاوەنی ناوی خۆیانن، ئەوان دەڵێن ناوەکەمان لە (ئێزد و ئێزید)ەوە هاتووە و هەر ئەمەش دروستترە، چونکە ئەوان خۆیان ناوی خۆیان باشتر و دروستتر بەکاردەهێنن، ئەوەی ئێمە دەیڵێین تەنیا شیکردنەوە و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە.

### ١-١-٤ نەریتی کۆمەڵایەتی

(بابەشێخ) سەرۆکی گەل و ئایینە لە بنەماڵەی ئەودا ئەم پلەیە پەیوەستە بە میراتەوە. عیبادەتی خۆیان لە دووکاتی هەڵاتن و ئاوابوونی ڕۆژدا بەجێ دێنن. لە ئایینی ئێزیدیدا ژنهێنان و مێردکردن لەگەڵ کەسێکی دەرەوەی دینەکەیان بەگوناهی گەورە دەژمێردرێت و هیچ کات بەو کەسانەی مەزهەبی دیکەیان هەیە، ناڵێن برا. بارلێنان لە ئەسپ و ماین بە جایز نازانن و هەرکەس ئەم کارە بکات سزا دەدرێت، لە ڕەنگی سەوز و هەرچی سەوز ڕەنگ بێت بێزارن، ڕۆژانی زۆری وەک جێژن و شادییان هەیە، بۆ نموونە هەموو ڕۆژانی چوارشەممە مانگی نیسان بە دەفە و زوورناوە دەچنە گۆڕستان و شایی دەکەن. ڕۆژانی پێنجشەممە و

هەینیش لە زیارەتگای خۆیان بەنێوی "بەعشیقە" خەریکی جێژن و شاین و ساڵی سێ ڕۆژیش بە ڕۆژوو دەبن.
ئێزدیەکان لەبەرانبەر هەیکەلی باڵندەیەکی گچکە "تاووس مەلەک" کڕنۆش دەبەن و بڕوایان بەبوونی دۆزەخ و جندۆکە نییە و ڕووحە شەڕانییەکان وەک نەخۆشی زۆرگران و هیلاکی، گرانی و مردن بەئافەتی سروشت دەزانن. (حەبیبوللا تابانی، ٢٠٠٦، ١٦٣).

دۆزەخ چییە؟ ئا بەڕاستی ئەوەی لە ئایینەکان باس دەکرێت، مرۆڤ لەدوای مردن دووچاری دۆخێکی وەها سەخت و ئازاربەخش دەبێتەوە. (جۆرج مینۆس) دەڵێت: مێژووی دۆزەخ مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی چارەنووسە تایبەتەکەی خودی مرۆڤە. چونکە وەک هەندێک لە هزرڤانانی پێشوو بۆی دەچن، مرۆڤ پەرۆشانە لەنێو خۆیدا هەڵگری دوو چارەنووسی دژیەکییە. (جۆرج مینۆس، ٢٠١٤، ١٣). ئەمەمان بۆ ئەوەیە وەکو (شێخ زێدۆ باعەدری) بۆی باسکردین و ئاماژەی پێکرد، دۆزەخ لای ئێزدیەکان چەمکێکی جیاوازی هەیە، مرۆڤ لەژیاندا ئازار دەبینێت، بڕوایان بەپاکبوونەوە هەیە، نەک سزا.
هەندێکی دیکە ئایینی ئێزیدی بەنزیک و کارتێکراو، یان کارلێکراو لەگەڵ ئایینی میترا دادەنێن، ئەم ئایینە پەرستنی دیاردەکانی سروشت لەئایینی میترایزم خۆی نواندووە. ئەمەش خودای ڕووناکییە لەلای هیندو ئێرانییەکان، میتای خودای ڕۆژ و ئەنتای خودای ژنی خاک و زاوزێ و هومای گاجووتی پیرۆز بنکەی بنچینەین لە ئایینی میترایزمدا. (د. مارف خەزنەدار،

بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ٤٦). لەم ئاماژەیدا مەبەستمان ئەوەیە تێڕوانیانی کۆمەڵایەتیان لەبارەی مەسەلەی پەرستنی ڕۆژ و ئاگر چییە، یان پیرۆزی ئەم دوو دیاردە سروشتییە لای ئێزدیەکان جێگەی تایبەتییان هەیە. لەکردەوەشدا خۆیان بەئاییینێکی سروشتی دەزانن.

بۆیە ئاساییە لەم ڕوانگەیەی ئێزدیەکان بۆ سروشت هەیانە، بڕواشیان بە دۆزەخ و سزا نەبێت، بڕوایان بەپاکبوونەوە هەبێت، چونکە ئەوان بڕوایان وایە بەدرێژەکێشانی کات، دەکرێت ئەوەی تاوانبارە، یان تاوانی کردووە پەشیمان بێتەوە و پاکبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوەش سەیری شەیتان و مەلەکی تاووس دەکەن. پێچەوانەی ئێزدیەکان (بیرۆکەی دۆزەخ وەکو شوێنێک بۆ سزادان و ئەشکەنجە، تەنیا لەگەڵ شارستانییەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەریهەڵدا و پەیدابوو، کە خاوەنی یاسای تاکەکەسی و مۆراڵی پێشەڤچوونە). (جۆرج مینۆس، ٢٠١٤، ٢٦).

(حەبیبوللّا تابانی) گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی، کە ئێزدیەکان باوەڕیان بە خودایەک هەیە، کە خێرخواز و کارسازێکی تەواوە و هیچ دەستێوەردانێک لەکاری دنیادا ناکات، مەلائیکەتەکان جێگرانی ئەون و کاروباری دنیا ڕادەپەڕێنن. (حەبیبوللّا تابانی، ٢٠٠٦، ١٦٢ ). ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بیرکردنەوەی ئێزدیەکان لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری تەماشا بکەین، بەراوردێکی کورت لەگەڵ بۆچوونی بابلی و سۆمەری و ئەکەدییەکانی بکەین، لەبارەی دۆزەخ و خواوەندایەتی و سزادانی خەڵک، بۆمان دەردەکەوێت ئێزدیەکان بەو نوێبوونەوە

و سود وەرگرتن لەبیروبۆچوونی سۆفیگەرایی و وابەستەبوون بە سروشت لە ئاییندا لەسزادانی خەڵک پەنا وەبەر دۆزەخ نابەن. گۆرانییەکی بابلی لەبارەی دۆزەخ هەیە دەڵێت: (من هەڵەم لەبەر ئەوەیە من نەخۆشم، گەر ئایندەگۆ لێخۆشبوون بۆ گوناهەکانی بەدەست نەهێنێ، ئەوا قیامەت لەسەر گوناهکارە کلۆڵەکە هەڵ دەستێت). لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا لە سەدەی هەشتەمی پێش زاین، تۆقێنەرترین دیمەنی دۆزەخ دەخاتەڕوو لەخەونی شازادە (کەمما). (جۆرج مینۆس، ٣١،٢٠١٤-٣٢) .

ئێزدیەکان گەلێ جەوهەر لە سروشتدا دەپەرستن، لەمانە ئاگر و ڕووناکی جێگەی تایبەتی و دیاریان هەیە، مەلەک تاووس لەلایان ئەدگار و سیماییێکی خوداییە، ئەمە پیاو وا لێ دەکات بیر لەوە بکاتەوە، کە دەبێت پێوەندیەک لەنێوان "تاووس"ی ئێزدیان و "تەمووز"ی خودای ڕۆژ و گەرمایی سۆمەرییەکان هەبێت. (د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ٥٣).

لای ئێزدیەکان ڕووناکی و ڕۆژ یەکێکە لەڕەمزە بنەڕەتییەکانی ئایینەکەیان، ڕۆژ سەرچاوەی بوون و ژیان و وزە و گەشەکردنە. لەبەر ئەوە لای میترانییەکان و زەردەشتییەکانیش (ئازارەکان کۆتایی نییە، سێ ڕۆژ وەکو نۆ هەزار ساڵ وایە، بەڵام کاتی کۆتایی دێت، کە دڵسۆزی زیندوو دێت پاش ئەوەی لەپاکیزەیەک لەدایک دەبێت و بە ئاگر جیهان لەخراپەکاری پاک دەکاتەوە). (جۆرجیس مینۆس، ٢٠١٤، ٤٠).

ڕوونتر لەبارەی پەیوەندی کورد بەئێزدیی وەکو ئایینەکەی دەڵێت: (شێخ عەدا (ئادی/ غازی) بۆ بەرگری لە لەناونەچوونی ئایینی دێرینی ئێزیدی، کە بەبڕوای زۆر کەس ئایینی بەر لە ئیسلامی کوردان بووە. تەنیا کارێک، کە کردوویەتی ئەوەیە ئەم ئایینەی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامی لێکداوەتەوە و بەکەڵک وەرگرتن لەبیرۆکەی دینەکانی تر کەسایەتی و شێوەیەکی نوێی ئەمڕۆ دەیبینی بەم ئایینە داوە، کە هەمان ئایینی ئێزدی بەخشیوە، بەهەڵە پێیان گوتوە یەزیدی. بەتەواوی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی کوردان و بەتایبەتی خووخدوی عەشیرەتی وەکو باوەڕ بەسەروەرەی و خواستی ئیلاهی لەسەر دەسترۆیشتنی گەورەپیاوان و نەجیبان دێتەوە. (حەبیبوڵڵا تابانی، ٢٠٠٦، ١٦٢).

پرۆفیسۆر (ن. مار) دەڵێت: مەسیحیەت و ئیسلام سەرکەوتوانە بەسەر بیروباوەڕی ئاسیای دێریندا زاڵبوون، بەڵام هیچ کات ئایینی دێرین (باستان) لەنێو خەڵکدا بەتایبەتی لەنێو کورداندا لەناو نەچووە و لەسەر خاکی زۆر دەوڵەمەندی کوردستان کە ناوەندی تێکەڵاوی بەهێزی ئایینەکانی دێرینە هەر ماون. (حەبیبوڵڵا تابانی، ٢٠٠٦، ١٦١). ئەم ئاماژانە بۆ ئەوەیە، تا بزانین کەلتوری کۆمەڵایەتی کۆنی کورد، ئایینەکەی، ئەو شێوە ژیانەی خەڵکەکەی لەئەنجامی (سروشت و ئایین و تێکەڵبوون لەگەڵ کەلتورەکانی دیکەی ناوچەکە) پاراستوونی، چ بایەخێکی مێژووی و مرۆیی هەیە.

ئێزدیەکان خاوەنی کەلتورێکی کۆمەڵایەتی کۆنن، بۆیە ئایینی و کەلتورییەکانی خۆیان بەپێی دەوروبەری تایەبتی خۆیان بەڕێوە دەبەن، یەکێک لەوانە جەژنەکانیانە، لەوانە جەژنی فەقیرانی کوردی ئێزدیە، کە لەناوچە جیاجیاکان سەردانی گۆڕی مردووەکانیان دەکەن و هەندێکیشیان سەردانی مەزارگەی شەرفەدین دەکەن دەست بە نزاو پاڕانەوە دەکەن و پاشان دەگەڕێنەوە نێو ماڵەکانیان و لەوێش سەردانی یەکدی دەکەن و پیرۆزبایی ئەو جەژنە لەیەکدی دەکەن. بۆ ماوەی سێ رۆژ بەر لەو جەژنە بەڕۆژوو دەبن و ڕۆژی چوارەم دەکەنە جەژن و رێوڕەسمی جەژنەکەش لەمەزارگەکانی نزیک گوندەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، هەر لەو جەژنەدا ئەوانەی لەیەک تورەن و پەیوەندییان خراپە و لەیەک زوویربوون داوای لێبووردن لەیەکتر دەکەن و ئاشت دەبنەوە.

**(رێوڕەسمی جەژنی فەقیرانی کوردانی ئێزیدی لە شنگال بەڕێوەدەچێت ،**

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/131220191

بەکورتی دەکرێت بڵێین ئێزدیەکان بەم جۆرە بیر دەکەنەوە و دەژین : بەپێچەوانەی ئەفسانەیەکی بێ بناغە، ئێزدیەکان بڕوایان بەبوونی خراپ نییە و چاکە و خراپە لەژێر دەسەڵاتی خودان دایە . مرۆڤ بەرپرسی کردارەکانیەتی و خودا دەسەڵاتی بیرکردنەوە و بڕیاردانی پێداوە. لەبەر ئەوەی باوەڕیان

بەگوێزەرانەوەی گیان لەجەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکیتر هەیە، کە لەو ڕێگەیەوە دەگاتە ئاستێکی نوێ، بۆیە هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بڕوا بە ئایینەکەیان بێنێت. پێویستە مرۆڤ بە ئێزیدی لە دایک بێت. ئێزدیەکان بەسەر دوو چینی جیا دابەش دەبن، چینی موریدەکان و چینی پیاوانی ئایینی، ئایینیەکانیش بەسەر دوو چینی شێخەکان و پیرەکان دابەش دەبن. چیینەکان لەئایینی ئێزیدیدا زیاتر پێناسەی کارکردە ئایینیەکان دەکەن و پەیوەندی نێوان چینەکان، ئامرازێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ئایینەکە. ئەمڕۆکە نزیکەی شەش سەد هەزار تاکو ملیۆنێک ئێزیدی هەن، کە زۆربەیان لە کوردستانی عێراق دەژین و لالش شوێنی هەرە پیرۆزیانە، هەروەها ژمارەیەکیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا دەژین. هەندێکیانیش لەدەوروبەری جزیر و ماردینی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی سوریا و گورجستان و ئەرمەنستان دەژین. (ویکیپیدیا، ئایین لەکوردستان، https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%A6%D8%A).

### ١-١-٥ سۆفیگەری

ئێمە دەزانین یەکێک لەگرفتە گەورەکانی تاوانبارکردنی ئێزدیەکان بەکارهێنانی شەیتانە، گوایە ئەوانە شەیتان دەپەرستن، لەکاتێکدا ئەوانەی بەویژدانەوە توێژینەوەیان لەم

بارەوە کردووە ئەم تۆمەتە ناهەقە ڕەت دەکەنەوە و دەیسەلمێنن، کە ئێزدیەکان بەسود وەرگرتن لەکەلتور و سەرچاوە ئایینی و هزرییەکانی بەر لەخۆیان، یان لەڕێگەی کارتێکردن و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی هەندێک شت، مامەڵە لەگەڵ شەیتان و مەلەکی تاووس دەکەن. (توفیق وەهبی) ئەم تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە.

ئێزدیەکان ناتەبایی بیروباوەڕی زۆریان لەگەڵ ئایینەکانی تری وەکو ئیسلام هەیە، ئەمەش دەلیلە بۆ ئەوەی ئێزیدی ئایینێکی مێژوویی دێرینە، سەرەڕای وێکچوونی زۆریان لەگەڵ بیروڕای زەردەشتی و مانەوی ئەو گومانە بەهێزتر دەبێت و زۆر لەڕای هێندێک کەس لەپێوەندی ئەوان لەگەڵ باوەڕی سۆفیگەری و بڕوای خواروخێچ کراوی تری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە.

بەپێچەوانە هەندێک لەسۆفیگەرەکان سودیان لە ئایینی ئێزیدی وەرگرتووە (زیرەکانە بەشێک لەسۆفیە گەورەکان بەتایبەت ئەوانەی وەک حەللاجیەکان، کە بڕێک بۆچوونی هاوبەشیان لەگەڵ ئێزدیەکان هەیە و لەهەمان کاتدا لەئایینی ئیسلامیش زۆر شارەزان و فەلسەفەکانی یۆنان و ئەفلاتوونیشیان لە تەفسیر و لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان بەشێوەی خۆیان هەڵ وەرگرتووە). (حەبیبوللا تابانی، ٢٠٠٦، ل ١٥٧). (د. مارف خەزنەدار) دەڵێت: زانستی فەلسەفە لەسەرەتادا بۆ ئەوە پەیدا بووە بەشوێن کردگارا بگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە، ئەمە کارێکی عەقڵی و لۆجیکییە، بەڵام بێگومان ئەگەر سۆفیزم لەگەڵ زانستی فەلسەفە سەری هەڵنەدابێت لەدوای ئەو پەیدا بووە. مەسەلەی دۆزینەوەی گیانی کردگار لە قاڵبێکی مەتریالیدا

کۆنە، لەهەندێک لە ئایینە ئاسمانییەکانی وەکو مەسیحی بەدی دەکرێت، هەروەها لە ئایینەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی وەکو ئایینی هیندۆس و زەردەشتی و مانەوەی و هەندێکی لای خۆمان وەکو ئێزیدی و ئەهلی هەقی یارسان). (د. مارف خەزنەدار، ٢٠٠٣ ، ٢١). لەم بۆچوونەدا (حەبیبوڵلا تابانی ) پشتی بە بۆچوونەکانی (محمدی محمد لووسی عباسی) لەپێشەکی شەرەفنامە بەستووە و پێی وایە بیروڕای ئێزیدی لەنێو بۆچوونەکانی سۆفیگەرایی ئێرانی و حەللاج و عێن قزاتدا هەیە، ئەوانەش پلە و مەقامێکی بەرز بۆ شەیتان دادەنێن. (حەبیبوڵلا تابانی، ٢٠٠٦، ١٥٧ ).

**١-١-٦ (ئادی)، عەدا کێیە؟**

بێگومان ساخکردنەوەی مێژووی ئایینەکان پڕە لەناکۆکی، لەهەندێک بواریشدا کەسانێک بۆ دژایەتی و سڕینەوەیان بەکاری دەهێنێت. ئێمە دەزانین لەکۆندا مرۆڤ لەگەڵ سروشت مامەڵەی دەکرد، سروشت سەرچاوەی ئیمان و پەرستن و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بوون. زۆربەری ئایینە کۆنەکان لەبەردەم هێرشی ئایینی جولەکە و مەسیحی و دواتریشیان ئیسلامدا توانەوە، یان خۆیان لەئەنجامی هێرش و داگیرکارییە گەورەکانی ناوچەکەدا سڕانەوە و لەنێو بران.

ئایینی ئێزیدی یەکێکە لەو ئایینە کۆنانەی لە کوردستاندا لەنێو سەخترین شەڕی ئیمپراتۆر و هێزە گەورە داگیرکارییە بەنێو بانگەکانی دونیا خۆی پاراست، خۆ پاراستنەکەی دوای ٧٣

فەرمان و کارەساتی قڕکردنی کوردانی ئێزدییە بووە. وەکو ڕۆشنبیری دیاری ئێزیدی (شێخ زێدۆ باعەدری) دەڵێت: (فەرمانی ٧٤ یش فەرمانێکی بێ خوێن ڕشتنە، بریتییە لەکۆچی ئێزدیەکان بۆ دەرەوە، ئەم بۆچوونەی لەدیدارێکی تایبەت لەگەڵ نووسەری ئەم لێکۆڵینەوە لەسەرەتای دیسێمبەری ٢٠١٩ باسکردووە).

با بگەڕێینەوە سەر کەسایەتی و ڕۆڵی (ئادی، عادی، هادی) ئەوەی من دەیسیتم بەسێ جۆر ناوی ئەم ڕێبەر و ڕزگارکەرەی ئایینی ئێزیدی لەکتێبە مێژووییەکاندا دێت، بەڵام پێ دەچێت (ئادی، عادی) گونجاوتر و دروستر بن. لەزمانی کوردیدا گەلێکجاران بەهۆی گۆڕانی دەنگەکانەوە (ئا دەگۆڕێت بۆ عا، وەکو ئاسمان و عاسمان).

یەکەمین تازەکەرەوەی ئەم ئایینە شێخ ئادیی هەکارییە (٥٥٧کۆچت/ ١١٥٤ زانینی)، وا دەردەکەوێت ئەم زانا گەورەیە ئایینی ئێزیدی خستۆتە ناو قاڵبی سۆفیزم و دەروێشیزمەوە و تەرقیەتەکەی بەناوی خۆیەوە واتە "تەریقەتی عەدەوی" ناوی دەکردووە. ئەم زانایە لە مەدینە ژیاوە و پاشان چووە بۆ هەکاری و ئینجا لە لالش تەکیە، یا دێژری دوستکردووە و هەر لەوێش نێژراوە.(د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، ٢٠٠١، ٥٣).

ئایینی ئێزیدی لەگەڵ ئەوەی، کە ڕابردوویەکی زۆر درێژ و لەمێژینەی هەیە بەهۆی کەسێک بەناوی "عەدای کوری موسافیر ساڵی ١١٥٤)ی زاینی دەستی بەکۆچ کردووە، شێوەیەکی تازەی بەخۆیەوە گرت، هەر بۆیە ئەو ئایین و ئەندێشەیە بە مەسلەکی

عەدەوییش ناو دەبەن و کوردان بەم کەسە (عەدای کوری موسافیر) دەڵێن هادی. (حەبیبوڵڵا تابانی،٢٠٠٦، ١٥٨).

## ١-١-٧ زمان شوناسە

لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەهۆی شەڕ و داگیرکاری بەردەوام وجهەمیشە نەژاد و گروپە ئەتنیکییەکان لەژێر هەڕەشەی لەناوچوون و توانەوە بوون، بەکردەوەش ئەمە ڕوویداوە. ئێزدیەکان بەهۆی زمان و پاراستنی ئایینەکەیان درێژەیان بەماونەوەی خۆیان داوە. زمانی کوردی بەکاردەهێنن، سەرچاوە ئایینییەکەیان بەشێوە زمانێک نووسیوە، بۆ ئەوەی کەسی نامۆ تێیان نەگات، بەڵام سروتی ئایینیان بەکوردییەکی ڕەوانە. (زمان لەڕاستیدا لەزۆر ڕووەوە مۆرکێکی سەرەتایی شوناسە، زمانی دایک کە لەتەمەنی کۆرپەییەوە وەردەگیرێت و ئەو ناوەی بەشیاوی لێنراوە، لەگەڵ خۆیدا جیهانێکی پڕ لەبیرەوەری و پێوەندی و ئاماژە و بەهایەکان دەگوازێتەوە). (بێرنارد لویس، ٢٠١١، ٦٢).

لەبارەی ڕۆڵی زمان (د. محەمەد مەعروف) دەڵێت: ( زمان چۆتە بیرەوە لەگەڵ خەونی مرۆڤدا تێکەڵ بووە و تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی تر و دەوروبەریدا دیاری دەکات. بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێکدێنن، نایەتە دی، دیسان بێ بوونی زمان شارستانەیەت بەردەوام

نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتور و زانیاری لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. (د، محمد معروف فەتاح ، ٢٠١١، ٩).

ئێمە دەزانین تاکو ئێستاش کوردی ئێزیدی، بەتایبەتی بەتەمەنەکانیان تەنیا زمانی کوردیی دەزانن، کە جلێکی سپی شۆڕی عەرەبی و چەفیەکی عەرەبی ئاساش لەسەر بکەن، بەڵام تەنیا بە کوردی دەتوانن بئاخڤن و ئینتمای خۆیان بۆ ئایین و بوونی خۆیان و پارستنیان و پێداگری لەسەر ناسنامە و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی  و ئایینی خۆیان بکەن. ئێمە دەزانین ئەو ناوچەی لەژێر هەژموونی ئایینی دایە، هەمیشە هەڕەشەی لەزمانەکانی دیکە کردووە. بەتایبەتی لەسەردەمی باڵا دەستبوونی ئیسلامدا پێش ئەوەش بە یۆنانی کردن و بەکاسۆلیکردن و لەسەرووی هەمووشیانەوە بە مەسیحی کردن یەکیان گرت بۆ سڕینەوەی بەشێکی زۆری زمان و کولتور و شوناسە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەموسلمانکردن وبەعەرەبکردن پرۆسەکەیان تەواوکرد و زۆری نەبرد زمانە کۆنەکان ئیتر قسەیان پێ نەدەکراو ئەلفوبێیە کۆنەکان پێیان نەدەنووسرا و ئیتر کەس نەی دەتوانی پێیان بخوێنێتەوە، پاڵنەرکێش نەبوو بۆ ئەوەی کەس هەوڵیان بۆ بدات. (بیرنارد لویس، ، ٢٠١١، ٦٤-٦٥).

(دی سوسیر) کاری لەبارەی زمان و قسەکردنەوە کردووە، (فۆکۆ)ش لەبارەی ئەم پەیوەندییە گوتیەتی (بێ شتە

گوتراوەکان زمان بەهای نییە، بەڵام هیچ مەرج نییە هەموو گوتراوێک مەرجی بوونی زمانی تێدا بێت، زمان بوونی نییە تەنیا لەچوارچێوەی ئەو سیستەمە نەبێت، کە بریتییە لەڕۆنانی گوتراوەکان. زمان و گوتراو هەمان ئاستی بوونیان نییە، لەهەمان ئاستدا نین). (د. الزواوی بغورة، ٢٠٠٠ ، ٩٦). بۆیە ئێمە دەبێت بزانین زمانی نووسراو دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی ئەو شوناسەی (ئایینییە، نەتەوەییە، کۆمەڵایەتییە، یان ئابووری و دەروونییە).
(سوسێر) دەڵێت پێویستە زمان لەزانستی ئەنسرۆپۆلیجیا جیابکرێتەوە، چونکە ئەم زانستە تەنیا باس لەمرۆڤ دەکات، ئەویش لەڕوانگەی جۆر و ڕەگەزەوە، کەچی زمان ڕاستەقینەیەکی کۆمەڵایەتییە. (فردیناند دی سوسێر، ٢٠١٩، ٢٤ ).

بەو واتایەی زمان وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە بە بوونی گروپ و نەتەوە و پێکهاتەکانەوە، زمان ناسنامەیە.

### ٨-١-١ هێما و ڕەمز لەئاییندا

یەکێک لەو بنەمایانەی ئایین لەکۆنەوە پشتی پێ دەبەستێت هێما و ڕەمزە، بەشێکیان لەڕێگەی هونەری وێناکردن و داتاشین بەرجەستەکراوە. ئەرکی ئەم هێما و ڕەمزەکان ئەوەیە

هەندێکجار بەڕاستەوخۆیی و هەندێکجاریش بەناڕاستەوخۆیی واتای شتەکە دەگەیەنێت، ئەمەش پەیوەندیی بەزانستی دەروونناسییەوە هەیە. لەم سەردەمەدا ئالاَ و گیانەوەر هێمان بۆ خەڵک و لایەنە سیاسییەکان، بۆ نموونە ئەمەریکا هێمای فیل و کەر بەکاردەهێنن.

با دیقەت لەبەکارهێنانی مار وەکو ڕەمزێک لەنێو ئایینەکان بدەین، هێما و ڕەمزە بۆ ژێر زەوی، یان وێناکردنی خراپە و شەڕە، وێناکردنی مردنە، لەهەندێک شوێنیشدا هێمایە بۆ ژیان، یان ژیریی و دانایی لای هەندێک، هێمایەکی سێکسیشە. (فیلیب سیرنج، بێ ساڵی چاپ، ٣٩). بێگومان ئێمە دەزانین گەلێک لەگیانەوەرەکان وەکو وێناکردن و نیشانە و هێما لەئاخاوتن و گێڕانەوەدا، یان لەنێو دەقی نووسراوی بەڵگەیی جێگەی بۆ کراوەتەوە.

لای ئێزدیەکانیش ماری ڕەش هێمایە بۆ خێر و هاوکاری و پشتیوانی و بەهاناوە چوون، ئەوان پێیان وایە لەسەردەمی نوحدا ماری ڕەش ئەو کونەی گرتووە، کە لەکەشتییەکەی نوحدا هەبوو، لەم ڕێگەیەوە هاوکاری کردوون بۆ ئەوەی لەمردن ڕزگاریان بکات. (شیخ زێدۆ باعەردی) دەڵێت (مار لای ئێمەی ئێزیدی شوێنێکی گرنگی هەیە، ئێمە دەست بۆ ماری ڕەش درێژ ناکەین و ئەزیەتی نادەین).

وێنەی (مەلەکی تاووس)، (وێنەی ڕۆژ)، کە لەشێوەی هونەری وێنەکێشاندا بەرجەستە کراون، لەئایینی ئێزیدیدا جێگەی بایەخە و پیرۆزیشن. بێگومان لەنێو قسەکردن و کەلتور و ئاخافتنەکانیاندا (ئایینی و کۆمەلاَیەتی) بایەخی زۆر بە دار و

درەخت دەدەن. (زەیتون) پیرۆزە (کانی سپی) پیرۆزە دەزانین لەزۆر بواری دیکەشدا (ڕەمز و هێما) بۆ نیشاندانی هەست و نەست، بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی فکری و ئاماژە بۆ دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئینجا چۆنیەتی کارتێکردن و پەیوەندیکردن لەنێوان ئایینەکە و بەکارهێنەرانی بەکاردێت. هەندێکیان هێما و ڕەمزی مادی بەرجەستن، هەندێکیان لەشێوەی هەست و نەست و وێناکردنی فکری نابەرجەستە دەردەکەون.

بەپێی لێکدانەوەکانی (لیفی شتراوس) هەموو ڕۆشنبیرییەک بریتییە لەکۆمەڵێک سیستەمی ڕەمزی. هەروەها هەندێکی دیکە پێیان وایە ڕەمز هیچ مەرج نییە لەیەک کەناڵی درکپێکردنەوە هەستی پێ بکرێت، بۆ نموونە وەکو (مۆرس) دەڵێت تیشک، یان دەستلێدانی نامەی بەکۆدکراو، دەکرێت شی بکرێتەوە، چونکە بریتییە لەڕەمزی زمانەوانی. بەو پێیە زانایانی ئەم بوارە پێیان وایە پەیوەندیکردن لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست نابێت، تەنیا لەڕێگەی ڕەمزەکانەوە نەبێت. (فیلیب سیرنج، بێ ساڵی چاپ، ٤٠). واتە ئێمە ئەگەر بمانەوێت شیکردنەوەی پراگماتیکی بۆ هەر دەقێک وەکو سەرچاوە بکەین، یان ئەو دەقەی لەبارەی سەرچاوەکە بەرهەم دێت، پێویستە بەدوای نیشانە سیمیۆلۆجیی و هێما زمانەوانی و ڕەمزە کۆمەڵایەتییەکانیدا بگەڕێین و شیبکەینەوە.

ئێزدیەکان هەمیشە لەبەر فشار و کاردانەوەی خراپی ئایین و لایەنە ئیسلامییە توندڕەوەکان بەدرێژایی مێژوو، پێشتریش لەپێناو پاراستنی خۆیان بەرەنگاری داگیرکەران بوونەتەوە،

ئازایەتیان نواندووە. بۆیە ناتوانن بەتەواوی مەبەست و نێوەڕۆکی ئایینەکەیان بڵاوبکەنەوە. لەشێوەی گوتنی زارەکی، یان ئەو وێنە بینراوانەی لەسەر شوێنە پیرۆزەکانیان دروستکراون، پەیام و مەبەستەکەیان دەگەیەنن.

ئێمە دەزانین ئایین بریتییە لەکۆمەڵێک شت، زمان و هێما و ڕەمزەکانیش دەربڕی ئەو شتانە دەبن و وەسفیان دەکەن و بەشێوازی جیاواز لەپێناوی پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەر و وەرگرەکان بەکاردەهێنرێن.

لە گەڕان و پشکنین و نووسینی هەر دەقێکی مێژوویی، زمانەوانی، ئەدەبی (شیعر، ڕۆمان، فیلم و لێکدانەوەی ڕۆشنبیریی) بێ گەڕانەوە بۆ ڕەمز و نیشانە و هێما (ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان)، (زمان و بەکارهێنانی کەلتور و پێکهاتە زهنی و فیزیکییەکان) کارێکی داهێنەرانە ناکرێت. (فەلسەفە و ئەفسانە و چیرۆک و کەلەپووری ئێزدیەکان) سەرچاوەی دەقێکی وەکو (شەنگال، هایێ ل من)ی (کەریم کاکە)یە. من لەخوێندەوەی دەقەکەدا (ئاشنایەتیم لەگەڵ ئایین و کەلتور و بیرکردنەوەی ئێزدیەکان و لەڕێگەی بەکارهێنانی (نیشانە سیمیۆلۆجی و هێما زمانەوانییەکان و ڕەمزە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان) پەیدا کرد.

**۲-۱ گوتار چییە**

گوتار لای عەرەبەکان بریتییە لەقسەیەکی ئاراستەکراو، یان وەکو (مەحمود عەکاشە) دەڵێت: قسەیەکی ئاراستەکراوە

لەقسەکەر (من، ئێمە) بۆ وەرگر (تۆ، ئێوە)، بۆ تێگەیاندنی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرای ڕاستەوخۆ، یان نووسین، یان پیشاندانی لەدەوروبەرێکی گوتاری گفتوگۆی پەیوەندیکردندا.(د. محمود عكاشة، ٢٠١٤، ١٧ ). هەر ئەم نووسەرە پێی وایە هەموو گوتارێک دەقە، نەک بەپێچەوانە، بەقسەکردن ناگوترێت گوتار، تەنیا لەپەیوەندیکردن و ئاراستەکردنەکەیدا نەبێت. (د.محمود عكاشه، ٢٠١٤، ١٨).
لەبارەی گوتار لای (فۆکۆ)ش، کە پشت بە کەلەپور و شتەکانی دیکە دەبەستێت، یان مەعریفە و دەسەڵات، دەسەڵات و ئەخلاق جێگەی بایەخن، بابەتی سەرەکی (فۆکۆ) (بریتییە لەگوتار، لەمێژوودا). (د. الزواوي بغورة، ٢٠٠٠، ٦).

گوتار بریتییە لەدەق، مەرج نییە ئەو دەقەی گوتار دروست دەکات، بریتی بێت لەچەند پارچەیەکی بەیەکەوە بەستراو، ڕەنگە تەنیا دەربڕین و گوزارشت و هێماو نیشانە و ڕەمزێکیش گوتار دروست بکات. گوتار ئەرکی پەیوەندیکردنە. شیکردنەوەی گوتار پەیوەندی بە (دەق و دەوروبەر) هەیە. شیکردنەوەی گوتار پەیوەندی بەئاستەکانی دەنگ و ڕۆنان و پێکهاتە و واتاکانەوە هەیە، هەروەها لێکۆڵینەوە لەدەوروبەریش پەیوەستە بەڕۆنانی پێکهاتەی دەقەکە بەگشتی، پێگەی دەرەکی و تایبەتمەندییەکانی درککردن و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ئامانجی پراگماتیک لەشیکردنەوەی دەقی گوتار بریتییە لەشیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان، ئامانجیش لەمە شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕێزمان نییە، بەڵکو واتای

بەیەکەوەبەستنی دۆخی بەرهەمهێنانەکەیە. شیکردنەوەی گوتار بەستراوەتە بەزانستی پەیوەندیکردن. (د. محمود عكاشة، ٢٠١٤، ١٤).

(هاریس) یەکێکە لەو کەسانەی کاری لەبارەی شیکردنەوەی گوتار کردووە و پێناسەی بەم جۆرە کردووە و گوتیەتی: گوتار بەدوای یەکدا هاتنێکی درێژە لەو ڕستانەی دەکرێت داخراو بن). (د. عبدلهادی بن ظافر الشهری، ٢٠٠٤، ٣٧). (بنفست) پێی وایە( گوتار گوتراوێکە لەبارەی کەرەستەکان و چالاکییەکانی لەبواری بەکارهێنانی بۆ پەیوەندیکردن تێی دەڕوانرێت، بەواتایەکی دیکە هەموو گوتراوێک قسەکەر و گوێگرێک دەسەپێنێت و ئامانجی یەکەمیان کارتێکردنە لە دووەمیان بەڕێگەیەک لەڕێگاکان). (د. سعید یقطن، ١٩٨٩، ١٧).

هەیانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی گوتار بەکردەوە هەیە، یان ڕاپەڕاندنێکی بەکردەوەی زمانە. (د. عبدلهادی بن ظافر الشهری، ٢٠٠٤، ٣٧). لەڕوانگەی شیکردنەوەی ئەدەبیشدا هەندێک پێیان وایە (گوتار قسەکردن، یان وتارە). (د. عبدالسلام المسدی، ١٩٩٧، ١٣٨).

بۆیە دەکرێت پێناسەی گوتار بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:
یەکەم: ئەو گوتراوەیە، کە ئاراستەی یەکێکی دیکە دەکرێت بۆ ئەوەی مەبەستێکی دیارکراوی تێ بگەیەنێت.

دووەم: شێوەی زمانەوانییە، کە ڕستە تێ دەپەڕێنێت. (حورية قايش،٢٠٠٨، ١٠).

گوتاری ئەدەبی پێش هەر شتێک یاریکردنە بە وشەکان و یاریکردنە بەو قسانەی پشت ئەستورن بەڕێسای ڕێکخستنی دەقەکە. (د. محمد مفتاح، ١٩٨٦).

هەر گوتارێک دادەنرێت دەقە، لەهەمان کاتدا دەق مەرج نییە بابەتێک دوورودرێژ بێت، ڕەنگە تەنیا قسەیەکی قسەکەر، کە ئاراستەی وەرگرەکەی دەکات و مەبەستێک، یان پتر لەمەبەستێکی تێدایە، ببێتە گوتار، یان هێمایەک، نیشانەیەکی سیمیۆلۆجی و ڕەمزێک ببێتە گوتار، تەنیا ئاماژەیەکیش دوور نییە لەهەندێک دەوروبەری بەکارهێنانەکەیدا گوتارێک بەرهەم بهێنێت. بۆ نموونە:

# دەتبینمەوە!.

گوتاری ئەم دەربڕینە ئاماژە بۆ چەند شتێک، لەوانە پێکهاتەی سەرەوەی ئەم دەقە بریتییە لە (بکەر، بەکار، بکەر نادیار، جێناوی کەس (دووەمی تاک و یەکەمی تاک) و کار). ژێرەوەی دەقەکە بریتییە لەو واتا و مەبەست و پەیام و خواستەی لەنێو دەقەکەدا دیار نییە.

ڕەنگە هەڕەشە بێت، ڕەنگە ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوە بێت، بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکەی لە (واتا و مەبەسەتەکە) دەگەین.
بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی ژمارەیەک ئامازە، بنەمای هاریکاری و کردە قسە و ئینجا بەرهەمهێنانی گوتار هەیە، چۆن؟
کەرەستەی ئامازە (جێناوی لکاوی (م) کەسی یەکەمی تاک و (ت)ی کەسی دووەمی تاکە، لەگەڵ نیشانەی (!) سەرسوڕمان، یان ئاوازە و هێزی گوتنەکەی.
بنەمای هاریکارییە، چونکە تەنیا بەکورتی و پوخت، دوور لە درێژدادڕی و زانیاری ناپێویست و هەستی دوور لە دۆخی ئاخاوتنەکە، یان ڕووداوەکەمان پێ دەبەخشێت، بە واتایەکی دیکە قسەکەر هاریکاری خوێنەر و وەرگر دەکات، لەو زانیاریانە بگەن، کە لەنێو دەقەکەدا (بەڕاستەوخۆیی، یان ناڕاستەوخۆیی) پێشکەش دەکرێت، بنەمای هاریکاری پشت بە بنەمای دروستی و پوختی و ئەوەندە زانیارییەی دۆخەکە پێویستییەتی دەبەستێت، لەکردە قسەدا دۆخی (هەوڵگەیاندن و پرسیار و سەرسوڕمان و فەرمان و ئاگاداکردنەوە و پاساوهێنانەوە و ڕیکلام و ڕاگەیاندن و گەیاندن.. تاد) دەردەخات.

### ٣-١ شیکردنەوەی گوتار

لەم ساڵانەی دوایدا زمانەوانەکان بایەخ بەشیکردنەوەی گوتار وەکو بەکارهێنانی زمان، یان پەیوەندی گوتار بەزانستەکانی

دیکەی کۆمەڵایەتی و دوروونی و سیاسی و دیبلۆماسی و داتا و شێوازی دەربڕین و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کردەیەک لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و قسەکردنەوە دەدەن، بێگومان گوتار دەکرێت زۆر بواری دیکەی مرۆیی، یان کۆمەڵایەتی و جوگرافی و سیاسی و دەروونی و ماتماتیک .. تاد بگرێتەوە، دەکرێت گوتار دەقێکی دوورودرێژی چەند سەد لاپەڕەیی بێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت تەنیا یەک هێما و دەربرین و دەستەواژەو مەبەست و ڕەمز و نیشانەییێک بێت.

گوتاری ئەدەبی یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی لەشیکردنەوەی دەقی کوردیدا بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی کار لەبارەی ئاراستە گشتییەکانی، پێکهاتە و ئاستەکانی زمان و شێوازی قسەکردن و گێڕانەوە، یان گوتاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کراوە، بەڵام کەمتر بەلای بۆشاییەکانی نێو دەق، واتا و فرە واتایی و هێزی بەرهەمهێنانی دەق لەڕێگەی بەکارهێنانی زمان و کردەی پەیوەندیکردن و ئاشکراکردنی شتە نەگوتراوەکان چوون. دەق وەکو ئەوەی دەبینرێت شی دەکرێتەوە، نەک وەکو ئەوەی چی لەناوەخن و واتا و لایەنە شاراوە نادیارەکانیدا لەخۆگرتووە، کە هەموو خوێنەر و وەرگرێک ناتوانێت بەئاسانی تێی بگات، یان هەستی پێ بکات.

شیکردنەوەی گوتار هاوکاریمان دەکات لەڕێگەی سوود وەرگرتن لەتیۆری شیکردنەوەی پراگماتیکی بەنێو نهێنی و واتا شاراوە و بەدیارنەکەوتووەکاندا بگەڕێین، تەنیا ئەو شتانەش بدۆزینەوە، کە خاوەنی دەقەکە (نووسەر/ نێرەر) ڕەنگە هەستی پێ نەکردبێت، بەڵام لەنێق دەقەکەدا بەرجەستە کراوە.

خۆشی لەبێ ئاگایی، یان بەمەبستێکی دوورتر لەمەبەستە سەرەکییە ئاشکراکە، یان بۆ پێچانەوەی بیرۆکەیەک لەنێو بیرۆکە هەمەڕەنگەکانی دیکەی دەقەکەدا لەترسی (خۆسانسۆرکردن، یان بەناڕاستەوخۆ گوتنی، یان ڕەچاوکردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەستونەستی ئەوانەی دیکە.. تاد) شتەکانی بەشاراوەیی، یان لاوەکی ئاماژە پێکردبێت.

کردەی پەیوەندیکردن یەکێکە لەمەبەستە بنەڕەتییەکانی گوتاری دەق، نووسەر لەپێناو پەیوەندیکردن بە خوێنەکانی دەق بەرهەم دەهێنێت، خوێنەریش لەپێناو تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتاری دەقەکە کردەی پەیوەندیکردن ئەنجام دەدات. واتە دەقی بێ خوێنەر وەکو تەنەکەیەکی زبڵی بۆگەن کردوو وایە، جێگەیەک دەگرێت و بۆنی ناخۆشی بێزارکەر پەخش دەکات، یان نووسەر وەکو کەسێک وایە، کە زیادەڕۆیی لەبەکارهێنانی خواردن و زێدە مەسروفی دەکات و خواردنێکی زۆر بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەکاربهێنێت، فڕێ دەداتە نێو تەنەکەی زبڵەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی نیگەرانی و لچ هەڵهێنان و دەمارگیری و کاردانەوەی نەرێنی ئەوانەی لەکاتی ڕۆیشتن بەدەوروبەرەکەدا هەستی پێ دەکەن، بۆیە کردەی (ڕەتکردنەوە و بێزاری و حوکمدان لەسەر کارێکی نەگونجاو) بەرهەم دێت. دەقی گوتاریش ڕێک وەهایە.

هەر دەقێک دوای چاپکردن و و کەوتنە بەردەستی خوێنەرەکانی، ئیدی خوێنەر دەبێتە خاوەنی، هەر گوتارێک ڕاپەڕێنرا، ئیدی وەرگرەکانی دەبنە بەکارهێنەر و خاوەنی دەقەکە، بۆیە

هەمیشە خوێنەر و وەرگری زیندوو دەقی زیندوو دروست دەکەن، بەواتایەکی دیکە هەر نووسەر بەتەنیا بەرهەمهێنەری دەق نییە، خوێنەریش بەشدارن لەبەرهەمهێنانی دەقدا.

گوتار بریتییە لەراپەراندنی مەبەستێک، (ڤان دایک) ژمارەیەک کێشە لەرێگەی شیکردنەوەی گوتار وەکو مەسەلەی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکا،ت لەوانە (یەکەم :رەگەز پەرستی، بەتایبەتیش جیاکاریی و لایەنگیری دژی کەمایەتییە نەژادییەکان لەوانە (رەشپێست و موسلمان.. تاد)یان وەکو پیشەییەکان (ئافرەت، هەژارەکان،.. تاد). دووەم: یاریکردنی سیاسی، چۆن دەسەڵات پەنا وەبەر دژایەتی گەل دەبات. سێیەم: خۆسەپاندن چۆن کار بۆ خۆسەپاندان لەکەشوهەوای سیاسی و راگەیاندن و پەروەردە و .. تاد دەکرێت. رۆڵی گوتار لەخۆ سەپاندن چییە؟. (توین فان دایک، ٢٠١٤، ١٢).

دەبێت باسی رۆڵی (فردیناند دی سوسیر) لەپەیوەندی نێوان زمانو گوتار بکەین لەدیارکردنی ئەو بنەما سەرەکیانەی لە زمانەوانی بۆ جیاکردنەوەی هێماو هێمابۆکراو (دالو مەدلول)[1] هەیە. زمانو گوتار دوو کایەی بەیەکەوە بەستراون، زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، قسەکردن وەکو دیاردەیەکی کەسی ئەنجام دەدرێت. سوسێر پێی وایە (گوتار یەکسانە بە قسەکردن). (مهاجر مدقن، ٢٠١٣ ،٢٥). (دیڤید کریستال) دەربارەی گوتار دەڵێت: زمانی قسەکردن گەورەترە، فراوانترە لە رستە. (Crystal:2012,148) یان

هەندێکی دیکە پێیان وابووە، کە (گوتار قسەکردنێکی درێژە، یان بەدوای یەکداهاتنی چەند رستەیەکە). (هاجر مدقن، ٢٠١٣ ،٢٥) .

که باسی زمانو گوتار دەکەین، نابێت دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەSocial Context بایەخی پێنەدرێت، (فێرکلاف) پێی وایە گوتار بەکارهێنانی زمانە وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە گوتار رۆڵی شیکاریی دەبینێت، شیکردنەوەی رۆڵی دەقە لەدەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەدا .(رەحیم سورخی،٢٠١٣، ١١).

لەبارێکی دیکەدا (ڤان دایک) قووڵتر دەچێتە نێو باسی گوتار، ئەو لەتەک رۆڵی زمانو باری کۆمەڵایەتی، پەیوەندیکردنیش دەهێنێتە ئاراوە. پێی وایە چەمکی گوتار لەم سێ لایەنە پێکدێت:١- زمان بەکارهێنان.٢- دامەزراندنی پێوەندی لەنێوان باوەڕەکاندا لە<رووداوێکی گەیاندندا>و ٣- کارلێککردن لەبارێکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا.(هەمان سەرچاوە،١١). گوتار یەکەی زمانەوانی قسەیە ئەمەش پەیوەستە بە یەکەی پەیوەندیکردن کە پەیوەستە بە بارودۆخی بەرهەمهێنانێکی دیارکراو. وەکو گوتاری (تەلەڤزیۆن، وتاری رۆژنامە، گێرانەوە...هتد). (مانغۆنۆ، ٢٠٠٨، ٣٨).

ئەمە خودی گوتار خۆی دەگرێتەوە، کە مەسەلەی پۆلێنکردنو رێکخستنو دابەشکردن دەگرێتەوە، ئەمە لایەنێکی دیکەو دوورییەکی دیکە لەبارەی گوتار دەگرێتەوە، کە بریتییە لەڕێکەوتو رووداو. جا ئەم گوتارە یاسایی، یان ئاینی، یان

ئەدەبی بێت. (غازی حەسەن، گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەی پراگماتیکی، نامەی ماجستەر، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧).

**٤-١ دەق**

دەتوانرێت پێناسەی جیاواز و هەمەلایەنە بەپێی بەرهەمهێنان و جۆری دەقەکە بکرێت، دەق دەکرێت بابەتێکی دوورودرێژی بەیەک بەستراو بێت، دەکرێت تەنیا دەنگێک، هێما و ڕەمز و نیشانەیەک و بەتەنیا وشەیەکیش بێت. زۆر بەکورتی و پوختی (یۆل و براون) گوتویانە دەق بریتییە لە (تۆمارێکی گوتراوی ڕووداوێکی پەیوەندییکار). (ج. ب براون،ج. یول، ١٩٩٧ ، ١٥).

لەم پێناسە کورتەدا تۆمار بەشێوەی گوتراو، یان نووسراو هەیە، گوتراوە، واتە دەربڕدراوە بەهەر شێوە و جۆرێک و ڕێگا و میتۆدێک بێت، ڕووداویشە و ئەرکی پەیوەندیکردنە. ئەمە بنەمای بنەڕەتی دەقە.
دەق و گوتار پەیوەندییەکی دینامیکی و کارەکیان بەیەکەوە هەیە، پراگماتیک ئاسانکارییەکی زۆرمان بۆ دەکات، بۆ ئەوەی لە (ئەرک و پەیام و کارتێکردن و درککردن و پەیوەندیکردن و بەرهەمهێنانەوەی دەقە گوتارەکە) بگەین. پرۆسەی تێگەیشتن ڕەنگە لەهەندێک بواردا لەنێو دەقدا پەیوەندی بە نووسەر و

نێرەر هەبێت، بەڵام نابێت خۆمان بەو مەسەلەیە پشتەڕێ بکەین، خوێنەر و وەرگر ڕۆڵیان لەتێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقدا هەیە، بەڵام دەبێت بزانین توانستی تێگەیشتن پەیوەندی بەوەرگرەوە هەیە (فیجوتسکی) لەم بارەوە گوتیەتی گەشەکردنی ڕستە لەدرککردن لای کەسێکی نەخوێندەوار بوونی نییە. (ج. ب براون، ج. یول، ١٩٩٧، ١٦). ئەگەر هەر لەم بوارەدا ئاماژە بەدەقێکی نیشانەیی (سیمیۆلۆجی) بکەین، ئاساییە کەسێکی نەخوێندەوار بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری لەدەقە نیشانەییەکە بگات، بەڵام کوێرێک ناتوانێت گەشە بەدرککردن لەبارەی دەقێکی نیشانەیی و وێنەیی و بینراو بدات. واتە هەر دەقێک و لێکدانەوەکەی پەیوەندی بەدەوربەری کۆمەڵایەتی و مەعریفی و ئاستی ڕۆشنبیری و نەژاد و تەمەن و جوگرافیا و کەلتور و باری دەروونی و جەستەیی و هەستونەستی وەرگرەوە هەیە.

(جودی) دەڵێت زمان دوو ئەرکی لەدەقی نووسراودا هەیە، بۆیە باسی دەقی نووسراو دەکەین، چونکە ئێمە گوتاری دەقێکی نووسراو شی دەکەینەوە، ئەو دەڵێت: (ئەرکی تۆمارکردن و پاراستنی هەیە، ڕێگە دەدات پەیوەندیکردن لەنێوان کات و شوێندا بپارێزێت. دووەم ئەرک ئەوەیە زمان شتەکە لەبواری گێڕانەوە دەگوازێتەوە بۆ بواری بینین). (ج. ب براون،ج. یول، ١٩٩٧ ، ١٧). بڕوانە (جودی، ١٩٧٧، ٧٨).

پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە، ئایا ئێمە دەتوانین بڵێین دەقمان هەیە، ئەگەر هیچ کەسێک بەکاری نەهێنێت؟.

هەوڵدەدەین لەبوارەکانی دیکە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین. (تێگەیشتن و درککردن) لای خوێنەر و وەرگر و بەکارهێنەرانی دەق بەهایەکی گرنگی بۆ بڕیاردان لەبارەی دەقەوە هەیە. هەر کاتێک دەق بەکار نەهێنرێت، وەکو ئەوە وایە کەسێک تینووی بێت، بەڵام پێی نەبێت بچێت گلاسێک ئاو بۆخۆی بهێنێت و بیخواتەوە. زمان بریتییە لەبەکارهێنان، دەق بریتییە لە بەرهەمی زمان لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا، دەق بریتییە لەبەرهەمهێنانەوە لەبەرهەمهێنراوێکدا، ئەمەش پەیوەندی بە(نێرەر و وەرگرەوە) هەیە. واتە هەمووی پەیوەندی بەبەکارهێنانەوە هەیە.

## ١-٥ بەکارهێنان

پراگماتیک پشت بەشیکردنەوە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەکارهێنانی دەق و گوتار دەبەستێت، زمان خۆی لەخۆیدا کردەی بەکارهێنانە لەپێناو پەیوەندیکردن و گەیاندنی مەبەست. زمان و گوتار، زمان بەواتا فراوانە هەمەلایەنەیەکەی بریتیین لەبەکارهێنان و ڕاپەڕاندنی ئەرکێک و مەبەستێک. وەکو (براون و یۆل) دەڵێن (بەکارهێنان بەشێکی جیانەکراوەیە لەدەق). (ج. ب براون،ج. یول، ١٩٩٧، ٩).

زمان بەدرێژایی مێژوو لەئەنجامی هۆکارە جیاوازە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سەربازیی و دەروونی و فێربوون و

کاریگەری کەلتوری جیاواز و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندن و گەیاندن لەگۆڕان دایە، بەکارهێنانیش لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارانە دەگۆڕێت. واتە ئاساییە (بەکارهێنانی ناونیشان، کەسایەتی، ڕووداوەکان، پەیام و گرێ و کێشە و مەبەستەکان) لای دەقی (آ) جیاواز بێت لەدەقی (ب)دا، تەنیا تێگەیشتن لەخودی یەک بەکارهێنانیش لەنێو یەک دەقیشدا لای دوو خوێنەر جیاواز دەبێت، ڕەنگە جیاوازیش دروست بکات، تەنیا گریمانە دەکرێت لای خودی یەک خوێنەریش لەڕێگەی بەکارهێنانی شتەکان (وشە، مەبەست، پەیام، ڕووداو) واتا و مەبەستی جیاواز بەپێی بەکارهێنانی دەقەکە لەوابەستە بە (کەش، کات، شوێن، باری دەروونی، زمانی جیاواز و وەرگێڕان، ململانێ و هەستونەستدا) جیاوازی دروست بکات.

بەکارهێنان هەر تەنیا پەیوەندی بە دەقە نووسراو، یان گوتراوەکە، یان وێنە بینراوەکە و وێناکردنە هزرییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) بەکارهێنەرانی دەقەکەشەوە هەیە، ئایا خوێنەر بە چ مەبەستێک، لەچ ئاستێک و بەچ مەعریفە و تێڕوانین و لێکدانەوە و درککردنێکەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەمە دەمانگێڕێتەوە سەر بۆچوونەکەی (براون و یۆل)، کە دەڵێن (بەکارهێنان لەدەق جیاناکرێتەوە).

با ڕوونتر باسی گوتاری دەقێکی بەکارهێنراو، یان بنەمای بەکارهێنانی تێدا بێت بهێنینەوە:

***# پۆمپێیۆ: شیعەی عێراق خۆپیشاندان لەپێناو سەربەخۆییدا دەکەن (سایتی باس نیوز، ([http://www.basnews.com/index.php/so/news/iraq/566637](http://www.basnews.com/index.php/so/news/iraq/566637)***

*سێ جۆر بەکارهێنان بەشێوەیەکی سەرەکی لەم گوتارە هەواڵەدا، کە دەقێکی نووسراوە هاتووە: یەکەمیان (پۆمپیۆ) کێشەی شیعەی لە عێراق بەکارهێناوە، لەم بەکارهێنانەدا، مەبەستی بنەڕەتی ئەوەیە، کە (سەربەخۆ نین و وابەستەی لایەنێکن و بوونەتە پاشکۆ).*

*دووەمیان سایتی باسنیوز، هەواڵەکەی بەکارهێناوەتەوە گریمانەی ئەوە دەکرێت (پاڵپشتی هەواڵ و زانیارییەکان بکات، یان دژی بێت)، بەڵام ئێمە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەوروبەری بەکارهێنانەکە لای (باسنیوز) دەگەڕێینەوە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی بڵاوکراوەکە و ئامانجی هەڵبژاردنی گوتاری هەواڵەکە. بەکورتی وا پێ دەچێت ئەم هەواڵەیان بەلای کەمەوە بەدڵ بێت و پێی ڕازی بن.*

سێیەم: بەکارهێنانی ئەم بەکارهێنانە هەواڵییە لای خوێنەر و وەرگرەکان، ڕەنگە هەندێک (لایەنگیری ئەو زانیارییە بن، هەشە ڕەتی بکاتەوە. ڕەتکردنەوەکە دوو گریمانەی لێ دەکرێت ١- متمانەنەبوون بەهەڵوێستی ئەمەریکا. ٢- لایەنگیریی ئێران و شیعە. بێگومان بەکارهێنانەکە لای وەرگر دوور نییە بوار و شتی دیکەش بگرێتەوە. هەندێک بە (تووڕەیی و ڕەنگە بە جوێنێکیش

گوتارەکەی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەیە بەگومان، هەیە بەدڵەڕاوکێ و بێ ئەوەی یەکلابووبێتەوە تێی دەڕوانێت، هەشیانە ئاساییە لایەنگیریی بەکارهێنانەکەی (بۆمپیۆ) بێت، بەڵام بەکارهێنانەکەی (باسنیوزی) بەدڵ نەبێت.
با نموونەیەکی دیکە بهێنینەوە لە سایتی ئاوێنە:
پنتاگۆن: دەبێت لە باکوری سوریا لێکۆڵینەوە لەئەنجامدانی تاوانی جەنگ بکرت (سایتی ئاوێنە، https://www.awene.com/detail?article=15865).

ئەم سایتە ئەم هەواڵەی بەکارهێناوە، بەلای قسەکانی (بۆمپیۆ)دا نەچووە، مەبەستمان لەچۆنیەتی بەکارهێنانی (زانیاری و هەواڵ و دەربڕینی هەڵوێستە). لەمەشیاندا (نێرەر و بڵاوکەرەوەی هەواڵەکە و خوێنەرانی) هەر یەکە بەئامانجی جودا گوتاری هەواڵەکەیان بەکارهێناوە، هەمان بۆچوون دەبارەی هەواڵەکەی پێشوو بەسەر ئەمەشیاندا دەچەسپێت.
بەکارهێنان یەکێکە لەو ڕەهەندە گرنگانەی کاریگەرییان لەسەر کردەی (پەیوەندیکردن و کارتێکردن و درککردن و بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەقەکە) دەبێت، هیچ گومانی تێدا نییە، بەکارهێنانەکەش پەیوەستە بەدەوروبەری (دەربڕین و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانەوەی لەلایەن وەرگرەوە).

### ١-٦ گرفتەکانی دەقی گوتراوی گێڕانەوە

گوێگرتن لەدەقێکی گوتاری دەنگی، زۆر جیاوازترە لەدەقی گوتارێکی نووسراو. لەوەی یەکەمیاندا ژمارەیەک ئامراز و شێوازی دیکە وەکو (دەربڕین و دەنگ و ڕەنگ و جەستە و بەکارهێنانی زاراوەی نزیک و تایبەت بە گوێگرەکان و گۆڕینی فۆنیم و دەنگ و پیتیش) لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەدەقی نووسراودا ئەمانە بەدی ناکرێن. گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بەکارهێنانی ئەو شتانەی مەبەستی نێو گوتارەکەیە، پەیوەندنی بەشێوازی قسەکردن و توانا و لێهاتوویی قسەکەرەکەوە هەیە، بەڵام لەدەقی نووسراودا مەسەلەکە پەیوەستە بەهێز و دەسەڵاتی بەکارهێنانی (ڕستە و وشە و گێڕانەوە و دەربڕین و وێناکردنە ئەدەبی و زهنییەکانەوە).

لەتەک ئەوەشدا لەگێڕانەوە لەنێو دەقی نووسراودا دەتوانرێت باشتر و گونجاوتر کارەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام لەدەقی دەنگیدا، گەلێک جاران گێڕانەوە نە (شوێنەکە و نە کاتەکە و نە دۆخەکە) خزمەتی ناکات، پچڕ پچڕ دەبێت، دوور نییە لەهەندێک دەقی نووسراویشدا کردەی گێڕانەوە تووشی (تەنگەنەفەسی و بێ دەسەڵاتی لەوەسف و ریزکردنی ڕووداوەکان و دەربڕین و بەکارهێنانی وشە لەباری ئاڵۆزیی و تێکقژقژانی دەروونی بێت).

جاری وایە دەقێکی نووسراو بەوێنەی زهنی و بیرۆکە و ڕووداوی گرنگ و کاریگەر دەست پێ دەکات، بەڵام لەبەر هەژاری گێڕانەوەی دەقەکە، دەقەکە بەرەو لاوازی و کەم دەسەڵاتی دەچێت. یان بەپێچەوانەوە هەیە کردەی گێڕانەوەی هێندە تێدا بەهێز و بەیەک بەستراوە و کاریگەرە، شێوازی گێڕانەوەکەی

خزمەتی زۆری بابەتە لاواز و نادیارەکانیش دەکات. واتە زمان و گوتاری دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەهێزی بەدیهێنانی کاریگەریی و ڕاپەڕاندنی کردەی بەدیهێنانی مەبەست و خواستەکانەوە هەیە.
بەواتایەکی دیکە شیکاری گوتار شتێک ڕادەپەڕێنێت، کە چارەسەری کەرەستە زمانەوانییەکەیە، بەوپێیەی ئەو دەقە چالاکییەکی خاوەن بزاڤە و زمان وەکو کەرەستەیەک بۆ پەیوەندیکردن لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا لەلایەن قسەکەر، یان نووسەرەوە بۆ دەربڕینی واتا و بەدیهێنانی مەبەستی گوتارەکە بەکاردەهێنێت. (ج. ب. براون، ج. یۆل، ١٩٩٧، ٣٣).

ئەمانەش پەیوەندییان بەئەرکەکانی زمان لەڕاپەڕاندنی پەیامی گوتار و دەقەوە هەیە.

**٧-١ ئەرکی زمان**

زمان ژمارەیەک ئەرکی لەبەکارهێناندا دروست دەکات، یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی ئەرکی زمان پەیوەندیکردنە لەنێوان بەکارهێنەرانی زمانەکە، زمان ژمارەیەک شێوە لەخۆی دەگرێت (دەنگ و فۆنیم و وشە و ڕستە) و (واتا) و (هێما و ڕەمز و نیشانەکان). مرۆڤیش وەکو گیانەوەرەکانی دیکە کەرەستە و ئامرازی بۆ کردەی گەیاندنی مەبەست و پەیوەندیکردن هەیە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی زمانەوە، بەراورد بەگیانەوەران پلەباڵاتر و پێشکەوتووتر دەردەکەوێت.

زمان هەر تەنیا بۆ پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو ژمارەیەک کردەش ڕادەپەڕێنێت، کە هەندێکیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەکاردێت، هەندێکیشیان بریتییە لە(کاردانەوە و توڕەیی و پچڕپچڕ و ناتەواو، ئەمەش پەیوەستە بەدۆزی نائاسایی ئەو کات و شوێن و کەسانەی زمانەکە بەکاردەهێنن).
(چۆمسکی) لەبارەی زمان و مرۆڤەوە دەڵێت: (کێشەیەکی دیکە پەیوەندی بەژیانی مرۆڤ و کێشەکانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، ئەویش وەکو کەرەستەیەکی ئیستغلالکردن وایە). (نعوم تشومسکی، ٢٠١٧، ٢٣). لەبارەی زمان و مێشک و گۆگاکردنی مەعریفە و زانیاری و ئەرکی زمان و ڕاپەراندنەوە (چۆمسکی) دەڵێت: (بۆ کۆگاکردنی زانیارییەکان سیسەتەمێکی دیکە هەیە توانای پەیوەندیکردنی بۆ گەیشتن بەو زانیاریانە هەیە، لەتەک ئەوەشدا سیستەمی ڕاپەڕاندنیش هەیە)، هەروەها دەڵێت (زمان کۆمەڵەیەکی بێ کۆتایی لەگوزارشت و دەربڕین دروست دەکات). (نعوم تشومسکی، بنیان اللغة، ٢٠١٧، ٢٧ - ٣١).

(براون و یۆل) لەشیکردنەوەی گوتاردا ئەرکی زمان بە (مامەڵەکردن و تێکەڵبوون) وەسف دەکەن، پێیان وایە ئەمەش پەیوەستە بەئەرکی (نواندن و نمایش و گوزارشت و دەربڕین). ئەمەش لای (بوهلەر)یش جەختی لێکراوەتەوە و لای (باکبسون)یش بە (سەرچاوە و هەڵچوونەکان) وەسفکراوە. (هالیدا)یش بە (فکری و ئاڵوگۆڕکردن)ی دادەنێت، (لاینز)یش بە

(وەسفکردن و گوزارشتی کۆمەڵایەتی) دەچووێنێت. (ج.ب. براون. ج یول، ١٩٩٧، ١-٢).

زمان ئەرکی گەیاندنی زانیارییە، لەتەک ئەوەشدا ئەرکی پێڕاگەیاندنی شتێکە لەلایەن نێرەر بە وەرگرەکانی. ئەم پرۆسەیەش بەژمارەیەک کەرەستە و شێواز و قۆناغ و مەبەست و هۆکارەوە بەرێوەدەچێت. هەموو مرۆڤێکی ئاسایی زمانی هەیە و بەکاریشی دەهێنێت، بەڵام هێز و پێویستی بەکارهێنانی زمان لای هەر مرۆڤێک جیاوازە، تەنیا خودی هەر مرۆڤێکیش بەپێی پێکهاتە و سروشتی (کات و شوێن و دۆخی دەروونی) بەکارهێنانی زمانەکەی دەگۆڕێت.
(لاینز) پێی وایە زمان پەیوەندی بیرۆکە (فکرة) هەیە "زمان بێ بیرۆکە" لۆجیکی نییە. دەتوانرێت زمان هەر تەنیا بۆ باسکردنی جیهان بەکارنەهێنرێت، بەڵکو دەربارەی خودی خۆی و زمانەکانی دیکەش بەکار بێت (جون لاینز، ١٩٨٧، ١٦- ١٨).

مەبەستمان ئەوەیە بڵێین زمان ئەرکی (گەیاندن و پێڕاگەیاندن و کارتێکردن و بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنە)، دەقیش، کە بریتییە لە (زمان و هێما زمانەوانییەکان و نیشانە کۆمەڵایەتی و فکری و دەروونییەکان)، ئەرکیان گەیاندنی پەیام و بابەت و مەبەستێکە لەنێوان نێرەر و وەرگر. نووسەرێک، یان قسەکەرێک، کە زمان بەکاردەهێنێت، ئامانجی مامەڵەکردنە بەزمانەکە لەپێناو گەیاندنی پەیامێک و مەبەستێک.

زمان کارتێکردنە، چۆن؟ زمان بۆ قسەکردن و گفتوگۆیە، قسەکردن بایەخدانە بە بەکارهێنانی زمان بۆ هاوکاریکردنی ڕۆڵەکان (نواندنەکان) و پەیوەندییەکان، مسۆگەرکردنی شتەکان و دیارکردنی ئاڵوگۆڕی ڕۆڵکەکانە لەکاتی گفتوگۆدا، بەهاوارەوەچوونی قسەکەر و وەرگرەکانە. ئەم بۆچوونە لای هەریەکە لە (لابۆف و براون و لیفنسون و ساکس و شیفلوف و جیفرسنو ولاکوف) ئامارژەی پێکراوە. (ج.ب. براون. ج یول، ١٩٩٧، ٣ ).

ئەرکی زمان لەنێو دەقی ئەدەبیدا دوو جۆرە، یەکەمیان ڕێزمانییە. دووەمیان ڕاپەڕاندنی ئەرکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری .. تاد، چونکە (زمان دیاردەیەکی سایکۆلۆجی کۆمەڵایەتیی ڕۆشنبیرییە، هەر تەنیا لایەنی بایۆلۆجی نییە، بەڵکو ڕێگای هەڵبژاردنی واتایە بڕیارلێدراوەکانە لەمێشک و سیستەمی ڕەمزی دەنگی زمان، ئەمەش وا دەکات گروپێک تێی بگەن و بەکاری بهێنن. (د. نایف سلێمان، د. عادل جابر، د. حسن قراقیش، د. محمد الحمور، د. عبدالموءمن ابو حسل، ٢٠٠٠، ٩) .

### ٨-١ ڕۆڵی مەبەست لەدەقی گوتاردا

لەنێو هەر دەقێکدا، ئینجا ئەم دەقە نیشانە و هێمایەک بێت، یان دەقێکی درێژی نووسراو، یان گوتنێک بێت، دەبێت (مەبەست) هەبێت. (لەڕاستیدا چەمکی مەبەست، دەتوانێت بەشیک بێت لەهەڵگرتنی پێشبینی و پێشنیار، بۆ بابەتەکە لەڕێگەی کارێکی یەکسان و لەگونجاندنێکی ئاڵوگۆڕدا لەبارەی ئەو پێشهاتە ڕاستەقینەی لەخۆی دەگرێت) بۆ نموونە :

# شنۆ دڵخۆشە.

لێرەدا دیارنییە ئەنجامی دڵخۆشیەکەی چییە، دەشێت ئەم دڵخۆشیەی بەهۆی یەکێک لەو هۆکارانەوەوە بێت:

آ- کاتێک شنۆ لەناو باخەکەدا دانیشتبوو، باڵندەی سەر دارەکان دەیانخوێند.
ب- کاتێک شنۆ لەکەنار دەریا دانیشتبوو، باڵندەکان لەسەر شەپۆلەکان دەسوڕانەوە.
ج- لەجەژندا، خواردنی باڵندەکان زۆر خۆشبوون بۆ شنۆ.. تاد (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٢٤).

لەم نمونانەی سەرەودا بۆمان دەردەکەوێت (مەبەست) لەنێو دەقدا، کە مەرج نییە بەشێوەی ئاشکرا ئاماژەی پێ بکرێت، بەڵام بەپێی دەوروبەرە کۆمەڵاتییەکەی قسەکەر، دەتوانرێت ژمارەیەک واتا و لێکدانەوە و بۆچوونی لەبارەیەوە دروست بکرێت، کە دەبنە مایەی دەوڵەمەندی دەقەکە بەزانیاری

هەمەجۆر، یان هەندێک جار ئاساییە ببێتە مایەی گومانیش. ئەو گومانەی دەبێتە سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی ئازادی لەشیکردنەوە و پێبەخشینی ئەرک و واتای نوێ بەدەق.
مەبەست پەیوەندی بەشێوازی بەکارهێنانی زمان و دەستەواژە و دەربڕینەکانی نێو کۆمەڵگاوە هەیە، کاتێک دەڵێین:

# (دەستی دەڕوات)
# (مردم).

مەرج نییە لەم دوو گوتنەدا مەبەست بەڕێدا ڕۆیشتنی دەست و مردنی هەقیقی بێت. (ئەمە پەیوەندی هەیە بەو کارو تێگەیشتن و دەق و ئەو گفتوگۆیانەی ڕۆژانە ئەنجام دەدرێن لەکۆمەڵدا، لەکاتی وەرگرتنی ئەم جۆرە قسانەدا دەبێت واتای یەکەمی وشەکە لەبیر نەکرێت و بڕوانرێتە قوڵایی وشکە و واتاکەی بدۆزرێتەوە، بەشێوەیەکیتر واتا فراوانەکەی ئەم وشانە بدۆزرێنەوە، پێویستە لەسەر گوێگر کەسی بەرانبەر، ئەو واتایە بزانێت، کە قسەکەر مەبەستێتی لەو وشەکانی (دەستی دەڕوات و مردم)، ئەمە پەیوەندی بەزیادەڕۆیی و میتافۆرەوە نییە. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٢٧).

مەبەستمان لەمەبەست شێواز و چوارچێوە و هۆکار و زەمینەی بەکارهێنانی ئەو وشەیە و دەربڕین و وێناکردنیەتی، کە دەبێتە بەدیهێنانی واتا و خواستی جودا. بێگومان ئەمەش پەیوەندی

بەتوانست و توانای گوێگرەوە هەیە لەتێگەیشتن و لێکدانەوەی واتای بەکارهێنانی دەقەکاندا.
کاتێک یەکێک پێت دەڵێت:

# زۆرتر بخۆ، ئیلاو بیللا دەبێت بەشداری پتری ئەم خواردنانەمان بکەیت.

تۆش دەڵێیت:
#تەقیم، ناتوانم.

ئەمە مانای بەکردەوە تەقینەوەی لاشەی قسەکەرە ناگەیەنێت، بەڵکو (مەبەستی) ئەوەیە، کە زۆر زیاد لەپێویستی خواردووە و تێربووە، ئیدی ناتوانێت هیچی دیکە بخوات. زۆر گرینگە گوێگر لەکاتی ئاخاوتن و ئاراستەکردنی قسەیەک بۆ بەرانبەرەکەی، توانای تێگەیشتن و هەڵێنجانی مەبەستی قسەکەی هەبێت. لەبیر نەکەین ئەمەش پەیوەندی بە (پێگە و ئاستی ڕۆشنبیریی و ژینگە و شوێنی جوگرافی و کەلتور و زمانەوە) هەیە.

### ٩-١ واتا

هەر کاتێک بمانەوێت باسی شیکردنەوەی پراگماتیک بکەین، پێویستە باسی وتا و بەکارهێنانی دەوروبەری دەقیش بکەین، چونکە گەیاندنی مەبەست پەیوەندی بەمەبەست و واتای

بەکارهێنانی زمانەکەوە هەیە. هەر وشەیەک ڕەنگە چەندین واتا بەپێی بەکارهێنانی لەدەوروبەرە دیارکراوەکانیان هەبێت. لێکۆڵینەوە لەواتا پەیوەستە بە چەند تیۆرێکەوە لەوانە:

یەکەم: تیۆری ئاماژە ( واتا دەربڕین و گوزارشتەکە، گوتن و نمایشەکە ئاماژەی پێ دەکەن، وشەی سەگ واتای جۆرەکانی سەگ و ئەو خووڕەوشتانە دەگرێتەوە، کە تێیدا هاوبەشن).

دووەم: تیۆری بیرۆکە و تیۆری زهنی (واتا دەربڕینی بیرۆکە و چەمکە بەستراوەکانە بەو گوزارشت و دەربڕینانەی لەزهنی هەر کەسێکدا دەربڕینەکەی پێ دەناسرێتەوە).

سێیەم: تیۆری خووڕەوشت (دەربڕین و پێشوازیکردن دروست دەکات، یان تێکەڵە لە هەردووکیان لەکاتی گوتندا).

چوارەم: تیۆری واتا بریتییە لەبەکارهێنان (واتاکە لەڕێگەی بەکارهێنانییەوە دیار دەکرێت، مەبەست لەمە ئەوەیە واتاکە گونجاوە لەگەڵ بەکارهێنانەکەی لەزماندا).

پێنجەم: تیۆری لێکۆڵینەوە و پشکنین (واتای دەربڕینەکە، ئەگەر ئەو دەبڕینە واتا بێت دەکرێت لەڕشتە، یان شتەکاندا هەبێت لەناوەڕۆکەکەیان دەردەکەوێت ئەم گوزارشتەی تێدایە.

شەشەم: تیۆری مەرجی ڕاستگۆیی (بەشداری کردنە لەمەرجی ڕاستگۆیی لەڕستەدا، کە ئەم دەربڕینەی تێدایە. (جون لاینز، ١٩٨٧، ٣٢).

(گرایس) دەڵێت واتای ئاشکرا (ئەو واتایە ناسراونە دەگرێتەوە، کە لەوشەدا بەکارهێنراوەکاندا هەیە)، لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین:

# ئەمە پیاوێکی ئینگلیزە. بۆیە ئەو ئازایە. (ج.ب. براون، ج یول، ١٩٩٧، ٤٠).

لەدەربڕینی یەکەمدا، کە دەگوترێت کەسێکی ئینگلیزە، بەئاشکرا وەسفەکە، ئازایەتی پیاوەکەمان بە ناڕاستەوخۆیی، بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکەین نیشان دەدات، بەڵام لەڕێگەی لکانی واتای دەربڕینەکە بەدەوروبەری کەسە وەسفکراوە لەوە دەگەین، کە ئەو کەسێکی ئازایە.
پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان واتا و پراگماتیک هەیە، چونکە ئەمەی دووەمیان لەڕێگەی پشتبەستن بە بەکارهێنان و دەوربەرەوە، هاوکاریمان دەکات، واتای نێو دەقەکان، کە پەیوەندییان بەمەبەستەکانەوە هەیە و ئامانجیان ڕاپەڕاندنی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان (نێرەر و وەرگر)، شیکاری واتایەکانمان بۆ دەکات.
کاتێک بمانەوێت باسی واتا و وشە بکەین کارێکی ئاسان نییە واتا و مەبەستی بەکارهێانی وشەکە بەتەنیا بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیاربکەین. بەپێی بۆچوونەکانی (لاینز) بۆ نموونە وشەی (کوڕ) و(کچ)، (پیاو) و(ئافرەت) هەموویان ئاماژە بە مرۆڤ دەکەن، دەکرێت لەواتایەکەیاندا کارێکی هاوبەش لەنێوانیان دیار بکرێت، کە ئەویش (مرۆڤە)، هەروەها دەکرێت کاری هاوبەش لەنێوان (نێر) و ( کوڕ) و (پیاو) و کاری هاوبەش لەنێوان(مێ) و (کچ) و (ئافرەت)، یان (پیاو) و (ئافرەت) بدۆزرێتەوە و دەکرێت بەهەموویان بگوترێت ئەوانە لەڕووی

تەمەنەوە پێگەیشتوون، یان بەپێچەوانەوە پێ نەگەیشتوون. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لەڕووی واتاوە سێ شت دەگرێتەوە:
(پیاو)ن= (مرۆڤ) و ( نێر) و (پێگەیشتوو لەتەمەن).
(ئافرەت) = (مرۆڤ) و ( مێ) و ( پێگەیشتوو لەتەمەن)
(کوڕ) = (مرۆڤ) و (نێر) و ( پێ نەگەیشتوو لەتەمەن)
(کچ) = (مرۆڤ) و ( مێ) و ( پێنەگەیشتوو لەتەمەن). (جۆن لاینز، ١٩٨٧، ٨٤).

## ١-١٠ ڕووداو لەگوتاری دەقدا

یەکێک لەبنەما و پێکهاتەی بنەڕەتی دەق، بوونی (بابەت و ڕووداوە)، هیچ کاتێک زمان نابێتە بەکارهێنان ئەگەر بۆ دەرخستن و وەسفکردن و ئاگادارنەوە و تەئکید و ڕەتکردنەوەی ڕووداوێک، یان بەسەرهاتی بابەتێک بەکارنەهێنرێت.
ئێمە لەبارەی ڕووداوێک زار لێک دەکەینەوە و دەئاخڤین، یان دەمانەوێت بەبزاڤێکی جەستەیی و هێما و نیشانە و ڕەمز باسی ڕووداوێک بکەین. گرنگ نییە بۆ زمان ڕووداوەکە چۆنە و چییە و لە کوێیە و کەی ڕووی داوە، یان ڕوودەدات، هێزی کاریگەریی و کارتێکردنەکەی چەندە؟ ئەوەی گرنگە لەگوتاردا چۆن زمان بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی مەبەستی نیشاندان و وەسف و گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و وەسفکردن و فەرمان و پرسیار و سەرسوڕمان و زانیاری و ئاگاردارکردنەوەی نێو ڕووداوەکە لەپێناو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن.

(هایمز) لەبارەی پۆلێنکردنی بابەت ئاماژە بەوە دەکات، کە بابەت تەوەرەی گفتوگۆیە، گریمانەکانی دەبێت زۆر ورد و سنووردار بن. بەپێی دەوروبەری کاتی و شوێنی گفتوگۆکان بەرێوە بچێت، هەروەها دۆخی جەستەی لایەنە بەشداربووەکان و چۆنیەتی جەستە و سروشتی جووڵەکان و شێوازی دەموچاوەکان وات لێ دەکەن گریمانەکانت زۆر ورد و سنووردار بن. (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٤٩).

(سوسێر) لەبارەی شیکردنەوەی زمانەوانی دەقی گوتار، یان دەقێکی دیکەی زمانەوانی دەڵێت: پێویستە زمانەوان لەهەموو قۆناغێکدا تەنیا ئاخاوتنی ڕاست و زمانی ڕەوانبێژیی پەیرەوکراو بەهەند وەرنەگرێت، بەڵکو پێویستە هەموو شێوەکانی گوزارشتکردن و دەربڕین وەکو یەک و بەیەک ڕێژە و بەیەک ئاست بەهەند وەربگرێت ئەمەی وتیشمان هەموو شتێک نییە، چونکە زمانەوان ناتوانێت هەمیشە ڕاستەوخۆیانە تێبینی قسەکان بکات، پێویستە زمانەوان پشت بەدەقەکان ببەستێت، لەبەر ئەوەی لەڕوانگەی ئەو دەقانەوە تەنیا دەتوانێت بگاتە ئەو زمانانەی پەروێزاخراون، یان لەڕووی شوێن و کاتەوە دابڕێنراون. (فردیناند دی سوسێر، ٢٠١٩، ٢٥).

لەدرێژەی بۆچوونەکانیدا (هایمز) پێی وایە سروشتی ڕووداوەکان، کە ڕووداوێکی پەیوەندیکردنە شێوەیەک لەگوتار لەخۆ دەگرێت، بۆیە وای داناوە، کە گوتار و دوعاکردن بەشێکە لەڕووداوێکی گەورەتر، ئەویش نوێژکردنە لە مزگەوت. ئاماژە

بەپاشکۆبەندی، یان ئەو شتەی بەدوای بابەتەکەدا دێت خۆی لە (هەڵسەنگاندنی قسەکردنەکە دەبینێتەوە)، ئایا گوتارەکە باش بوو، یان شیکردنەوەیەکی کەم بایەخ بوو، هەروەها مەبەستیش پەیوەستە بەچۆنیەتی بەشداری لایەنەکان، ئایا دەیانویست لەم بەشدارییەدا بگەنە ئەنجامی ڕووداوی پەیوەندیکردنەوە. (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٤٨).

لویس لەبوارێکی دیکەدا بەشێوەیەکی وردتر چۆتە نێو دیارکردنی لایەنە گرنگەکانی ڕووداو لەنێو دەقدا. ئاماژە بەژمارەیەک هۆکاری گرنگ بۆ ڕووداوی پەیوەندیکردن دەهێنێتەوە، لەوانە:

آ- ئاماژە کردن بەجیهانی هەقیقی بەرجەستە، شتێکە هەیە، یان ڕەچاو دەکرێت هەبێت، یان بەڕاستی ئەو شتە هەیە.
ب- ئاماژەی کاتی: شیکردنەوەی دۆخی کاتەکان لە ڕستەدا، دۆخی کات وەکو ئەمڕۆ، هەفتەی داهاتوو.
ج- ئاماژەی شوێنی: ڕستەکان لەڕێگەی نموونەی وەکو ئێرە و ئەوێ، ئەمە ببە، ڕووداوەکە نیشان دەدات.
د- ئاماژەی قسەکەر: (من، ئێمە، بۆ من، بۆ ئێمە.. تاد).
ت- ئاماژەی گوێگران: شیکاری ئەو ڕستانە دەکرێت، کە (تۆ، بۆ تۆ، خودی خۆت... تاد) تێدایە.
و- ئاماژە بەشتێکی ئاماژە بۆکراو: شیکردنەوەی نێوەڕۆکی ڕستەیە دەربارەی ئاماژەکردن بۆ ئەو شتانە وەکو ئەمە، ئەوانە.. تاد)

ز- ئاماژە بە گوتاری ڕابردوو: بۆ شیکردنەوەی ئەو دەبڕینانە، وەکو (کۆتایی، بیرهێنانەوە.. تاد).
ح- ئاماژەی پاڵپشتی: کۆمەڵە شتێکی کراوەی بێ کۆتایی لەخۆ دەگرێت، لەوانە (گروپەکان، کۆمەڵەکان، دەستەبەندییەکان... تاد). (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٥١).

ڕووداو بەهەر شێوەیەک بگوترێت (نووسین، یان قسە) بەواتای بوونی شتێک دێت، تەنیا ئەگەر ڕووداوەکە بەشێوەی پچڕ پچڕ و گوتنی چەند وشەیەکیش بێت، کە هەر یەکەیان لەئاقارێکیش بێت، هەر واتا و بوونی ڕووداوەکە دەگەیەنێت، تەنیا ئەو کەسانەی توانای قسەکردنیان گرفتی تێدایە، یان کەسانێکی نەخۆشن، قسەکانیان بەڕووداو دادەنرێت. (ڕۆتچسەر و مارتن) پێیان وایە، کە گوتار لەچەند ڕستەیەکی بەیەکەوە بەستراو پێکدێت، بۆ نموونە ئەو شتانەی لەسەر ئەو کەسانەی لەڕووی فکرییەوە ئاڵۆز و ناتەواون و تووشی نەخۆشی دەروونی بوون، ئەوانە لەسەر کاردانەوەکانی مێشک و بەیەکەوە بەستنی زاراوەکان دەڕۆن، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین ئەم بەیەک بەستنەوانە "پەیوەندییان بە بابەتی گفتوگۆکەوە" نییە. چەمکی "بابەت" هەرچەندە ئەمە بەپێی پێناسەکانیش نەبێت، بەڵام دەکرێت پێوانە سروشتییەکە بۆ جیاکردنەوەی گوتاری بەیەکەوە بەستراو، بەڵام نەگونجاو لەناوەخۆیدا بەکاربێت، ئەو گوتارەی لەسەر زاری ئەوانەی بیروباوەڕیان ئاڵۆزە، ئەو گوتارەی لەسەر زاری قسەکەری ئاسایی دێت. ( ج.ب. براون، ج یول، ١٩٩٧، ٩٠).

ئەم ئاماژانە زۆر گرنگن، لەنێو دەقی گوتاری (نووسراو، یان گوتراو)دا، گەلێک جار دەربڕینەکان لەسەر زاری کەسانێکی (نەخۆش، یان شلەژاو)، لە(کاتی پەژارەیی و دڵتەنگی و جەنگ و ڕاکردن و مژولی و نەخۆشی دەروونی.. تاد) دەردەبڕێن، وەکو قسەکردن و بەیەکەوە بەستن و دەربڕینێکی ئاسایی نابێت، کە قسەکان لەکاتێکی (ئارام و ئاسایی) دەگوترێن. لەبارەی شوێنیش هەمان شت ڕاستە (قسەکردن لەشوێنێک کە پڕ ژاوەژاوە، جیایە لەقسەکردن لەشوێنێک، کە هیچ شتێکی ناسروشتی تێدا نییە، قسەکردن لەشوێنی گەرم و سارد، جیایە لەشوێنێک، کە ئاساییە، یان دووریی و نزیکی لەشوێندا.. تاد) کاریگەری لەسەر راپەڕاندنی دەق هەیە. لەدەقی ئەدەبیدا، کە دەقێکی کۆمەڵایەتییە، بریتییە لەڕووداوەکانی ژیان ئەم جۆرە گوتارانە لەکاتی ڕوودانی گفتوگۆ و قسەکردنی کەسەکان لەنێوەخۆیان، یان گفتوگۆی کەسێک لەناخی خۆی و لەگەڵ خۆی ئەم دۆخانەی تێدا بەرجەستە دەبێت، دەردەخات. ئەمەش لەکردەوەدا پەیوەستە بەدەوروبەری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو قسەکەرانەوە، بێگومان هەمان شت بۆ وەرگر و گوێگرەکەش دروستە. لەبیری نەکەین کاریگەری ڕووداو، پەیوەندی بەپرۆسەی هەستکردن و درککردن و تێگەیشنەوە لەلایەن وەرگردەوە هەیە. واتە تێگەیشتن و وەرگری دەق تەوەری سەرەکی شیکردنەوەی دەقە.

### **١-١١ تێگەیشتن**

تێگەشتن پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەقۆناغی ئالۆزدا تێ دەپەڕێت، ئێمە کاتێک دەتوانین قسە لەگوتاری دەق بکەین، کە لەمەبەست و واتاو بەکارهێنان و بنەماکانی دەربڕین و گفتوگۆکانی نێوان قسەکەرانی دەقەکە و ڕووداوەکان بگەین. بۆ گەیشتنە ئەنجام و هەڵێنجانی مەبەستی نێو دەقەکە، کاری شیکردنەوەی هەر دەقێک قورس دەبێت.
ئێمە چۆن لەبابەتەکانی نێو ڕستەکان، هێما و ئاماژەکان دەگەین؟ ئەم پرسیارە دەمانگەیەنێتە سەر بنجی چۆنیەتی تێگەیشتن، جونکە دوور نییە لەیەک وشەدا چەندین واتا بدۆزینەوە، کەهەندێکیان ئاشکران و هەندێکیشیان ڕەنگە نادیار و لێڵ و پێوانە و شاراوە بن، بۆ نموونە:

# تەڕ

لەزمانی کوردیدا پتر لەواتایەک بەپێی بەکارهێنانی دەگرێتەوە. بۆ نموونە، کە دەڵێین:

# دەرەوە تەڕە.

( واتا باران بارییە). (جلەکانت تەڕە)، ڕەنگە مەبەستی بێت پێی بڵێت وریابە سەرمات نەبێت. (تەڕ نابێت) وەکو گلەیی و ڕەخنەلێگرتن بەکاردەهێنرێت.. تاد. گرنگە تێگەیشتن و

هەڵێنجانی ئەنجامی بەکارهێنانی هەر واتا و مەبەستێک لەنێو دەقدا بەوریایی و ئاگاییەوە بێت.

تێگەیشتن پەیوەندی بەشێوازی دەربڕین، واتا و جۆرەکانی و مەبەست و ئاکامەکانی و کردەی پەیوەندیکردنەوە هەیە، دیارە ئەمانەش هەموویان پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، ئەو ڕووداو و شت و کەرەستە و پەیامەی لەنێو دەقی گوتارەکەدا بەکاردێت.

واتە لەشیکردنەوەی گوتاردا کار دەکەین چۆن لە "گفتوگۆ لەبارەی ڕووداوەکان" بگەین. ئەم دوو نموونەی سەرەوە، کە بریتییە لە دوو ناونیشانی هەواڵ لەدوو سەرچاوەی جیاواز و لە دوو دەزگای بڵاوکردنەوەی جیاواز، تەنیا دوور نییە خوێنەر و وەرگرەکانیشیان لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافیا و تەمەن و ئایدیۆلۆجیا و چینایەتی جیاواز بن، بۆیە (مەبەست) هەڵبژاردنی (بابەت)ەکە و (گوتاری دەقەکە) بەپێی (بەکارهێنانی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە)یە، ئەمەش دەبێتە مایەی (بەکارهێنان و هەڵێنجانی) جیاواز لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە. بەواتایەکی دیکە لەنێوان (نێرەر و وەرگر) ژمارەیەک شت هەیە، لەوانە (بابەت، ڕووداو، شێوازی گوتن و نووسین و گفتوگۆ، مەبەست، کەناڵەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە و کارەکتەر و کات و شوێن و ڕاناوەکان و ئامرازەکانی پەیوەندی و ئاماژە و کردەی پەیوەندیکردن و بەیەکەوە بەستنی بابەتەکان و گوتنەکان و واتا و بەکارهێنان و کاردانەوە و درککردن و کارتێکردن و بەرهەمهێنانەوەی دەقەکە... تاد ).

بێگومان لە کات و شوێنی پێش ڕوودانی شتەکان لای (نێرەر و وەرگر) ژمارەیەک شتی نەبینراو، یان ڕانەگەینراو، کە پەیوەندیان بەدۆخی ڕابردووەوە هەیە، هەست پێ دەکرێت، دوای تەواوبوونی ئەنجامدانی کارەکەش، دیسان ژمارە گەلێک شتی دیکەی نەبینراو و ڕانەگەینراو، لەشێوەی (هزر و بیرکردنەوە و وێناکردن و تێڕوانین و گریمانە و ڕەچاوکردن و لێکدانەوە.. تاد) هەست پێ دەکرێت، کە پەیوەندیان بەدۆخی داهاتووەوە هەیە، بۆ نموونە: کاتێک باسی (ئێزدیەکان) دەکرێت، پێش باسکردنی ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بە کاتی ئێستای بابەت و گێڕانەوە و تۆمارکردنی بەسەرهاتەکان لەنێو دەقەکەدا هەیە، بریتییە لە ژمارەیەک شت و بابەت لەبارەی ئێزدیەکان، ئەمانەش پەیوەندییان بەڕابردووەوە هەیە، هەندێکیان دەچنەوە نێو بابەتە باسکراوەکە، ئەگەر بەپچر پچڕیش بێت، ئاماژەی پێ دەکرێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی مێژوویی و بەشێک لەڕابردوو، دەبێتە (بیرەوەری) و (گێڕانەوە و یادکردنەوە و بیرهێنانەوە)، بەشێکیشیان لەدەروەی دەقدا وەکو (گریمانە) لای خوێنەر و وەرگر لەئەنجامی بەکارهێنانی گوتاری دەقەکە بەرهەم دەهێنرێتەوە، مەعریفە و زانیاری وەرگر، ئەو بەش و شوێن و ڕووداو و زانیاریانە تەواو دەکات، کە لەدەقەکەدا باس نەکراون، یان دەقنووس بەپێویستی نەزانیوە ئاماژەیان پێ بکات. سەبارەت بەداهاتووش هەر وایە، ئەگەر دەقنووس کۆمەڵێک بابەتی وەکو پێشهات دانابێت و باسی نەکردبێت، لای خوێنەریش هەر وایە، ئەویش ژمارەیەک بابەت و باس لەشێوەی پێشهات لەمێشکی خۆیدا دەربارەی (بابەت و ڕووداو،

کەسایەتییەکان و کۆتایی باسەکە) دروست دەکات. ئەمە پەیوەندی بەپرۆسەی تێگەیشتن و هەڵێنجانەوە هەیە.

## ١-١٢ پراگماتیك

پراگماتیک لەوشەی پراگمای یۆنانی هاتووە، کە بەواتای کارکردن، یان پراکتیک دێت. بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٩٣٨ لەلایەن (چارلز مۆریس) بەکارهێنراوە، لەڕێککەوت ئەم ناوەی بەکارنەهێناوە بەڵکو لە کتێبی زانستی ڕەمزەکان لێکدانەوەی بۆ کردووە و لەم پێناوەشدا کتێبەکەی کردۆتە سێ بەش ( ڕستەسازی، واتاسازی، پراگماتیک). ئەم زانستەی بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێناوە، کە زانستەکانی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجیش.. تاد دەگرێتەوە. (د. محمد معرف فەتاح، ٢٠١١، ١٨٢). ساڵی ١٩٥٥ (ولیام جەیمس) لەوانەکانیدا فەلسەفەیەکی نوێی دامەزراند بەناوی فەلسەفەی زمان، دەڵێت زمان وەسفی واقیع دەکات، دواتر ئەم وانانە بوونە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی. (محمد رجب صدیق، ٢٠١٦، ٢٥٤). دوای ئەوەش (ئۆستن) لایەنێکی دیکەی شیکردنەوەی پراگماتیکی دامەزراند بەناوی کردە قسە، ئەمەیان نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ یاسا و بەکارهێنانی زمان بۆ ڕاپەراندنی کارێک لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە، بێ ئەوەی هیچ کارێکی فیزیکی تێدا ئەنجام بدەن.

(مارتینیە) پێی وایە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان پەیوەندیکردنە، پەیوەندیکردن یەکێکە لەو ئامرازنەی ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بچنە نێو پەیوەندییەکانی نێوانیان،

ئەمەش تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوانیاندا دروست دەکات . (سلوی الشرقی، ٢٠١٠، ٢٥-٢٦)، هەروەها پێیان وایە، کە گرنگترین ئەرکی زمان پەیوەندییە، ئەمەش بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی پراگماتیکە لەسەردەمی نوێدا. (عبدلهادی بن ظافر الشهری، ٢٠٠٤، ٣٩ ). لەگەڵ ئەوەشدا پراگماتیک جەخت لەسەر چەمکی پەیوەندیکردن دەکاتەوە، کە پشت بەکردەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەبەستێت. ( N.Failclough anda power, Longman 1990, p 26).

پراگماتیک وەکو کاردانەوەیەک بۆ بۆچوونەکانی (چۆمسکی) لەسەرەتای حەفتاکان دەرکەوت، پشت بەلێکدانەوە لەڕێگەی بەستنەوەی شتەکان بەدەوروبەر و بەکارهێنانەوە دەبەستێت، چونکە پراگماتیک پێی وایە زۆر شت بەهۆی بەستنەوە بەدەوروبەر واتاکانی دەگۆڕێت.
لایەنێکی دیکەی دەرکەوتنی پراگماتیک ئەوەیە، کە زمانەوانەکان هەستیان کرد، زانستی سیمانتیک سنووری بۆ دانانرێت، چونکە واتای وشە تێکەڵ بە کۆنتێکست دەبێت و وەکو خۆی نامێنێتەوە. (د. محمد معروف فەتاح، ٢٠١١، ١٨٦). ئەم زانستە زۆر فراوانە و پەیوەندی بە کۆمەڵێک زانستی ترەوە هەیە، هەر ئەمەشە وای کردووە هەندێ جار بەڕێگای جیاوازتر بەکاربهێنرێت، وەک هاوتایەک بۆ ڕێگاکانی توێژینەوەی هەڵگری ئاماژەیی پراگماتیکی نەک هەر لە زانستی زمانی دەق، بەڵکو لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دەروونی،

یاخود زانستی زمانی نواندنیشدا. (جرهاد هلبش، ٢٠٠٧، ٢٢٤-٢٢٥).

پراگماتیک بایەخ بە قسەکەر و مەبەستەکانی دەدات، بەو پێیەی جووڵێنەری کردەی پەیوەندیکردنە، هەروەها دۆخی گوێگر لەچوارچێوەی گوتار سەربارى بارودۆخ و دەوروبەری دەرەوە و کردەی پەیوەندیکردن کاریگەری هەیە، ئەمەش دابینکەری پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی بۆ گەیشتن بەمەبەستی قسەکەر و مەبەستەکانی بەرهەمهێنانییەتی لە دەقدا. (د. محمد شومان، ٢٠٠٤، ٤-٥). بەواتایەکی دیکە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە (پراگماتیک پەیوەستە بە کۆنتێکستەوە، یان بریتییە لە زانستی بەکارهێنانی هێماکان، یان زانستی زمانی کارەکی). (انجلینا لینکە وآخرون، ، ٢٠١٢، ، ٤٢١).

بەمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە پراگماتیک هەر تەنیا بایەخ بەلایەنەکانی زمان نادات، بەڵکو لەهەموو شتەکان دەگات، تێکەڵی لەگەڵ هەموو زانستەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و واتاسازی هەیە، بۆیە ئەم تێکەڵییە وایکردووە، کە لێکۆڵینەوەی گوتار هەمەلایەن و فراوان بێت. بۆ ئەوەی بەگشتی پراگماتیک بەواتای بەکارهێنان و پەیوەندیکردن، واتاش لەئەنجامی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا بەرهەم دێت. ئەمەش واتای (مادی و کۆمەڵایەتی و زمانەوانی) دەگرێتەوە. (د. عبدلهادی بن ظافر الشهری، ٢٠٠٤، ٥-٦ ).

پراگماتیک بایەخ بەدۆخی بەشدارەکانی و شیکردنەوەی ئەرک و کاردانەوە و وێناکردن و مەبەستەکانیان دەدات، بەپێی دەوروبەرە دیاریکراوەکانیان. بەکورتی پراگماتیک لەم بووارانەدا کار دەکات و کاریگەری لەبواری شیکردنەوە هەیە و دەکرێت بەجیاوازییە بنەڕەتییەکانیشی لەگەڵ زانستی سیمانتیک دابنرێت وەکو ( واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە، کە دەوروبەری گوتن دیاری دەکات، لەئەنجامی ناسینەوە و دۆزینەوەی بەهای جێناوەکان و وشەکانەوە دێت لەئەنجامی کارلێکردنی دەوروبەر لەسەر واتای فەرهەنگی وشەکاندا دێت).
پراگماتیک لەچەند بوارێکدا شیکردنەوە بۆ دەق دەکات، ئەو بووارانەش بریتین لە:
کردە قسەیی و پێشگریمانە و دەرکەوتەی قسەکردن و زانیاری هاوبەش و دونیایی، یان بنەماکانی هاریکاری. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەقی (شەنگال، هایێ ل من) لەڕێگەی بنەماکانی هاریکاری شی دەکەینەوە. پراگماتیک پابەندی بنەما و ستراتیجە، هەروەها پابەندی جالاکییە و لەواتای خوازراو دەکۆڵێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لەواتای گوتن دەکۆڵێتەوە. بەواتایەکی دیکە پراگماتیک واتای گوتنە لەناو دەوروبەردا. (د. محمد معرف فەتاح، ٢٠١١، ١٩٣-١٩٤).

پراگماتیک تایبەتە بەزمانەوانی نوێ، لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان لای خەڵک دەکات، لەکاتی قسەکردن و گوتارەکانیان و چۆنیەتی لێکدانەوەیان بۆ ئەو گوتار

و قسەکردنانەی هەن، دەکات. پتر بایەخ بە بەکارهێنانی زمان لەپەیوەندیکردن دەدات، پێی وایە دیاردەیەکە لەنێو گوتار و پەیوەندیکردن و کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا. (فیلیب بلانشیە، ٢٠٠٧، ١٧).

دەکرێت بە کورتی بڵێین پراگماتیک بڕای وایە کێشەکانی زمان لەڕێگەی بکارهێنان و دەوروبەر چارەسەر دەکات، بەدوای ئاشکراکردنی وردترین واتای واتایە، ئەمەش زانستی پەیوەندیکردن لەڕێگەی ژمارەیەک چەمکەوە ئەنجامی دەدات، کە چەمکەکان بریتین لە (کردە قسەییەکان، لێکەوتەی ئاخاوتن و پێویستییەکانی گفتوگۆ و پێشگریمانە و گوتاری قسە)، لەگەڵ ئەوانەشدا هەندێک لایەنی دیکەی وەکو (پاساوهێنانەوە و دەوروبەر و مەبەست و گونجان) دەگرێتەوە. (بادیس لهویمل، ٢٠١١، ١٦٢).

بەمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، پراگماتیک شیکاری بەکارهێنانی زمان لە دەقی گوتار و ساخکردنەوەی واتا و مەبەست و هۆکارەکانی بەکارهێنانی زمانەکەمان بۆ دەکات. هەرچەندە لەئەنجامی گەشەکردنی خودی زمان و پێشکەوتی تەکنیک و ئامێرەکانی بەرکاهێنان و پەیوەندیکردن زمان گۆڕانی بەردەوامی تێدا ڕوودەدات، پراگماتیکیش مەرج نییە دەسەڵاتی بەسەر هەموو لایەن و شتە نادیارەکانی شیکردنەوەی گوتاردا بشکێت. ئێمە لەم شیکردنەوەیەدا لەلێکەوتەکانی ئاخاوتندا بنەماکانی هاریکاری هەڵدەبژێرین بۆ شیکردنەوەی دەقی

گوتاری ڕۆمانەکەی (کەریم کاکە). لە کردەوەدا ئەمە پەیوەندی بەشێوازی بەکارهێنانی زمانی دەقەکە و چڕی لەدەربڕین و پابەستبوون بەبنەماکانی هاریکاری و ئینجا لادانەکانە لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردن لەنێوان قسەکەر و وەرگرەکانەوە. بە واتایەکی دیکە دەقنووس هاریکاری خوێنەرەکانی دەکات، زانیاری پێویست لەبارەی ئێزدیەکان و ڕووداوەکان نێو دەقەکە بزانن.

## ١-١٣ بنەمای هاریکاری

پێش ئەوەی باسی بنەماکانی هاریکاری بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان لەشیکردنەوەی پراگماتیکی وەکو بەشێک لە بەش و لایەنە بنەڕەتییەکانی تیۆری پراگماتیکی کاری پێ دەکرێت، بەپێی بۆچوونەکان (گرایس) ئاخاوتن چالاکییە و بە هاریکاری دێتە ئەنجام، ئەم بیرۆکەیە لە تیۆرەکەی (گرایس)دا شێوەی بنەمایەک وەردەگرێت، کە دواتر پێی دەڵێن بنەمای هاریکاری. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢١٣). لەدرێژەی ئەم باسەدا بۆچوونەکانی (گرایس) وەکو پشتڕاستکەرەوەی کارپێکردنی پراگماتیک لەشیکردنەوەی گوتار و دەق کاری پێ دەکرێت، بنەمای هاریکاری ئاماژە بەوە دەکات، کە (باگوتنەکە ئەوەندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت). هاوبەشەکانی ئاخاوتن باوەڕی بەوە هەیە، کە دەیەوێت هاریکاری بکات، مەبەست ئەوەیە لەشێوەی داخوازیدا.

بەپێی بۆچوونەکانی (گرایس) ئەو بنەمایانە بۆسەر چوار بەش دابەش کراون، هەر یەکەیان هاریکاری وەرگرەکان دەکات، بەدروستی زانیاری دەربارەی بابەت و ڕووداو و دەقەکە وەربرگن، کە لەلایەن قسەکەرەوە دەگەیەنرێت،

لەم بارەوە گوتیانە زانیارییە پێشکەش کراوەکان لەلایەن قسەکەرەوە با هێندە بێت: کەمییە. لەو کات و شوێنە: بەو جۆرە بێت، کە ئاخاوتنەکە پێویستیەتی. (گرایس) ئەم بنەمایە دەکات بەچوا ر بنەمای بچووکترەوە( د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢١٣).

**١-١٣-١ یەکەم: بنەمای هاریکاری چەندی:**

بەپێی پێویست بەشداری لەهەواڵەکەدا دەکەیت (واتە چەند پێویستت بەشتەکە هەیە لەکاتی گفتوگۆدا). هیچ زانیارییەکی پتر لە پێویست پێشکەش مەکە. خۆتان لەڕووی دانی زانیارییەوە بگەیننە ڕادەیەک، کە ئامانجی گفتوگۆکە پێویستییەتی (زانیارییە پێشکەشکراوەکان دەبێت بەڕادەی پێویست بن، نەکەم، نەزۆر)..

بۆ نموونە:

# دێیت لەگەڵما؟
# وەڵام ئەوەندە بێت، کە پێویستە... بەڵێ، یان نەخێر
# آ- دەرگاکەت چۆن کردەوە؟

ب- بەکلیل.
ت- دەستم خستە سەر دوگمەکە و بەلای چەپدا.....
ئەم وەڵامەی (ت) لەبنەمای چەندێتی لایداوە، ئاساییە هەندێک جار لەبنەمای چەندێتی لابدەین، بەڵام دەبێت لادانەکە بەمەبەست بێت.

### ۱-۱۳-۲ دووەم: بنەمای هاریکاری چۆنی/ دروستی:

تەنیا ئەو شتە دەڵێت، کە بڕوات وایە هەڵە نییە، لەبارەی شتێکەوە قسە مەکە، کە پاساوهێنانەوەی پێویستت لەبەردەستدا نییە، هەوڵبدە پشکی خۆتان لەسەر بنەمای ڕاستی دابنێن:
بۆ نموونە:
#چووە دەرەوە نانی کڕی.

### ۱-۱۳-۳ سێیەم: بنەمای هاریکاری پەیوەندی:

دەربارەی ئەوشانە دەدوێت، کە گونجاون بۆ بابەتەکە، یان وەڵامەکە دەبێت لەباربن. لەپەیوندی داین.
#آ- نان دەخۆی یان نا؟
ب – ناچمە لای دکتۆر.
پێویستە وەڵامەکە پەیوەندی بەپرسیارەکەوە ، یان نان خواردنەکەوە هەبێت، دەتوانرێت وەڵامێکی وەکو (ب) بدرێتەوە، کاتێک دەتەوێت وەڵامی پرسیار بدەیتەوە.

**١-١٣-٤ چوارەم: بنەمای هاریکاری شێوە:**

پێویستە لە پێشکەشکردنی شتەکان ڕوون بێت ، لێڵی و نادیاری بەلاوە بنێت لەدەربڕین (خۆ لەهاودژی واتایی دوور بگرە)، خۆ لەبەزۆر تێئاخینی زیادە قسە دوور بگرە، واتە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکە ئەنجام بدە، گوتنەکەت تۆکمە بێت و ڕیزبەندی گوتنەکەت ڕەچاو بکە.
بۆ نموونە:

# دارا دوو دکتۆرای هەیە.

بەڵگەی پێویست لەبەردەستە، کە دەڵێین دوو دکتۆرا واتە نەزیاتر نەکەمتر. (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٤٠). (د، محمد معروف فتاح، ٢١٣- ٢١٤). (جۆرج یۆل، ٢٠١٦، ٧٠).

پیوستە لەکاتی بەکارهێنانی گفوگۆ لەنێو دەقدا بۆ پتەوکردنی بابەتەکە پێویستە بۆ بۆچوونەکانی (گرایس) بگەڕێینەوە، لەبەکارهێنانی نموونەیەکدا دەڵێت:

# آ- هیچ بەنزینم لە ئۆتۆمبێلەکە نەماوە.

ب- لەچەند مەترێک هێوەتر بەنزیخانە هەیە.
مەبەستی ئەم گفتوگۆیە لەقسەکانی (ب)دا دەردەکەوێت، هەر بەتەنیا لەڕووی واتاییەوە هەواڵ و زانیاری لەبارەی نزیکی

بەنزیخانەیەک بە (آ) نادات، بەڵکو لەنێو واتا نادیارەکەدا، ئیلتیزام بەمەرجی قسەکردنی گونجاو ناکات، بەڵکو لەڕێگەی واتای نادیارەوە، قسەکەری (ب) لەسەر بنەمای هاوکاری ئەم قسەیە دەردەبڕێت کە مەبەستی ئەوەیە (بەنزیخانەکە کراوەتەوە و نەنزینیش دەفرۆشێت). (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٤١).

ئێمە دەزانین بنەمای هاریکاری، کە لەسەر چوار ڕێسا بەڕێوەدەچێت بریتییە لەکردەی هاریکای لەنێوان قسەکەر و گوێگر لەپێناو پێدانی زانیاری و گەیاندنی مەبەستی دروست و ئاشکرا. ئەگەر هەندێک لادانی واتایش لەبواری هاریکاریدا ڕوودات، ئاساییە، جونکە قسەکەر لەکاتی گفتوگۆدا مەرج نییە هەموو زانیارییەکان بەپێی پێوەر و بەپوختی و پرۆفیشنالی پێشکەش بکات، یان بەشێوەیەکی ورد مەبەستەکەی هەر هەمووی ئاشکرا دەکات و بەشێک لەقسەکانی لەکاتی گفتوگۆکەدا دەبێتە بنەما بۆ هاریکاری و پێدانی زانیاری دروست و پێویست. لەقسەکردنیشدا زیادە قسە و قسەی بێ مانا بەکار ناهێنێت.

بانموویەکە لەبارەی تێگەیشتن لەتیۆری پراگماتیکی بهێنینەوە، یان بڵێین ئێمە چۆن ئەنجامی شتەکان لەنێو دەقی گوتارەکە هەڵدەهێنجین و پوخت دەکەیەنەوە و شیکاری دەکەین:

# جۆن لەڕێگایە بۆ قوتابخانە دەچێت.

ئێمە دەتوانین مەبەستی ئەم قسەکردنە بەچەند شێوەیەک تێبەگەین و پوخت بکەینەوە:
آ- کەسێک لەڕێگایە بەرەو قوتابخانە دەچێت.
ب- جۆن لەڕێگا بوو بۆ قوتابخانە دەچێت.
ج- کەسێک لەڕێگابوو بۆ شوێنێک دەچێت. (ج.ب، براون، ب. یول، ١٩٩٧، ٤٣).

ئەمە بنەمایەکی گرنگە لەچۆنیەتی تێگەیشتن و هەڵێنجانی واتا لەنێو دەقەکەدا. هەر وەرگرێک دەتوانێت گوتاری قسەکردنەکە بەشێوازێک بەپێی تێگەیشتنی لەدەوربەرێکی دیاریکراو پوخت بکاتەوە و نیشان بدات. ئەمە تێگەیشتن لەدەقی گوتار و هەڵێنجانی مەبەستەکە دەگرێتەوە.

**١-١٣-٥ لادان لەبنەماکانی هاریکاری**

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بۆمان ساخ دەکاتەوە، کە مەرج نییە هیچ گوتن و دەربڕینێک بەتەواوی پابەستی بنەماکانی ڕاپەڕاندنی ئەرکە زمانییەکان لەو چوارچێوەبێت، کە یاساین، یان ئەخلاقین، یان پێوەرن بۆ ئاخافتنی فەرمی و نافەرمی، یان بەتەواوی پێڕەوەی ڕێساکانی بەدیهێنانی ئەو ئەرکە زمانیانە بکرێت، کە قسەکەر ڕای دەپەڕێنێت، بەواتایەکی دیکە لادان دروست دەبێت. بنەمای هاریکاری و بنەمای ڕووداوەکانی ڕێنمای، کە نەریتی ئاخاوتن دیاری دەکەن، هەرچەندە وانەی ئەخلاقی نین، بۆیە خەڵک دەتوانن زۆر بڵێن و درۆ بکەن و

ڕووداوەکان ڕیز بکەن و لەبابەت لابدەن، قسەکەر مەرج نییە ئەو بنەمایانە پیادە بکات، کە گوێگر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات، گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە بنەماکان نەبەزێنرێت، هەرچەندە قسەکەر بەمەبەست دەتوانێت بیانبەزێنێت. (د. محمد معروف فتاح ، ٢٠١١، ٢١٥).

**١-١٣-٦ لێکەوتە ئاخاوتنییەکان دوو جۆرە:**

یەکەم: لێکەوتەی ستاندار لەئەنجامی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و بنەکانی ترەوە دێن، وەکو:
# کاوە دوو دکتۆرای هەیە. (باوەڕم وایە، کە کاوە دوو دکتۆرای هەیە، نەزیاتر و نەکەمتر، واتە بەڵگە بەدەستەوەیە).

# ئەو خوێدانەم بدەرێ. (ئێستای تێدا نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئێستا ئەم خوێدانەم بدەرێ).

دووەم: لێکەوتەی ناستاندار لەئەنجامی بەزاندنی بنەماکانەوە دێتە ئاراوە، بۆ نموونە:
# باوک: ئەری کاوەی کوڕم لەبیرکاریدا چۆنە؟

مامۆستا: لەکوردیدا زۆر باشە.

ئەم وەڵامە لەبنەما دەرچووە (بنەمای پەیوەندی) باوکەکە دەگاتە چەند ئەنجام و لێکەوتەیەکی جیاواز، ئەوەیە، کە

مامۆستا نایەوێت باوکەکە لەکوڕەکەی توڕە ببێت، بۆیە وا دەڵێت، هەروەها دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە کوڕەکەی لەبیرکاریدا خراپە.

# آ- لەگەڵ ژنەت چۆنی؟

ب- ژن هەر ژنە.

لەبنەمای چەندێتی لایداوە، بەدرێژەڕۆیی وەڵامی داوەتەوە، زیاد ڕۆیشتووە، بۆچوونی گوێگری بەگشی بۆ دەرکەوتووە.
لادان لەپەیوەندی:

# آ- وابزانم مودیرەکەت کونەبایەکە بۆخۆی.

ب- نەخێر جگەرە ناکێشم.

وەڵامەکەی پەیوەندی بەپرسیارەکەوە نییە، وا چاوەڕێ دەکرێت، کە مودیرەکە گوێی گرتووە، بۆیە بابەتی گۆڕیوە، واتە لادانە، بەڵام لادانەکە بەمەبەست بووە. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢١٦).

## بەشی دووەم

## شیكردنەوەی دەق، بەپێی تیۆری پراگماتیك / بنەمای هاریكاریی

## ٢-١ بابەت

کە دەقی (شنگال، هایێ ل من) دەخوێنیتەوە، ژمارەیەک، یان گەلێک ڕووداو دەخوێنیتەوە، ڕووداوەکان پەیوەندیان بە بابەتی (ئێزدیەکان)، بابەتی (قڕکردن و فەرمانەکان لەمێژوودا)، (هێرشەکانی ئەم دواییەی ئالاڕەشەکانی داعش)، (کەلتور و دۆخی کۆمەلایەتی و ئایینی و ئازارەکانی ژن و منداڵ و کۆیلەکردن و فرۆشتنی ئافرەت ئێزیدی لەبازاڕەکانی ئیسلامییەکان و قین دوژمنکارانەی عوسمانییەکان.. تاد) . دەپرسین (کەریم کاکە) لە بابەتی ئێزدییەکاندا، هەقایەتخوانە، گوێگرە، نووسەر و دەقنووسە، چاودێر و بینەری هەستەکی و هزری ڕوودوەکانە.

گوتاری ئەم دەقە، گوتارێکی مرۆیی، قووڵی پشت ئەستورە بە مێژوو، دونیابینی و کرانەوە و ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی تێدایە، گوتارێکی ڕاستەوخۆی ئاشکرایە، پشت بە یاری وشە و دەربڕینی فکریی و وێناکردنەوەی وێنە ئاساییە بینراوەکان لەڕوانەگەیەکی ئەدەبی و فکری ورد دەبەستێت. گوتارێکە لەسەر بنەمای هاریکاری برەهەمهێنراوە، چونکە دەیەوێت زانیاریی و مەعریفەی پێویست، تەنیا ئەو شتانەی وەرگر و خوێنەر پێویستیانە لەچوارچێوەی زمانێکی پڕ لەجووڵە و هەستکردن و وروژان و ناخچن نیمایشی بابەت و ڕووداو و

مەبەست و پێویستییەکانی هێزی ڕاپەراندنی ئەو کردانە پێشکەش بکات.
بابەت لە ناونیشانەکەیەوە، تاکو دوایین دێڕی کۆتایی نێو دەقەکە، یەکێتییەکی (فیزیکی، ناخەکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و فکری) تێدایە. (شنگال لەبەرگی ڕۆمانەکەدا (بوونێکی کارایە، بابەتێکی گەرم و چڕ و بزوێنەرە، تاکو لە کۆتایشدا هەر بەهەمان هەست و تێروانین و توانە و هێزەوە دەمێنێتەوە)
کەسایەتییەکان، ئەوانەی مردوون، یان ئەوانەی بەدیلی سەریان قرتێنراوە، یان ئەوانەی بەشێکن لەمێژوو، هەر تەنیا کەسێکی ڕووتوقوتی بێ گیان و ئەرک و ناونیشان و پەیام و کار و کاردانەوە و تێڕوانین و پڕکردنەوەی شوێن و کوشتنی کات و نانخۆری جێگر نین، کەسایەتییەکان یان بابەت و ڕووداو دروست دەکەن، یان بابەت و ڕووداوەکان بەجووڵەیان دێخن، ئەوانیش گوێگر و خوێنەرەکانیان بەگوڕ خستووە.
کەسایەتییەکان هێمان، نیشانەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و هێز و ڕەمزن، لەهەندیک شوێن و کاتدا (ڕێنوێنی کەرن) هەندێکیان (ڕاپەڕێنەری فەرمان و وەڵامدەرەوەی پرسیارەکان و گەیەنەری هەواڵەکان و کارەکتەری نمایش و گێڕانەوە و بەدیهێنانی گوتاری دەقەکەن). هەندێکی دیکەیان (بەشێکن لەپێکهاتە و کەرەستەیەکی بابەتە مێژووییەکانن)، هەندێکیان (نیشانە و هێمان بۆ ئایندە)، هەندێکیشیان( قوربانی بیرکردنەوەی کەلتوری و کاردانەوە و پێداگری ئایینی نێو کۆمەڵگەی

ئێزدیەکانن و هەشیانە کۆیەلکراوی سەرکوتکراوی دڵڕەقی دەسەڵاتی ئیسلامە).
بەکورتی دەکرێت بڵێین بابەتی ئەم دەقەی (کەریم کاکە) پەیوەستە بەناسنامەی ئێزدیەکان، بریتییە لەداکۆکی لەپاکی و خواپەرستی و مرۆیانە ژیانی ئەم مرۆڤانە، کە تەنیا ناونیشانی کۆمەڵایەتی و ئایینی جیاوازیی خۆیان لەنێو کوردی موسلمان پارێزگاری لێکردووە، جیاوازییان لەگەڵ مرۆڤی دیکەش بەگشتی (ئازایەتی و قوربانی دان و خۆڕاگری ئەوانە لەپێناو پاراستنی نهێنی ئایینەکەیان و مانەوەی کەسایەتی ئێزدی و کەلتور و شێوازی خواپەرستی و دیندارییەکەیان).
بابەتی بنەڕەتی (کەسایەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی) ئێزدیەکانە.. لەنێوان (فەرمانەکانی ئیسلام و مانەوەیەکی سەرسوڕهێنەری پڕ لەئازار و متمانە بەخۆبوونیانە لەملکەچ نەکردن و واز نەهێنان لەئایینەکەیان و پاراستنی دابونەریت و جلوبەرگ و خواردن و پەروردەی خێزانی و ئایینی و شێوازی پەرستن و پەرستگاکانیان و زمان و دەقە گوتراو و نووسراوە شاراوەکانیانە).

## ٣-٢ گوتاری خۆسەپاندن (هەستکردن بە چەوسانەوە و زۆرداری)

(ڤان دایک) یەکێکە لەو زانایانەی لەبواری گوتار و دەسەڵات لێکۆڵینەوەی داهێنەرانەی کردووە و ئێستا بووەتە سەرچاوە و تیۆری شیکردنەوەی گوتار، ئەو بڕوای وایە گوتار دەرفەتێکی فراون بۆ (ڕەگەزپەرستی و خۆسەپاندن) ساز دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ پەرەپێدانی فکری (ڕەگەزپەرستی و زۆرلێکردن و خۆسەپاندنی گروپێک و دەستەیەک دژی ئەوانی دیکە، بەواتایەکی دیکە گروپێک لەڕوانگەیەکی فکری و پشتبەستن بەدەقی نووسراو، گوتراو، گروپێکی دیکە بەلاواز وەسفکراو دەچەوسێننەوە و بەیاسای ڕەگەزپەرەستانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن)، بەتایبەتیش کەمایەتی یان ئەو گروپە (نەژادی و کۆمەڵایەتی و پیشەییانەی) توانا و دەرفەتی بەکارهێنانی گوتاریان لەدەزگاکانی پەیوەندیکردن و گەیاندن وەکو پێویست کاریگەر نییە، یان لاوازە.

(ڤان دایک) دەڵێت: (دەستەبژێری سپی پێست دەست بەسەر گوتارە گشتییەکان و بەرهەمهێنانیان دادەگرێت، کەمایەتییە نەژادی و کۆچبەران توانای ئەوەیان نییە بەکردەوە بەکاری بهێنن، بۆیە بەدەگمەن بیروبۆچوونەکانیان دەگاتە ڕۆژنامە و ڕای گشتی. (توین فان دایک، ٢٠١٤، ٢٢).

# مەلایەکی کورد دەڵێت :

خودا پەرست چۆن دەبێت پیس بێت، ئەوانە نینۆکیان ناکەن، بستێ درێژە، شەیتان لەبن نینۆکیانە، ئەوانە دەبن و گەورە دەبن و پیر دەبن و دەمرن، گۆلمە ئاوێک بە خۆیاندا ناکەن... (

کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٦). ئینجا وەکو کاردانەوە لەسەر زاری گەنجێکی ئێزیدی دەڵێت:

#من لەوڕۆوە، تەنها ئێزیدیم، نە کوردم و نەهیچ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٨).

لەشیکردنەوەی ئەم دەقەدا کوردی موسڵمان وەکو زۆرینە دەیانەوێت خۆیان بەسەر گوتاری ئاراستەکراوی پشت ئەستور بەدەقی ئایینی، ئێزدیەکان لەچوارچێوەی چەمکی کەمایەتی، کەمایەتییەکی خراپی پیس وەسف بکەن. گوتاری گەنجێکی ئێزیدیش لەدەوروبەرێکی سەختی سەر چیای شەنگاڵ دەڵێت (من نەکوردم و نەهیچ). ئەمە پەیوەندی بەگوتاری باڵادەستی زۆرینەوە هەیە. ئەو گوتارەی کە پشتی بە (هێزی ئایین و حوکمی دەقی ئایین و زۆرینەوە هەیە).
لەکردەوەدا لەم جۆرە گوتارەی مەلایەک بەڕێوەی دەبات، نوێنەرایەتی زۆرینەی باڵادەستە، بۆ لێدان و ناشیرین کردن و نغرۆکردنی پێگە و بوونی ئێزدیەکان. ئەرکی ئەم جۆرە گوتارە ئابلوقەدانی گروپێکە، کە دەخرێتە بەر (تووڕەیی دەقی خودا، تووڕەیی دەقی کۆمەڵایەتی، فشار و هەژموونی دەقی دەروونی، سەرکوتی دەقی ئایدیۆلۆجی، دەستەمۆ کردنیان بەدەقی کەمکردنەوە و سوکردن و ناشیرین کردنیان).

### ٢-٢-١ ڕەگەزپەرستی دژ بەژیانی ئەوانی دیکە:

لە بەشێکی گفتوگۆیە ناوەکییەکاندا، واتە ئاخاوتنی خود لەگەڵ خۆی، دەڵێت:

#تۆ بڵێی، لێرەش ژیانیان قڕکردبێ!. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٢).

لەم دەربڕینەدا قسەکەر بەگوێگر دەڵێت: (لەبارەی دۆخی ئێرە دەپرسم، ئایا ژیان قڕکراوە)، ئێمە دەزانین وشەی (قڕکردن) لەتەک واتا ئاشکراکەی، کە پەیوەندی بە بەکارهێنانی هێزێکی فیزیکی هەیە دژی هەندێک خەڵکی دیکە، یان شتی دیکە، بۆ ئەوەی لەناویان ببەن، واتای (یاسایی و مرۆی)یشی لەخۆگرتووە. (قڕکردن) بۆ هەر شتێک بەکاربێت، واتای ئەوەیە، کە هێزێک و لایەنێک لەڕێگەی (سەرکوت، توندوتیژی، سڕینەوەی بەرانبەرەکەی، قەدەغەکردنی لەڕەگوڕیشەوە، نەهێشتن.. تاد) حوکمی داوە. حکوم و کردەکەش (مەترسیداری تاونکارانەیە، بەشێوەیەکی زۆردارانە بێ ڕەچاوکردنی مافی کۆمەڵایەتی، دەروونی، کەسی، یاسایی، ژینگەیی، نێودەوڵەتی بەڕێوە براوە). ئەمەش پەیوەستە بەحوکمی ڕەگەزپەرستانە دژ بەژیانی خەڵکێکی دیکە.
دەڵێت (لێرەش ژیانیان قڕ کردبێ).
(لێرە) شوێنی قسەکردنی قسەکەرە، ئەو مەبەستی وەسفکردنی (لەوێ)یە، چونکە زانیاریی نێو گوتنەکە، کە بەشێوەیەکی ئاشکرانەکراو ئاماژەی بۆ کراوە، (لەوێ) بەدڵنیاییەوە ژیان قڕ کراوە. (لێرە) دڵنیا نییە، زانیارییەکی تەواو ویەکلاکەرەوە پێشکەش ناکات، تەنیا دەپرسێت، لەم دۆخەدا چاوەڕیی (گوێگر

و وەرگری) قسەکەیەتی وەڵامی بدەنەوە، یان لەدۆخێکی دەروونی سەختدایە، خۆی بۆتەوە گوێگری خۆی و لەخۆی دەپرسێت.
بەکارهێنانی نیشانەی (ش) لەدوای وشەی (لێرە)، واتای (جەختکردنەوە، بەراورد، پشکنین و پرسیار و سەرسوڕمان) لەبارەی (قڕکردن) دەگرێتەوە. ئەوانەی ژیانیان قڕکردووە کێن؟. لەڕێگەی ئاماژەی جێناوی کەسییەوە، قڕکەرانی ژیان دەناسینەوە، کە(یان)ە، واتە کەسی سێیەمی کۆ (ئەوان). دیار نییە، ئەوان کێن؟ بەڵام بەپێی دەوروبەری قسەکردنی نێو دەقەکە، یان دەوروبەری قسەکەرەکە دەگەینە هەندێک گریمانە:
- گریمانەی ئەوە دەکەین، ئەوان زۆردان، توندوتیژن، دژی بەختەوەری و ژیانن، ڕەگەزپەرەستن، خاوەنی گوتاری ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرانبەرەکەیانن.
- گریمانەی ئەوەی دەکەین قسەکەر (ئەوان) دەناسێت.
- گریمانەی ئەوە دەکەین، (لەوێ) دوور نەبێت لەقسەکەر، واتە شوێنەکە ناسراوە و نزیکە و قڕکردنیشی تێدا ئەنجام دراوە.
- کردەی قسەکردن لەوێ بەڕاستی ئەنجام دراوە، ئەمەش نیشانەی ڕەگەزپەرەستییە.
- قسەکەر ترسی هەیە، قڕکردنی ژیان بگاتە (ئێرەش).

- لەکردەی پرسیاردا، قسەکەر چاوەڕوانی زانیاری لە گوێگر دەکات، واتە گوێگر زانیاری بەپێی پێویست پێشکەش دەکات.

### ٢-٢-٢ ڕەگەزپەرستی، نەژادی، نەتەوەیی:

لەم بوارەدا دەقنووس لەشێوەی وەسفە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت:

# کەژێ، لەدەڤەری شنگالێ لە دەڤەرێ لالشێ لەهەر کەژێ دەنگی عارەب و عەجەم و ڕۆمت بیست، بزانە باس باسی سەرە، سەری ئێزدیان...(کەریم کاکە، ٢٠١٩،٣٢).

لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت هێزدار و دەسەڵاتدار و سوپای سێ نەژاد و نەتەوەی (عەرەبی و فارسی و عوسمانی) کاری ڕەگەزپەرستانەی توندڕەوانەیان دژی ئێزدیەکان ئەنجام داوە، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی تۆقێنەرانە دژی نەژادی ئێزدیەکان. هەر تۆقاندنێکی نەژادی، پەیوەندی بەفکری ڕەگەزپەرەستییەوە هەیە.

### ٣-٢-٢ ڕەگەزپەرستی ئایینی:

لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا ئاماژەیەکی ڕوون بۆ ڕەگەزپەرستی ئاینی، یان توندوتیژی ئاینی کراوە، ئەوە هۆکارێکی ئاشکرایە،

کە هەر ئایینێک پەنا بباتە بەر توندوتیژی و کوشتن و قڕکردنی ئەوانی دیکە، جۆرێک لەڕەگەزپەرستی لەخۆ دەگرێت. دەقنووس دەڵێت:

# لەشکری ئایینی لە بیابانەوە سەرهەڵدا و هات، زمانێ ئەو لەشکرد تیر و شیر بوو، محەمەدی بەزۆر بوو، هەر زەردەشتیەک، هەر ئێزیدیەک، هەر .. نەیگۆتبا (ئەشهد و ئەن لا ئیلا هە ئیلەڵ لا محەمەد روسوولە لا) خوێنی خۆی لە سەر خۆی بوو، ئەو لەشکرە ناویان لە زەردەشتیان نابوو، ئاگرپەرست، لە ئێزیدیانیش شەیتانپەرست.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٤٠-٤١).

# بەفەرمانی بەغدادی، کۆچۆی شەیتانپەرست، دوو ڕێی لە پێشە و نابێتە سێ: یان هاتنە سەر ئایینی موحەمەد، یان مردن و چوونە دۆزەخێ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥٧).

لەم دەقە ڕاشکاوەدا هیچ پێویست بەگەڕان بەدوای واتای شاراوە ناکات، چونکە مەبەستی قسەکەر لەگێڕانەوەی ئەم باسە، ئامارژە کردنە بەفکری (سوپای بیابان)، کە تەنیا ناوی ئیسلامی نەهێناوە، بەڵام ناوی محەمەد و شەهادەهێنانی تێدایە.
شتێک باس نەکراوە، ئەویش بنەمای (ڕەگەزپەرستییە دژی زەردەشتی و ئێزدیەکان)، چونکە لەم ئامارژەیەدا (هاندان بۆ تاوانبارکردنی ئەم دوو گروپەی تێدایە)، (ڕەتکردنەوەی تەواوی زەردەشتی و ئێزدیەکان و ناشیرین نیشاندانیانی لەخۆ گرتووە). (توندوتیژی فکری دژی ئەم دوو ئایینە لەخۆ گرتووە).

هەموو توندوتیژییەک خزمایەتی و پەیوەندییەکی توندی کۆمەڵایەتی و فکری لەگەڵ ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری و قین و هاندان بۆ ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی بەرانبەرەکەی لەخۆ دەگرێت.

**٢-٣-٤ ڕەگەزپەرستی دژی زانیاری:**

# ئاخر لەبینێ مە، زۆر و زۆرڕاگرتن نینە، هیچیان لەدەستنەهات، هێندە نەبێ، دوو سێ ڕستەیان گۆت وزار لەزاری وەرگرتەە و گەیشتە هەموو ئێزیدیان.(کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٧).

یەکێک لەشێوازەکانی توندوتیژی، کە بنەمای ڕەگەزپەرستی تێدایە، فشار دروستکردنە دژی تاک و گروپ و نەتەوە و کۆمەڵێک خەڵک بۆ ئەوەی (نەتوانن زانیاری و بیروڕا و عەقیدە و بیروبۆچوون و دابونەریت و ئایینی) خۆیان بەئاشکرا لە(ترسی ڕاونان و هەڕەشە و سەرکوت و قڕکردن) ڕابگەینن. ئێزدیەکان لەترسی فشار و تۆقاندن نەیانتوانیوە (ئایینەکەیان) بەئاشکرا لەدەقێکی نووسراودا ڕابگەیەنن، یان زانیاریی لەبارەی ئایین و کەلتور و شێوەی بیرکردنەوە و خواپەرستییەکەیان ئاشکرا بکەن، چونکە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی (وڵاتە ئیسلامییەکانی عەرەب و تورک و فارس) و هەندێکجاریش (مەلای توندڕەوی کوردی) بوون.

ئەمە جۆرێکە لەتوندتیژی فکری، توندوتیژی دژی ئەو زانیاریانەی گروپێک لەبەر هەڕەشە و کوشتن و پەلاماری سەربازی دەیشارنەوە و بەنهێنی ئایینداری دەکەن.

**٥-٢-٢ ڕەگەزپەرستی لەتێڕوانین:**

هەندێکجار وەسفکردن و بیروڕا دەربڕین پەیوەندی بە(فکر و هەڵوێستی مرۆڤەوە) هەیە، بۆیە لەئەنجامی وەسفێکی دوژمنکارانە، ڕقهەڵگر، سوکایەتی، زەمینەسازی بۆ قڕکردن و هێرشکردن، فشار.. تاد) پەیوەندی بەڕەگەزپەرستی و تێڕوانینی فاشیانەوە هەیە. سەیری ئەم دەقە بکەن:

# لەسەر زاری ئەوەلیا چەلەبی و سیاحەتنامە، گوتراوە: ددانی ئێزیدیان بەقەد ددانی ئەسپە، زاریان لنگە پێڵاوی پێوەدەچێت، منداڵەکانیان بە شیری سەگ گەورەدەکەن... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٨٩)

ڕەگەزپەرستی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بەبنەمای (شیکردنەوەی نەژادی، پەروەردە و فێرکردن، ئاین، خۆڕەپێشکردن، هاندانی دوژمنکارانە، یان پێچەوانەوە، زەمینەسازی بۆ توندوتیژی فیکری، دۆزینەوەی ڕێگە بۆ قڕکردن.. تاد) هەیە، ئەمانە هەموویان سەرچاوەکەیان پەیوەندیی بەبیرکردنەوەی ڕەگەزپەرستییەوە هەیە.

نەک هەر تەنیا خوێنیان حەلال دەکات، وەسفەکەشی پڕە لەڕق و کینەی نەژادی، خوێنی منداڵەکانیشان حەلال دەکات، چونکە (بەشیری سەگ) بەخێوکراون. ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نیشانی دەدات، ناحەزان و دوژمنانی کورد و ئێزیدی تاچ ئاستێک بیرتەسکی نەژادپەرستی ڕقهەڵگر بوون.

مەبەستی ئێمە لەم شیکردنەوە پراگماتیکەدا، گەڕانە بەدوای (نێوەڕۆک و واتا نێوەخۆییەکەی نێو واتا و دەوروبەری بەکارهێنانی زمان و گوزارشت و دەربڕینەکان، کە ئامانجی دەقنووس بەدیهێنانی گوتارێکی کاریگەرە لەڕێگەی (گێڕانەوە، وەسفکردن، نمایش، گفتوگۆ، پێدانی زانیاری و هاریکاری وەرگر لەپێناو تێگەیشتن و هەڵێنجان لەڕێگەی ئەو زانیارییە پێویستییە دیارکراوانەی پێشکەشی دەکرێت، ئینجا چاوەڕوانی گوێگر، بۆ ئەوەی وەڵامی شتە پێویستەکان بداتەوە و بەشداری لەپێکهێنان و تەواوکردنی گوتارەکە بکات.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین، دەقنووس کاری کردووە، وێنە ناشیرن و ڕەگەزپەستیانەکەی دوژمن، هەڵگێڕێتەوە بۆ دۆخی سروشتی، کە کەسایەتی ئێزیدی دوورن لەم وەسفانە، ئەو هیچ ئاماژەیەک بەڕوونکردنەوە، یان پێدانی زانیاری ڕەخنەگرانەی ڕاستەوخۆ، پێناسەی کەسایەتی ئێزیدی، چی و چی بەکارنەهێناوە، بەڵام کە بۆشاییەکانی نێوان نیشانە و وشە و دەستەواژە و واتاکان شی دەکەیەنەوە، ئەو واتایەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، کە کەسایەتی ئێزیدی بەم جۆرە نییە، کە دوژمنەکانی لەڕوانگەی ڕەگەزپەرستانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەژادی و ئاینی باسیان دەکات.

دوو مەبەست لەم دەقەدا بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی و بنەمای هاریکاری هەڵدەهێنجین:
یەکەم: هاریکاری خوێنەر و وەرگر دەکات، کە دوژمنەکان بەم شێوەیە وەسفی ئێزیدیان کردووە، ئاخاوتنێکە (زانیاری پوخت، بەپێی پێویستی گوێگر و خوێنەر، بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە) پێشکەش دەکات.
دووەم: بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بێ ئەوەی بینووسێت، یان بیبێژێت، لەنێو مەبەستەکەیدا بە خوێنەر و وەرگر دەڵێت (درۆیە). (ڕەگەزپەرستانەیە). هەرچەندە ئەو ئەم دوو وشەیەشی بەکارنەهێناوە، بەڵام بەپێی شیکردنەوەی ئێمە ئاماژە بەوەسفەکەی (ئەوەلیا چەلەبی) بۆ ئەوەیە بڵێت بزانن چ درۆیەکی ئاشکرای کردووە لەبارەی وەسفی کەسایەتی و لاشە و بەخێوکردنی منداڵەکانیان. ئینجا پێمان دەڵێت ئەم وەسفە چ بێزارکەر و پڕەلەڕق.

### ٢-٢-٦ ڕەگەزپەرستی (ئەرێنی) کۆمەڵایەتی:

نموونەی یەکەم:

# کەژێ: نەخاسمە بۆ ئێزیدیان، لێ نەترسە، ئێمە بێوەی دلۆپە خوێنێ بڕژێ، بۆ یەکتر دەبین. (کەریم کاکە، ٢٠١٩،٥٠).

دەکرێت لەم دۆخەدا کە لەنێو دەقی (شنگال، هایێ ل من) هاتووە، ناوی بنێین ڕەگازۆیی کۆمەڵایەتی، یان نەریتی

کۆمەڵایەتی توند و داخراو، ئەویش پەیوەندی بەبیرکردنەوەی ئێزدیەکان لەچۆنیەتی بەشودانی کچەکانیان هەیە، بروایان وایە نابێت کچی ئێزیدی شوو بە کوڕێکی موسلمان بکات، ئەمە لەکردەوەدا پەیوەندی بەداخراوی نەریت و خووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێزدییەوە هەیە، لەسەرێکدا ڕەگەزپەرستییەکی ئەرێنییە، ئێزدیەکان لەترسی دوژمنەکانیان دەیانەوێت پارێزگاری لەخوێن و مانەوەی تاکی ئێزیدی بکەن، لەهەمان کاتیشدا (توندە) چونکە مافی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی خێزانێکی گەورەتر لە خێزانی کوردی (ئێزیدی و ئیسلامی) پێشێل دەکات.

نموونەی دووەم:

# ئێستا لەبازاڕی نەیناوا بە بەر چاوانەوە، لە شێوەی مەڕ و ماڵات، کچ و ژنی ئێزیدی هەڕاجکراون و داعش لە داعشی دەکڕێتەوە، هەر یەکە و نرخێکی لەسەرە، کۆیلایەتیان زیندووکردەوە، کچ و ژنی ئێزیدی گیەشتنە بازێری شامێ، گەیشتنە... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٧).

دەربڕین و وەسف و واتا و مەبەستەکە ڕوون، وشەکان خۆیان واتای خۆیان نیشان دەدەن، هێندە نەگوتراوە کە چ هەڵسوکەوتێکی ڕەگەزپەرستانە دژی کچ و ژنی ئێزیدی ئەنجام دراوە. گوتارە سەرەکییەکی نێو ئەم بابەت و ڕووداوانە نیشاندانی (گوتارێکە کە پڕیەتی لە توندوتیژی و کۆیلەکردن و

قڕکردن). بەپێی بۆچوونەکانی (ڤان دایک) ئەم جۆرە گوتارە کە داعش دروستی کردووە و (کەریم کاکە) دەیگێڕێتەوە و وەسفی دەکات، پەیوەندی بە ڕەگەزپەرستیی ئیسلامییە توندڕەوە عەرەبەکانەوە هەیە دژی کورد و ئێزدیەکان.

**٢-٣-٧ ڕەگەز پەرستی هونەری:**

کردەیەکی دیکە ڕەگەزپەرستی چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەگەڵ هونەرمەندان و بەکارهێنانی هونەر و دژایەتی ئەو شتانەی ئارامی بەگیانی مرۆڤ دەبەخشن، لاشەڕن و توندوتیژیان تێدا نییە. یەکێک لەوانە مۆسیقایە. دەمارگیرە توندڕەوەکان لەبەر چەند هۆکارێک دژی (مۆسیقان)، (مۆسیقایەک پەیوەندی بەئایینی ئێزدیەوەش هەبێت، بڤەتر دەبێت) بۆیە ڕەگەزپەرستانە دژی هونەر هەنگاو دەنێن، لەم دەقەدا (تەنبور و مۆسیقا) پێکهاتەیەکی پیرۆزیان لەئایینی ئێزیدی پێدراوە، لەکردەوەشدا ئەم زانیارییە دروستە. دەقنووس دەڵێت:

# قسەکەرێکی ئالاڕەشەکان دەڵێت: ئەو شەیتانپەرستە، مۆسیقا بۆ شەیتان لێدەدا. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٧١).

ئەگەر شیکردنەوەیەکی پراگماتیکی بۆ دۆزینەوە بنەمای ڕەگەزپەرستی دژی مۆسیقا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە (مۆسیقا/ یان هونەرمەند) بەدوو شێوە تاوانبار کراوە یەکەمیان

(خۆی لەدین دەرچووە)، دووەمیش (مۆسیقا بۆ سەرچاوەی لەدین دەرچوون لێ دەدات).
ئەم بیرکردنەوە و دەربڕینە لەکردەوەدا ڕەگەزپەرستییەکی توندڕەوانەی ترسناکە دژی مۆسیقای ئێزدیەکان. دژی کەلتور و ئەو نیشانە کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیریانەیە، کە خۆشەویستی و ئاسودەیی دروست دەکەن.
لەهەمان کاتدا دەبێت ئەو بزانین دەوروبەری کۆمەڵایەتی گوتار، یان دەوروبەری خودی زمانی گوتارەکە کاریگەری لەسەر ڕاپەراندنی مەبەست و گەیاندنی پەیام و کارتێکردنەوە هەیە. (ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، چۆن دەوروبەری کۆمەڵایەتی کار لەدەق و قسەکردنەکان دەکات). ( توین جان دایک، ٢٠١٤، ٢٤).

ئەم کارتێکردنە لە دەقی (شنگال، هایێ ل من) چ وەکو زمان و چ وەکو خودی گوتار ڕەنگی داوەتەوە، جونکە ئەو وەسفی دەوروبەری (مێژووی فەرمانەکان)، (بیروبۆچوون و کردەوەکانی داعش) و (بۆچوونی هەندێک لەمەلا کوردەکان ) دەکات.
دەقنووس قسەی یەکێک لەکارەکتەرەکانی بەم جۆرە تۆمار کردووە، کە پەیوەندی بە گفتوگۆ و بۆچوونی فکری دەربارەی هەڵویستی ئیسلام و پێکەوەژیانەوە هەیە، دەڵێت:

# ئەوەی لەشکری ئاڵای ڕەش دەیکات، تازە نیە، فەرمان و فەتوای بەغدادی لە دەرێی ئایینەوە نەهاتووە، دیرۆک، سەد ، تۆ بلێ هەزار بەغدادی تێدایە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٨).

# فەتوای  جەند زانای ئیسلامیت بۆ بژمێرم، ئەوە فەتوا ڕەشەکەی عەودوڵای ریتکی، ئەدی ئەوەی کوڕی سعوود یان بابێ سعوود، فەتواچیەکەی سلێمان قانوونیی ئۆسمانیان، دەردی ئەوە لەهەموویان گرانترە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١١١).

دەکرێت لەنێو ئەو دەقەی شی دەکەینەوە، دەیان ئاماژەی لەم جۆرە ئامازە پێبکەین، کە دەبنە نموونە بۆ ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەی کاریگەریی لەسەر دەق دروستکردووە. ئێمە لەدانیشتن و گفتوگۆکانی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەشوێنە فەرمی و نافەرمییەکاندا، لەشەقام و لەدانیشتنی تایبەتدا ئەم بیروبۆچوونانەمان تاقی کردۆتەوە، واتە دەوروبەری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە دەقەوە هەیە، وەکو دەقێکی بەرجەستەی فیزیکی نووسراوی چاپکراوی ناولێنراوی کتێبی (ڕۆمانی شنگال، هایێ ل من)، ئینجا وەکو دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەو وێنە هزری و فکری و وەسفیانەی وەکو دەقێکی دیکەی نێو دەقە فیزیکییە لەسەر زاری کارەکتەرەکاندا دەگێڕدرێنەوە، یان وێناکراونەتەوە.
دەکرێت بڵێین دەقێکی فیزیکی (کتێب) بەرهەمهێنی ئەم دەقە (نووسەر)، بەکارهێنەرەکانی (خوێنەر)ە. بەڵام دەقەکەی دیکە (وێناکردن و واتای نێو وشە و ڕستەکان و بیروبۆچوون و وەسف و تێڕوانین پێکهاتەکانی نێو ڕستەن لە کردەی هەواڵگەیاندن و پرسیار و وەسف و سەرسوڕمان و فەرمان پێکردن و وشیارکردنەوە و ئاگاداری و پەیوەندی.. تاد) ئەم دەقە (فکر و وێناکردن و دەربڕین و مەبەست و گوتار و واتا و واتابێژی و

تێڕوانین و... گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان و کاردانەوەیە.. تاد).
دەقێکی (هزری و فکرییە، هەستەکییە، بەرجەستە نییە)، بەرهەمهێنەری گوتارەکەی (کارەکتەری نێو دەقەکەیە)، گوێگرەکانیش، یان (کەسەکانی نێو دەقەکەیە، یان خودی قسەکەرە، بەجۆرێکی دیکە خوێنەرەکانیەتی).

## ٣-٢ خۆسەپاندن دەرفەتێکە بۆ کوشتنی گوتار

خۆسەپاندن لەگوتار هەر تەنیا بریتی نییە لەکردەوەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەسەر عەقڵەکانیش جێبەجێ دەکرێت، کە حوکمیان لەسەر دەسەپێنرێت، یان حوکم بەمەعریفە و بیروڕا و ئاراستە و ئایدیۆلۆجیاکانیان دەکەن، هەروەها نمایشە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەشێوەیەکی گشتی، دەکرێت خۆی بەسەر عەقڵدا بسەپێنێت بەشێوەیکی ناڕاستەوخۆ و نامەبەستدار، بەڵکو ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی کارتێکردنەکانی گوتاریشە. (توین فان دایک، ٢٠١٤، ٤٥)با سەیری ئەم گفتوگۆیە نێوان (کوڕی سعوود و سولتانی عوسمانی بدەین، کە بەئاراستەی خۆسەپاندنە، خۆساپەناندی (کوڕێ سعوود لای سولتان، هەروەها خۆسەپاندنی سولتان دژی ئێزدیەکان).

# سوڵتان:

باشە، خوا پێیخۆشە ئەوانە لە ناو موسلمانان بژین؟

کوڕێ سعوود:
تۆ چۆن دەڵێی ئەوهایە .
سوڵتان:
قڕکردنی ئەوانە ئەرکی موسڵمانانە.
کوڕێ سعوود:
ڕاست دەفەرمووی، ئەو شەیتانپەرستانە دەبێت قڕبکرێن.
بە من بڵێ، پێشتر چ فەتوا و فەرمانێ لە سەر ئەو شەیتانپەرستانە دەرچووە؟
کوڕێ سعوود کەمێ بیردەکاتەوە:
زۆر گەورەم، زۆر لەژمارە نایە.
سوڵتان: دەمەوێ فەتواکەی تۆ لەهەمووان پتر بڕبکات، منداڵێکیشیان دەرنەچێت...
کوڕێ سعوود:
تەنها ئەوشەو مۆڵەتم بدە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٢٤-١٢٦).

وەکو لەپێشتر ئاماژەمان پێکرد، کردەی خۆسەپاندن لەم گفتوگۆیەدا لای (کوڕێ سعوود) زۆر بەهێزە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لای سوڵتان پتەوتر بکات، لەهەمان کاتیشدا ئێزدیەکان بێخەتە ژێر دۆخێکی دژواری ئازار بەخشەوە. ئاماژە بەو کراوە (دوای کەمێک بیرکردنەوە)، ئینجا دەست بەوەڵامدانەوە دەکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، قسەکەر، کە لەهەندێک دۆخدا گوێگرە و پرسیاری ئاراستەکراوە، بیر لەدۆزینەوەی (ڕێگەیەک، شێوازێک، دەرفەتێک، هۆکار و مەبەستێک) تاکو کاریگەری

لەسەر سوڵتان دروست بکات، بۆ ئەوەی هەردوو ئامانجە شاراوە و نەگوتراو و نادیارەکەی نێو ناخی خۆی بهێنێتە دی.
سوڵتانیش بۆ نیشاندانی (ئیسلام بوون، بەهێزکردنی دەسەڵات و فراوانکردنی فەرمانڕەواییەکەی و دۆزینەوەی شوێنکی دەوڵەمەند بەخواردن و داهات و جوان) پێویستی بەوە دەبێت لەنێو گوتاری گفتوگۆیەکەیدا خۆی بسەپێنێت.
لەنێو ئەم گوتارەدا (خۆسەپاندان) لەفەرمان و داواکارییەکی سوڵتان هەیە، کاتێک دەڵێت (دەمەوێ فەتواکەی تۆ لە هەمووان پتر بڕبکات، منداڵێکیشیان دەرنەچێت...). مەبەستی ئەوە نییە (گوێگرەکەی/ کوڕێ سعوود بەهێز و خاوەن پایە و کاریگەر و لۆجیکی و شایستە) نیشان بدات، بەلکو مەبەستی لەم هاندانە لە(فەتواکەی تۆ)دا لەئەسلدا (مەبەستی ئاماژەیەکی شاراوەی ناراستەوخۆیە بۆ حوکم و بڕیارەکانی خۆی، نەک عەقڵ و بیرکردنەوەی گوێگرەکەی) ئەمەش نیشانەی خۆسەپاندنە، هەروەها بەشێوە گشتییەکەی گوتاری (سوڵتان و کوڕێ سعوود)، پشت بەبنەمای خۆسەپاندان دژی گروپ و پێکهاتەیەکی دیکە دەبەستێت. کە ئەمە مەبەستی هەرە سەرەکی نێو گوتاری دەقەکەیە، دەیانەوێت لەڕێگەی (فتوایەکەی بەهێز، دەسەڵات و هێرش و کردەیەکی سوپایی بەهێز و کاریگەر) لەژێر سایە و فەرمانی (سوڵتانێکی بەهێز) ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا ئێمە دەزانین (هێز) سەرەتا و چەمکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فکرییە بۆ زەمینەسازی لەپێناو خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوە و لەناوبردن و قڕکردنی بەرانبەرەکەیان.

گوتار پێویستی بەوە عەقڵەکان هەڵسورێنن، عەقڵەکانیش پێویستیان بەوە کارەکان هەڵسورێنن، گرنگە دەسەڵات خۆی بەسەر گوتاردا بسەپێنێت، بەڵام ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەمە هەر تەنیا پەیوەندی بە دەقێکی گوتراو، یان قسەکردنەوە نییە، بەڵکو دەوروبەریش لەخۆ دەگرێت، کە کاریگەری بەسەر گوتارەوە هەیە، بۆیە هەنگاوی یەکەمی هەڵسوڕاندنی گوتار، دەکرێت لەڕێگەی خۆسەپاندن بەسەر دەوربەرەکەدا بەرهەم بێت.

بۆ نموونە هەر کاتێک ویستبیان هێرش بکەنە سەر کوردی ئێزیدی و فەرمانی لەدژ دەربکەن، ویستویانە عەقڵ بەکاربهێنن و گەڕونەتەوە سەر عەقڵی ئەو دەقانەی، کە بۆ دژایەتی ئێزدیەکان بەکاردەهێنرێن. لەوانە (شەیتان پەرستی، بڕوا نەبوون بەخوا). ئەمانە لەکردەوەدا پەیوەندییان بەدەوروبەری بەکارهێنانی ئەم جۆرە گوتارەوە هەیە، واتە ئەوانەی ویستویانە دژایەتی ئێزدیەکان بکەن خۆیان بەسەر دەوروبەرەکەدا سەپاندووە، دەوربەری کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئایینی و شێوەی بیرکردنەوەی ئێزدیەکان و نەریت و کەسایەتیان. بۆ نموونە سوڵتان لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستێکی دونیایی، بۆ خۆسەپاندن و قڕکردنی ئێزدیەکان، پەنای بۆ دەقی فتوایەکەی پشتئەستور بەدەقی ئیسلامی بردووە.

لەم پێناوەشدا خۆیان سەپاندووە بەسەر دەوروبەری دەقێکی ئایینی ئیسلامی، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گوتارێکی قڕکەرانە بۆ خۆیان بەرهەم بهێنن، بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەم گوتارە خۆسەپێن

و ڕەگەزپەرستانە گوتاری سڕینەوە و قڕکردنی ئێزدیەکان پیادە بکەن.

لەبەشێکی دیکەی دەقی (شنگال، هایێ ل من) لەسەر زاری قسەکەرێکدا بەم شێوەیە باسی (فەرمان و دۆزینەوەی ڕێگا بۆ خۆسەپاندن و قڕکردنی کوردانی ئێزیدی) کراوە، کە دەڵێت:

# بۆیە بەپێی ئایەتی .............. و فەرموودەی ................ لەسەر موسڵمانان پێویستە ئەو شەیتانپەرستانە لەسەر دنیا رەشکەنەوە و رەوانەی دۆزەخیان بکە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٢٧).

لەبەشیکی دیکەی دەقەکەدا، خۆسەپاندن و سڕینەوەی بەرانبەر پەیوەندی بەبۆچوون و لێکدانەوەی ناوەخۆیی و هاوڕەگەز و هاو نیشتیمان و هاو زمانەوە هەیە، دەڵێت :

# مەلا بەزمانی کوردی، هاتە گۆ:

ئەوە کێیە دەڵێ، ئێمە لەرەچەلەکی یەزیدیەکانین؟ شەکری خوارد، کێیە دەڵێ، ئەوانە کوردی رەسەنن؟ بە لە کوپی خۆی بدات، ئەگەر ئەوان رەسەن بن، من لێرەوە حاشا لە کوردبوونی خۆم دەکەم، چۆن دەبێت، بنەچەی ئێمە بۆ شەیتانپەرستان بگەڕێتەوە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٥).

واتە گوتاری (ئایینی) باڵادەستە لەنێوان (سوڵتان و لەشکری بیابان و ئالاڕەش و مەلایەکی کوردی). لایەنەکەی دیکەی خۆسەپاندن و سڕینەوەی بەرانبەر پەیوەندی بەتێڕوانینی (تاک، ناوچە، دۆخی کۆمەڵایەتی، پاساوهێنانەوە، ڕقی دەروونی، ململانێی ئایدیۆلۆجی... تاد) هەیە.

## ٢-٤ کردەی بنەمای هاریکاری

تیۆری پراگماتیکی لەیەکێک لەبەشەکانیدا لەلێکەوتەی ئاخاوتندا، بۆچوون و ڕێبازی شیکردنەوەی دەق و زمانی ناولێناوە (بنەمای هاریکاری)، مەبەست لەم ڕێبازەش چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری و شێوەی هاریکارییە لەنێوان قسەکەر و وەرگرەوە

بنەمای هاریکاریش کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لەچەند بەشێک پێکدێت، لەوانە:

یەکەم: بنەمای چەندی هاریکاری: بەپێی پێویست بەشداری لەهەواڵەکەدا دەکەیت (واتە چەند پێویستت بەشتەکە هەیە لەکاتی گفتوگۆدا). هیچ زانیارییەکی پتر لەپێویست پێشکەش مەکە. خۆتان لەبابەتی پێدانی زانیاریی بگەیننە ڕادەیەک، کە ئامانجی گفتوگۆکە پێویستییەتی، (زانیارییە پێشکەشکراوەکان دەبێت بەڕادەی پێویست بن، نەکەم و نەزۆر).

بۆ نموونە:

# دێیت لەگەڵما؟

#وەڵام ئەوەندە بێت، کە پێویستە... بەڵێ، یان نەخێر
# آ- دەرگاکەت چۆن کردەوە؟

ب- بەکلیل.
ت- دەستم خستە سەر دوگمەکە و بەلای چەپدا.....
ئەم وەڵامەی (ت) لەبنەمای چەندێتی لایداوە، لاتان قورس نەبێت ئەگەر بڵێین دەتوانین لەبنەمای چەندێتی لابدەین، بەڵام بەمەبەست.

دووەم: بنەمای هاریکاری چۆنی/ دروستی: تەنیا ئەو شتە دەڵێیت، کە بڕوات وایە هەڵە نییە، لەبارەی شتێکەوە قسە مەکە پاساوهێنانەوەی پێویستت لەبەردەستدا نییە، هەوڵبدە پشکی خۆتان لەسەر بنەمای ڕاستی دابنێن.
بۆ نموونە:

# چووە دەرەوە نانی کڕی.

سێیەم: بنەمای پەیوەندی هاریکاری: دەربارەی ئەوشانە دەدوێت، کە گونجاون بۆ بابەتەکە، یان وەڵامەکە دەبێت لەباربن. لەپەیوندی داین.
بۆ نموونە:

# آ- نان دەخۆی یان نا؟

ب – ناچمە لای دکتۆر.

پێویستە وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە ، یان نان خواردنەوە هەبێت، دەتوانرێت وەڵامێکی وەکو (ب) بدرێتەوە، کاتێک دەتەوێت وەڵامی پرسیار بدەیتەوە.

چوارەم: بنەمای شێوەی هاریکاری: پێویستە ڕوون بێت ، لێڵی و نادیاری بەلاوە بنێ لەدەربڕین، (خۆ لەهاودژی واتایی دوور بگرە)، خۆ لەبەزۆر تێئاخینی زیادە قسە دوور بگرە، واتە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کارەکە ئەنجام بدە، گوتنەکەت تۆکمە بێت و ریزبەندی گوتنەکەت ڕەچاو بکە.
بۆ نموونە:

# دارا دوو دکتۆرای هەیە.

ئەمەی گوتووە، چونکە بەڵگەی تەواوی لەبەردەستە، کە گوتنەکە دروستە لەبارەی دوو دکتۆراکەی دارا.

**٢-٥ گوتاری ڕەخنەگرانە**

بەگەڕانەوە بۆ چەمکی ڕەخنە لەگوتار ، خۆمان بەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبەستینەوە، ئەم خۆبەستنەوەش هیچ

کاتێک بەواتای نەرێنی نایەت، بەڵکو بەکارهێنانی دەسەڵاتی مەعریفییە، بۆ وێناکردن و تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی گوتارێک، کە پشت بەڕووداو و مێژوو دەبەستێت. (ڤان دایک) لەبارەی گوتاری ڕەخنەگرانە دەڵێت: (لێکۆڵینەوەی گوتاری ڕەخنەگرانە بزاڤێکی زانستییە، بەپێکهاتنی تیۆر و شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەگرانە، کە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە لەبواری نایەکسانی کۆمەڵایەتی، ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی گوتاری ڕەخنەگرانە بریتییە لەلێکۆڵینەوەی تەواوی چەمکی دەسەڵات. (توین فان دایک، ٢٠١٤، ٢٩ ).

کاتێک باسی دەسەڵات دەکەین، دەسەڵاتی تاک، دەسەڵاتی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ئایین و دەسەڵاتی دامەزراوەکانی دەوڵەت و سوپا و پۆلیس و دەزگاکانی پەروەردە و ڕاگەیاندنمان مەبەستە. لەنێو دەقی (شننگال، هایێ ل من)دا، دەسەڵاتێکی زۆر دەبینرێت، دەسەڵاتەکان هەمەلایەنن و پەیوەندییان بە (مێژوو، هۆز و ئایینی باڵادەستی ئیسلامی و خۆپارێزی ئایینی ئێزیدی و دەسەڵاتی تاک لەکاتی کوشتنیان و دەسەڵاتی خۆڕاگرانەی تاک.. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی (مێردکردن و ژنهێنان و ئەتکردن و دەستدرێژی سێکسی) ، دەسەڵاتی جینۆساید و کوشتاری بەکۆمەڵ دژی ئێزدیەکان. دەسەڵاتی مێژوویی عوسمانییەکان و تورکەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئایین دژی ئێزدیەکان.
ئەمانە هەموویان سەرچاوەن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی توندی ڕەخنەگرانە، گوتاری دەسەڵات بۆ بەرهەمهێنانی (خۆسەپاندن و ڕەگەزپەرستی).

ئەمانەش پەیوەندییان بە (خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە هەیە). (توین فان دایک، ٢٠١٤، ٣٠).

لە گوتاری (شنگال، هایێ ل من)دا ئاشکرا ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەبێت، کە چۆن دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی ئاین، دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و نەریت و کەلتوری باوی دواکەتوو خراپ بەکاردەهێنرێت بۆ هێرشکردنە سەر کوردە ئێزدیەکان. هێرشەکە مێژوویێکی دوورودرێژی هەیە، دووبارە دەبێتەوە. دەسەڵاتە ئایینیەکە لەهەموویان کاریگەرترە، بۆتە سەرچاوە بۆ دەسەڵاتەکانی دیکەی (دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و هۆز و خێل و ئیماراتە کوردییەکان و هەندێک مەلا و کوردە بەرپرسە ئیدارییەکانی سەردەمی عوسمانییەکان و هەتا بڕێک لەمەلا کوردە هاوچەرخەکانیش).
(کەریم کاکە) لەڕێگەی وەسف و گێرانەوە، بە پشت بەستن بەبنەمای هاریکاری، کە شێوازێکە بۆ پێدانی زانیاری پێویست و دروست بە خوێنەر و وەرگرەکانی، لەم دەقەدا بەم شێوەیە وەسفی قسەکانی مەلایەکی کورد، کە لە ڕادیۆ پەخش کراوە دەڵێت:

# برایانی موسڵمان، نەکەن سەرچیخ بچن و باوەڕ بەو قسە پووچانە بکەن، ئێمە و یەزیدیەکان، نە لەڕابردوو نە لە ئێستا نە لە ئاییندە، لە هیچ شتێ بە یەک ناگەینەوە، شەرمە، بە خودا شەرمە کوردێکی موسڵمان بنەچەی خۆی بباتەوە سەر ئەو

لە خودا یاخیانە. ئەوانە بە خۆیان دەڵێن: یەکتا پەرستن، خودا پەرستن، کەچی شەیتانی ئیبلیس بە خودای خۆیان دادەنێن و ناویان لێناوە مەلەک تاوس، ئەو شەیتانەی کە لە خودای گەورە یاخی بوو و کرنووشی بۆ ئادەم نەبرد، ئەو پیسانە دەیپەرست. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٦).

لەم برگەیەدا، لە(هەست و نەست و واتا و مەبەست و دەربڕینەکانی قسەکەردا کە (مەلایەکی کوردە)، لە (بەکارهێنانی دەسەڵاتی ئاییینیدا) پتر هیچ شتێکی دیکەمان بۆ ساخ نابێتەوە، کە گریمانەی ئەوەی لێ دەکرێت بەشێوەیەکی توند، بەهوشیاری و مەبەستێکی لەپێشینە و پێداگرییەوە و لەپێناو (هاندان و ئاژاوە و ڕەتکردنەوە و سڕینەوەی ئێزدیەکان) ئەم چەشنە گوتارە ئاراستە بکات. واتە بەشێوەیەکی ورد (دەسەڵاتی ئایینی، بۆ هێرشکردنە سەر ئێزدیەکان و تۆمەتبار کردنیان بە خوانەناس و شەیتان پەرست)، کە حوکمەکەی لەئیسلام کوشتنە، گوتارەکەی بەرهەمهێناوە.
لەبەشێکی دیکەی ئەم دەقەدا هاتووە:

# لەبەرنامەیەکیتر، عارەبێک دەیگوت: یەزیدیەکان، کوردی گاورن. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥٢).

# لە وەسفێکی دیکەی نێو دەقەکەدا هاتووە: بەچی دەچێ، با بڵاویشبێتەوە، ئێمە بە بەرچاوی دنیاوە مینا مەڕ سەردەبڕێین، بە بەرچاوی دنیاوە هەتکدەکرێین دەڕفێنرێین، کۆیلە

دەکرێیننز..دنیا، کوێرە، نابینێ، کەڕە، نابیستێ، لاڵە متەقی نایە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥٩).

# تۆ کوردیت یان عارەبی؟

-ئەز ئێزیدیمە.
+ پیرە سەگ، پرسیاری ئایینت لێ ناکەم، نەتەوەکەت چیە؟
-ئەز ئێزیدیمە، ئێزیدی.
+ ئەگەر عارەب نیت، بۆچی چەفیە و عەگالی عارەبیت لەسەرە.
-خودێ عارەبی بەرێ بگرێ.
+ دەبیە عارەب؟
-نەخیر ئەز ئێزیدیمە.
+ پیرە شەیتانپەرست، زوو وەرە سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام وخودا و محەمەد بناسە، شادە بێنە.
+ ئەز شەیتان ناسناکەم، خودێی تاک و تەنیا دەپەرستم، محەمەد پێغەمبەرێ هەوەیە، یێ مە نیە.
+ کەواتە نابیە، موسڵمان؟
-ئەز ئێزیدیمە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٦٢-١٦٣).

لەم دوو گفتوگۆ و بەشە دەقەی لەنێو دەقێکی گەورەتری پڕ لەڕووداو و بابەت هەیە، بەروونی دەردەکەوێت کە (دەسەڵاتی بۆچوونەکان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا و ئیدارە و حوکمی مرۆڤەکان وابەستەیە بە دەسەڵاتی ئایینی). (کوردێک و عەرەبێک و داعشێک) لەهەمان سەرچاوەی ئایینی ئیسلامەوە

حوکم دەدەن، یاسا (خودییەکانی خۆیان، یاسای دەسەڵاتی هێزێک و سوپایەک) پیادە دەکەن. لەکردەوەدا وەکو (ڤان دایک) گوتی، ئەمانە هەر هەموویان پەیوەندییان بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و سەرچاوەکانی دەسەڵاتی بیرکردنەوە هەیە.

زمان بریتییە لەژمارەیەک کۆدی هەمەجۆر، یەکێکیان پێی دەگوترێت (کۆدە ئایدیۆلۆجییەکان) بەگشتی ئەو کۆدانە دەگرێتەوە، کە بۆ ئامانەبەندکردنی دەق و لێکدانەوەیەتی ئەمانە بڵاو و باڵادەستن، دەرئەنجامی گفتوگۆ یان ڕەخنەگرتنن. وەکو (تاکگەرایی، لیبرالیزم، فێمنیزیم، ڕەگەزپەرستی. ئەم جۆرە کۆدانەش تایبەتن بە گرووپی کۆمەڵایەتیی جیاوز، وەکو گروپە سیاسی و شۆڕشگێڕیی و ئایینی و ئابووریی و زانستی و ڕۆشنگەرییەکان. هەموو شت و کەرەستەیەکی ئایدیۆلۆجی ئامارژەن و دەکرێن بەهێما و کۆد، نموونەی کۆدە ئایدیۆلۆجییەکانیش زۆرن وەکو چەکووش و داس و ئەستێرە سوورەکەی شیوعییەکان و خاچە شکاوەکەی نازییەکان. (هیوا مەولود عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٦٣ ).

گوتاری ئایدیۆلۆجی بریتیە لەو گوتارەی هەمیشە بەرەو بەرتەسکردنەوەی (بابەت و ئاراستە و مەبەست و کەرەستە بەکارهێنراوەکان و سەرکوت و خۆسەپاندن و تاکڕەوی و ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکان و ڕکابەر و ناکۆک) دەچێت. ئەمەش یەکێکە لەو گوتارانەی توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، هەموو کۆدەکانی داعش (ئاڵای ڕەش و هێما ئایینی و ئەو وێنانەی

ڕۆژانە بۆ سەرکوتی خەڵکی دیکە بەکاردەهێنرا) کۆدی توندڕەوی و خۆسەپێنانەی فاشیانەبوون.
هەموو ئەو کۆدە زمانییەی لەنیو دەقەکەی (کەریم کاکە)دا لەسەر زاری (مەلایەک و دەسەڵاتدار و سولتان و سوپاسالارێک و عەرەبێک لەرادیۆ و مەلایەکی کورد لە ڕادیۆ) کۆدن بۆ نیشاندانی ئەو هێزە زمانی و کەلتورییەی دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و قڕکردن و ئایدیۆلۆجیای خۆ سەپێنانەی تاکڕەوی دژی (ئێزدیەکان)، کە بابەتی سەرەکی و یەکەمی نێو دەقی (شنگال، هایێ ل من)ە. لەکاتێکدا دەقنووس لەگوتاری (شنگال، هایێ ل من)دا بەشێوەیەکی ئەندازیارانە کۆدەکانی توندوتیژی دژی کوردە ئێزدیەکان بەپێی ڕووداوە مێژووییەکان و فەرمانەکان لەلایەن عوسمانییەکان بەناوی ئیسلام و دواتریش هەموو ئەوانی دیکە لەمێژووی ئیسلامدا، کە بەفیتی ئاینی فەرمانیان بۆ کوشت و کوشتار و جینۆساید داوە. (ئەزادەی کاتەکان، ئەندازەی شوێنەکان و کەسایەتییەکان (باش و خراپەکانیان)، ئەندازدەی ڕووداوەکان و ئەندازەی بابەت و کێشە و گفتوگۆ و کاردانەوەکان ئەندازەی دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان)، وەکو وەستایەکی کارامە و وشەڕەنگین و دەستەواژە سەنگین و واتا نەخشینی بەدیقەت بۆ بیناکردنی دەقەکە کاری کردووە.
لەم دەقەدا (کۆد)ی بەدبەختی و فەرمانە ئیسلامییەکان لە (عەیازی کوڕی غەنەم و بەدرەینی لوئلوئە و ئەبو سعوودی موفتی عوسمانی و موحەمەد موسافیر) چڕ کردۆتەوە. ڕاستە ئەمانە هێمایەکی دروستکراوی زهنی و فکری و ئایدیۆلۆجی و

لەپێناو بەدیهێنانی وێنەیەکی ئەدەبی لەنێو دەقی ڕۆمانێکدا نین، بەڵکو کەسانی نێو هەقیقەتی مێژوون، بەکارهێنەرانی دەسەڵات و کۆدە ڕەگەزپەرستیەکانن، بەڵام لەم دەقەدا ئەم کەسانە وەکو هێمایەکی ترسناکی قڕکردنیان لێهاتووە، واتە دەقنووس وێناکردنەوەیەکی نوێ وێنەی ئەو کەسانەی بەرهەمهێناوەتەوە لەچوارچێوەی (وەسفی زمانێکی چڕ و کارا، سەردەم و شوێنێکی نوێ). هەر ناوێک هێما و ڕەمزێک و نیشانەیەکی سیمیۆلۆجییە بۆ ناونیشانی فەرمان و کوشتوکوشتاری غەدارانە دژی ئێزدیەکان. لەهەمان کاتدا هەندێک هێما و نیشانەی دیکە بەکارهێنراون بەڵغەن بۆ کەلتور و خۆڕاگری و ئینتمای ئایینی ئێزدیەکان و مانەوەیان، بۆ نموونە:

(ئاڵای ڕەش): هێمایەکی دیکەی کۆدی ترسناکی ئیسلامییە توندڕەوە رەگەزپەرستەکانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)ە.

(تەنبور): هێما بۆ ئاشتەوایی ڕۆحی و بەردەوامی مانەوەی ئێزدیەکان، هێما و نیشانەیەکی پیرۆزی ئایینیشە و ئێستاش تەنبور و مۆسیقا لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدی بەکاردێت. (تەنبور نیشانەیەکی سیمیۆلۆجی ئەم دەقەیە، وەکو نیشانەیەکی ئاشتیخوازی و ئارام بەخش و کەلتوریی بەکارهێنراوە، لەڕێگەی بەستنەوەی بەسەرچاوە فکری و فەلسەفی و هزرییەکانی ئایینی ئێزدیەوە).

(کەشتی نوح): بەسەرهاتی هاتنی بۆ شەنگال بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات، بەڵام ئێزدیەکان دەڵێن ئێرە دەمانپارێزێت و

لەگەڵیی سەرناکەون. ئەمانە بەشێکن لەو کۆدانەی وەکو هێمایەکی سیمیۆلۆجی و کەرەستەیەکی زمان بۆ پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری بەکارهێنراون. دەقنووس لەڕێگەی ئاماژەکردن و کردەی گێڕانەوەدا، گێڕانەوەیەکی پڕ لەتام و ورژێنەر هاریکاری خوێنەر دەکات، کە لەڕووی مێژوویی و ڕۆحییەوە پەیوەندییەک لەنێوان (کەشتی نوح و تێڕوانینە ئەفسانەیی و ئایینیەکانی ئێزدیەکان) هەیە.

ئێزد: (لە گل و ئاوی شەنگال) ئادەمیزای دروست کرد.
(کانی سپی): ئەمانە هەموویان دەبنە هێما و نیشانەی فکری و کۆمەڵایەتی و ڕۆحی (ئەرێنی و نەرێنی) لەنێو دەقدا، هەر هەموویان ئەرکیان گەیاندنی زانیاری و هاریکاریی و تێگەیاندنی وەرگرە. هەموویان بەئاراستەی ئەوەن وەرگر لەوە بگات خراپەکان خراپن و باشەکان باشن. ڕووداوەکان کۆنن، بەڵام بیرۆکەی ڕووداوە کۆنەکان درێژەی هەیە، ترسی ئێزدیەکان بەردەوامە و هەمیشە بەگومانەوە سەیری فەرمان لەدوای فەرمان دەکەن، ئەمانە هەر هەموویان کردەی هاریکاری ڕادەپەڕێنن، تاکو خوێنەر و وەرگر لەڕێگەی کۆد و فکری خۆسەپاندن و فەرمان لەو زمانە بگەن، کە هەڵگری تۆوی ڕەگەزپەرستی و فاشیەت و قڕکردنە دژی کوردە ئێزدیەکان.
ئەبوو سعوود: هێما و نیشانەیە بۆ سەرچاوەری بیرکردنەوەیەکی زۆر خراپ لەنێو دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانییەکاندا. دەبێەت سەرچاوە و نیشانە بۆ بەرهەمهێنانی کردەی (قڕکردن بەپێی

یاسا و ڕێسا و تێگەیشتنی دامودەزگای ئیمراتۆریەتی عوسمانی و پشت بەستن بەدەقی ئیسلامیی).
مەلایەکی کورد: نیشانەیە بۆ پاشکۆبوونی ئایینی، جۆرێکە لەهێماش بۆ پاشکۆیەتی دەسەڵاتێکی باڵاو فروانتر لەچوارچێوەی ئاییندا.
رادیۆ: هێما و نیشانەیەکە بۆ پەیوەندیکردن و وەرگرتنی زانیاری لەدەرەوەی شوێنی (گێڕانەوە و ڕووداوەکان). نیشانەیەکە بۆ دەرکەوتنی گفتوگۆ لەنێوان (دیرۆکزان و کەژێ و ئەوانی دیکە لە سەر چیای شەنگال) . ڕادیۆ هێمایەکە بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک گفتوگۆ، دەربڕینی هەڵوێست و نیشاندانی ژمارەیەک گوزارشتی وەکو (کاردانەوە و وەسفکردن و بیرکردنەوە و فکر).

## ٦-٢ ناونیشان و بەرگ

کتێب لەم سەردەمەدا لەوە دەرچووە بەتەنیا گفتوگۆ لەگەڵ عەقڵ و تێگەیشتن بکات، بەپێچەوانەوە لەم سەردەمەدا کردەی بینین (چاو ئینجا هەستپێکردن لەڕێگەی بینین و درککردن) بۆتە لایەنێکی گرنگی گوتاری (بەرگ و ناونیشان). بەرگ و ناونیشان لەبەرهەمهێنان و چاپکردنی کتێبدا لەچوارچێوەی (کردە وێنەدا) ژمارەیەک پەیام و مەبست دەگەیەنێت، بەواتایەکی دیکە (دیزان) و (وێنە) و (هێلکاری) و (ڕەنگ) و (شێوازی نووسین و بەکارهێنانی پیتەکان) و ئەو (شتانەی دیکە لەسەر بەرگی کتێبەکە) و (هەر ئاماژەیەکی هێما و نیشانە و هێمابۆکراو)

وەکو بەشێک لەپێکهاتە و دەقی نووسین و پەیوەندیکردن دادەنرێن.
سیمیۆلۆجیا واتە زانستی نیشانەکان، ئەم زانستە هاوکارمان دەبێت لەشیکردنەوەی دەقی گوتاری بەرگ، ئەمەش هیچی (کەمتر نییە لەنێوەڕۆکی گێڕانەوەکە (محمد بلوافی، http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=18088).

بۆیە بێ دیزان و بەکارهێنانی ژمارەیەک هێما و نیشانە لەنێو بەرگدا، ئەستەمە بتوانرێت دەقێکی کاریگەر و کارتێکەر پێشکەش بکرێت.
وێنە دەتوانێت شتێکی زیادە بۆ دەقەکە زیاد بکات، یان دەبێتە کورتبڕییەکی باش بۆ دەقەکە، لەڕێگەی لەخۆگرتنی واتای چڕ و زۆر. وێنە دەتوانێت (سەرکەوتن، یان ژێرکەوتن. ململانێ و خۆڕاگری، کوشتار و قڕکردن، ئارامی و ئاژاوە، پێشکەوتن، یان گەڕانەوە بۆ مێژوو، ئاسودەیی لەڕووی دەروونی، یان نەخۆشی و دڵتەنگی و گرژی و توندوتیژی.. تاد) لەخۆ بگرێت.
ناونیشان و بەرگ دوو پێکهاتەی جودان، بەڵام بەیەکەوە بەستراون لەنێو گوتاری دەقی بەرگدا، چونکە ئامانجیان پەیوەندیکردنە لەڕێگەی ئەو پەیامەی نووسەر/ نێرەر دەیەوێت بە خوێنەر/ وەرگری بگەیەنێت، لەدەوروبەرێکی دیارکراوی کۆمەڵایەتی و دەروونیدا.
لەیەکەم بینیندا خوێنەر چاوی بە بەرگ و ناونیشانی دەقەکە دەکەوێت.. دووەمجار چاوی بەناونیشانی لاوەکی، یان سەرە

بابەتەکان لەناوەوەی دەقەکە دەکەوێت و چاوێکی خێرایان پێدا دەخشێنێت، بەڵام لەم کورتە بینینەدا زۆرترین (واتا و چەمک و لێکدانەوەی) لێهەڵ دەهێنجێت، یان وەکو کردەیەکی پەسندکراوی پراگماتیکی مامەڵە لەگەڵ ئەو بنەما هاریکارییی و لێکەوتانە دەکات، کە نێرەر وەکو پێشگریمانە بەواتای (دیارکردنی ژمارەیەک زانیاری زانراوی پێشوەختە) پێشکەشی وەرگرەکانی دەکات. بۆنموونە:

وێنە دەتوانێت وەکو بیرۆکە و لێکدانەوەی پێشگریمانەی نووسەر بۆ دەقی گوتاری کتێبەکە دابنرێت، کە بەشێکە لەپێکهاتەی بەرگ، ناونیشان وەکو (هێما و واتا و مەبەست) گوتاری دەقەکە سەیر دەکرێت، هەموویان دەبنە هۆکار و بنەمایەک بۆ هاریکاریکردنی خوێنەر، تاکو لەمەبەستی سەرەکی دەقەکە نزیک بێتەوە.

لەبەرگی ئەم دەقەی (کەریم کاکە)دا بەزمانێکی پوخت، ئەم ناونیشانە نووسراوە ((شنگال، هایێ ل من)). ئێمە دەزانین شەنگال بۆتە هێما و نیشانە و ڕەمز بۆ (ناوچەیەک، گروپێک مرۆڤ، کارەسات، بابەتێکی مرۆییانە، مێژوو، ململانێ، ئێزدیەکان، جیۆپۆلۆتیک، سۆزی مرۆیانە، هەڵوێست.... تاد)، ئینجا بەکارهێنانی (،)یەکە لەدوای ناوی شەنگال، ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی زمانەوانییە، هەروەها (وەستان) و (پێدانی کاتێک و شوێنێکە) بۆ بیرکردنەوە لەبارەی ئەو شتەی لەپێش (،)ەکە هەیە و ئەوە دەربڕینەی لەدوای (،)ەکە دێت. بۆشاییەکەی نەبینراوە، بەڵام لەڕووی زمانەوانی و لەبیرکردنەوە و لێکدانەوەدا واتا لەخۆ دەگرێت. ئەم (،)ەیە

ژمارەیەک گریمانە بەپێی بەکارهێنانی ناونیشانەکە لای وەرگر و خوێنەرەکانەوە دروست دەکات، وەکو گریمانەی (بوونی کێشەیەک، جێگەی بەزەییە، نارەوایە، گرفتێکی نێوەخۆیی و دەرەکییە، گەرمترین بابەتی ئێستایە، پێویستە بەم ناونیشانە پاڵپشتی مەعنەوی دۆزی شەنگال بێت، رەخنەیە لەدەسەلاتی نێوەخۆیی، پاڵپشتییە، تۆمارێکی مێژووییە، ڕوونکردنەوەی کێشەکانە، نیشاندانی هەڵوێستی ئیسلامە، لەهەموویان گرنگتر شەنگال واتە ئێزدی و گرفتی مێژوویی ئێزدیەکان و فەرمانەکانی دژ بە ئێزدیەکان... تاد).

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین لە دوای (،)ەکە دۆخێکی دەروونی (کرۆزانەوە، خەم، داخ، ئاخ، ئازاربەخش) دەست پێ دەکرێت. لەبەشی دووەمی ناونیشانەکەدا (هایێ ل من) هەیە، ئەمە وەکو کردە قسەی ڕاگەیاندنی هەڵوێست، نمایشی بۆچوونی قسەکەر، دەرخستنی دۆخی دەروونی و بیرکردنەوەی خاوەن دەقەکە پیشان دراوە.

ئێمە پشتمان بەشیکردنەوەی بنەمای هاریکاری پراگماتیک بەستوە. لەم ناونیشانەدا (بنەمای هاریکاری چۆنی) بەرجەستە دەبێت، دوور نییە بنەمای دیکەش بتوانرێت بەکاربهێنرێت، چونکە شتێکی زیادی زیانبەخشی لەزانیاریی و هەست دەربڕین و پێویستی لای خوێنەر تێدا نییە، بەڵام کە (،) دانراوە جۆرێک لەزیادە خستنە سەر ناونیشانەکەی تێدایە. چۆن؟ با بۆتان باس بکەم. (من) لێرەدا ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی نووسەرە، یان بەکارهێنانی بەشێکە لەدەستەواژەیەکی نێو ئێزدیەکان، کە وەکو (پاڕانەوە و دەرخستنی سۆز و هاوار بۆ پاڵپشتی

لێقەوماوان) بەکاردێت. مەبەستم ئەوەیە (شنگال) بەتەنیا دەیتوانی واتایەکی تەواو، بەرفراوان بێ ئەوەی هیچ (سۆز و بۆچوون و نەستێکی خودی قسەکەری تێدا بەرجەستە بکرێت) بەکاربهێنرایە.

لەم لێکدانەوەیەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم، کە دەقنووس کارێکی هەڵە و نەشیاوی کردووە، من لەڕوانگەی شیکردنەوەی زمان سەیری دەکەم، ئەگەر (،)ەکەی لەگەڵ نەبووایە ڕەنگە واتا و مەبەستێکی خێراتری بێ وەستان و هەناسەدانی دروست بکردبایە.

دەوروبەری بەکارهێنانی ئەم ناونیشانە (دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی، مرۆیی، دەروونییە). مەبەستمان لەم شێکردنەوەیەدا ئەوەیە بڵێین بەرگ و ناونیشان هاوشانی دەق کاریگەرییان لەسەر وەرگر هەیە. بەکارهێنانی وشە لەنێو ناونیشانی بەرگدا بایەخێکی گەورەی هەیە، ژمارەیەک واتا لەدروستکردنی فکرەی دەقەکە درروست دەکات و هاوکارێکی چالاکیش دەبێت لەچنینی گشتی گێڕانەوەی دەقەدا. هەروەها جۆرێک لەڕیکلام و بەبازاڕکردنیش دەگرێتەوە. ( سعید یقطن، ٢٠٠١، ١١٤).

ناونیشان (نیشانەیەکە لەنێو نیشانەی فراوانتردا. ناونیشانی کتێب وەکو ناو وایە بۆ شتێک، پێی دەناسرێتەوە و لەسایەیدا بڵاودەبێتەوە، دەلالەتی لێوە دەکات، شکۆی کتێبەکەی هەڵدەگرێت. لەمەش پتر ناونیشان دەقێکی ئاماژەیی چڕ و کورتکراویە، بۆیە سیمیۆلۆجیا بایەخی زۆر بەشیکردنەوەی

دەدات بەو پێیەی سیستەمێکی سیمۆلۆژیی خاوەن ڕەهەندی دەلالی و ڕەمزییە). (سەرباز مەجید محەمەد، ٢٠١٩، ١٠٣-١٠٧).

بەرگ جۆرێکە لەڕیکلام و هاندان و گەرمکردنی بازاڕی (فرۆشتن و خوێندنەوە) لای خوێنەر. ناونیشان و وێنە و نیشانەکانی دیکە هێمان بۆ گەیاندنی فکرەی سەرەکی دەقەکە. کاتێک دەقی شەنگال دەبینین، لەم کات و شوێنەی ئێمە دەقەکەی تێدا وەردەگرین، یەکسەر و ڕاستەوخۆ بیرمان بۆلای ڕووداو و کارەساتەکانی کوردی ئێزیدی دەچێت، کە داعش بەناوی ئیسلام وەکو قڕکردن ئەنجامی دا. واتە ناونیشان دەمانبەستێتەوە بە (بیرۆکە و بابەت و ڕووداو و گریمانە)ی نێو گوتاری دەقەکە.
ئەم ڕۆمانە لەچەند بەشێک پێکهاتووە، لەهەر بەشێکدا ناونیشانێک هەیە بەم جۆرە (چەترێ لە هەنجیر)، (مارە ڕەشەکە کەشتی ژیان)، (کزربوونەوەی ئادەم و حەوا)، (دیرۆک بن پەنجەی ڕۆژ)، (خۆر لە فرەهات خۆی دەشوات)، (شمشیر بە دەست خۆشەکردن بە خۆڵی بیابان)، (تەنبور فڕین بەلاوکەوە)، (لێرەوە نیوەی دنیا)، (روانەوە چوارشەما سۆر)، (سوێندی خودێ هەنجیر و زەیتوونی شنگالێ)، (سالحۆ و کەژێ تیتلەکناچەی سەر زێ)، (ئەز ئێزیدیمە ئەز بەهەشتیمە)،(کریڤۆ، خایەنۆ بە کۆتربوونی زارۆ)، (خڕ ڕێبییەکان دەچنەوە چل مێرا).(چل چلەی زستانێ، چلەی هاوینێ بۆ زەوی)، (گوڵەشلێرە گوپەکانی پڕ قسەن)، (هایێ کەزی زەر).
ئەمانە ناونیشانی بەشەکانی ئەم ڕۆمانەن، ناونیشانەکان پەیوەندییەکی ڕیشەییان بە (دیرۆک و ڕووداوە مێژووییەکانەوە

هەیە، وابەستەی فکر و بۆچوون و کەسایەتی و کەلتوور و کێشەکەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدین، ناونیشانەکان پەیوەندییان بەتێڕوانینی توندڕەوانە ئیسلامی دژ بە ئێزدیەکان هەیە.. ئەم ناونیشانە دەکرێت هەر یەکەیان چیرۆکێکی کورتی سەربەخۆ بن، لەهەمان کاتدا چەند بەش و کێشە و ڕووداو و بەسەرهاتی بەیەکەوە بەستران، توند بەیەکەوە بەستران)، بەجۆرێک تێکەڵبوون و یەکترییان بەتوندی بەستۆوتەوە، دەرفەتی جیاکردنەوەی هەناسەی بەشەکان نەماوە.
ناونیشانی سەرەکی دەقەکە بە شەنگال و هایێ ل من دەست پێ دەکات و دواین وشە و دەربڕین و ئاماژەش بە (هاییییێ لە من) کۆتایی دێت. واتە بەیەک بەستنەوەیەکی پتەو لەنێوان دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی دەقەکە هەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە دەقنووس وەستاکاری و بیرۆکەی ئەندازیارانەی لەدەستپێکردن و کۆتایی هێنانی دەقەکەدا ئەنجام داوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە دەڵێت: (ئێزیدی هیچ نووسراوێک لەدوای خۆیان بەجێ ناهێڵن) ئەمەشەی لەکەسایەتی نیمچە خەیاڵی (کەژێ) و ونبوونی دەفتەرەکەی پیشان داوە. ونبوونێک، کە پەیوەندییەکی بەکردەیەکی خەیاڵی، میتۆلۆجی و ئەفسانەییەوە هەیە.

## ٣- ٧ سەرچاوە و ئەنجام (لێکەوتنە)

لەهەر دەقێکدا سەرچاوە بنەمای کۆکردنەوە و زانیاریی و دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتەیە, کە دەق دەیەوێت بەکاری بهێنێت، سەرچاوە ئەو دەستپێکەیە لەڕێگەی دەق بەکار دەهێنرێت و ئەرکەکانی تێدا دابەش دەکرێت: (ئەرکی زمان و واتا و بەکارهێنان و مەبەست و پەیوەندیکردن و کات و شوێن و کەسایەتییەکان).
زانای بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتی (هدسون) لەبارەی سەرچاوە و فرە ڕەهەندی لە بەکارهێنانی زمان و دەقدا دەڵێت: (بۆ ئەوەی وێنەی سەرچاوەی جیاوازیی لەنێوان کەسەکان تەواو بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هەمەلایەنی ڕەهەندەکان، بەڵگە هەیە، کە هەموو لایەک لەتێڕوانینی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا لەهەمەلایەنی ڕەهەندەکان دەڕوانن. (د. هدسون، ١٩٩٠، ٢٦).

سەرچاوە، دەکرێت دێری یەکەمی ئەو دەقە بێت، هەروەها ئەنجام و لێکەوتەش دێری کۆتایی دەقەکە بێت. سەرچاوە دەکرێت (هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و ناونیشانەکە بێت)، دەکرێت (گەڕانەوە بۆ هۆکاری سەرهەڵدانی ڕووداوەکان و گێڕانەوەی خودی بابەتەکە) بێت، دەکرێت (خودی نووسەر، یان وەرگرەکانی دەقەکە) بێت. دەکرێت سەرچاوە (مێژوو)ییەکان بێت، یان (هەستونەست و هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانین و بیرەوەری و وێناکردنەکان) بن.

ئەم دەقە بەمجۆرە دەستی پێکردووە: (لەبەری ڕۆژەوە دێ، بە دەرگای رۆژدا هەڵدەگەڕێ، ئەو دەرگایەی ئەسکەندەری گەورە، لە چیای شنگالی کردەوە، وەک دەڵێن هەوکەشپێوە، شوێن سمی ئەسپەکەی وی پێوە، ئەو ژنە لە گرتەی ئاسمانێوە، رۆیینەکەی کتومت تاوسە، بەشنگالدا هەڵدەزەنێ و دەکەوێ و قیتدەبێتەوە، تا گەیشتە بن چل مێرا، حەفتاو و چەند جارێ کەوت و هەستایەوە).

ئەم وشانە، یان وەسف و گوزارشت و گێڕانەوەیە سەرچاوەن بۆ دەستپێکردنی دەقەکە و بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان، لەنێو ئەم وەسفانەی لەم دێرە یەکەمانەی دەقەدا، ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆری (شت، بیروبۆچوون، پێگەی کۆمەڵایەتی، هێرشەراکن و پاشماوەکانیان، بیروڕای ئایینی، مێژووی فەرمانەکان، کەسایەتییە جێگە متمانەکانی ئایینی ئێزیدی، تاووس، شاخی شەنگال، هەستانەوە و کەوتنی یەک بەدوای یەک... تاد). ئەمانە هەر یەکەیان و شتەکانی دیکەش هەموویان سەرچاوە بۆ بابەت و ڕووداو و کێشەی بەردەم ئێزدیەکان. سەرچاوەی باسەکە (ئافرەتێکە لەخەیاڵدا هات، بەڵام لەخەیاڵ و هزری مێژوودا دێت، لەهەمان کاتدا ئەگەر خوێنەر و وەرگر هەستەکانی خۆیان بەلاوە بنێن، وەکو کەسێکی هەقیقی دەردەکەوێت، کە نموونەی ئافرەتێکی ئازاردراوی، ئازای قایمە). لەم دەقەدا مێژوو بریتییە لەو گێڕانەوە زیندوو هەقیقیانەی ڕووداوە مەترسیدارەکان وکو سەرچاوەیەکی گرنگ ئاماژە دەکرێت، بەشێکی هەرە زیندووی بابەت و ڕووداو و تەنیا مەبەستەکانی نێو دەقەکەشە. ئافرەتێک لەخەیاڵدانی مێژوودا

وێناکراوە، دەژیت. کارەکتەری سەرەکییە، کە دواتر بە (کەژێ/ کەزی دەرد) دەناسرێت.

ئافرەت و ڕۆژ و دەرگا و ئەسکەندەر و چیای شەنگال و شوێنەوار و ئەسپ و تاووس و ڕووداوی کەوتن و هەڵسانەوە و حەفتا و چەند فەرمان و شتەکانی دیکەش ئاماژەی سەرچاوەن، پەیڕەو کراوی بنەماکانی هاریکارین لە شیکردنەوەی پراگماتیکیدا، چونکە ئەمانە زۆر بەکورتی، بەتەنیا وشەیەک باسی زانیاری و بابەتی گرنگ و گەورە و بێ کۆتایی دەکەن. لەم پێشەکییەدا، کە سەرچاوەی دەستپێکردنی دەقەکەیە، ژمارەیەک (کەرەستە و بابەت و ڕووداو و کەسایەتی و بیرەوەری و بیرهێنانەوە و گێڕانەوە و کارەسات و مێژوو، شوێن و کات و کارتێکردن و بەرەنگاری و مانەوە و کەوتن هەڵسانەوە .. تاد) هەیە، کە نیشانەی کۆمەڵایەتی، ئەرکی زمانەوانی و پەیامی گوتاریان لەخۆگرتووە. لەم سەرەتایەدا (کەسێک بە ڕۆژ) دەچووێنرێت و لەخەیاڵدا وێناکراوە، بەڵام ئەو کەسە دەکرێت هەموو کچێکی ئێزدی زۆرلێکراوی قڕکراو بێت. (کەریم کاکە) ئافرەتێکی کردۆتە سەرچاوەی بابەتەکەی خۆی لەنێو دەقدا، ئافرەتێک وەکو (ڕۆژ و دەرگای سەر چیای شەنگالە). هەڵبژاردنی ئافرەت، هێما و سیمبول و نیشانەیەکی سیمیۆلۆجیی گرنگە بۆ (بەدیلگرتن و کۆیلەکردن و فرۆشتنی ئافرەتی ئێزدی لەبازارەکانی داعشی ئیسلامیدا) و هەروەها نیشانەیەکی سیمیۆلۆجی کۆمەڵایەتیشە کە (دەستبردن بۆ ئافرەت و منداڵ) پێشێلی تەواوی ئەخلاق و یاسا ئایینی و مرۆیی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانە، جونکە

ئافرەت هێما و نیشانەیی (لاشەڕی و بێتاوانی و بێهێزی و سەرچاوەی ژیان و بەخشندەیی و نەرمی و جوانی و لێبوردەییە). لەشیکردنەوەی دەقەکە دەگەیەنە سەرچاوەی بیرکردنەوەیەکی قووڵ، کە ئەو ئافرەتە دەبێتە هێما و ڕەمزی زولملێکراوان، ئەو زولمانەی دژی ئافرەت و منداڵی ئێزیدی بەدرێژایی مێژوو ئەنجام دراوە. لەم دەقە و لە دەقە مێژوویەکانیشدا ئەوە ساخ بۆتەوە داگیرکەران و رقهەڵگرتووانی ئایینی پیاوەکانی ئێزیدیان سەر پەڕاندووە و کچ و ئافرەت و منداڵەکانیشیان وەکو کۆیلە و کەنیزەک بەدیل گرتووە و فرۆشتیانن و کراونەتە کەرەستەی (لەزەت و سوکایەتی و نزم سەیرکردن) لەلایەن ئاییندارانی ئیسلامی توندڕەوی داگیرکەر.

ئەم سەرچاوەیە مەبەستمان هەوەلین پەرەگرافی سەرەتای دەستپێکی ئەم دەقەیە، نزیکەی (چل وشەیە)، بەڵام کارەستای چل هەزار ساڵ، چل سەدە و (چل مێرا) و چل شوێن و چل سەد کات و ڕووداومان بۆ دەگێڕێتەوە.

لەم وەسفەدا سەرچاوەکە کردە قسەی (وەسفکردن، نمایش، زانیاری و هەواڵگەیان و گێڕانەوە و گەڕانەوە بۆ بیرەوەری و نمایش وپەیوندیکردن و بەیەکەوەبەستن)ی تێدایە. بنەمای هاریکاری ئاخاوتنی تێدایە. (لەڕووی چەندی و چۆنی) بەوردی زانیاری و بابەت و وێناکردنەکانی پیشان داوە، چونکە زۆر بەکورتی دەڵێت (لەبەری ڕۆژەوە دێ، بەدەرگای ڕۆژدا هەڵدەگەڕێ) ئەمە زانیارییەکی کورت و پوختە، گوێگر هەر تەنیا بەم برە زانیارییە، بەم بەشە پێویستەی مەعریفە تێ

دەگات کە (پەیوەندی نێوان ڕۆژ و کچ، ئێزیدی و ڕۆژ) پەیوەندییەکی پتەوی ئیمانداریییە.
پێمان دەڵێت بەکورتی و پوختی بێ زیادە گوتن و وەسفی بێزارکەر هەر هێندە زانیارییە بۆ خوێنەر لەوشەی یەکەم دەستپێکی بابەتەکە بەسە، کە ئاماژە بە (ڕۆژ) وەکو تەوەرەی سەرەکی بابەتەکە دەکات، ئەمەش سەرچاوەی بنەڕەتی بیرکردنەوەی ئێزدیەکانە. سەرچاوەی هۆکاری بنەڕەتی ڕقوقینی دوژمنەکانی ئێزدیەکانیشە، سەرچاوەی ژیان و بوون و پێشکەوتن و گەشەکردنی سروشتییە، هێمای ئایینی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێزدیەکان، خواوەندی هاوبەشی نێوان کەلتور و ئایین و مێژووی کۆنی بابلی و سۆمەری و زەردەشتی و ئێزدیەکانە.
(ئەسکەندەر) تەنیا شوێنی تێپەڕینی ئەسپەکانی لەو ناوچەیە دەمێنێتەوە، بیرەوەرییە، گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانە. چیتان پێ بڵێم ئەوەی خوێنەر و وەرگر بەپێی بنەمای هاریکاری لەنووسەر چاوەڕوانی دەکات، ئاماژەکردنە بەکوشتار و کارەساتی ئافرەت، کەچی بەپێچەوانەوە نووسەر ئەم کارەکتەرە ئافرەتەی بە(تاووس) چوواندووە و پێوانەکەی لەسەر بنەمای (بەستنەوە بەسەرچاوەی ئیمان و دژایەتی دوژمنەکانی ئێزیدی) بەرێوە بردووە. بەکورتی و ڕاستگۆیانە و بەدروستی دەربڕینی هەموو شتەکان لەیەک وشەی (تاووس)دا کۆ دەکاتەوە. پەیڕەوی بنەمای پەیوەندی کردووە، دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی نێوان کەسایەتی و کێشەی (مەلەکی تاووس) و تێڕوانین و کاردانەوە بنەڕەتییەکان باس بکات، لەهەمان کاتدا

لەڕووی واتاوە جۆرێکە لەلادان لەبنەمای هاریکاری، چونکە خوێنەر چاوەڕوانی گوتن و وەسف و زانیاری دیکەی لێ دەکات، بەڵام دەقنووس وەستاکارانە بەکورتی تەنیا بەیەک وشەی (تاووس) دونیایەک بابەت و باسی لەم وەسفەدا کورتکردۆتەوە. وەسفەکە (هەقیقیە، ڕاستگۆیانەیە، دروستە و پوختە و درێژدادڕی تێدا نییە). دەکرێت بڵێم بنەمای (چەندی و چۆنی و پەیوەندی و تەنیا شێوەش)ی تێدایە. ئەمە دەسەڵات و هێزی دەربڕینی زمان لای دەقنووس پیشان دەدات، نەک نیگەرانی و کەمکردنەوەی بەهای گوزارشت و وێناکردنەکە.

دیسان (تاووس) سەرچاوەیە بۆ زهن و بیکردنەوە و ئایین لای ئێزدیەکان، کاردانەوە و ڕقلێبوونەوەیە لای دوژمنەکانی ئێزیدیش، هۆکارە بۆ ئەوەی فەرمانی قڕکردنی ئێزدیانی پێ بدەن، تاوانباریان بکەن و درۆیان بۆ هەڵبەستن. لەم دەستپێکە، کە هەم سەرچاوەی دەقەکەیە، هەمیش دەبێتە ئاماژە بۆ سەرچاوەی بابەتەکە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و وەسفکردنی ئەو مەبەستانەی دەبنە سەرچاوە بۆ کردنەوەی دەرگا بەڕووی دەیان بابەت و ڕووداوی دیکە، دەکرێت بچینە دونیایەکی پڕ لەوێناکردنی مرۆیانە، ململانێی سەخت و ئازار و بەکۆیلەبردنی ئافرەت و قڕکردنی کوردە ئێزدیەکان .

لێکەوتە، یان ئەنجام و هەڵێنجانی کۆتایی دەقەکە بەم جۆرە هاتووە: (دوای کەمێکیتر، سە سپی، حەو و باڵگرتنی دووبارەکردەوە، ئەو جارە زوو گەڕایەوە، چەند جارێ و ڕۆیشت و گەڕایەوە، بەرانبەریان هەڵتووتکا، سەری شۆڕکردەوە، چاوەبەرەژێری پێوە دیار بوو، حەو حەوێکی کرد لە گریانی مرۆ

دەچو، گوڵەشلێرە لەگەڵی گریا، هەشتسمێڵ بە دوای ویدا، کوڕی ڕوو بەماچ لەگەڵ ئەو تەنبوورەی لە هەموو لایەکەوە دەهات:

# هایێ، هایێ، دە هایێ
شنگال ل من هایێ
کەزی زەرێ..

هەموو لێیان وەرگرتەوە، سە سپیش بە ئاوازەیێ دەیقووسکاند، لەگەڵ هاییێی گوڵەشلێرەوە و سەر بادان و جولانەوەی هەشتمسێڵ ڕێک دەهاتەوە:
هاییێێ، ها ... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٣١).

ئەمە کۆتایی دەقەکەیە. ئەنجامەکەی (مانەوەی دەنگی تەنبورە، واتا مانەوەی متمانە و بڕوا و ئایین و کەلتوری ئێزدیەکانە، ئەمە یەکێکە لەمەبەستە بنەڕەتییەکانی نێو ئەنجامی دەقەکە، ئەمە لێکەوتەی سەرەکییە). بەڵام (تەنبورێکی غەمبار و پڕ لەپاڕانەوە و پیاهەڵدان و ئازاربەخش و سۆزداری تەژی لەدۆخی دەروونی کەسانێکی (بێ چارەی ئابلوقەدرای بێ کەسی تێکشکاوە). یەکێکی دیکە لەئەنجامەکان دیار نەمانی (کەزی زەر کەژێ، کچی ڕۆژە)، ون دەبێت. لایەنێکی دیکە (سمێڵ)ە کە یەکێکە لەهێما ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێزدیەکان. لەوەش کاریگەرتر، کە ڕەنگە خوێنەر ڕەچاوی نەکردبێت، ئەو لادانەیە، کە (سە سپی) ئەنجامی دەدات، ئەو شتانەی ئەنجامی دەدات لەدواین

دێڕەکانی نێو دەقەکەدا (هاتن و چوونی زۆری سە سپییە، گەڕانەوەیە بە چاوی بەرەو ژێر، واتە شەرمەزاریی، بەدوای شتێکدا چووە و نەدیدۆزیوەتەوە. گریانی سەگی سپی، نیشانەی ئەوەیە گیانەوەرەکانیش گیانی (دڵنەوایی و تێگەیشتن لەئازارەکانی دوای فەرمانی قڕکردنی ئێزیدیان و ڕووداوەکانی تێدایە، کەچی مرۆیە دڵڕەقەکان وا نین. گیانەوەر دێتە زمان، بە زمانی هێما و دەربڕینی دەنگی (حەو) و جووڵەی (هەڵتوتکان و هاتن و چوونی بەردەوام و سەر شۆڕکردنەوە) ژمارەیەک واتای دەروونی و هەڵوێست و بەراوردمان پیشان دەدات.

(گریان) کۆتایی دەقەکەیە، کە هەر ئەو (گریانە)یە لەکۆتاییەکەدا بەکراوەیی هێلراتەوە، واتە (خەم و ترس و نیگەرانی و ئازارەکان بەردەوامن). (گریان) بەشێکە لەچارەسەری دەروونی خودی لای کەسێک، کە (دەسەلاتی بەسەر شتەکاندا ناشکێت، لاوازترە لەبڕیار و حوکم و یەکلاکردنەوەی ڕووداوەکان)، (کەسێکی ئازار چەشتوو) (کەسێک لەبارێکی دەروونی نائارامە و لەژێر فشارە).. (تەنبور گوتمان نیشانەیەکی کۆمەلایەتی و ڕۆحی سیمیۆلۆجیاییە) بۆ مانەوەوە و بەردەوامیی، بەلام بەشێوەیەک کە هەمیشە (هایێ هایێ) وەکو نیشانەی دەنگێکی خەمبار دەنگ دەداتەوە و کۆتایی نایێت.

ئاماژەمان بەوە کردووە ئەو بنەمایەی هاریکاری لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەیە زانیاری دەربارەی بابەتێک، ڕووداوێک، کەسێک، بیرۆکەیەک، وەسفێک بەدەست بهێنێت. لەم نموونەیەدا:

# آ- سەعات چەندە.

ب- نوژی بەیانی نەبووە.
ئەمە لادانێکی تێدایە، چونکە وەڵامەکە پەیوەندی بەپرسیارەکەوە نییە، واتا لەبنەمای هاریکاری پەیوەندیی لایداوە. بەڵام ئەوەی گرنگە گوێگر بەو هەستەوە دێتە ناوەوە، کە قسەکەر بنەماکان پەیڕەوە دەکات، بەڵام لەم جۆرە لادانەدا بنەماکان بەتەواوی پشتگوێ نەخراون، گوێگر وای لێدێت بەدوای مەبەستی تر لەنێو ڕستەکەدا ، یان گوتنەکەدا بگەڕێت، واتە گوێگر ئەنجامێک (لێکەوتە) بەدەست دێنێت، بۆ ئەوەی بگاتە ئەم لێکەوتەیە پێویستی بەزانیاری هەیە، وەک زانیاریی هاوبەش و زانیاری کەلتوور و.. تاد. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٢١٥).

ئەمەش سەرەتایەکی دیکەیە بۆ بەدیهێنانی کردەی تێگەیشتن و هەڵێنجان، کە پەیوەندی نێوان قسەکەر و وەرگر لەچوارچێوەی ڕاپەڕاندنی گوتارەکە دەباتە ئاستێکی متمانەدار، یان بێ متمانەیی. یان کەسێکی دروست لەشێوە پەیدا دەکات، یان دەبێتە لادان لەمەبەست، بەئامانجی، لاوازکردن و دواخستنی کردەی تێگەیشتن لای وەرگر، یان گەیاندنی زانیاری پێچەوانە، یان فریودان و خەڵەتاندن.
ئەرکی شیکردنەوە دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەیە، کە بوونەتە سەرچاوەی بۆ تێگەیاندنی (وەرگر و خوێنەر). (کەریم کاکە) دەیەوێت هاریکاری خوێنەر بکات، لە دۆز و ئازار و مێژووی

ئێزیدیەکان بگات، لەم دەقەدا تەنیا ئەو بڕە زانیارییە پێشکەش دەکات، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا پێویستی پێ دەبێت، یان لەبیرکردنەوەیدا پشتی پێ دەبەستێت.

**٢- ٨ تێگەیشتن (هەڵێنجان)**

یەکێک لەبوارە گرنگەکانی گوتاری دەقە چۆنیەتی تێگەیشتن و هەڵێنجانی ئەو ئاکامانەیە لەئەنجامی لێکەوتەکانی زمان و بەکارهینان لەدەوربەری کۆمەڵایەتی بەرهەم دێت. تێگەیشتن پەیوەندی بەشێوازی بەکارهێنانی زمان لەلایەن نێرەر و چۆنیەتی وەرگرتنی بابەتەکە لەلایەن وەرگرەوە هەیە، بێگومان چۆن سەرچاوە فرە ڕەهەندە، تێگەیشتنیش بەهەمان شێوە فرە بوارە.

تاک هەر بەتەنیا ئامێری وێنەگرتنی کۆمەڵایەتی نییە، وێنەکە بەشێوەیەکی ورد و هەقیقەتی ڕابردوو لەنێو نموونەی وێنەی وێنەگیراوەکەدا پیشان بداتەوە، یان هەمان ئەو شێوازە بێت، کە ئامێری تۆمارکردن دەیکات. لەبەر ئەوە دوو کەس گوێیان لەقسەکانی یەک کەس دەبێت، بەڵام بەدوو ڕێگای جیاوازی پێی کاریگەر دەبن. بۆ نموونە دوو کەسی ئەمەریکی و بەریتانی سەیری هەمان فیلمی ئەمەریکی دەکەن، هەقیقەتی جیاواز لەزمانەکەی فێر دەبن. لای بینەرە ئەمەریکییە قسەکردن لەبارەی چۆنیەتی قسەکردنی سپی پێستە هەژارەکانی ئەو پەڕی خوارووی ئەمەریکا هەقیقەتێکی نوێیە، بەڵام بەریتانیەکە

وای دەبینێت ئەمە تەنیا هەقیقەتێکی نوێیە لەبارەی ڕێگەی قسەکردنی ئەمەریکییەکان. (د. هدسون، ١٩٩٠، ٢٦).

ئاماژەکردن بەم بۆچوونە بۆ ئەوەیە، بزانین کە تێگەیشتن لە گوتاری دەقەکەی (کەریم کاکە)دا لای کوردێکی موسلمان جیاوازە لە کوردێکی ئێزیدی، هەروەها تێگەیشن لەدەقەکە لەئەنجامی شێوازی نووسینەکە ڕەنگە لای کوردێکی هەولێر ئاسانتر بێت، لەلای خوێنەرێکی خەڵکی سلێمانی. ئەمەش بەهۆی تێکەڵکردنی (شێوە زاری ئاخاوتنی سۆرانی و بادینی).
نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان شیکردنەوەی پراگماتیکی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی و کارەکی هەیە، چونکە ئەمانەش پشت بە بەکارهێنان و دەوروبەری کۆمەڵایەتی دەبەستن. هیچ زمانێکیش بێ بوونی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بژیت. زمان بوونێکی کۆمەڵایەتییە، هەر قسەکردنێکیش بریتییە لەگوزارشتی هەمەلایەنە لەدۆخی کۆمەڵایەتی ئاخێوەر و بەکارهێنەرانی زمانەکەدا.
لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) ئەم دەربڕینە بەکارهێنراوە:

# کوژاندیەوە و خستیەوە ناو توورەگەکەی (مەبەستی ڕادیۆیە/ غازی):
دیرۆکزان بە تەوسەوە:
ئایینی پێکەوە ژیان! (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٨).

پێگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەرگر و خوێنەر بڕیار لەچۆنیەتی تێگەیشتن و هەڵێنجانی واتای ئەم دەستەواژەیە دەدات. خوێنەرێکی موسڵمانی گەنج، ڕەنگە جیاواز بێت لە موسڵمانێکی پیری دونیا دیدە. خوێنەرێکی دیموکرات و مۆدێرن، کە بڕوای بە پێکەوەژیانە، جیاوازە لە خوێنەرێکی داخراوی بەرچاوتەنگ. وەکو چۆن وەرگرێکی ئێزیدیش بەپێی پێگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەکەی تێگەیستنی جودای بۆ ئەم دەقە دەبێت، یان بەواتایەکی دیکە کەسێکی خوێندەوار جیاوازە لەکەسێکی نەخوێندەوار.

تا لەسەر زاری دیرۆکزان دەڵێت:

# ئەوەی لەشکری ئاڵای ڕەش دەیکات، تازە نیە، فەرمان و فەتوای بەغدادی لە دەرێی ئایینەوە نەهاتووە، دیرۆک، سەد، تۆ بڵێ هەزار بەغدادی تێدایە... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٨).

تێگەیشتن و هەڵێنجان ڕووداوەکان لای (دیرۆکزان) جۆرێکە، دیارە (دیرۆکزان) وەکو (سەرچاوە) و (بەئاگا لەڕووداوە مێژووییەکان، کەسێکی هێمن و دووربین) بەکارهێنراوە. هەروەها لای (نێرەر/ نووسەر) دیرۆکزان کەسایەتییەکی ئەرێنی و جێگەی متمانەیە، قسەکانی بەوردی و قووڵی و پڕ لەواتا دەردەبڕێت، بەڵام مەرج نییە لای وەرگر بەلای کەمەوە هەموو وەرگرەکان ئەم دیرۆکزانە هەمان ئەو واتا و مەبەست و هێما و نیشانەیە بگەیەنێت، کە نووسەر مەبەستییەتی. لەهەمان کاتدا (قسەکانی) لای خوێنەرەکان ئاساییە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ

بکرێت. نابێت لەبیری بکەین تێگەیشتن پەیوەندی بەدۆخی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، چونکە بەکارهێنانی زمانی دەق و زمانی گوتار و مەبەستیش پەیوەندی بە ڕۆشنبرییەوە هەیە، چونکە (ڕۆشنبیریی یەکێکە لەگرنگترین تایبەتمەندییەکانی) ئەم بوارە. (د.هدسون، ١٩٩٠، ٢٠).

مەبەستمان لەم شیکردنەوە ئەوەیە وەکو لەنێو دەقەکەشدا هاتووە هەندێک کەسی کوردیش هێرش دەکەنە سەر ئایینی ئێزدیەکان لەژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی باوی ئیسلامی سیاسی دان، وەکو چۆن هەر لەنێو دەقەکشدا هەندێک لە ئێزدیەکان تەنیا خۆیان بە ئێزیدی دەزانن، نەک کورد. ئەمانە هەر هەمووی پەیوەندی بەکەلتور و دۆخی ڕۆشنبیری، هەروەها بەکاردانەوە لەتێگەیشتن و هەڵێنجانی بابەتەکە هەیە. ئەم دۆخە لای وەرگر و خوێنەریش ڕەنگ دەداتەوە. (وەرگری ئێزیدی و وەرگری کوردی موسڵمان، کوردی دیموکرات و مەدەنی، کوردی نەتەوەپەرست، کوردی ڕادیکال و کوردی خوێندەوار و کوردی نەخوێندەوار.. تاد) لێکدانەوەی جیاوازیان دەبێت. هەر کاتێک بمانەوێت باس لەئاست و ڕەهەندەکانی تێگەیشتن لەمەبەست و خواستەکانی گوتاری دەق بکەین، دەبێت ئاماژە بە(ئاست و شێوازی بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنان و کارتێکردن و درککردن و بەرهەمهێنانەوەی خودی گوتارەکە) بکەین، کە ئەمانە لەچوارچێوەی کردەی پەیوەندیکردنەوە ئەنجام دەدرێن.

لەشیکردنەوەی پراگماتیکیدا پشت بەکردەی گونجاون و نەگونجان دەبەسترێت، بۆ نموونە (جۆرج یۆڵ) لە نموونەیەکدا دەڵێت:

# تۆ پێنج ڕۆژ بێکاری، دەتهەوێ چی بکەی؟

گوێگر ئەم قسەیە دەستبەجێ وەکو لەکاردابڕانی خۆی لێکدەداتەوە (نەک پشوودان). ئەوەی بەپێی کلێشەی کەسێک پەسندە لەوانەیە بەپێی کلێشەی کەسیکی دیکە ناپەسند بێتە بەرچاو. (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٢٤).

قسەی دیرۆکزانیش ڕەنگە لای یەکێک پەسن بێت، لای یەکێکی دیکە بەجۆرێکی دیکە لێکبدرێتەوە. هەیە پێی وایە ئەم قسەیە بۆ سەرجەم ئیسلامە، ئەمەش کارێکی نەشیاوە، هەیە بەپێچەوانەوە پێی وایە قسەیەکی شیاوە. هەشە پێی وایە پەیوەندی بەکاردانەوەی دەروونی و دەوروبەری ئەو ساتەوە هەیە، کە قسەکەی تێداکراوە. نەخێر هەیە پێی وایە قسەیەکی لۆجیکییە، هەیە پێی وایە دەمارێکی کاردانەوە و توندگوتنی تێدایە، هەشە پێی وایە قسەیەکی ڕەوایە و ئەگەر دۆخ و کات گوتنەکەشی سەخت بێت، بەڵام ئاساییە و دروستە. بە واتایەکی دیکە ئەوەی کێشە لەبەردەم تێگەیشتن دروست دەکات (مەسەلەی بەکارهێنانی قسەکردنە لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا). (د. هدسون، ١٩٩٠، ٢٣).

**٢-٩ بەکارهێنانی زمان**

مەبەست لەبەکارهێنان چییە، ئایا لەزماندا وەرگر بۆ وەسفکردنی هەندێک کەس و شت، یان دۆخ و فکر و پێکهاتە و ڕووداو پێویستی بەچ جۆرە وەسفێک دەبێت، تاکو لەڕێگای بەکارهێنانی شێوازی گەیاندنی مەبەستەکەی، پەیامی گوتارەکەی بگەیەنێتە وەرگرەکانی. لەم دەقەدا لەتەک بەکارهێنانی دانەپاڵ لەڕێگەی ئاوەڵناوی (فلان و فیسار)ەوە، بەکارهێنانی ئاماژەیش، بۆ سەرنجڕاکێشان بەکارهێنراوە. بێگومان ئەمە تەنیا دوو ئامراز و کەرەستەی بەکارهێنراوی نێو دەقەکە نییە، بۆ سەرنجڕاکێشان شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش هەیە، شێوازی (گێڕانەوە و سەرنجڕاکێشان و هوشداری و وریاکردنەوە و ڕێنوێنی و پاساوهێنانەوە و بەکارهێنانی ڕووداوە مێژوویەکان)یشی تێدا بەکارهێنراوە، بۆ ئەوەی وەسفی (ڕووداوێک لەڕابردوو، پێشهاتێک لەئاییندە و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەک لە ئێستادا) بکرێت، وەسفی کەسایەتییەکی (کارامە و خێر، یان شەڕ و داتپەیو) بکرێت، وسفی (شوێنێک پیرۆز، بەخشندە، بەپێز، خاوەن پێگەی ئایینی و سیاسی و جوگرافی و ئارام، یان بەپێچەوانەوە) بکرێت. وەسفی (بیروباوەڕ و زهن و وێناکردن و هەستی دەروونی و ناخی کەسەکان و کێشەی بیرکردنەوە و گرفتی دەروونی مرۆڤ و هەتا گیانەوەرەکانیش) بکرێت. وەسفی کارەساتی مرۆیی بکرێت.

لەم بوارەدا دەکرێت ژمارەیەک زۆر کەرەستە و شێواز و هۆکار و ئینجا ئەنجام و کارتێکردن و پەیوەندی و جووڵاندنی هەستونەست ئامازە پێبکەین.

(جۆرج یۆل) لەباسی شیکردنەوەی پراگماتیکدا ئامازە بەدوو جۆر بەکارهێنان لەنێو دەقدا دەکات، کە پەیوەندییان بە بەکارهێنانی وەسفکردنەوە هەیە، ئەوەشی بە بەکارهێنانی دانەپاڵ و بەکارهێنانی ئامازەیی داناوە، بەو واتایەی قسەکەرێک وەسفکردنێکی دیار بەشێوەی دانەپاڵ بەکاردێنێت، شتێکە لەبارەی کەسێک، یان شتێکەوە دەردەبڕێت، کە گوایە فلان و فیسارە.

لەلایەکی دیکەشەوە قسەکەرێک بەشێوەیەکی ئامازەیی وەسفکردنێکی دیار بەکاردێنێت، کە دەرفەت دەدات بەگوێگرەکانی تاکو کەسێک، یان شتێک ، کە ئەو لەبارەیەوە دەدوێت، بناسن و دوایە ئەویش خۆی شتێک لەبارەی ئەو کەسەوە، یان ئەو شتەوە دەڵێت. لەیەکەمیاندا لەڕووی پێویستەوە شتێک دەڵێت، کە شایانی وەسفکردنە، ئەوەی دیکە تەنیا ئەنجامدانی کارێکە، واتە ڕاکێشانی سەرنجی کەسێک، یان شتێک. ( جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٥٣).

## ٢-١٠ شیکاری بنەماکانی هاریکاری

هەڵبژاردنی بنەمای هاریکاری و لێکەوتەکانی ئاخاوتن بۆ شیکردنەوەی دەقی (شنگال، هایێ ل من) پەیوەندی بەهەندێک بوار هەیە، کە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقێکی ئەدەبی، دەقێک کە پشت بەبنەمای (گێڕانەوە و وەسف و گفتوگۆ و قسەکردن/ ئاخاوتن) دەبەستێت، بەکاربهێنرێت، چونکە:

یەکەم: دەقی ئەدەبی لەوانە (ڕۆمان) باسی ژیان دەکات، پشت بەقسەکردن و گفتوگۆ و گێڕانەوە دەبەستێت.

دووەم: وەسفەکان لای هەندێکیان چڕ و کورتن. وێناکردنەکان بەشێوەیەکی پوخت و کورت نیشاندراوە، کە هەندێکیان ڕەنگە لە (دەنگێک، یان وشەیەک و هێما و نیشانەیەک و ڕستەیەکی کورتدا) بێت.

سێیەم: هاریکاری لەنێوان نێرەر و وەرگر دەکات، بۆ ئەوەی لەمەبەست و خواستەکان بگەن.

چوارەم: ئامانجی گوتاری دەق پەیوەندیکردنە لەنێوان (نێرەر/ نووسەر و وەرگر/ خوێنەر)، دەق کردەی هاریکاری ڕادەپەڕێنێت بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندیکردن بەدی بێت.

لەم دەقەدا نووسەر هاریکاری خوێنەرەکانی دەکات لە (کێشە و کارەسات و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و لێکدانەوە ئایینی ئێزدیان و بەکارهێنانی چەمکی ئایینی ئیسلامی و

عوسمانییەکان بۆ قڕکردن و جینۆسایدی ئێزدیەکان لەمێژوو و ئێستا) بگەن. گوتاری ئەم دەقە (لێکدانەوە و شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە و ڕیسواکردن و گێڕانەوەی کارەساتەکان و ئاشکراکردنی نێوەڕۆک و کەسایەتی و ئایینێکی لاشەڕی خواپەرستی وەکو ئێزدیە).

گوتارێکی (کۆمەڵایەتی، دەروونی و ئایینی) هەیە، کە خۆی نەکردۆتە بەشێک لەدەربڕینە (دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان)، تەنیا ئەوە نەبێت وەکو بینەرێکی باڵا، هەست ناسکی جواننووس ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەهەر شوێنێک مێژوو پێویستی بەدوورمان بێت، پارچەکانی بەیەکەوە دووریوەتەوە، لەهەر شوێنێک خوێنی ڕژاو سڕابێتەوە، ئەو بە وشە و گێڕانەوە و هێماکردنەوە جارێکی دیکە کردەی هاریکاری بۆ (تێگەیشتن و هەڵێنجانی) ئەنجامی بابەتەکە ڕاپەڕاندووە.

(جۆرج یۆڵ) دەڵێت (قسەکران و گوێگرانێک، کە لەگفتوگۆدان، ئاسایی پێکەوە لەهاوکاری دان، بۆ نموونە گوترا هاوکاری بۆ گەیشتن بە ئامازەکانی سەرکەوتوو پێویستە. گوێگران بۆ پەسندکردنی پێشگریمانەی قسەکەران، ئاسایی وای دادەنێن، کە قسەکەرێک، کە دەستەواژەی "ماشێنەکەم" بەکاردێنێت، لەڕاستیدا ماشێنەکەی هەیە و مەبەستی نییە گوێگر بەلاڕیدا بەرێت، واتە ئەم قسەکەرانە نایانەوێت زەینی یەکتر ئاڵۆز بکەن، یان دەگە لەیەکتر بدەن، یان لەپێدانی زانیاری بەیەکتر درێخی بکەن. (جۆرج یۆل، ٢٠١٦، ٦٧).

(كەریم كاكە) لەڕاپەڕاندنی گوتاری ئەم دەقەدا كاری كردووە بەشێوەیەكی ورد زانیاری بە خوێنەرەكانی بدات، هەتا لەدروستكردنی كەسایەتییە خەیاڵییەكانیشی وەكو (كەژێ، دیرۆكزان ... ) هەست دەكەیت كەسانی ئاساییـن و ئێمە هەموویانمان بینووە و دەیاناسین و زانیاریمان لەبارەیانەوە هەیە. لەبارەی ڕووداوەكانیش بەهەمان شێوە، هەست دەكەین خۆمان تێیدا ژیاوین. واتە بەكارهێنانی ئەو (ڕووداو، مەبەست، كەسایەتی) و (ئاماژە و هێما و ڕەمز و نیشانە كۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەكانیش) هێندە هاریكاری خوێنەر (ئێمە) دەكات، ئیدی پێویستمان بە (وەستانێكی زۆر و شێوان و فشاری دەروونی) نییە، تاكو لەگێڕانەوە و مەبەست و كێشەكان بگەین. بۆیە بەمجۆرە بنەماكانی هاریكاری شی دەكەینەوە، كە بەشێكە لە تیۆری لێكۆڵینەوەی پراگماتیكی:

### ٢-١٠-١ یەكەم بنەمای هاریكاری چەندیی

پێشتر ئاماژەمان بەسەرەتا و پێكهاتەكانی ئەم بنەمایە كردووە، كە پشت بەوە دەبەستێت، هاریكاری دەوڵەمەندكردنی زانیارییەكان دەكات، بەگوێرەی پێویست، واتە نە زیاد لەپێویست بێت و نەكەم و كورتی تێدا بێت تا دەكرێت. هەتا دەكرێت بابەتەكە بەشداریكردن بەزانیاری پێویست بەهێز و دەوڵەمەند بكرێت، زانیارییەكە لەوە كەمتر نەبێت، كە دەزانرێت و ڕێگە پێدراوە، تاكو ڕوونكردنەوەیەكی نە زیاد

بدرێت. بەواتایەکی دیکە زیاتر لەپێویست نەگوترێت، کەم بگوترێت و بەگوێرەی پێویست بگوترێت و قسە بکرێت.
لەبەرهەمهێنانی زانیارییە زمانییەکان کەمترین ئاست بەسە بۆ دەستهێنانی ئامانجەکان. ئەوەندە قسە بکرێت، کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی قسەکەر لەسەر جیهان و دەوروبەر دەیزانێت، واتە قسەکان بەگوێرەی زانیارییەکانی قسەکەر بێت، بۆ نموونە:

# ماڵتان لەکوێیە؟
قەڵادزێ. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ١٩).

لەم بوارەدا، کە تەنیا بەپێی پرسیار وەڵام دەدرێتەوە ئامانجێک لەپشت ئەم قسەکردنە بەدەست دێت: لەوانە بتەوێت زانیاری تەواو و بەدرێژیی لەبارەی ناونیشانی ماڵەکەتان بە قسەکەری پرسیارکەر نەدەیت، یان بتەوێت شتێکی لێ بشاریتەوە، هەموو زانیارییەکی بەدوور و درێژی پێشکەش نەکەیت، ڕەنگە نەتەوێت ناونیشانی تەواوی خۆتی پێ بدەیت، بۆ ئەوەی سەردانت نەکات. دوور نییە لەم وەڵامەی تۆدا، ئەویش لەوە بگات، یان ئەو ئەنجامە هەڵێنجێت، کە تۆ (گەرموگوڕ نیت لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ئەو، گریمانەی ئەوە دەکات تۆ حەز نەکەیت، لەنێو ماڵی خۆتدا پێشوازی لێ بکەیت.. تاد).
بەڵام کاتێک بەزانیاری زیاد لەپێویست وەڵامی دەدەیتەوە، بۆ نموونە:

# لەکوێ کار دەکەی؟

لە نەخۆشخانە، بەرێوەبەرم، لەبەشی نەشتەرگەری، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، ل لە شەقامی چل مەتری، لەنزیک جەلیل خەیات..) ئەم زانیاریانە کەسی گوێگر هان دەدات، کە زانیارییەکانی تۆ، کە بەزیادەوە پێت داوە، بیر لەپرسیار و شتی دیکەش بکاتەوە. ڕەنگە بڵێت، (پێویستم بە هاوکاریت دەبێت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، یان نەخۆشێکمان لاتانە، یان ئەگەر پێویستیم پێت هەبوو، داوای هاوکاریت لێ دەکەم).
لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) نووسەر لە گوتنێکدا دەڵێت:

# پیری چل چلە، لەسەر قسەی تۆ، لێرەم، ناترسم، مەرگ ناگاتێ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٢).

قسەکەر کاتێک دەئاخڤێت، دەیەوێت بەشێوەیەکی سنووردار قسە بکات، بۆ ئەوەی تەنیا هێندە بڵێت، کە گوێگر پێویستیەتی، یان پێویستی سەرەتایی گوێگر پڕ دەکاتەوە. ئەم قسەیە (کەژێ/ کەزی زەرد)ی کارەکتەری سەرەکی نێو دەقی ڕۆمانەکە دەیکات. دەیەوێت لەڕێگای ئاماژەکردن بە (پیری چل چلە) هاریکاری گوێگرەکان بکات، کە بۆچوونەکانی پیر وەکو سەرچاوەی ئیمان و مێژوویی و ڕێنوێنی و ئامۆژگاری جێگەی متمانەیە، لەلایەکی دیکەوە دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات، ئێزدیەکان بۆ ئەوەی پارێزراو بن، پێویستە گوێ لەئامۆژگارییەکانی پیر و کەسانی خاوەن ئەزموون و دینداری خۆیان بگرن.

لەم ئاخاوتنەودا دەکرێت (پیر چل چلە) گریمانەی ئەوە بکات، کە قسەکەر لەترسی مەرگ ڕایکردووە، هیچ شوێنێک ئارام نییە، قسەکەر خۆی ڕادەستی قسە و ئامۆژگارییەکانی ئەو کردووە، ئەمە دەیخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی، متمانەی بەخۆی لاپتر دەبێت، کەسانێک هەن تاکو ئێستاش گوێ لەئامۆژگارییەکانی دەگرن.. تاد، بەڵام ئەمە وەکو پێدانی زانیاری نیمچە زیاد دادەنرێت، کە لەڕاستیدا هیچ کەموکووتییەکی زمان و ڕستەسازی و دەربڕین و گەیاندنی مەبەستی تێدا نییە، بەپێچەوانە بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی، هاریکاری دەقخوێنەکە دەبێت، بۆ ئەوەی زانیاری پتر لەبارەی دەوروبەری بیرکردنەوە و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسی قسەر بزانێت.
هاریکاری ئەوەش دەکات ئەو (لێرەیە/ لەچیای شەنگالە، بەواتای ئەوەی ناترسێت)، واتە (چیای شەنگال ئەو شوێنەی قسەکەر پەیامەکەی تێدا ئاراستە دەکات، شوێنێکی قایم و ئارامە، دوژمن دەستی ناگاتێ، یان شوێنەکە پیرۆزە و لەڕووی ڕۆحییەوە ئەو کەسانە دەپارێزێت، کە پێی دەگەن. بۆیە بەڕاشکاوی و دوور لەگاڵتەکردن و سوکایەتی دەڵێت (مەرگی ناگاتێ). واتە شوێنێکە پارێزراوە. کەواتە بێ ئەوەی درێژە بەوەسفی مەبەستەکانی بدات و بڵێت لێرە (ژیان هەیە، پارێزاوین، هێزێکی ڕۆحی دەمانپارێزێت، ترس زۆر کەمە) دەڵێت: مەرگی ناگاتێ.
ڕەنگە ئەم قسەیە لای هەندێک وەرگر جێگەی پێشوازی لێکردن نەبێت، بەڵام دەقنووس لەپێناو بەکارهێنان و نمایش و بەرجەستەکردنی کەلتوری کۆمەڵایەتی و بیروڕای ئایینی

ئێزدیەکان و بەکارهێنانی شوێنە پیرۆزەکانیان و سەرچاوە ئایینییەکانیان و کەسە متمانەدارەکانیان بیەوێت (هاریکاری) وەرگرەکانی بکات، کە ئەوەی ئەو لەبارەیەوە ئاخاوتووە، بەشێکە لەهەقیقەتی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی و بەشێکە لەپێکهاتەی کەسایەتی ئێزیدی. بەواتایەکی دیکە (کەریم کاکە) دەیەوێت لەڕووی فکری و مێژوویی و کەلتووری، ئینجا بەستنەوەی بەڕووداوە تراجیدییەکانی فەرمان لەناویاندا هێرشەکانی داعش بەناوی ئیسلام، کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (دەق) و (خوێنەر)، (قسەکەر و گوێگر)، (نێرەر و وەرگر)، (ئێزیدی) و (ئەوانی دیکە) بسازێنێت.
بەکارهێنانی بنەمای هاریکاری، هاوبەشی دەکات لەخستنەڕووی ئەو زانیاریانەی دەبنە سەرەتایەک بۆ شیکردنەوەی (بابەت و ڕووداو و هزر و کەلتوری) نێو دەقەکە، یان بەواتایەکی دیکە وەکو (جۆرج یۆل) دەڵێت: (ئەو چەمکە، کە ڕادەی زانیاری دەربڕاو لەگفتوگۆیەکەدا دەبێت بەپێی چاوەڕوانی گوێگر بێت). (جۆرج یۆل، ٢٠١٤، ٦٩).

# هات، ئاڵاڕەش هات.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٣).

لەم دەربڕینە کورتەدا تەنیا دەڵێت (هات)، واتە لەم کردە قسەیەدا، ژمارەیەک شتمان پێ دەڵێت کە ئاماژەن بۆ کردە قسەی (هەواڵگەیاندن، سەرسوڕمان ، فەرمان، زانیاری، هوشداری، ئاگادارکردنەوە..)، بەپێی بنەمای هاریکاری چەندی، قسەو زانیارییەکی پێمان ڕاگەیاندووە، کە بریتییە لە هەواڵی

(هاتن)، کێ هات و کات و شێواز و چۆنیەتی هاتنەکە و بەکوێدا هات و لەبەرچی هات و هۆکاری هاتنەکە چییە؟ لەمبارەوە هیچی نەگوتووە، بەڵام لەنێوەڕۆکی شێوەی گوتنەکەی و لەئەنجامی بەستنەوەی گوتنەکە بەدەوروبەری ڕاپەراندنی قسەکردنەکە، لێکدانەوە زمانەوانییەکە سەرنجمان دەخاتە سەر ئەوەی، کە (هەواڵێکی مەترسیدار هەیە، ئاگادار بن، خۆتان ئامادە بکەن و یان بەرەنگاری، یان ڕاکردن). کێ هات؟ لەبەشی دووەمی قسەکردنەدا دەڵێت (ئالاڕەش هات). زۆر بەکورتی، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی دیکەی زیادەی ناپێویست، جووینەی تێدا بێت (وەسفی کەس و هێز و لایەنەکە بەئالاڕەش) دەکات، ئەمەش واتای ئەوەمان پێ دەبەخشێت، کە (مەترسی لەئارایە، هێزێکی دوژمنکار، تۆقینەر، بکوژ) هات. لەکۆتایدا ئێمە دەزانین (داعش)ە. دەقنووس ناوی ئەوەی هات بەئالاڕەش دەبات، تەنیا لەڕێگەی نیشاندانی وەسف و ئاماژە بەهێما و ڕەمزی هێزەکە ناوەکە دەهێنێت. شێوەی دەربڕینەکە لەڕووی دەروونیی و کۆمەڵایەتیەوە هاوکاری خوێنەر و وەرگرەکان دەکات، کە (پەیامی ترس و ئاگادارکردنەوە لەڕوودانی کارەسات) لەم دەربڕینەدا پێشبینی دەکرێت. لەشیکردنەوەی پێشگریمانەدا ئەوە مانای ئەوەیە قسەکەر زانیاری پێشوەختەی لەبارەی (هاتنەکە) هەیە، دەیەوێت ئەو زانیارییە بە گوێگرەکانی بدات.

دوو دۆخی بنەمای هاریکاری چەندی لەم جۆرە دەربڕینەدا هەیە:

یەکەم: قسەکەر هاریکاری وەرگرەکانی نێو دەقەکە دەکات، بەواتایەکی دیکە (ئەو کەسەی دەڵێت هات، ئالارەش هات)

هاریکاری کەسانی دەوروبەری خۆی دەکات، گەنجێکی ئێزیدی لەنێو منارە، بە دانیشتوانی شەنگال دەڵێت وریا بن هاتن.
دووەم: نووسەر هاریکاری خوێنەرەکانی لەدەرەوەی دەقدا دەکات، گوتاری دەقەکە تێبگەن، کە مەبەست لە (ئاڵاڕەش) داعشە، مەبەست لە (هات) یەکەم بانگەوازی ئاگادارکردنەوە و وریابوونەوە و خۆدەربازکردن و بەرنگاربوونەوەی ئاڵاڕەشەکانە. بەواتایەکی دیکە گوتاری دەقەکەی بەجۆرێک بەرهەمهێناوە، کە ئاڵاڕەش یەکسانە بەفەرمان و تۆقاندن و قڕکردنی ئێزدیەکان.
دەقنووس هەمیشە لەوەسفەکانیدا کاری کردووە لایەنی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و کاردانەوەی هەستەکی و تێڕوانین هزری) کارەکتەرەکانی لەبیر نەکات، چرکە بەچرکە لەگەڵیاندا دەژیت، تۆماری ئەو دۆخەیان دەکات، کە وەکو کەسێکی ئاسایی لەژیانی کۆمەڵایەتی و لەنێو کۆمەڵگە لەچوارجێوەی (کات و شوێن)ێکی دیاریکراودا هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش پەیوەندیی بەوە هەیە (پێکهاتەی ڕۆمان کتومت پێکهاتەکانی نێو ژیانە). لەلایەک لەشێوەی گێڕانەوەی وەسف ئامێزدا شتەکان بەرجەستە دەکات، لەلایەکی دیکەدا، کارەکتەرەکە دەسەڵاتی پێدراوە لەڕێگەی گفتوگۆیەکی ناوەکی لەگەڵ خۆیدا مەبەست و خواست و کاردانەوە و دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فکری خۆی پێناسە بکاتەوە، دەڵێت:

#دەی، بابی نامەیێ، وزە
نەبوو، ئاهێکی هەڵکێشا:
دوور نیە، نامەکە هی سالحۆ بێ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥٠).

لەڕستەی یەکەمدا دەقنووس باسی کەژێ دەکات، باسکە هاریکاری چەندییە ( دەی، بایی نامەیێ، وزە). لەم سێ وشەیەدا ژمارەیەک دۆخ و کار و وەسف و پێویستی و هیواخواستن و هەواڵ و زانیاریی و چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو چرکە ساتەی کارەکتەرێکمان بۆ پیشان دەدات، بەڵام بەپێی ڕەچاوکردنی بنەمای چەندی هاریکاری لەبەدیهێنانی لێکەوتەی قسەکردن، (کەریم کاکە) بێ زیادە و کەمە مەبەستەکانی وەسفکردووە. لەکاتێکدا بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی دەقنووس/ نێرەری گوتاری دەقەکە پێشگریمانەی ئەوەی کردووە:

یەکەم: کەژێ مۆبایلی لایە.
دووەم: چاوەڕوانی پەیوەندی تەلەفۆنی سالحۆیە.
سێیەم: چاوەڕوانی پەیوەندیی کەسێکە.
چوارەم: مۆبایلەکەی وزەی نەماوە.
پێنجەم: کەسێک چاوەڕوانی هەواڵی، پەیوەندی، زانیارییە دەربارەی کەسێکی دیکە.
شەشەم: لەم شوێنە ئامراز و سەرچاوەی وزە پێدان بۆ مۆبایل نییە.
حەوتەم: گوێگر گریمانەی ئەوە دەکات (کەژێ و سالحۆ) پەیوەندییەکی تایبەتیان بەیەکەوە هەبێت،
هەشتەم: دەمێکە ئاگایان لەیەک نییە، یان سالحۆ بزرە و دووچاری کێشەیەک هاتووە.

لەبەکارهێنانی وشەی (دەی) جۆرێک لەکردەی هیواخواستن، پێویستی، دۆخێکی دەروونی ئاڵۆزی پڕ لەچاوەڕوانی و دانە بەخۆداگرتنێکی لەناوەوەی ناخی خۆیدا تێدایە، هەروەها (دەی) ئامرازێکە بۆ دەربڕینی دۆخێکی دەروونی، کە (پێداگریی و چاوەڕوانی و خۆزگە و دانبەخۆداگرتنی تێدایە).
(بایی نامەیێ)، واتە دەکرێت بڵێین:

یەکەم: مۆبایلێکی مۆدرێنی هەیە، ئێم ئێسی تێدا بەکاردەهێنێت.
دووەم: پێویستی بەگەیشتنی هەواڵە، تامەزۆری بیستنی زانیاریی نوێیە.
سێیەم: بۆ ماوەیەکی ئێجگار کورت پێویستی بەوزەیە، تەنیا نامەیەک ببینێت، کە ڕەنگە لە سالحۆ ڕەوانەکرابێت.
چوارەم: دەری دەخات کەژێ (خوێندەوارە)، دەزانێت تەکنەلۆجیای نوێی پەیوەندیکردن بەکاربهێنێت.
پێنجەم: خەڵک لەنێو ئەم هەموو کارەساتە زۆرەی ڕوودەدات، تەلەفۆنەکەیان بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن و دەستخستنی زانیاری نوێ لەگەڵ خۆیان پاراستووە.
شەشەم: بوونی کەرەستەیەکی وەکو مۆبایلی پێشکەوتوو، دەری دەخات کە (کاتی) ڕووداوەکانی نێو دەقەکە، یان گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان نوێیە، هی ئەم ساڵانەی دواییە.

# نەما، ئێزیدی نەما (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥٦).

لەم دەربڕینەدا گریمانەی شتێک دەکەین کە (ئێزدیەکان) لەبەردەم ترسی قڕکردنن، لەناو دەبرێن، یان بەکردەوە قڕکردنەکە ئەنجام دراوە. بۆیە بەم شێوەیە دووجار وشەی (نەما) بەکارهێنراوە، یەکەمیان هەواڵێکی ئاساییە، دیار نییە مەبەستی کێیە و چ شتێک نەما، کاتی نەمانەکە پەیوەندی بەئێستاوە هەیە، واتا کات و ساتی ئاخاوتن و قسەکردنەکە. لەبەکارهێنانی دووەم جاری (نەما)دا، ئاماژە کراوە بە (ئێزدی)، پێمان دەڵێت لەناوبران. ئەم بەکارهێنانە پەیوەندی بەبنەمای چەندییەوە هەیە: یەکەمیان چەند جارێک (نەما) یان هەواڵی ڕووداوەکە ئاماژە پێ دەکات، هاوکاری گوێگر دەکات، کە ئێزدیەکان لەبەردەم قڕکردن و جینۆساید دان. لەنێو دەربڕینەکەدا ئاماژە بەهۆکاری (نەما) نەکراوە، بەڵام خوێنەر بەهۆی دەوروبەری بەکارهێنانی گوتاری دەقەکە لەوە دەگات، کە مەسەلەکە پەیوەندی بەهێرشەکانی داعش و مێژووی فەرمانەکان و قڕکردنی کوردانی ئێزدیەوە هەیە.
زانیارییەکان بەپێی پێویست پێشکەش کراون (گاڵتە و بەلاڕێدا بردنی) تێدا نییە، قسەکەر لەئەو پەڕی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی و بەئاگایی و لەناخەوە قسەکەی دەکات و زانیارییەکان بە گوێگرەکانی دەگەیەنێت.

#ئێزیدیخان بە یەک دەنگ:
ئەم تا مرن، ئێزیدین. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٦٣).

لەبەکارهێنانی چەندیی زانیارییەکان، دەربڕین و گوتن و قسەکان لەپێویست پتر نین. ئێزیدیخان (بەیەک دەنگ) واتە بە یەکگرتوویی، یەک سەرچاوەی هێزی بیکردنەوە و ئیمان و بڕیار. بەواتای ئەوەی ئایینی خۆیان ناگۆڕن، ئەمەش هاوکاریمان دەکات، کە ئێزیدیەکان (چۆن بیردەکەنەوە و بڕیاری کۆتاییان چییە و چەند پابەستی ئایین و بیرکرنەوەی خۆیانن). چەندی گوتوە، چەند لێکدانەوەی کردووە و چەند وشە و دەستەواژەی بەکارهێناوە، لەنێو ئەم دەقەدا هەر هەمووی دەردەکەوێت تەنیا (چوار وشەیە) . (ئێمە تاکو مردن، ئێزیدین). چوار وشەی زۆر سادە، لەپێکهاتەی سەرەوە، فۆرم و پێکهاتەی ڕستەسازیدا، بەڵام قووڵ و پڕهەستونەست و هەڵوێست و پێداگری و بڕیار و حوکمی کۆتایی لەنێو پێکهاتەی ژێرەوەی ڕستەکە، یان ناوەوەی گوتنەکە، ئەمەش هاریکاریمان دەکات لەوەی: بە کۆمەڵ (ئێمە) بەگشتی قسەی کردووە، واتە (قسەکەر) لەپێگەیەکی گشتی و باڵا و دەسەڵاتبوونەوە، بەناوی هەمووان دەئاخڤێت و گوتار پێشکەش دەکات. (تاکو) ئامرازە پێوانەی (کات و سنوور و ئاستە). (مردن، بەواتای هەڵوێست و پێداگری و بڕیاری یەکلاکەرەوە و پاشەگەز نەبوونەوە و درێژەدان بەژیان و بەردەوامی و سووربوون و ڕەتکردنەوەی فەرمان و فشاری دەروونی و سیاسی و ئایینی و سەربازی دوژمنەکانیان) دێت. بەواتایەکی دیکە (مردن) یەکسانە بە (درێژەدان بەژیان، پاراستنی ئایین و کەلتور و گوتاری ئێزدیەکان).

لەشیکردنەوەی پراگماتی و پشتبەستن بە بنەمای هاریکاری، دەبێت پشت بەو دەقانە ببەستین، کە بەشێوە زمانێکی (کورت و

پوخت) نووسراون، یان گوتراون، زمانێکە هەموو کەسێک دەتوانێت بەئاسانی بەکاری بهێنێت و تێی بگات، لەهەمان کاتدا هەمان زمان پڕاوپڕە لە (واتا و فرەواتایی و مەبەستی ئاشکرا و نائاشکرا، پەیام و فکر و بۆچوون و لێکدانەوەی هەمەجۆر، مەبەست و شێواز).

لەم جۆرە دەقەدا وشە و ڕستەکان نین پێشگریمانەی شتەکان دەکەن، بەڵکو قسەکەرەکانن پێشگریمانەی شتەکان دەکەن. (جۆرج یۆل، ٢٠١٤، ٦٤). لەم دەقەشدا زمان و شێوازێکی کورت و پوخت، پڕ لەواتا و مەبەستی ڕاشکاوانەی دروست بەکارهێنراوە، ئەمەش هاوکارمانە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گونجاو (مەبەست و ئامانجەکانی) بنەمای هاریکاری وەکو سەرەتایەکی ڕۆشنی شیکردنەوەی پراگماتیکی بەکاربهێنرێت، (کریم کاکە) بەزمانێکی پوخت و کوردییەکی پەتی، بەڵام چر، پڕ لەواتا و ئاوس بەفکر و وێنە و وێناکردنی هونەری زمانەوانی و ئەدەبی و سەلیقەسازی لەگێڕانەوە و بەکارهێنانی مێژوو، ڕووداوەکان، کەسەکان وەکو ئامرازی گەیاندن و پەیوەندی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ بەکارهێناوە.

ئاخاوتن و دەربڕین و قسەکانی نێو گفتوگۆیەکان ( بەپێی پێویست و بەکورتی) بەکارهێنراون، چەندی پێویست بێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان هەر هێندەی گوتووە. شتی زیادەی تێدا نییە، کەمتریش لەپێویست شتەکانی بەکارنەهێناوە.

زمان بەکارهێنانە، بەکارهێنانیش گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی واتا و دیاریکردنی مەبەست و پەیام و کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەر و وەگر، ئەمەش پەیوەستە بەچۆنیەتی

بەدیهێنانی گوتار. دەکرێت بڵێین زمان بریتییە لەگوتاری ڕۆژانە و گفتوگۆ و قسەکردن و پەیوەندیکردن لەنێوان دوولایەن و کەس، بەمەبەستی گەیاندنی پەیام و قسەکردن لەبارەی بابەتێک و شتێک لەکات و شوێنێکی دیاریکراو و دۆخێکی گونجاودا.

(کەریم کاکە) لەبەکارهێنانی بنەمای هاریکاری چەندی، توانیویەتی لەبەشێکی زۆری دەقەکەدا بەشێوەیەکی ئاسایی ئاخاوتنەکان بەکاردەهێنێت، یان لادان لەبنەمای هاریکاری ئەنجام دەدات، سادە و ناسراون لای خەڵک، بەڵام کە دەچێتە نێو واتا و مەبەست و پەیامی گوتنەکان، ئینجا تێ دەگەیت سادەیی لەزماندا واتای مرداربوونەوەی واتا و لاربوونەی ڕاستییە بەهێزەکان و فرویدان نایەت، بەڵکو ئەم سەرەتایە بەرجەستە دەکات، کە سادەیی (لێوالێوە لە مەبەست و واتا).

منی وەرگر و خوێنەر کە ئەم دەقە شی دەکەمەوە هەستێکی قووڵم هەیە، کە خەریکە لەنێو سادەیی دەربڕینەکان، یان لەبەر زمانە سروشتییەی ئاخاوتنی خەڵکی ئاسایی تووشی بزربوون بم، بەسادەیی دەچمە نێو دەقەکە، بەڵام بەسەختی لێی دەردەچم.

نووسەر دەیەوێت هاوکاریم بێت لەپێدان و گەیاندنی ژمارەیەک زانیاری و بابەت و بۆچوونی فکری و لێکدانەوە و مەبەست. ئەمەش سەرەتا و بنەمای هاریکارییە لەلێکەوتەی ئاخاوتندا.

منی وەرگر لەڕووی چەندییە دەزانم نووسەر (کەریم کاکە) بەگەڕانەوە بۆ مێژوو (هاریکاری چەندی)م بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ژمارەکانی (فەرمان) و ژمارە و قەبارە و ڕێژەی

کارەسات و مردنی مرۆڤ و کاولکاری و ناکۆکییەکان دەکات. چەندین ڕووداو دەگێڕێتەوە، چەندین کەسایەتی و کارەکتەر لەنێو دەقەدا ئەرکیان هەیە و قسە دەکەن و گوتار پێشکەش دەکەن.

نووسەر هەر هێندە و بەو ڕێژەیە ئەو بڕە زانیارییەم پێ دەدات، کە بتوانم بیربکەمەوە و ئاشنابم بەکێشە و کارەسات و کۆمەڵگە و شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی ئایینی و کەلتوری کوردە ئێزدیەکان، لێکدانەوە و شیکردنەوە زیاتر لەپێناو بەرهەمهێنانەوەی گوتارەکە بۆ منی خوێنەر جێ دەهێڵێت.

بەزانیاری هاریکاری چەند بۆچوونێکی ئایینی ئیسلامی و خەلافەی عوسمانی و فکری ئالاڕەشەکان و بۆچوونی هەندێک مەلای کوردمان دەکات، گوتمان (چەند، یان چەندی). ئەم زانیاریانەش تەنیا لەچوارچێوەی پێویستدا دەخولێنەوە، نەک لەپێناو خۆ سەپاندنی کەسی و زیادەڕۆیی لەوەسف و باسکردنی فکر و ڕووداوەکان، واتە دەقنووس خۆی بەسەر دەقدا نەسەپاندووە، بەلکو دەقی بۆ پێدانی زانیاری بەکارهێناوە.

### ٢-١٠-٢ دووەم چۆنیەتی، دروستی:

ئەمە جۆرێکی دیکەی بنەمای هاریکارییە لەنێوان قسەکەر و گوێگر بۆ چۆنیەتی دەستخستنی زانیاری پتر، یان زانیارییەک کە لەبڕێکی دیارکراودا دەبێت پێشکەش بکرێت، کە دروستە و جێگەی متمانەیە و زیاد نییە و زیادەڕۆیی تێدا نەکراوە. بۆیە لەم بوارەدا دەڵێن (هەولی بەخشینی ئەوە بدە، کە ڕاستە،

مەبەست چۆنیەتی بەخشینی زانیارییەکانە، بەڕوونی و دوور لەفرەواتایی و نادیاری، بۆ نموونە:

# ئەو کچە کێیە؟
کچی برامە.

لەم ڕستیەدا بنەمای چۆنیەتی تێدا رەچاوکراوە، واتاکەی بەڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام لەڕستەیەکی وەکو ئەم نموونەی خوارەوە بنەمای چۆنیەتی بەزێنراوە، دەتوانرێت بەنادیار دابنرێت، وەکو:

# ئەوە ئەو کچەیە، کە لەئاهەنگەکە بوو.

دوور نییە ئەم بەزاندنە لەلایەن قسەکەر و گوێگرەوە، بۆ مەبەستێکی تایبەتی بێت، یاخود بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان بێت. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ١٨).

# (حەو.. حەو)ێکی هێندە خەماوی کرد، ڕێک لە (بەڵێ، بەڵێ) دەچوو. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٢٦).

لێرەد دەنگی (حەو) وەکو هێمایەک و نیشانەیەک بۆ پاڵپشتی و ئاگادارکردنەوە و نیشاندانی وریابوون بەکارهێنراوە، یان گەیاندنی هەواڵێکە. بەپێی بنەمای هاریکاری ڕێک ئەم

دەربڕینەی وەکو (بەڵێ) زۆر بەکورتی پیشانداوە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە بنەمای هاریکاری پیادەی ئەم شێوازە دەکات. لەبنەمای هاریکاری چەندی پشت بەزانیاری دروست و وەڵامی کورتی وەکو (بەڵێ و نەخێر) دەبەستێت. پێناسە و وەسفی (حەو)ەکەی بەخەمناک کردووە، واتە (دڵتەنگی و ناخۆشی و قەیران و دۆخی دەروونی خراپ)، بەڵام سەگەکەش بۆ هاوسەنگ کردن و نیشاندانی دۆخێک، کە هاریکاری گوێگرەکان دەکات، بەوەی (بەڵێ) شتێکی لەم جۆرە ڕوویداوە، یان هەواڵ و زانیاری و شتەکان پشتڕاست دەکاتەوە.

مەبەستمان ئەوەیە، نووسەری دەقی (شنگال، هایێ ل من) بەشێوەیەکی ورد کاری کردووە، لەڕێگەی زمانێکی ئاشکرا و ئاشنا لای خەڵک، زۆرترین هێز و توانای (واتایی و دەربڕین و لێکدانەوە و پەیام و کارتێکردن و درککردن و جووڵاندنی هەست و نەست لای گوێگر) دروست بکات. دەزانین پراگماتیک لەشیکردنەوەدا بایەخی سەرەکی گەڕانە بەدوای (مەبەستی بەکارهێنان)، شێوازی ڕاپەڕاندنی کارێک لەدەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەڕێوە دەبات، کە دەڵێت (حەو.. حەوێکی خەماوی) واتە (بەڵێ)ش خەماوییە، گریمانەی ئەوە دەکەین، ئەو شتەی ڕوویداوە، یان ڕوودەدات جێگەی نیگەرانییە، دڵخۆشکەر نییە، لەلایەن قسەکەر و گوێگرەکان چاوەڕوانییەکی ئەرێنی لەبارەوە دەکرێت.

# کەژێ لەشێوەی وڕێنە دەڵێت: پیری چل چلە، بە قسەی تۆم کرد، ڕێی سەر شنگالم گرت.

کەمێ دەنگ هەڵدێنێ: چیای شنگال کەشتیەکە نوقم نابێ.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥).

لەم دەربڕینەدا لەڕووی فکریی و بەستنەوەی ڕووداوەکان بەسەرچاوەی مێژووی دەربازبوون پێوانەکەی بە کەشتی دەکات و شەنگالیش یەکسانە و هێمایە بۆ مانەوە و بەرەنگاری ئێزدیەکان بەرانبەر داگیرکاران. لەم ڕوانگەیەوە پێوانەکردنی هاریکاری چۆنیەتی، کە وابەستەیە بە (واتا و لێکدانەوە و بەستنەوەی ڕووداوەکان بەسەرچاوەی مێژوویی و هەڵێنجانی ئاکامەکەی). واتە دەقنووس ئەو بنەمایە وەکو هاریکاری و ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە لای وەرگر و خوێنەر بەکارهێناوە، هەروەها بەپێی پابەندبوون بەبنەمای هاریکاری چەندی خۆی لەگوتنی (نوح و لەچی نقوم نابێت و درێژکردنەوەی بابەتەکە و پێناسەکردن و ئاماژەکردن بەتەواوی ناو و شوێن و کاتەکان) پاراستووە، ئەمەش وەکو بنەمایەکی هاریکاری چۆنی بەکارهێناوە. لەهەمان کاتدا گوێرەکان لەڕێگەی گەیشتنی پەیامی گوتارەکە، ئەو (مەبەست و واتا و شتانە) هەڵدەهێنجن، ئەمەش ژمارەیەک گریمانە لای وەرگر دروست دەکات، بەپێی ئەو دەوروبەرەی گوتارەکەی تێدا بەکارهێنراوە. بۆ نموونە، من وەکو خوێنەر گریمانەی ئەوە دەکەم، گوتاری ئەم دەقە، کە باس لە (چیای شنگال کەشتیکە نقوم نابێت) دەکات، پەیوەندی بە بابەت و بیرۆکە و ئەو بۆچوونانەوە هەیە، کە دەبنە دەربڕی واتا و مەبەستەکان، ئەوانیش بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانی بابەتەکە، وەکو:

یەکەم: قسەکەر دەیەوێت وەڵامی کەسانێک بداتەوە، یان بەرچاو ڕوونیان پێ بدات، کە نیگەرانن، لەقەیرانی بیرکردنەوە و متمانە بەخۆبوون دان.
دووەم: قسەکەر ئیلتزام بەسەرچاوەی مێژوویی، بیروڕای ئایینی دەکات.
سێیەم: قسەکەر شەنگال بە کەشتی نوح دەچووێنێت.
چوارەم: گەشبینە، بڕوای وایە نقوم نابێت، دەرباز دەبێت و کێشەکە کۆتایی دێت.
پێنجەم: قسەکەر لەدۆخێک دایە (کاتی درێژدادڕی و پێدانی زیاتری زانیاریی دەربارەی گرنگی و بایەخی جوگرافی شەنگال و مەسەلەی کەشتی نوحی نییە). ڕەنگە (شوێنەکەی لەبار نەبێت، یان ئەو کەسانەی قسەیان بۆ دەکات لەبارێکی دەروونی نەگونجاودا بن، یان کاتەکەیان هی ئەوە نەبێت شتی بەدرێژی تێدا بگوترێت، بەپەلەن، یان خودی قسەکەر هێز و سەلیقەی زۆر قسەکردنی نییە).

ئاماژەی پێوانەیی (کەمێ) بەکارهێنراوە، ئەم (کەمێ)یە دەربڕی چەند دۆخێکە لەوانە (بەدەنگێکی نزم قسە بکات، چونکە ترسی لەئاشکرا بوون هەیە، نایەوێت کەس پێی بزانێت، یان دەیەوێت بەرانبەرەکەی گوێی لێ بێت، لەنێو کەشێکە ئەگەر هەندێک دەنگ بەرز نەکاتەوە، گوێیان لێی نابێت) ئەم کەمە بنەمای هاریکاری پێوانەیە بۆ نیشاندانی (چۆنیەتی قسەکردن و چەند بەکارهێنانی دەنگ). (دڵنیایی و متمانە بەخۆبوون و خۆڕاگریی

و بەرزکردنەوەی ورەی گوێگرەکان و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ئاییینی، کە شەنگال بەپشت و پەنای ئێزدیەکان دەزانێت).
(کەشتی) لەنێو دەریا دەبێت، کارەسات و ڕووداو و کوشتوبڕ وەکو ئاوی دەریا ئابلووقەی شەنگالیان داوە. لەهەندێک شوێنی ئەم دەقەدا بە دەریای خوێن وەسفی دەوروبەری چیای شەنگال دەکرێت. واتە چوواندنی شەنگال بەکەشتی، هاریکاریی کردنی خوێنەرە، کە ئێزدیەکان بەگەیشتنە ئەم شوێنە ڕزگاریان دەبێت. پێوانەی شوێن (شەنگال و کەشتییە).

# ئاواز لەئاییینی ئێزیدیانەوەیە، باڵداریش ئاوازی لە تەنبوورەکەی مەلەکی تاوس دەخوێنن. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٠).

لەم دەربڕینە زمانیەدا قسەکەر هاریکاریمان دەکات بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەیەک، کە دڵنیایی و پێدانی زانیاری دروستی تێدایە. لەو سەرچاوە بەڵگەدارە بەهێزەی لەم دەقەدا لەزۆر شوێنی دیکە کاری لەسەرکراوە (تەنبور و ئاواز و گۆرانییە). ئەو دەڵێت (ئاواز) لەژیانی ئێزدیە. ئەم دەربڕینە هەروا دەربڕینێکی سادەی گۆرانی گوتن و مۆسیقا نییە، بەڵکو (ئاواز) سەرچاوەی (دروستکردنی دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئارام و دوور لەشەڕ و کوشتن و تۆڵەکردنەوەیە)، پێچەوانەی (شمشیر و تیرە). سەرچاوەیەکی دیکە مەلەکی تاووسە، کە بۆتە هێما و مایەی ئارامی و ئاشتەوایی و هێورکردنەوە نەک شەڕ.

لەم دەربڕینەدا پێچەوانەی ئەو سەرچاوانەی فەرمانی قڕکردنی کوردانی ئێزیدی دەردەکەن، کە سەرچاوەیەکە پشت بە (خوێن و هێز و قڕکردن و سڕینەوە و لەناوبردن و گوێ نەگرتن و ئاژاوە) دەبەستێت، نووسەر هاریکاری خوێنەر دەکات بۆ ئەوەی سەرچاوەی ساخکردنەوەی ئەم تێڕوانیانەی بۆ ڕووناک بێتەوە و (مۆسیقا وەکو بارێکی دەروونی مرۆیی و ئارامیی و گوێگرتن و سۆزداری و دوورکەوتنە لەشەڕ و هێز) بەکارهێناوە. ئەم بنەمای هاریکاریی چۆنییە، بەدیهێنانی گوتارێکە پشت بە (بەڵگە و سەرچاوە و ئارامی دەروونی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی) دەبەستێت، ڕێک پێچەوانەی (قڕکردنە، دژی سڕینەوەی یەکترە، بڕوای بەپێکەوەژیانە).

# سەرکەون هەر دەبێ لەوێوە دەرکەون:
گەگەهشتین..
بە بیستنی (گەهشتین) شاگەشکە بوو (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٦).
لەم دەربڕینەدا هەر ئەوەندە زانیاری دەدات، کە پێویستە، ئەویشت گەهشتینە. بەڵام دوای ئەوە لەقسەکانی جۆرێک لەلادان لەپێدانی زانیاریی پێویست، یان پەیوەست بەباتەکە دروست دەبێت و دەڵێت (ویستی بەبازێ خۆی بگەیەنێتە گەهشتن، شتێ ساردی کردەوە، تێنەگەیشت چیە، لەگەڵ درەختەکەدا خۆی کردەوە یەک و لە چاوەروانیدا ما، زۆر ما، نەکەس دەرکەوت، نە دەنگ ما. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٦). لەبەشی یەکەمدا بەتەنیا بەکارهێنانی وشەی (گەهشتن) بەتەواوی بنەمای چەندیی پەیرەوکراوە، واتە بەشێوەیەکی

ئێجگار کورت لەشێوەی (بەڵێ، یان نەخێر) وەڵام دەداتەوە، ئەویش بەکارهێنانی وشەی (گەهشتن)ە، بەواتای بەڵێ دێت، کە جەختکردنەوەیە لەسەر هەواڵ و دڵنیایی و ڕاگەیاندنی زانیاری دەربارەی ئەوەی گەهشتن. کەچی دوای ئەوە (بەشێوەیەکی درێژ، وەسفکردن و پێدانی زانیاری دیکە، لەدۆخێکی نارۆشندا، کە پێچەوانەی بنەمای هاریکاری و دروستییە، بەدی دەکرێت.

# مامۆ، ئەدی مە پەیامبەر و کتێب نینە.

نا، کچا من، مە تنێ، خودێ هەیە، پەیامبەر نینە.

لێرەدا وشەی (نا) وەڵامێکی پوخت و کورتە، کە بەچۆنیەتی ناودەبرێت. بەدروستی وەڵامی داتەوە، کە ئەوان تەنیا خودایان هەیە و ڕاستەوخۆ بەخودا بەستراونەتەوە. مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، کە بنەمای چۆنیەتی بەڕاپەڕاندنی لێکەوتەی ئاخاوتنی تێدا ئەنجام دراوە، ڕاستە لەدوای (نا) هەندێک شت زیادکراوە، کە پەیوەندییان بەپرسیارەکە و کردەی ڕاپەڕاندنی گەیاندنی مەبەست هەیە، ئەگەر بگوترابایە (مە تنێ خودێ)، هیچ لەواتا و مەبەستی دەربڕینەکە نەدەگۆڕا، بەڵام ئەمەیان بۆ پتر ڕوونکردنەوە و جەختکردنەوە و نەهێشتنی گومان و پێداگرییە لەپێدانی زانیاری پتر لەبارەی پرسیارەکەوە دێت. تەنیا (کچا من)یش دەکرا لەو شوێنە نەبێت، بەڵام ئەم جۆرە دەربڕینە پەیوەندی بەشێواز و پێگەی کۆمەڵایەتی لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە دەربڕیانەوە هەیە، کە دەڵێت (کچی من) واتە قسەکەر کەسێکی بەتەمەنە، پلەی ئایینی هەیە، ڕێز و خۆشەویستی

نیشان دەدات، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جێگەی متمانەی گوێگرە.. تاد.

گوێگر چۆن لە گوتاری ئەم دەقە دەگات، ئایا بەڕاستی ئێزدیەکان هیچ نووسراوێکیان نییە، یان ئەمە (مەبەستێکی) شاراوەمان پێ دەبەخشیت، ئەویش پەیوەندی بەچۆنیەتی (پاراستنی نهێنی ئایینی ئێزدیەوە) هەیە. (گوێگر لەکردەوەدا گوێ ناداتە واتای سەرەکی وشەکە، بەڵکو بەڕادەیەکی زۆر ئەو واتا خوازراوە لێکدەداتەوە، کە قسەکەر مەبەستێتی و دەیکات، ئەمەش بۆچوونی گوێگر بۆ قسەکان و وشەکانی دیاری دەکات. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٢٨). لەهەمان کاتدا پێدانی زانیاری شاراوە، هاوکاریمان دەکات، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست و وردتر لە هەقیقەتی ئەو شتانە بگەین، کە دەقنووس بە(مەبەست) باسی دەکات.

(کەریم کاکە) بەڕوونی قسەکانی لەسەر زاری قسەکەری نێو دەقەکە ئاماژە پێکردووە. ئەم ئاماژەیە زانیاری پتر بە خوێنەر لەبارەی پێکهاتەی ئایینی ئێزدیەکان دەدات، ئەمەش پابەندبوونە بەبنەمای هاریکاری پەیوەندی، (کە زانیارییەکان پوخت و لەشوێنی پێویست و بەپێی پێویستی) پێشکەش کراون، هەروەها بنەمای چەندیشە چونکە (زانیارییەکان زیادەیان پێوە نییە)، تەنیا دەڵێت (کتێب) مان نییە. نەبەراورد بە ئایینەکانی دیکە دەکات و نە ئەو بۆچوونانەش ڕەت دەکاتەوە، کە ئاماژە بەهەندێک دەقی نووسراو دەکەن، هەروەها بنەمای چەندیشە، هەر لەو شتانە دەدوێت، کە پرسیاری لەبارەوە کراوە و هیچ

زیادەیەکی نا پێویست، کە ببێتە سەرچاوەی لێڵی و زیادە زانیاری ناپێویست لەخۆ ناگرێت.

# مامۆ، ئەو رۆژە لە پۆلێ، هەڤالەک منژی گۆ: هەوە شەیتانپەرستن،
ئەم نە شەیتانپەرستین، نە؟
نا، کچا من، ئەم ئێزدانی تاک و تەنیا دەپەرستین، ئەوەی:
نە لۆنە، نە رەنگە،
نە ئاوازە نە دەنگە... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٤١).

لەم دەربڕینە، کە بریتییە لەگێڕانەوەی ڕووداوێک لە (شوێنێک/ پۆلی قوتابخانەیە)، دەربارەی (بابەتێک و کێشەیەک) دەدوێت، کە پەیوەندی بە (بیروبڕوا و کەلتوری ئایینی و تێڕوانینی کۆمەڵایەتییەوە) هەیە. (نە)ی نەفیکردن و ڕەتکردنەوە هەیە، ئەم (نە)یە پڕ بەپێستی شێوازی ئاخاوتنە بەپێی بنەمای چەندی کە (نە/ واتە نەخێر)ی تێدا دەگەیەنێت، هەروەها هەر ئەم (نە)یە کردە قسەی (جەختکردنەوە و دووبارە کردنەوە بۆ دڵنیایی و ڕەتکردنەوە) بەرجەستە دەکات. (نە) واتایەکی ئەرێنی دەگەیەنێت، لەکاتێکدا (نە) ڕەتکردنەوەیە پشت بەهەڵوێستێک دەبەستێت، کە ڕازیی نەبوونە، بەڵام (نە)ی نێو ئەم دەربڕینە پێداگریی و دڵنیاکردنەوەی (بەڵێ)یە. (ساخکردنەوە و پێداگرییە).
دواتر وەسفی خودایەک دەکات، کە دەیپەرستن ئەویش (خودای تاک و تەنیا و بێ ڕەنگ و دەنگە). لەم کردەیەدا قسەکەر/

نووسەر هاوکارمان دەبێت لەشیکردنەوە و ساخکردنەوەی بیرکردنەوەی بنەڕەتی لای ئێزدیەکان و تێڕوانیان لەبارەی خودا و خواپەرستی. ئاخاوتنەکەی تۆکمەیە، کورتە، پوختە و هیچ جووینەوە و شتێکی لابەلای تێدا نییە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، قسەکەر پێداگرە لەسەر :

یەکەم: قسەکانی خۆی بەهەقیقی و دروست و پشتڕاستکراوە دەزانێت.

دووەم: متمانەی بەگوتن و شێوازی بیرکردنەوە و دەربڕینەکانی خۆی هەیە. بۆیە هیچ بوارێک لەبوارەکان درێژە پێ نادات و شیکردنەوەی درێژ و نمونەی هێنانەوەی بێزارکەر و قسە لەپێناوی قسە نائاخنیتە نێو قسەکانی.

#کچا من نقستی؟
نا... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٤٢).

گوتمان دەقی ئەدەبی هەمیشە بەدوای زمانێکی پڕ لە(وەسفکردن، گێڕانەوە و گفتوگۆ و خستنەڕوو و گوزارشت و ئاوس بە واتا) دەگەڕێت، دەقی بێ زمان، وەکو جەستەی مردووێک وایە، هێما و ڕەمز و نیشانەکان گوزارشتن لەسەر قووڵی واتا و وەسف، لەسەر هەمەلایەنی دەسەڵاتی گەیاندن و پەیوەندیکردنی دەق. پراگماتیک ئەوەمان بۆ شی دەکاتەوە، کە زمانەکە (چۆن بەکارهێنراوە و بۆچی بەم شێوازە دەئاخڤن) و کردەی (پەیوەندیکردنەکە لەکوێ و کەی) بەڕێوەچووە، (مەبەست

لەبەكارهێنانی زاراوە و دەستەواژە و واتا و شتەكان) چییە؟. ئەو دەوروبەری (شتەكان، ڕووداوەكان و بابەتەكانی تێدایە) چ جۆرە دەوربەرێكی كۆمەڵایەتی و دەروونییە.
با نموونەیەكی شیكردنەوەی واتایی و پراگماتیكی بۆ وشە (بەڵێ و نەخێر) بهێنینەوە، كە پەیوەندییان بەبنەمای هاریكاری لەشیكردنەوەی پراگماتیكی دەقی گوتار هەیە. (د. نەریمان خۆشناو) ڕای وایە (ناتوانرێت قسە لەسەر واتاسازی بكرێت بەبێ هاوسەنگكردنی ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەكان بەپراگماتیك ناسراوە). (د. نەریمان عەبدوللا خۆشناو،٢٠١٠، ١١). بۆیە گرنگە لەدیاركردنی واتای وشە و گوتن لەڕستەدا ئەم دوو بنەمایە ڕەچاو بكرێت:

آ- ئەو ڕەگەزانەی، كە دەتوانرێت كۆدەكانیان ئاشكرا بكرێت لەڕێگەی دەربڕینە زمانییە بەكارهاتووەكان، ئەوەی، كە لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، كە لەگشت سیاقە بەكارهاتووەكان دایە. وەكو ئەم نموونەیە:
#سەیارەكەت كڕی؟
بەڵێ.

ب- ئەوەی پشت دەبەستێت بەزانیارییە سیاقییە زیادەكان و توانا زمانییە بەرهەم هاتووەكانی وەرگێڕ، وەكو ئەو نموونەیە:

#نازدارت خۆشدەوێ؟
سارد دەیبینم. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٣٣-٣٤).

وەکو پێشتر باسکرا بابەتەکە پەیوەندی بە قسەکەر و گوێرەوە هەیە، لە سیاقێکدا گفتوگۆ دەکەن زانیاری پێشینەیان هەیە لەبارەیەوە، بۆیە بۆ ئەوان کۆدەکە ئاشکرایە. لەنموونەی دووەمدا وەڵامی وەڵامدانەوەکە بۆ قسەکەر پەیوەستە بەو زانیاریانەی لەناخیدا ڕەنگ دەدەنەوە، چونکە وەڵامدانەوەیەکی وا دەبەخشێتەوە، کە پراگماتیکانەیە و پەیوەستە بەزانیاری پێشوتر و سیاقەوە، بەلایەنی کەمەوە دەزانرێت ڕەخنە و تێبینی گوێگر لەسەر کەسێتی (نازادار) پەیوەندی بە پلەی گەرمی و ساردییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لێرەدا کۆمەڵایەتییە و هەڵسوکەوتی کەسەکە لەکۆمەڵگەدا و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەردەخات، یان تێبینەکە لەسەر کەسایەتی (نازدار)ە، وا هەست دەکرێت گوێگر نازداری زۆر خۆش ناوێت و کەسێتی ئەوی بەدڵ نییە، خۆشەویست نییە لەکۆمەڵگادا. (هاوسەر نەوزارد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٣٤).

ئەمە ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە قسەکردن و ئاخاوتنێک هەیە هاریکاری گوێگر و قسەکەر دەکەن باشتر ئاڵوگۆڕی زانیارییە متمانەدارەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی بۆچوونێکی تۆکمە و ساخکراوە لەبارەی بابەت و باسەکان دروست بکەن. لەهەمان کاتدا شێوازی ئاخاوتنەکان، کە هەڵگری واتای جیاواز، فرە واتا، یان بەخشکە گەیاندنی مەبەستی نادیارن، دەبێتە هۆکارێکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی گرفتی (تێگەیشتن و هەڵێنجانی) مەبەست لەنێو دەقی گوتاردا.

باسەرنجی ئەم ئاخاوتنە واتادار دەربارەی (دژوون بوونی رۆژ) بدەین، بێگومان ئێمە دەزانین ڕۆژ نەپیس دەبێت و نەخۆشی پێ دەشۆرێت و نەلەسەر زەوی بەرجەستە دەکرێت، بەڵام دەقنووس بۆ بەدیهێنانی واتایەکی جیاوازتر لەواتا ئاساییە فەرهەنگییەکە، لەڕێگەی بەکارهێنانی مەبەستێکی (فکری و وێناکردنەوەی وێنەی ڕۆژ) وەکو (هێما و نیشانەیەکی ئایینی و فکر)ی گفتوگۆیەکی بۆ دەربڕینی مەبەستێک، کە لادانە لەبنەمای هاریکاری، بەڵام بەشێوەیەک، کە دیسان دەبێتەوە هاریکار بۆ لێکدانەوە و گەیشتنە ئامانجە سەرەکییەکە. (شەڕ و پیسی و تۆزی جەنگ و قڕکردنی ئێزدیەکان لەلایەن ئالا ڕەشەکان) ڕووی گەشیی ڕۆژیشیان پیس کردووە. ئەمە واتایەکی زهنی و تێڕوانینێکی فکری واتاداری هەمە واتایە، بەڵام دەستبەردای بنەماکانی (هێمای ڕۆژ و نیشانە فکریی و کەلتورییەکانی) گوتاری دەقی ڕۆژ دژوون بوون نەبووە. واتە ئەو چەندە لادانی واتایشی بەپێی بنەمای هاریکاری دروست کردبێت، دوای پەیوەندییەکانی لەنێوان مەبەست و کەرەستە زمانییەکە و بەکارهێنانی کەلتوری نیشانە سیمیۆلۆجییەکانی وێنە و هێمای ڕۆژ نەشێواندووە.

ڕۆژ لە ئایینی ئێزیدی یەکێکە لەکۆڵەگە سەرەکییەکانی بیروڕا و کەلتور و ئایین، (کەریم کاکە) لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) دەڵێت: (ڕۆژیش دژوون دەبێ، ئەو ڕۆژانەی شەڕوشۆڕ بەرپا دەبێت و ئاگر دەکەوێتەوە و دووکەڵ تەپوتۆز بەئاسماندا دەچن، رۆژیش هەست بەپیسی و دژوونی دەکات........جوان جوان خۆ دەشوات و سپێدەی دوایی، لە بەری دەچلەوە پاکژ پاکژ وەک

چاوی ئێزد دەدرەوشێتەوە و بەسەر شنگالدا هەڵدێتەوە). (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥١).

لەم گوتنەدا لەبنەمای چۆنی هاریکاری لایداوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وێناکردنێکی هونەری دروست کردووە، ئەگەر ڕۆژ بەرەو دژوون بوون و نەبینین و پشتکردنە ئێزیدیش چووبێت، نەخێر ئەوە جارێکی دیکە دەگەشێتەوە و خۆی دەشوات و پاکژ دەبێتەوە، بەواتا قووڵەکەی (ڕۆژی ڕزگاربوونی ئێزدیەکان هەڵدێتەوە). لادانەکە لەو وەسفەدا دێت، کە بوونەتە سەرچاوە و هۆکار بۆ دژوون بوونی ڕۆژ، لەکردەوەدا ڕۆژ دژوون نابێت، بەڵام کاتێک (سەرچاوەی فکری مرۆڤ) پیس دەبێت، بە هەر هۆکارێک بێت (ئایدیۆلۆجی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، ئابووری.. تاد) سەرچاوەی (بەزەیی و ویژدان و پێکەوەژیان و ڕووناکی و هەقیقەت بینین و ڕزگاری) تووشی لێڵی و شێوان و ئاژاوە دەبێت.
ئەم لادانەدا، دەکرێت بڵێین لادانێکی ناستانداردە، ئاساییە بۆ بەدیهێنانی وەسفێکی ئەدەبی و واتایەکی قووڵی هزری و دەرخستنی سەرچاوەی هزری (ئایین و کۆمەڵگا و کەسەکان)، کە لای ئێزدیەکان خۆی لە (ڕۆژ) دەبینێتەوە، مامەڵەی لەگەڵ بەم جۆرە لەگەڵ بکرێت. دەکرێت بڵێن، خوێنەر گریمانەی:
یەکەم: درستبوونی نائومێدی و خراپ بینین و چوون بەرەو مردن (بەکوژانەوە و دژوونی ڕۆژ) پیشان بدات.

دووەم: لەبەشی کۆتایدا دەڵێت پاکژ بوونەوە سەرچاوەی چاکە و دروستبوون و بوژانەوەی ئومێد و دەربازبوونە لەقەیران و دۆخە دەروونییە ئاڵۆز و دۆخە خنکاوەکانی نێو ئاژاوە و مەرگەسات.
لەڕێگەی ئەم دەربڕینە بنەمای هاریکاری شێوە هەیە، کتومت وێنەی (دەروونی و بیکردنەوەی کەسێکمان) بۆ وێنا دەکات، کە لەقەیران و دۆخێکی دەروونی سەخت دایە، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی لادان لەلێکەوتەی ئاخاوتنی ناستاندار، ئەویش پەیوستە بەکارهێنانی هێمای سروشتی و نیشانە سیمیۆلۆجییە ئاینی و فکرییەکان.

# کەس ورتەی لێوە نەهات، نە بە نا، نە بە ئا (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥٩).

بەپێی بنەمای هاریکاری وەڵامە، یان وەسفی وەڵامەکە زۆر بەکورتی و پوختی کراوە، ئەویش (نە بە ئا و نە بە نا)یە. یان (ئا و نا).
ئەمە پەیوەستە بەدۆخی دەروونی کەسەکانەوە، کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کاردانەوەیەکیان بەرانبەر ڕووداوێک، پرسیارێک، کێشەیەک و ئەگەرێک هەبێت.
(گرایس) لەبارەی دروستکردنی واتا، یان بەدیهێنانی مەبەست لەنێو گوتاردا دەڵێت: (دەبێت دوو پرسیار بکەین: یەکەم: چۆن هەندێک کەس دەتوانێت هەندێک واتا بگەیەنێت یاخود بەخشکەیی دەرببڕێت؟ دووەمیان: ئەو واتایە چییە، کە دەردەبڕدرێت یاخود بەخشکەیی دەردەبڕدرێت). (کاروان عومەر

قادر ، ٢٠١٢، ٢٥٦). بەو پێیە وەرگر دەبێت بەدوای واتای چۆن گوتی و چی گوت بگەڕێت. ڕاستە دەربڕینەکان بەپێی بنەمای هاریکاری کورت و پوخت و بێ زیادە گوتنن، بەڵام کاتێک کەس نوقەی لێوەنایەت، دەبێت لە (کات و شوێن و دۆخێکی) دژواردا بن، یان دۆخەکەیان بەدڵ نەبێت، لەبنەڕەتدا ڕەنگە پرسیاری قسەکەرەکەیان بە دڵ نەبێت، یان وەڵامەکە ( نەرێنییە) بۆیە قسە ناکەن.

# خۆتان تێکمەدەن، ئەو فڕۆکەیە دۆستە، دوژمن نیە.
چەکدارەکە وا باگۆی دایەوە:
ئێزیدی دۆست نینە. (کەریم کاکە ، ٢٠١٩، ٦٨).

دەقنووس هاوکاری خوێنەر دەکات، کە ئەوەی ڕوودەدات نیگەرانی خەڵکەکەیە لەوەی کە دوژمن زاڵە، ترسی دوژمن لەهەموو لایەکدا باڵادەستە، دوژمن تۆقێنەرە، ئازار بەخشە. گۆڕانێک ڕوودەدات (دۆست) دەردەکەون، کە ئێزدیەکان لەئەنجامی ئەو کوشتارەی دژیان بەڕێوەدەچێت، چی دیکە کەس بەدۆستی خۆیان نازانن. واتە نووسەر هاوکاریمان دەکات، کە ئەو کەسانەی لەسەر چیای شەنگال ئابلوقەدراون، لەدۆخێکی سەختی دەروونیدا دەژین، متمانەیان بەهیچ کەس و لایەنێک نەماوە. (ئێزیدی دۆستی نییە). ئەمە لادانە لەبنەمای هاریکاری. چونکە قسەکەر پرسیاری شتێک دەکات، وەرگریش لەوەڵامەکەیدا شتێکی دیکە دەڵێت.

بەبڕاوی (گرایس) ئاخاوتن چالاکییەکە بەهاریکاری هاوبەشەکانی قسەکردن دێتە ئەنجام و لەژێر دەسەڵاتی بنەمای هاریکاریی دایە. (بەکر عومەر عەلی ، ٢٠٠٠، ٩١). بەپێی ئەو بنەمایە قسەی چەکدارەکە، کە بۆتە ڕوونکردنەوەیەکی پڕ واتا، بۆ ئەوەی هاریکاری قسەکەری نێو دەقەکە و وەرگرەکانی دەرەوەی دەقەکەش بکات، بە (کورتی و کوردی و پوختی) گوتراوە، هیچ (ڕونکردنەوەیەکی زێدە و وەسفکردن و زانیاری نا پێویستی درێژدادڕانەی تێدا بەکار نەهێنراوە) بەکورتی دەڵێت (ئێزیدی دۆستیان نییە)، تەواو. ئێمە لەواتا سادەکە، ئەوەی بەپێی دەوروبەری قسەکردن و گفتوگۆیەکە بەڕێوەچووە تێ دەگەین، کە ئەوان لەباری هەقیقەتی دەرەکی و دۆخی دەروونی ناوەکی خۆیان (تەنیان)، بەڵام واتا شاراوە، یان بەخشکە گوتراوەکەی نێو ئەم قسەیە، ئەوەیە، کە (ئێزدیەکان هەر تەنیا نین، بەڵکو متمانەیان بەکەس نەماوە. ئازاری نەبوونی دۆست و پشتوپەنا بەسەختی و هەستێکی پڕ لەئازار دەربڕاوە)، لەهەمان کاتدا واتای (ئابلوقەدان و مەرگەساتەکانیش) دەگەیەنێت.

دەکرێت لەشیکردنەوەی واتای (تەنیا) لەڕوانگەی پراگماتیکی ژمارەیەک مەبەست و گریمانە و ئەگەر و لێکدانەوە ئاماژە پێبکەین، وەکو:

- تەنیایی واتای گۆشەگیریی، دابڕان، نەبوونی دۆست، ئازار و نەمانی متمانە بەدەوروبەر دەگەیەنێت.
- کەسانێک پشتیان تێکردووە و ئەویش بەتەنیا ماوەتەوە.

- تەنیایی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، ڕەنگە لەئەنجامی هۆکاری (کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئایینی و ئابووری و سیاسی و ڕەگەزپەرستی و چەوسانەوە)، یان هەستکردن بەوەی گروپێک پیادەی ئەم شتانە دژی ئەو گروپە ئەنجام دەدات، کە ئێستا لەدۆخی تەنیایی دایە.

- تەنیایی، بەواتای بێ متمانیی و دابڕان و پشتتێکردن دێت.

- تەنیایی هەستکردنێکی پڕ لەگومانی سەخت و قووڵی دەروونییە، بەرانبەر دەوروبەر.

- هاوپەیمانێک، دۆستێک، خۆشەویستێک، لەبەڵێن و وەعدەکانی پەشیمان دەبێتەوە و قسەکەر بەتەنیا جێ دەهێڵێت.

- تەنیا بەپێی دەوروبەرەکەی دەگۆڕێت، ئایا (سەربازییە، کەسییە، خۆشەویستییە، سیاسییە، پەیوەندی نێوان دوو گروپ و نەتەوە و ئایینە، بازرگانی و ئابوورییە، ناوچەیە، ... تاد).

#گوتی: چل مێرا ئێرە دەپارێزێ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٩٦).

قسەکەری هەر زمانێک لەکاتی قسەکردندا وشە و ڕستەکانی خۆی بەڕەوتێکی ئاسۆیی ڕێک لەزارەوە دەرناهێنێت، بەڵکو بەردەوام لە(بەرزی) و (نزمی)دا دەبن، واتا لە(هەڵس) و

(کەوت)دا دەبن، جۆر و ڕادە و پلەی خێرایی و توندی و شلیی ئەم (هەڵس) و (کەوت)انە بەپێی (مەبەست) و (یاساکانی زمانەکە) سەرهەڵدەدەن. (د. وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٢٨٤).

# بەترسەوە کارتۆنەکەی کردەوە و گوتی:
نەمگوت... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٢).

(د. وریا عومەر ئەمین) لەبارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەستەواژەیەک، کە چەند سیمای هەبێت و یەک واتا بدات، یان یەک سیما بێت و چەند واتا بدات، بەمجۆرە شیکردنەوە بۆ دۆخە زمانییەکە دەکات:

# نەڕۆی دەتکوژم.
هۆی ئەم لێڵییە ئەوەی، ئەم ڕستەیە دوو بنجی هەیە، جارێ وەکو ڕستەییێکی (نهی) و داخوازی و جارێ وەکو ڕستەییێکی (مەرجی). بەپێی یاساییێکی گوێزانەوە ئامرازی (ئەگەر)ی لێ لادراوە. لەوتندا بە ئاوازی ڕستەکە ماناکان لێک جیا دەکرێنەوە. هەروەها لەبارەی ئەم نمونەیەش گوتیەتی:

# آ- من تۆ دەبینم.
ب_ تۆ دەبینم.
ج- دەتبینم. یەک بنجە و سێ سیمای هەیە. (د، وریا عومەر ئەمین. ٢٠٠٤، ٢٩٩-٣٠٠).

کاتێک (کەریم کاکە) وەکو بنەمایەکی هاریکاری ڕستەی (نەمگوت..) دەردەبڕێت. خوێنەر دەتوانێت بەچەند جۆرێک واتاکانی ئەم گوتنە لێک بداتەوە. لەبنەڕەتدا یەک بنج و سیمایە، بەڵام دەکرێت بڵێین واتای:

آ- ئەگەر بەڕاگەیاندنی هەواڵی ڕەتکردنەوە (نە) دابنرێت. واتە شتەکەی نەگوتووە.

ب_ بەپێی ئاوازەی گوتنەکەی دەکرێت جەختکردنەوە و ودووبارەکردنەوەی مەسەلەیەک بێت.

ج- دەکرێت دۆخی سەرسوڕمان بێت، دیارە ئەمانە پەیوەندییان بەدۆخی بەکارهێنانی دەستەواژە و ڕستەکەوە هەیە.

د- لەبنەڕەتدا مەبەستی ئەوەیە (گوتیەتی) نەک نەی گوتووە، واتا کاتێک بمانەوێت واتا هەقیقیەکە و مەبەستە ڕاستەقینەکە بدزۆینەوە، ئەوەیە، کە گوتیەتی.

ئێمە گوتمان لەبنەمای هاریکاری پشت بە (کورتی و پوختی، هەقیقەت و خۆ دوورگرتن لە شتی لاوەکی) دەبەسترێت. لەڕاستیدا ئەم ڕستەیە بەم جۆرەیە (من پێم نەگوتن، کە ئەمە خۆراکە و فرۆکەی دۆست بۆی فڕێ داوین). بەڵام دەقنووس بۆ ئەوەی خوێنەر لەم هەموو جووینەوە و دووبارە کردنەوە دەرباز بکات، وەستاکارانە بێ ئەوەی هیچ (لەواتا و مەبەست و دەربڕین و پێکهاتە واتاییەکەی ڕستەکە و ئەرکی پەیوەندیکردن

و گەیاندنی زانیاری و هەواڵ) کەم بکاتەوە، ئەو شتەی (مەبەستە) سەرەکیەکەیە بە پوختی بە وەرگری گەیاندووە.
وەرگریش بەپێی دۆخ و دەوروبەری کۆمەڵایەتی و ئەو شارەزاییی و زانیاریانەی پێشوەختە لەبارەی (مەبەست و شێواز و ئامانجی گوتاری قسەکەرەوە) هەیەتی، بەپێی لێکدانەوەی بەپێی دەوروبەری دەروونی و کۆمەڵایەتی خۆی دەربڕینەکە شی دەکاتەوە.

# کوڕێ من، مەرد بە، بە ئێزیدی بژی. (کەریم کاکە، ٢٠١٩،١٨٢).

ئەمە وێناکردنێکی خەیاڵی قسە و پەیوەندیکردنێکی ڕۆحییە لەنێوان کوڕێک و دایکێک.
لەم دەربڕینە کردەی پێوانەکردنێکی فکری و کۆمەڵایەتی وێنا کردووە، کە بریتییە لە(مەرد بە)، بە (ئێزیدی بژی)ە. ئەم دوو ئامازە وەسفییە بریتییە لەبنەمای هاریکاری چۆنیی و دروستی.
قسەکەر لەم دەقەکە کوڕێکە ئامۆژگارییە هێما بۆکراوەکەی دایکی دەگێڕێتەوە، کە لەدوورەوە وەکو هێما و ئاماژەیەکی دەروونی پێی گوتووە، کوڕەکەم بەم جۆرە بژی، کە من ئاماژەی پێ دەکەم. (مەرد) و (ئێزیدی ژیان) پێوانەیە بۆ کوڕەکە. واتە دەکرێت لەکردەی هاریکاری چۆنی پێوانەکە (هێما، ڕەمز، واتا، زهنی و لێکدانەوەش) بێت. کە لەدەقەکەدا بەم جۆرە پێوانەی (بۆچوون و هەڵوێست و تێڕوانین و وێناکردن و گێڕانەوەی تێگەیشتنی بۆ سەیرکردنەکەی دایک) کردووە.

# ئێ، بڵێ.... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٠٢).

ئەم دوو وشەیە (ئێ) دەربڕی دۆخێکە، جیاوازە لەگەڵ دۆخی (بڵێ). بنەمای هاریکاری چۆنی و دروستی وەکو سەرەتایەک وایە بۆ ئەوەی وەرگر لەدۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ساتی قسەکردنی ئەو کەسە بگات، کە دەڵێت (ئێ) ئەمە دەنگێکە و نیشانەیەکی زمانییە ئاماژە بەوە دەکات، یەکێک دەڵێتە گوێگرەکەی (ئێ) واتە (فەرموو.. )، (چی، چی بووە) قسە بکە. ئەمە زەمینە خۆشکردنە پێش ئەوەی دەرفەت بەیەکێک بدرێت قسەی خۆی بکات.

(ئێ): بەواتای ئەوەش دێت، باشە ئەوە گوێم لێت گرتووە، قسە بکە.

(ئێ): باشە، فەرموو.

(ئێ): لەڕووی دەروونییەوە دەرفەت و زەمینەی قسەکردن بۆ بەرانبەرەکەی دەرەخسێنێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆی بڵێت.

(ئێ): دروستکردنی کەشێکی گونجاو و هاوسەنگە بۆ قسەکردن. دوور نییە، قسەکردنە بۆ (گاڵتەپێکردن و سوک نیشاندانی دۆخی وەرگرەکە و کەمکردنەوەی بەها و بایەخی قسەکردنەکە) بێت.

مەبەستمان لەم نموونانە ئەوەیە بڵێین بنەمای هاریکاری چۆن بەشداری دەکات، لەئاسانکاری بۆ تێگەیشتن و هەڵێنجانی مەبەست و دیاریکردنی کەرەستەکانی ئاخاوتن، هەرچەندە ئێمە دەزانین قسەکەران پێشگریمانەکان دەردەخەن، وەکو چۆن گوێگر و وەرگرەکان گریمانەی ڕوودانی شتەکان دەکەن.

من وەکو خوێنەر گریمانەی ئەوە دەکەم یەکێک بەقسەکەر دەڵێت (بڵێ)، واتە دەرفەتی قسەکردنی بۆ دەرەخسێنێت، یان پێی دەڵێت بەردەوام بە، یان گوتنەکانی جێگەی متمانەیە و کاریگەرە بۆیە دەڵێت (بڵێ). هەروەها وەکو خوێنەر گریمانەی ئەوەش دەکەم فەرمان بە گوێگر بکرێت، بۆ ئەوەی قسە بکات، یان کەسێکی کەمدوو بێت، بۆیە هانی دەدەن شتێک بڵێت.

ڕەنگە لەبنەڕەتدا کەسی گوێگر/ یان وەرگر لەدۆخێکی سەختدا بێت، نەتوانێت نهێنی شتێک بدرکێنێت، بۆیە فشاری بۆ دەهێنن و چاوی لێ سوور دەکەنەوە، یان پەشۆکاوە و توانای قسەکردنی نەماوە.. تاد. ڕەنگە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی شەرمن بێت، یان پلەو پایە و ڕەگەز و تەمەنی بەراورد بەقسەکەر و داوکاری (بڵێ)یەکەی لەو بەرزتر بێت.

گریمانەی ئەوە دەکرێت (قسەکانی بەسوور بن، یان بەپێچەوانەوە)، هەروەها خوێنەر و وەرگر گریمانەی ئەوەش دەکەن قسەکانی (جێگەی گومان بن، پێویستیان بەساخکردنەوە بێت)، (یان پەیوەندی بەهاندانەوە هەیە لەپێناو قسەکردن و بەشداری لەگفتوگۆ).

گرنگ ئەوەیە لەئەنجامی پابەندی قسەکردن و شێوازی دەربڕینەکە بەپێی بنەمای هاریکاری چۆنی و دروستی، قسەکردنەکە هێندە کورت و پوختە، پابەستبوونی بەدەربڕینی بەپێی پێویست تێدایە، لەدوو وشەدا دەڵێت (ئێ، بڵێ). لەلایەک دەنگێکی ئاماژەیە بۆ (هاندان و ئاگادارکردنەوە و زەمینەسازی)، لەلایەکی دیکەشدا کردە قسەی (فەرمان، ڕێنوێنی، داواکردن)ی لەخۆ گرتووە لەپێناو دەربڕینی (بڵێ)دا بەدی دەکرێت.

لەکردەوەدا (بلێ)، جۆرێک لەڕازیبوونی بە (بەڵێی) تێدایە، واتە قسەکەر ڕازییە لەسەر ئەوەی گوێگرەکەی قسە بکات و بەشدار بێت و ڕای تایبەتی خۆی لەبارەی ئەو شتەی هەیە، لەشوێن و کات و دەوروبەری تایبەتیدا دەربڕێت. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبنەمای هاریکاری چۆنییەوە هەیە، کە داوا دەکرێت شتەکان بەدروستی بەکاربهێنرێن، ئەگەر بکرێت لەشێوەی (بەڵی و نەخێر) بەشداری بکرێت.
بۆ نموونە (جۆرج یۆل) لەکتێبی (پراگماتیکدا) بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی بە ئاخاوتنێک و گفتوگۆیەک کردووە و دەڵێت:

# پیاوەکە: سەگەگەت گاز دەگرێ؟

ژنەکە: نا. (جۆرج یۆل، ٢٠١٤، ٦٨). ژنەکە بە (نەخێر) وەڵامی داوەتە، لەکاتێکدا مەرج نییە وەڵامەکە دروست بێت، ڕەنگە پرسیارەکە لەبارەی سەگێک بێت، کە هی ئەو نییە. واتە کاتێک دەڵێت (ئێ، بلێ)، بەواتای (بەڵێ) ڕازیم قسە بکەی، فەرموو. هیچ مەرج نییە، دوای ئەوەی کەسی داوالێکراو قسە دەکات، شتەکان جێگەی ڕەزامەندی قسەکەرەکە بێت، کە داوای، یان فەرمانی ئاخاوتنی پێ دەدات.

# ئەویتریشم کوشتبا! (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٠٨).

لەم کردەی هاریکارییەدا (چۆنیەتی بیرکردنەوە و پەشیمان بوونەوە و داخ هەڵکێشانی قسەکەرمان) لەهەمبەر (ڕووداوێکی

تێپەڕ) بۆ دەرەخات. لەم دەربڕینەدا قسەکەر پێشگریمانەی ئەوەی کردووە:

یەکەم: پێش ئەم قسەکردنە یەکێک، یان پتر لەیەکێکی کوشتووە.
دووەم: پەشیمانە، کە ئەوی دیکەشی نەکوشتووە و ئێستا لەژیان دایە.
سێیەم: بەهێزە.
چوارەم: بەبەڵگە و متمانە و بڕوابەخۆبوونێکی پتەو ئەم ئاخاوتنە دەکات، کە هەندێکی کوشتوون و یەکێکی دیکەشی بەئەنقەست نەکوشتووە،لەکاتێکدا دەیتوانی بیکوژێت.
بەڵام وەرگر و خوێنەر گریمانەی ئەوە دەکەن کە:

- ئاخ هەڵدەکێشت، کە دەیتوانی ئەوی دیکەش بکوژێت، بەڵام نەیکوشتووە.
- دەستدرێژیان کردۆتە سەری.
- (سەرسوڕمان لەدوای ڕستەکەدا هەیە) ئەمەش هێمایە بۆ بەجێهیشتنی پرسەکە لەشێوەی بۆشاییەک، کە دەبێت خوێنەر و وەرگر پڕی بکەنەوە.
- دۆخەکە لەشێوەی ئەگەرە، ئەگەر وای بکربایە، چ دەقەوما.

مەبەستمان ئەوەیە زمان کردەیەک ڕادەپەڕێنێت، کە دەبێتە بنەمای هاریکاری بۆ تێگەیاندنی خوێنەر، ئەگەر ئەم (شتە، کارە، دۆخە) ببووایە، ئەوە (کارەکە، ڕووداوەکە، ئەنجامەکە) بەم شێوەیە دەبوو. زمانی دەربڕین و گوتنی کەسێکی (تاوانبار/ زۆرلێکراو/ منداڵ/ بەتەمەن/ کرێکار. ئافرەت/ پیاو/ پیشەگەر. ڕۆشنبیر/ نەخوێندەوار... تاد) بەپێی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی لەباری (بەکارهێنان، یان دەربڕین) دەگۆڕێت.
(جۆرج یۆل) دەڵێت: (کاتێک قسەکەر گوتەیەک بەرهەم دێنێت، وشەیەک لەپێوەرەکە هەڵدەبژێرێت، کە زۆرترین و دروسترین زانیاری لەڕووی چەندی و چۆنییەوە بەپێی بارودۆخەکان تێدابێت). (جۆرج یۆل، ٢٠١٦، ٧٦). مەبەست لەمە ئەو ئاماژە و وشە و دەستەواژانەیە، کە دەبنە پێوەر بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی بنەماکانی هاریکاری چەندی و چۆنیەتی.

# پاتری مرد، لە دنیا دابڕاین.
بابمرێ جگە لە مەرگی ئێزیدی چی پێبوو!.

لەگوتنەدا قسەکەر ئاماژە بە (مردنی پاتری ڕادیۆیەک دەکات)، کە سەرچاوەی پەیوەندیکردن و وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی دەرەوەی ئەو جوگرافیا داخراوە دابڕاویەیە، کە لەکاتی قسەکردنەکاندا تێیدا دەژین، بەڵام کاتێک لەبەشی دووەمی ڕستەکەدا وشەی (جگە) ئاماژە پێکراوە، ئەمە کردەی بەراورد و جەختکردنەوە و ساخکردنەوەمان تا ڕادەیەک پێ دەبەخشێت. (با بمرێ) کردەی (بێ بایەخی و بێزاربوون و ناڕازیبوون و

ڕەتکردنەوەیەکی ناچارانە) نیشان دەدات. (چی) ئاماژەیەکەی پێوانەییە، بۆ پێوانەکردنی ئەو دۆخەی، کە دەیەوێت بە (هیچ، خراپ، نیگەرانکەر، گومان، ڕەتکردنەوە، ناڕازیبوون) بچووێنێت. باسەیری ئەم نموونەیە بکەین:

# پێتبوو

لەڕووی زمانەوە (پێبوو) چەند بنج و واتایەک لەخۆ دەگرێت: پێبوو یەک بنجە، بەڵام سێ واتا لەخۆ دەگرێت، لەوانە ( پێ بەواتای قاچ)، _ پێ بەمانای (هەبوون)، (پێ بەواتای هەڵکردن) دێت. وشەیەک لە یەک فۆرم و بنجی هەیە، بەڵام سێ واتای جودا دەگەیەنێت، واتاکانیش پەیوەندییان بەدەوروبەر و هێز و ئاوازەی گوتنەکە و مەبەستەکەی لەچوارچێوەی بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت.

هەروەها (بوو) بەواتای (هەبوون و کاتی ڕابردووش) دێت. واتە زمان ژمارەیەک ئەرک و مەبەست و واتا دروست دەکەن، کە مرۆڤ لەڕێگەی بەکارهێنانییەوە پێگە و هێز و بەهایان پێ دەبەخشێت.

لەم دەربڕینەی لەدەقەکەی (کەریم کاکە)دا هەیە (پێبوو) بەواتای ئەوەی (خراپەکاریان دژی ئێزیدی هەبووە، خراپەکاریان هێناوە، هیچ شتێکی باشیان لا نەبووە.. تاد)، بەو واتایە بەکارهێنراوە قسەکەر (کردەی ڕەتکردنەوەی) ئەنجام داوە، لەهەمان کاتیشدا (کردەی پێدانی زانیاری و ئاگادار کردنەوە و هوشداری و ڕێنوێنی) لەخۆگرتووە، دەکرێت بڵێین قسەکەی

لەڕێگەی ئەم ڕوونکردنەوە کورت و پوختەدا، کە پشت بەبنەمای هاریکاری (چەندی/ دروستی) دەبەستێت، پاساو هێنانەوەیەکی لۆجیکییە بۆ ئەوەی ئێزدیەکان لەڕووی دەروونی و ئەخلاقی و مێژوویی و فکری و ئایینییەوە متمانە بەوانە نەکەن، کە ئاماژەیان بۆ کراوە و سەرچاوەی بێ متمانەیین.
خودێدە: ئاوەدانی بوو. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢١٦)

ئەمە پەیوەندی بە گوتاری ڕۆشنبیری و پێکەوەژیان وجکەلتوری لەمێژینەی ئایینییەوە هەیە. (ئەمەش لەوە دەردەکەوێت ، کە ژمارەیەکی زۆر نموونەیان هێناوەتەوە باس لەبوونی بەڵگەی دژایەتی کەلتوری و نەبوونی هاوسەنگی لەبیرکردنەوە و ئایین و هێز و ژمارە و بڕیار و حوکم دەکەن)، لەئاخاوتنەکەدا بەگشتی، یان دەتوانم بڵێم هەر هەموویان بەڵگەی بنەمای هاوکاریی (مێژوویی، فکری، تێڕوانینی مرۆیانە، پشتبەستن بەڕووداوە هەقیقیەکان) نیشان دەدەن.

### ٣-١٠-٣ سێیەم بنەمای هاریکاری پەیوەندی:

لەم بوارەدا دەبێت زانیاری و جۆرێک لەو شتانە بەکاربهێنرێت، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، نەک شتێک، کە دوور بێت لەقسەکردنەکە. دەبێت مەسەلەکە پەیوەندیدار بێت و ئاسانکاری بۆ ئاخاوتن بکات لەکاتی ڕوداونی کارەکەدا، واتە

گونجانی ئاخاوتنەکان لەگەڵ پەیوەندییەکان و شوێنی پەیوەندییەکان هاوشان بن. با نموویەک ئامازە پێبکەین وەکو:

# ئەمڕۆ بڕۆین بۆ پارک؟
دوای نیوەڕۆ هاژە دێت.

ئەگەر پەیوەندی ئاخاوتنی دوو کەس دەربکرێتن، هیچ پەیوەندییەک نامێنێت لەنێوانیاندا و ڕستەکان لەڕووی واتا و زانیاری دانەوە، لەیەکدوور دەکەونەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ڕستانە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرە، وەڵامەکە بۆ پرسیارەکە لەچوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا دەبێت، گوێگر ناڕاستەوخۆ بەقسەکەر دەڵێت، ناتوانێت بێت بۆ پارک و میوانی دێت.

لەنموونەیەکی دیکە دەکرێت ئەنجامی دیکە لەقسەکردنەکەدا هەڵێنجین، بۆ نموونە:

# خانووەکەت کڕی؟
چایەکەت بخۆوە با سارد نەبێتەوە.

لێرەدا وەڵامێکی شیا و گونجاو نییە بۆ پرسیارەکە، بەڵام گوێگر دەیەوێت خۆی ڕزگار بکات، لەپرسیاری قسەکەر و نایەوێت زانیاری لەبارەی بابەتەکەوە بداتێ، بەناڕاستەوخۆیی دێت پێی دەڵێت: تۆ هەقت نەبێت بەسەر ئەم کارەوە، بەڵام بەهۆی دەوروبەر و باری قسەکردنەوە دەردەکەوێت، کە بنەمای

پەیوەندی بەزێنراوە. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهین، ٢٠١٤، ٢٠).

دەکرێت لەم گفتوگۆیە ناهاوسەنگەدا گریمانەی ئەوە بکەین، کە قسەکەر و گوێگر لەدوو ئاست و پلەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبری و تەمەن و ڕەگەزی جیاوازیشن، بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەم جۆرە پرسیارانە بەشیاو نازانن، ڕەنگە بۆ گاڵتەپێرکردن ، هەندێک جاریش بۆ سوکایەتی و لەدەم دانەوە بەم جۆرە قسە بکرێت.

# پێشمەرگەی بەهەڵمەت لەگەڵ مەحموود ئێزیدی چوو. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٠٠).

یەکێک لەبنەماکانی لێکەوتەی ئاخاوتن پێی دەگوترێت بنەمای هاریکاری، ئەو پەیامەی لەنێو گفتوگۆکاندا دەگەیەنرێت، واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیام و زانیارییەک دەگوترێت، بەڵام پەیوەندییان بەباسەکەوە هەیە. (لەم ڕووەوە ئەو دەرکەوتانە بەشێکن لەو پەیامەی گەیشتووە، بەڵام دەرنابڕدرێت، قسەکەران دەتوانن بەردەوام حاشا بکەن لەمەبەستی گەیاندنی واتای لەم چەشنە، کەواتە لێکەوتەی گفتوگۆ دەشێت ڕەتبکرێتەوە و بەشێوەی جیاواز دەکرێت بەئاشکرا ڕەتبکرێنەوە، یان بەهێز بکرێن). (جۆرج یۆل، ٢٠١٦، ٨٠).

لەم دەربڕینەی دەرەوەدا، کە لەشێوەیە گفتوگۆ دەربڕاوە، لەبنەمای هاریکاری پەیوەندی بەکاردێت، بەڵام دەکرێت کارلێکی گفتوگۆشی پێ بگوترێت، کاتێک دەڵێت (پێشمەرگەی بەهەڵمەت) ئەمە وەسفێکی ئەرێنییە، پێوانەیە بۆ (هەلمەت، بەهێز، کاریگەر، بەنێوبانگ، دوژمن شکێن، بەڕێز.. تاد)، بەڵام ئەم سنوورە تەنیا هەتا سەردەمی بوونی (مەحمود ئێزیدی) دەڕوات، دوای ئەوەی (ئەو وەسفە بۆ پێشمەرگە دەگۆڕێت)، یان (نامێنێت).

قسەکە پەیوەندی بەوەسفی (ئێزدی و بۆچوونی ئێزدیەکانەوە) هەیە لەبارەی (هەڵوێستی پێشمەرگە لەساتەکانی هێرشی داعش دژی ئێزدیەکان) ساتێکە پڕ لە (هەڵچوون، کاردانەوە، ناسروشی، تووڕەیی، بێ ئومێدی، شکان، بیرکردنەوە لەژێر هەژموونی کاریگەری ڕووداوەکان... تاد). بەڵام دیسان لۆجیکێکی بەهێزی تێدایە، کە ئێزدیەکان (کوردن، پێشمەرگەن، قارەمانن و ئازان، مەحمود ئێزیدیش سیمبول و هێما و نیشانەی ئەو وەسفەیە). من وای دادەنێم لێرەدا دوو (قسەکەر و نێرەر هەیە) یەکەمیان قسەکەرێکی ئێزدیە لەنێو دەقەکەدا ئەرکی گفتوگۆی بۆ ڕاپەڕاندنی کردەی کارلێکی ئاخاوتن و هاریکاری پەیوەندی ڕادەپەڕێنێت، گوتارێکی ڕەخنەگرانەی هەیە، دەیەویت بڵێت: (ئێمە تا ئەو شوێنە هەبووین و لەلایەن پێشمەرگەوە پاڵپشتی دەکراین و دەپارێزراین، کە مەحمود ئێزیدی زیندوو بوو)، (پێشمەرگە تا ئەو کاتە پێشمەرگە بوو، کە مەحمود شەهید نەکرابوو). پەیامی ئەم گوتارە ڕەخنەگرتنە لەپێشمەرگە، کە نەیتوانی بەرەنگاری لەشەنگال بکات و ئێزدیەکان بپارێزێت.

یەکێکی دیکە خودی نووسەرە، کە لەڕووی فکرییەوە بەشداری لەدارشتن و ئاراستەکردن و دروستکردنی (ئاوازە و هێزی) دەربڕین لەسەر دەنگ و وشە و پێکهاتەکانی ڕستەکە دەکات، بۆ ئەوەی (واتای جودا، مەبەستی هەمەجۆر و گوتارێکی فرە هێز) دروست بکات. بۆ نموونە: ئەگەر نووسەر هێزی دەربڕین و ئاوازەی گوتنەکەی لەسەر (پێشمەرگە بێت) ئەوە مەبەستی هەڵوێست و پاشەکشەی پێشمەرگەیە بەرانبەر داعش و ڕوودانی کارەساتەکانە. ئەگەر هێز لەسەر (مەحموود) بێت، مەبەست ئاماژەیە بە ڕۆڵی ئێزدیەکان لەمێژووی شۆڕش و بەشدارییان لە پێشمەرگایەتی و نیشاندانی قوربانی و ئازایەتی و هێز و کاریگەری ئەوانە.

لەشیکردنەوەی پراگماتیکدا ئەگەر کەسێک شارەزایی مێژوو، سەرچاوەی ڕووداوەکان نەبێت بەشێوەیەکی ئاسایی وای لێک دەداتەوە (پێشمەرگە لەگەڵ مەحموود چوو)، مەبەست ئەوەیە بۆ شوێنێک چووە، دیار نییە کوێیە. ڕۆیشتنێکی ئاساییە، یان بەزۆرە؟. هەواڵێکە باسی ڕۆیشتن دەکات، واتە چوون، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەم ڕستەیە، کە یەک بنج و شێوەی هەیە، واتای جیاواز و مەبەستی جیاواز دەگەیەنێت. هەروەها وشەی (چوو) کە یەک بنج و فۆرمی هەیە، چەندین واتا لەخۆدەگرێت، لەوانە: یەکەمیان (بێ هەڵوێستی و خۆدزینەوەی پێشمەرگەیە)، دووەمیان(ئێزدیەکانن، کە پشتیان بە پێشمەرگە بەهێز بوو، کەچی لەبەر ئەوەی کەسی خۆیان نییە، ئەوانیش چوون). سێیەم (نیشانە و هێمایە بۆ بێ متمانەبوون بەپێشمەرگە)، چوارەم (لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە گریمانەی ئەوە دەکرێت هەر هێز و

گروپێک کەس و خەڵکی خۆیانی تێدا باڵادەست نەبێت، بەهای نابێت و هیچ کاریگەرییەکی لەقازانجی ئەواندا تێدا نابێت).
چوارەم: (چوو) بەواتای (لەدەستچوو)، (ڕۆیشت لەدۆخی ڕابردوو)، (نەما)، (لەهەمان کاتدا دەکرێت بەپێچەوانەی چوون، بەواتای مانەوەی ئەو کەسە لەبیرەوەری کەسەکان و لەمێژوودا ئامازەی پێ بکرێت، چوونەکەی بەواتای هەبوونی پێگە و هێز و ڕۆڵ و دڵسۆز و ئازا و کاریگەر دێت، ئەمەش پێچەوانەی چوونە، کە واتای نەمان و سڕانەوە و لێرە چوون دەگرێتەوە. ڕاستە بەجەستە کەسەکە لێرە نەماوە و ڕۆیشتووە، بەڵام لەڕووی دەروونی و هەستەکی و ڕێزگرتن و بیرهێنانەوە و کاریگەرییەکانی لەسەر زاکیرەی خەڵک ماوە و لێرەیە و کۆتایی نەهاتووە و کاریگەریی هەر ماوە.
بێگومان وەرگرو وخوێنەریش بەپێی دەوروبەری خۆیان لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ئەم دەربڕینە دەبێت. دەربڕینەکە لەڕێگەی پەیوەندی بە (ڕووداوەکان، پەیامی گوتارەکە، کاردانەوە و کارتێکردن و هەستپێکردنی دەروونی و فکری و کۆمەڵایەتی) شی دەکەنەوە. هەیانە (دەستخۆشی و پاڵپشتی نووسەر دەکات)، هەشە (پێی وایە زیادەڕۆیی لەگوتنەکە کردووە)، هەشیانە (دوور نییە بێدەنگ بێت و هیچ ڕایەک دەرنەبڕێت). (گریمانەی ئەوش دەکرێت کەسانێک ڕەخنە بگرن و دەماریان بجووڵێت و توڕە ببن. یەکەمیان دژی نووسەر نموونەی لایەنگیرانی ئایدیۆلۆجین، دووەمیشیان دژی پێشمەرگە و ناحەزانی پێشمەرگەن، یان ئەو گروپانەی بەکردەوە پێشمەرگە بەکەمتەرخەم دەبینن و بەشێک لەدڵسۆزانی نێو ئیزیدیشن.

سێیەمیشان دژی کوردبوونە و ئایینی ئیسلام دەکەنە هۆکارێکی زەق بۆ بیناکردنی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و کاردانەوە، هەندێک لەئێزدیەکان بە نموونە. چوارەم ئەو داگرکەر و ڕەگەزپەرست و دوژمنانەی دەیانەوێت ئەم کێشەیە بۆ دوورخستنەوەی کورد و ئێزیدی بەکاربهێنن).
واتە هەر لێکدانەوەیەک لەڕووی زمانەوە بۆ دەق بکرێت، پێویستە لەچوارچێوەی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە بێت، کە دەبێتە مایەی دروستبوونی (تێگەیشتن و هەڵێنجان و لێکدانەوەیەکی تەندروست و کارا و بەرهەمهێنەرەوەی خودی گوتارەکە). ئەمەش هەمووی لەڕێگەی بنەمای هاریکاری پەیوەندی، یان جۆرەکانی دیکەی هاریکاری بەڕێوە دەچێت، کە ئامانجی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردنە لەنێوان (نێرەر و وەرگر) لەنێوان (کوردی موسلمان و کوردی ئێزیدی)، لەنێوان (هێز و بێ هێزدا) ، لەنێوان (کەسانی زولمکار و کەسانی زولملێکراو) و لەنێوان (مێژوو و دووبارە بوونەوەی ڕووداوەکانی ئێستا)، لەنێوان (ویژدان و شمشیر) و لەنێوان (پێکەوەژیان و سڕینەوە و قبولنەکردنی یەکتر لەڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە). لەنێوان (متمانە و تێکشکانی دەروونی)، لەنێوان (کەسێکی پتەوی ڕەگ داکوتا و بەئایینی ئێزیدی و کەسێکی توندڕەوی شمشیر بەدەستی هەڵگری فکری بیابانی قڕکەر)، لەنێوان (عوسمانییەکان و فەرمانە یەک لەدوای یەکەکاندا)، لەنێوان (وێنەی ئەردۆغان لەگیرفانی تیرۆرستێك و ناسنامەی داگیرکەران)، لەنێوان (کەژێ کچە ئێزیدی عاش بە سالحۆی کوڕە موسلمان)، لەنێوان (کریۆڤۆی موسڵمانی ئازادی ئاوارەی

چیای شەنگال و گەنجێکی ئێزیدی دیلکراوی سەربڕاودا). لەنێوان (دایکێکی ئەتکرا و خوشکێکی کۆیلەکراوی فرۆشراوەی بازاری موسل و خۆڕاگری کەژێی کارەکتەری سەرەکی دەقەکە و وابەستەبوونی لەڕووی ئیمان و خۆڕاگری و بەرەنگاری و مانەوەی لەڕێگەی وابەستەبوون بەسەرچاوەی قسەکانی پیری چل چرا). لەنێوان (شەیتان پەرستی و خوا پەرستیدا) لەنێوان (سەرچاوەی نووسرا و زارەکی ئێزدیەکان).

# ئەو شەیتان پەرەستە، مۆسیقا بۆ شەیتان لێدەدا. (کەریم کاکە، ٢٠١٩ ).

دووبارە کردنەوەی وشەی (شەیتان) لەم ڕستەیەدا هیچ کاریگەرییەکی خراپ، یان کەمکردنەوەی پێگەی کردەی هاریکاری پەیوەندیی دروست ناکات. چونکە وەسفی دوو (شت و کەس و دۆخی جیاواز دەگەیەنێت).

یەکەم: ئامارژەیە بۆ کەسێک (شەیتان پەرستە!!). واتە لەڕوانگەی قسەکەرەوە کەسێکی تاوانبارە. کەسەکە گوێگری ڕاستەوخۆی قسەکەرە و لەهەمان (کات و شوێن)دا ئامادەیە. ئەم دەربڕینە کردە قسەی حوکم و بڕیاری تێدایە، کە (شەیتان پەرستییە) ئەمەش لەڕوانگەی قسەکەرەوە (ئالا ڕەشەکان) قسەبۆکراو، یان ئامارژە بۆکراوی ئامادەی شوێنی قسەکردنەوە دەبێت (سزا) بدرێت.

دووەم: مۆسیقا بۆ شەیتان لێ دەدات. کارێکی نەشیاو دەکات، لەلایەک مۆسیقا لێ دەدات، لەلایەکیش مۆسیقاکە بۆ شەیتانە. ئامارژەیە بەسێ شت (مۆسیقا ژەن، شەیتان، مۆسیقا لێدان (کارێک) دەکات). لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە هیچ دوور نییە (گوێگرانی موسیقاکە، کە خەڵکی ئێزیدین بە شەیتان دابنێت).

سێیەم: ئەم ئامارژانە هەر هەموویان وەکو بەشێک لە پراگماتیک بە ئەرکی گەیاندنی مەبەستێک ڕادەبن، کە پەیوەندی بە (قسەکەر و گوێگر)ەوە هەیە. (قسکەر و گوێگری نێو دەقەکە)، هەروەها (نێرەری دەق) و ( وەرگر و خوێنەری) دەرەوەی دەق. کردەی پەیوەندیکردنەوە ئەوەیە (قسەکەری نێو دەق لەڕوانگەی ئایینەوە دەیەوێت دەسەڵات بەکوشتنی کوردە ئێزدیەکان بدات، کە ئامارژە بەشەیتان پەرستی و مۆسیقا لێدان بۆ شەیتان دەکات).

چوارەم: قسەکەرە ئاڵاڕەشەکە کردە قسەی (پاساوهێنانەوە) بۆ ئەنجامدانی ڕەشەکوژی ئەنجام دەدات. کردەی پەیوەندیکردنی (نووسەر) لەگەڵ (خوێنەرەکانی) خۆی لە گوتاری ( گێڕانەوە و نمایش) دەبینێتەوە، مەبەستی نیشاندانی (تاوانێکە ئامانجەکەی قڕکردنی ئێزدیەکانە بەناوی ئایینی ئیسلام).

# بەهەشتی چی! گوو بە دیرۆک، تۆ چی دەڵێی؟ نابینی لەکوێی! وازبێنە، برا وازبێنە لەو قسە قۆڕانە.... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٩٨).

گوێگر گریمانەی ئەوە دەکات قسەکەر بەهەشت بەناشیرن و وشەی نادروست وەسف بکات، کەچی پێچەوانەی ئەوەی دەڵێت (بەهەشتی چی)، کە ئەمە ئەو پەڕێ (تورەیی و بێزاریی و ڕەتکردنەوە و لەهەمان کاتدا خۆ یەکلایکردنەوەی فکر و تێڕوانینە لەبارەی بیرکردنەوەی ئایینی، یەکسەر بەوریاییەکی زۆر و بەهێزێکی قایمەوە دەڵێت (گوو بەدیرۆک). واتە دیرۆک سەرچاوەی هێزێکی خراپە و نائومێدی و داتەپین و ناخۆشی و کارەساتی هێناوە، لەمێژوو فێر نەبوونی تێدایە، مێژوو هیچ نییە. ئەوەی گوتراوە قسەی کەسێکە، کە لەقسەکانی (دیرۆزک زان) بێزار و بێ هێز بووە. دۆخی قسەکانی دیرۆکزان و شوێن و کاتی قسەکانی پێ دەچێت نەگونجاو بێت. (شوێن بریتییە لەخۆشاردنەوە و گەڕان بەدوای دەربازبوون لەچیای شەنگال، کات قورس، ئاڵۆز و دژوارە، هیچ ساتێک بۆ ئارامی و بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان نییە، کەسەکان کاتیان نییە تەنیا بیر لە(چارەنووسی کەسوکار و خوشک و دایکە دیلکراوەکانی دەستی ئالاڕەشەکان دەکەنەوە، بیر لە ڕێگای دەربابوون، ترس لەهێرشی ئالاڕەشەکان بۆسەر چیا، نیگەرانی لەنەبوونی پشتوپەنا بۆ کوردانی ئێزیدی، قسەی مەلا کوردەکەی هەلەبجە لەشاری هەولێر دەکەنەوە، بیر لەچیرۆکی ئازار و مەینەتەکانیان دەکەنەوە) کاتی بیرکردنەوە لەمێژوویان نییە. دۆخێکی دەروونی سەختە، مرۆڤ لەم ساتانەدا زۆر بەزەحمەتی دەتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی و ستراتیجی و قووڵ بیر بکاتەوە.

بۆیە لەڕێگەی بنەمای هاریکاری پەیوەندی بەکورتی و پوختی بێ ئەوەی زیادەڕۆیی، یان لادانێک، کە پەیوەندی بەباسەکەوە نەبێت ڕووبدات، دەڵێت (قسەی قۆڕە). (وازبێنە) لەو شتانەی پەیوەندییان بە (مێژوو) هەیە. ئێمە گرنگ ئەوەیە ئێستا لە چ دۆخ و بارێکداین. پەیوەندیی نێوان (مێژوو، ئێستا)مان بۆ دەردەخات، پەیوەندیی نێوان (بیرکردنەوە بەهێمنی و بیرکردنەوە لەدۆخێکی ناسروشتی) باس دەکات. (بیرکرنەوەی لۆجیکی و کۆنترۆلی خود و هێوربوونەوە و گەڕانەوە بۆ مێژوو دەردەخات، ئەزموونی رابردوو و بیرهێنانەوەی کارەسات و ڕووداوەکان ئاماژە پێ دەکات، لەهەمان گاڤیشدا هەڵچوون و تووڕەیی و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی واقیعێکی تازە، کە پەیوەندی بەساتی قسەکردنەکانەوە هەیە نیشان دەدات)، ئەمە پەیوەندی نێوان (کۆن و نوێ، مێژوو و ئێستا و داهاتوو، بیرکردنەوە لەدۆخی تووڕەیی و بیرکردنەوە بەهێمنی و خۆ کۆنترۆلکردن، کەسێکی شارەزا و دیرۆکزان و قووڵ، کەسێکی دابڕاو لەمێژوو، سەرچاوە و سەرچیخ، ناکۆکی و هاوسەنگی و یاخیبوون لە سەرچاوەی مێژوویی) پیشان دەدات.

بنەمای هاریکاری پەیوەندی، هاوکاری گەیاندنی ئەو زانیاریانەمان دەکات، کە مرۆڤ لەکاتی لێقەومان و ئابلوقەدان لەشەڕ و لەساتە ناخۆشەکانی نێو کارەساتدا بەشێوەیەک (بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات و هەڵسوکەوت دەکات)، ئاسایی نییە، بەڵام بەشێکە لەهەقیقەتی دەرکەوتنی ئەو زانیاریانەی لەئەنجامی گفتوگۆیەکی ئاڵۆزو دەردەکەوێت .

بانموویەکی شیکردنەوەی پراگماتیکی زمان بهێنینەوە، بۆ ئەوەی لەمەبەستی بنەڕەتی شیکردنەوەکە باشتر تێ بگەین.
نموونە:

# هەموو کچەکان ئاگاداری ئاهەنگە بوون.
کچەکە ئەو کچەیە، کە ئاگاداری ئاهەنگەکە بوو.
شیرین ئەو کچەیە، کە ئاگاداری ئاهەنگەکە بوو.

لە نموونەی ڕستەی یەکەمدا بنەمای چەندی هەیە، چەند کچ لە پۆلەکە بەشدار بوون، بەواتایەکی دیکە ڕاستی و ناڕاستی دەگەیەنێت، یان چەندیان ئاگادار بوون و چەندیان ئاگادار نەبوون. ئەمەش واتاکەی پەیوەستە بەسنووری گشتی. بەپێچەوانە لەنموونەی دووەمدا کچەکان جیا دەکرێتەوە، ئەمەش وانیشان دەدات تاڕادەیەک سنووردار کراوە. کەچی لە سێیەم ڕستەدا سنووردارتر دەبێت. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٤٥).

ئەگەر بەو پێیە بەدوای بنەمای هاریکاری لە نموونەی گفتوگۆی گوتاری نێو دەقەکەی (کەریم کاکە) بگەڕێین بۆ دیاریکردنی سنووری ئاخاوتن و زانیاری و بنەماکانی هاریکاری و شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکان و دۆخی بیرکردنەوە و وێناکردنی وێنە زهینییەکاندا بگەڕێین، بۆمان دەردەکەوێت (بەهەشت گشتییە، چونکە لەڕووی واتایی و چەمکی فەلسەفی ئایینییەوە تەنیا یەک بەهەشتی گشتی بۆ هەمووان هەیە، بەهەشتی تایبەت و

دابڕێنراو و دابەشکراو لەسەر نەتەوە و وڵات و ئایین و گروپ نییە، ئەمەش تەنیا پەیوەندی بەپێوەری گشتی ئیمانەوە هەیە، واتە سنووردار نییە، بەڵام دیرۆک وابەستەیە بە گروپ و کۆمەڵگاو سەردەمی جیا جیا، واتە (سنوور دارە، بەڵام زۆرداخراویش نییە، دەکرێت مێژووی هاوبەش هەبێت لەنێوان چەند گروپێکی مرۆیی و سەردەمەکاندا.

لەدەربڕینێکی دیکەدا دەڵێت (نابینی لەکوێی) ئەم وەسفە ئەوەمان بۆ لێکدەداتەوە، کە ئەو شوێنەی قسەی تێدا دەکرێت (ناوچەیەکی سنووردارە، تایبەتە بەو کەسانەی قسەی تێدا دەکەن، بەڵام تەنیا کەسێک نییە، بەڵام هەمان گروپی کۆمەڵایەتی و مرۆین. (واز بێنە لەو قسە قۆڕانە)، بەتەواوی سنووردارە، ناوچەیەکی قسەکردنی داخراوە، چونکە باسی تەنیا گوێگرێک، یەک گوێگر دەکات، نەک زیاتر. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێکستی دەقەکە و ئەو کات و شوێنەی ئەم گفتوگۆیەی تێدا ڕوودادوە، دەکرێت کەسەکە بناسینەوە و ناونیشان و ناسنامەکەیشی دیار بکرێت.

بینمان کردەی زمان، شیکردنەوەی پراگماتیکی چۆنە بەو واتایانەمان دەگەینێت، کە سیمانیتک و بوارەکانی دیکە ناتوانن هاوکاریمان بکەن بۆ ساخکردنەوەی واتا لاوەکییەکان، یان ئەو واتایانەی لەئەنجامی لادانی بەکارهێنانی بنەماکانی هاریکاری لەئاخاوتن و لێکەوتەکانی ئاخاوتن بەرهەمدێن.

# خوێن خوێن دەشواتە . (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١١).

پەیوەندی خوێن بەخوێنەوەیە، پەیوەندی ئازار بە ئازاردانەوەیە، پەیوەندی خۆشی بە سەرکەوتن و ئارامی و بەخشندەیی و لێبوردەیی و خۆسەویستی و دەستکەوتەوەیە. لەم وەسفەدا کوشتوکوشتار، قڕکردن هێندە بەرز و زۆرە، لەئاکامدا خوێنێکی زۆر ڕژاوە. لەهەمان کاتدا دەکرێت بڵێین کردەی شوشتن پەیوەندی بە(تۆڵەکردنەوە، سزادانی تاوانباران و ڕاگرتنی ئەم ڕەشەکوژیی و جینۆسایدەوە) هەیە.
بەجۆرێک نووسەر (خوێن بەخوێن) دەبەستێتەوە، کە وێنەیەکی زهنی کارەسات و ئازارەکان بەشێوەیەکی هونەری کاریگەر بەرجەستە کردووە، هیچ شتێکی دیکە و زانیاری ژمارە و داگیرکردنی گوندەکان و کارەساتی کوشتن و منداڵ سوتان و کچ و ژن بەکۆیلەبردن و فرۆشتنیان لەبازارەکانی داعش ئاماژە پێ ناکات، ئەو تەنیا دەڵێت (خوێن خوێن دەشواتەوە). واتە خوێن هەر خوێنە، خوێن خوێن دەبات لەبەر ئەوەی کوشتنی مرۆڤەکان بەڕێژەیەکی ئێجگار زۆرە. کارەساتێکە ویژدان و عەقڵ پێی هەزم ناکرێت. ئەو بێ زیادە وەسفی دیکە، تەنیا بە (خوێن خوێن دەشواتەوە) وەسفێکی فکری و وێنەیەکی زهنی و تێڕوانینێکی مێژوویی و لێکدانەوەیەکی قووڵی نیشان داوە، کە لەجیاتی سەد لاپەڕە بەکاربهێنرێت. هەر کەسێک ئەم (وەسفە کورتە پوختە) بخوێنێتەوە، کە پەیوەندی بەکارەساتی داگیرکردنی ناوچە و ژیانی ئێزدیەکانەوە هەیە، لەمەبەستی ئەو گوتارە دەگات، کە چ کارەساتێکی گەورە ڕوویداوە.
ئەمە پەیوەندی بەئەرکەکانی زمانەوە هەیە، چونکە (ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە

لەکۆمەڵدا. زانیاری، یان هەواڵ گەیاندن بەئەرکێکی هەرە سەرەکی زمان دەژمێردرێت و ئەو بەکارهێنانەی زمان دەگرێتەوە کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەوروبەری خۆی و دیاردەکانی دەوروپشتی دەدوێنێت . (د، محمد معرف فتاح، ٢٠١١، ٣١).

لەهەمان کاتدا نابێت لەبیری بکەین زمان واتە هەواڵ، ئەرکی زمان گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە، بەڵام (گوتنی هەواڵ گەیاندن لەوەدا لەگوتنی هەست دەربڕین جیا دەبێتەوە، کە تێیدا قسەکەر لەبارەی دەوروبەرەوە دەدوێت، ڕاست بێت، یان درۆ، لەئەرکی هەست دەربڕیندا گوتن دەربارەی هەستی قسەکەرە دەربارەی خۆی، یان دیاردەکانی دەوری خۆی بەشێوەیەکی سلبی، یان ئیجابی). (د. محمد محروف فتاح، ٢٠١١، ٣٣). لەم دەربڕینەدا بۆمان دەردەکەوێت دەقنووس باسی هەست و نەستی دەوروبەری قسەکردنەکە دەکات. مەرج نییە قسەکەر ڕاست بێت (خوێن خوێن بشواتەوە)، بەڵام دەیەوێت بەم شێوەیە هەستێکی قووڵ دەربارەی کارەساتێکی دڵتەزێن پیشان بدات. ئەمەش لەپێناو بەدیهێنانی کردەی پەیوەندییە لەنێوان (ئێزدیەکان و جیهانی دەرەوەی ئەوان) لەبارەی بابەتی کارەساتی داگیرکردنی ناوچەکانی شەنگال.

# مەترسن، چل مێرا ناکەوێتە بن دەستی ئاڵاڕەشان، جوو ڕێ بەوە نادا... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٩٩).

- جوو نا چل مێرا رێنادا.

لەم دەربڕینە گوتارەدا چەندین بابەت ئاماژەی پێکراوە (ترس/ مەترسن وەکو جۆرێک لەفەرمان و ئاگادارکردنەوە و دڵنیاکردنەوە و متمانەبەخۆکردنی تێدایە). هەواڵی ئەوەمان پێ دەدات، کە پشت بەزانیاری دەبەستێت (چل مێرا ناکەوێتە بن دەستی ئالاڕەشان) باسی (شوێنێک) دەکات، کە داگیر ناکرێت، ناتوانرێت داگیر بکرێت، واتە زانیاری بە گوێگرەکانی دەدات و پێیان ڕادەگەیەنێت و نەرمە فەرمانێکی نا فەرمیان پێ دەکات (نەترسن)، چونکە ڕاپەڕێنەرێک هەیە، دەبێتە بکەری نێو دەربڕینەکە ئەویش (جوو)ە، ڕێگا بەو کارە نادات. ڕاپەراندن و کارێکی دەروونی هەیە، ئەوانەی گوێگری کەسی قسەکەرن پێویستە کاری (ترس و دڵەڕاوکێ) لەخۆیان دوور بخەنەوە. بکەری دیکەش (ئالارەش)ن، سێیەمیان (جوو)ە. بەڵام ئەوەی هەموو ئەو کاری گێڕانەوە ئەنجام دەدات قسەکەرە. ئەوەی کاری نووسینەوە و تۆمار و گێڕانەوە و وەسف و هەواڵ و زانیاری بەسەرهات و قسەی قسەکەرەکەش ئەنجام دەدات، خودی نووسەری دەقەکەیە.

پرۆسەی بەدیهێنانی کردە قسە لەنێو گوتاردا، کە پەیوەندی بەئەرکی زمان و ڕاپەڕاندنی مەبەستەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی کاریگەر ئەرکی (کردەی پەیوەندیکردن) بەدی دەهێنن، کە یەکێکە لە پێکهاتە و مەبەستەکانی گوتار.

# کەس رستەی زاری کەژێی نەبیست. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠٠).

کردەی بنەمای پەیوەندی لە هەندێک بواردا لادانی تێدایە، یەکێک قسە دەکات، بەڵام ڕەنگە گوێبستی قسەکانی نابنم، یان وەڵامێک دەدەنەوە بە (مەبەست، یان بێ مەبەست) پەیوەندی بەبابەتەکەوە نییە. بۆ لەم دەربڕینەدا، کە پەیوەندی بە (جوو)ەوە هەیە، کەس گوێبسیتی قسەی کەژێ نابێت؟

من پێم وایە بە مەبەست گوێگرەکان نایانەوێت گوێبیستی ئەم قسەیە بن، چونکە ناوهێنانی (جوو) نەک لەپێش ئیسلامییەکان و عەرەبدا بقەیە، بەڵکو ئەم بقەبوونە وەکو بەشێک لەگوتاری سەرکوتکردن و کاردانەوەی توندی دژایەتی و تۆمەتبارکردن لەگۆشە و شوێنێکی بچووکی ئابلوقەدارای دابڕاو لەهەموو جیهانیش جۆرێک لەبقەبوونی پێوەدیارە.

گوێگرەکان بەمەبەستی خۆدوورگرتن لە ناوی (جوو)، خۆپاراستن لەگرفتەکانی بیرکردنەوە و کاردانەوە و تۆمەتباراکردن کە پەیوەندیی بە جووەکانەوە هەیە، نەیانویستووە گوێبیستی ئەم قسەیە بن، کە (کەژێ) کردوویەتی. وەکو (د. محمد معروف فتاح) ئاماژەی پێ دەکات لە (ئەرکی هەواڵ گەیاندن و دەربڕین، ئەرکی ڕاپەراندن لەڕوانگەی قسەکەرەوە دیاری دەکرێت، بەو واتایەی قسەکەر بە کارێک هەستێت، بەپێچەوانەشەوە لەئەرکی فەرماندان و پرسیار و وروژاندندا، گوێگر دێتە بەر ڕۆشنایی و چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، یان بەکارێک هەڵسێت (فەرمان)، یان هەستێکی تێدا دروست بێت (وروژاندن)، یان زانیارییەک بدات بە قسەکەر (پرسیار). (د محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٣٥-٣٦).

مەبەستمان لەمەدا ئەوەیە لەتەک هەواڵ و زانیاری، کە قسەکەر پێ هەڵدەستێت، ورووژاندنیش لەبەکارهێنانی ناوی (جوو) هەیە، کە کارەکە لای وەرگرەوە ڕادەپەڕێنرێت، بۆ نموونە دەڵێت:

#جوو نا چل مێرا رێنادا.

واتە ئەرکی پاراستنەکە لای وەرگر و گوێگرەوە (جوو نییە، بەڵکو چل مێرا)یە. نووسەر دەبێت وریای بەکارهێنانی دەربڕینەکان بێت، چونکە زمان ڕێسا و ئەرک و دەربڕین و واتای فرە ڕەهەندی لەخۆگرتووە. تەنیا ئاساییە لەیەک وشە و فۆرمدا بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکە (واتای جیاوازش) دروست بێت.

#شنگ و تینی تێدا نەماوە، چۆتە تاریکایی شنگالەوە.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٣)

# مردن ئاوخواردنەوەیە، لێ کەوتنە بەر دەستان چ بە مردوویی چ بەزیندوویی، نابێ ببێ، ژارە و قووتنادرێ. ( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤).

بۆ لێکدانەوەی پرگماتیکی واتای وشە و تەنیا ئەرکەکانیشی دەتوانین بڵێین (واتای وشە بریتییە لەژمارەی بەکارهێنانەکانی). (د. عبدالواحید موشیر دزەیی،٢٠١١، ٢٦).

لەم دەربڕینەدا مەبەستی خودی کردەی مردن نییە، بەڵکو دەربڕینی دۆخێکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە، ئاماژەیە بەکەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوە و کارکردنی کەسێک.
لەگوتاردا پیاهەڵدان و ستایشی ڕەوشتیان، چونکە لەگوتاردا جێگەی گوتنی کۆمەڵایەتیش دەبێتەوە. (د. محمد معرف فتاح، ٢٠١١، ٣٨). مەبەستمان ئەوەیە لەم جۆرە گوتارەدا، کە بنەمای هاریکاری پەیوەندیکردنی تێدایە، قسەکەر (هاندان بەتامی پیاهەڵدان و ئازایەتی و خۆڕاگری گوێرەکانی) دەورووژێنێت، چونکە تەسلیم بوون قبووڵ نییە، وەکو ژار وایە، بکوژە. قسەکەر دەیەوێت لەڕێگەی پەیامی مردنەوە، ترسی مردن لەڕێگەی تەسلیم بوونەوە، بەمردنێکی سەربەرزانەدا هەڵبدات. ئەمە جۆرێکە لەگوتنی کۆمەڵایەتی و دەروونی. (مردن ئاو خواردنەوەیە) واتە کارێکە ئاسانترە لەوەی بەسەرشۆڕی، کە وەکو ژەهر خواردنەوە وایە، بمرێت. مردنی مەردانە ئاسانە، بێ ئازارە، بەڵام مردن دوای تەسلیم بوون بەئازارەوەیە. کردەی پەیوەندیکردنە هاوکاری لەنێوان قسەکەر و گوێگر ڕادەپەڕێنێت، قسەکەر (هانی گوێگر دەدات) و (ڕێنوێنیان دەکات) و (فەرمانیان پێ دەدات). بەم پێیە، گوێگر و وەرگر گریمانەی بڕیاردان و بیرکردنەوە وەکو (هەڵبژاردنێک بەدەسەڵات و پێگە و هێزی) خۆیانەوە دەبەستنەوە.
ئەمە ئەرکی زمانە، زمان شتەکان دەردەخات، قسەکەر و گوێگرەکانیش پێگەی ڕاپەراندنی کارەکان بەدیاردەخەن. لە گوتارێکی لەم جۆرەدا کردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی باڵا دەستە. قسەکەر (هاندان و ڕێنوێنی) دەداتە گوێگرەکانی، کە

لەباری کۆمەڵایەتیی و دەروونییە مردنێک هەڵنەبژێرین، کە پڕیەتی لەمردن، هەروەها ژیانێکیش هەڵنەبژێرین، کە پڕە لە مردن و بەئازارەوە مردن. لەم دۆخەدا (مردن و ژیان) هاوسەنگیان لەنێواندا نییە. هیچیەکیان کەسەکان ئازاد نین لە بڕیار و جێبەجێ کردنی فەرمان و ڕێنوێنییەکان. ئەوەی دەبێت بیکەن (ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دوژمن و لەگەڵ ژیان).

کردەی پەیوەندیکردنەکە، بەپێی بنەمای هاریکاری پەیوەندی لەپێناو بەدیهێنانی گوتارێکە، کە پێویستە گوێگرەکان، هەموو گوێگرەکان بە(ئێزیدی)ایەتییەوە بمرن، (مردنی یەکەم، کە چاوەڕوانی تێدا نییە، کتوپڕە، پەشیمانبوونەوە و دواکەوتنی تێدا نییە، پێوانەیە بۆ بەرهەمهێنانی لێکەوتەی ئامانجی ئاخاوتنەکە، ئەویش پارێزگاریکردن و مانەوە لەسەر ئایینی ئێزدیە. دووەمیشان ڕەنگە کاتی مردنەکە دوا بکەوێت، یان دەرفەتێکی کەمی ژیانی تێدا بێت، بەڵام ژیان و مردنێکی بەئازاریشە. چونکە ئێزیدیایەتی بەشێکی بەهۆی خۆبەدەستەوەدان لەناو دەچێت. بێگومان ئەم گوتارە لە ناو شوێن و کات و دۆخێکی ئابلوقەداری داخراوی وەستاودا بەکارهێنراوە، واتە ئەمەیان هاریکاری گوێگرەکان دەکات، کاری (مردن بەئێزدی) بوونەوە هەڵبژێرن، نە (خۆبەدەستەوەدان).

گوتنێکی پوختە، کردەیەکە (متمانەبوون) و (پیاهەڵدان بەخودی قسەکەر خۆی) و (هاندانی گوێگرەکانی) تێدایە، لەم دۆخەدا جێبەجێکردنی پەیامی گوتارەکە بەکردەیی دەکەوێتە ئەستۆی گوێرەکانەوە، ئەویش ئامادەبوونە بۆ مردن.

# تۆ بڵێی بەدوای تەرمی خۆیدا بگەڕێ! (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥).

هێماو نیشانەکان یەکێکن لەو ئامرازنەی مرۆڤ دوای ڕێککەوتن لەسەری بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بەکاری دەهێنێت، مەبەستیش پەیوەندیکردنە. گەڕان بەدوای تەرمی خۆیدا، جۆرێکە لەکۆتایی هاتن بە ژیان، سەرلێشواویی، دڵتەنگی و قەیرانی بیکردنەوە و چوون بەرەو لەدەستدانی عەقڵ دەگەیەنێت، لە زمانی ئەدەبیدا بەواتایەکی دیکەدا لێک دەدرێتەوە، هێما و نیشانەیە بۆ (پشکنین و دۆزینەوەی سەرچاوەی شتێک، بیرێک). لەشێوەی پرسیارێکی سەرسوڕمان ئامێزدا، دەپرسێت (تۆ بڵێی)، ئەم پرسیارە پڕە لەگومان، ژیان لەبنەڕەتدا لەسەر گومان گەشە دەکات و دەبوژێتەوە و کار دەکات. بێ گومان ناتوانین درک بە (ڕاستی و ناڕاستی)، (گەورەیی و بچووکی)، (هێز و لاوازی)، تەنیا (هەست ورووژان و دامرکانەوە)ش بکرێت. قسەکەر بەجۆرێک دەپرسێت، کە (پرسیارێکی دەروونی لەدۆخێکی تێکچڕژاو، ئاڵۆز و ناسروشتی) بکات. گومان لە(گەڕان و جووڵە و زیندوویەتی ئەو کەسەش دەکرێت، کە دەگەڕێت، پشکنین، ونکردنی شتێک، سەرلێشواوی کۆمەڵایەتی و گرفتی دەروونی، قەیرانی بیکردنەوە، گۆشەگیربوون... تاد) دەکات. ئەمانە بنەمای هاریکارین بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندی (بێ زیاد و کەم لەگوتن) لەنێوان نێرەر و وەگر. لەم گێژاوەدا گفتوگۆیەکی دیکە، بەئاقارێکی دیکەی بیرکردنەوە و بەیەکەوەبەستنی ڕووداوەکان

لەناوەخۆ و دەرەودا، دەست پێ دەکات. (پەیوەندی ناخەکی پشت بە گفتوگۆی کەسێک لەگەڵ خۆی، پەیوەندی ناوچەیی/ تایبەتی پشت بە گفتوگۆ بەستوو لەنێوان دوو کەسی لەیەک نزیک (لەشوێن، لەکات، لەڕەگەز، لەنەژاد، لەپیشە، لەئایین، لەبیرکردنەوە)، بەڵام پەیوەندی گشتی/ جیهانی پشت بە پەیوەندی نێوان (دووهێز و ئایین و وڵات و جوگرافیا و کات و شوێن و گروپ و پیشە) دەبەستێت. لەم بارەوە لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) ئەم گفتۆگۆ داخراوە ناخییە ناوچەییە، دەگوازرێتەوە بۆ کردەیەکی دیکەی پەیوەندیکردن، ئەویش پەیوەندیکردنە بەدەرەوەی (شوێن و کات و هێز و بیر و پیشە و ئایین)، وەکو:

# گەنجێک وەڵامی پیر چل چلە دەداتەوە: ئیرۆ رۆژی چەک نەمایە، هەر فەرمانێ دژێ مە دەربچێ، دنیا هەمی دزانێ، دنیا بۆتە گوندەکی گچکە، لە کۆچۆ گچکەتر، ناهێلن تشتی هوسا بقەومێ.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٢).

بەڵێ، بەرەو جیهانی دەرەوە و گلۆبالیزم و پەیوەندی نێودەوڵەتی و ئەنتەرنێت و بەهاوارەوە هاتنی ئایین و نەتەوە و دەوڵەتە جیاکانەوە هەنگاو دەنێت، بنەمای هاریکاری پەیوەندیکردنە بە جیهانی دەرەوە. لەم دەربڕینەدا (کۆچۆ)ی وەکو پەیوەندییەکی هاریکاری بۆ نیشاندانی کارەساتی قڕکردنی ئەو گوندە بەڕای گشتی دەرەوە هێناوەتەوە، واتە دەیەوێت لەبنەمای پەیوەندی ناخەکی و ناوچەیی (ناوەخۆیی) بەرەو پەیوەندی (دەرەکی و جیهانی) بچێت، لەگوێگری (ناوەخۆیی/

ئێزیدی، کوردی) بەرەو (گوێگری بیانی و ئایینەکانی دیکە و وڵاتە زلهێزەکان) بچێت، پەیوەندی (کۆچۆ) بە سیستەمی گەیاندنی زانیاری لەسەردەمی جیهانگەرایی بەستاوەتەوە. (کۆچو قڕکردنی تێدا قەوما)، (دونیا لە کۆچۆیە)، (کۆچۆ دەبێتە سەرچاوەی زانیاریی و بەدەنگەوە هاتنی جیهان)، ( بەپێچەوانەوە فەرمان دەرچوو، ئێزیدی قڕکران، دونیا چرپەشی نەکرد)، (پیری چل چلە/ سەرچاوەی مێژوو) دروستە و پەیوەندیکردنەکەی بەخەڵک (کچ و کوڕانی ئێزدیە) بنەمایەکی هاریکاریی دروستی ناوەخۆیی و ناخەکییە و لەنێو ئایینی ئێزدی خۆیدا ڕاپەڕێنراوە، بەڵام گەنجەکان پێچەوانەی ئەم قسانە لەبنەمای هاریکاریی ناخەکی و خودی و ناوچەیی لادەدەن و بڕوایان وایە لەسەردەمی جیهانگەرایدا ئەوان لەلایەن (هێزە دەرەکییە جیهانییەکان) دەپارێزرێن و فەرمانیان دژ جێبەجێ ناکرێت. لەم دەربڕینەدا (متمانە بەمێژوو لاوازە، بیرەوەری گەنجەکان، هێزی بیرکردنەوە و مەعریفەی گەنجەکان جیاوازە لەگەڵ مەعریفەی پیر و بەتەمەنەکان، مەعریفەی مێژوویی جیاوازە لەگەڵ مەعریفەی سەردەمی پێشکەوتنی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندنی زانیاری).

لەتەنیا دێڕیکدا، کە زیادی و کەمی بۆ کردەی پەیوەندیکردن و گەیاندنی ژمارەیەک زانیاری دەربارەی پێکهاتەی ئێزدیەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی (بەتەمەن) و (گەنجەکان)، (مێژوو) و (سەردەم) نیشان داوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەتا ئێستاش (هێز و بیرکردنەوەی فەرمان دژی ئێزدیان لەڕێگەیە و کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش بەستراوەتەوە بەچۆنیەتی

بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئایەت و سەرچاوەی ئایینی لای ئیسلامییە توندڕەوەکان)، ئەنجامەکان وایکردووە کاریگەرییەکانی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە درێژەی هەبێت، نەک تەنیا لای عەرەب و فارس و تورک، بەڵکو لای هەندێک کوردی ڕقهەڵگرتووی پشتبەستوو بەسەرچاوەی ئایینی ئیسلامیش. کردە قسەی (ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دەروونی) بەردەوامە، کردەی قسەی (هوشداری و ئاگادارکردنەوە و ڕێنمایی) پیادەکراوە، هەروەها کردە قسەی پاساوهێنانەوە لە (جهانگەرایی و پێشکەوتنی دونیا و بچووکبوونەوەی وەکو گوندێک) نیشان دراوە. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە، لەم کردەیەدا بەپێی شیکردنەوەی پراگماتی لەلێکەوتەی ئاخاوتندا شتێک و ئەنجامێک هەڵدەهێنجین، کە (ئێزدیەکان) بەردەوام (ترسیان لەسڕینەوە و لەناوبردن هەیە)، (ئێزدیەکان ئایینێکی قبوڵکراو نین لەلایەن ئایینی ئیسلامییەوە، بەلای کەمەوە توندڕەوە ئیسلامییە (عەرەبی و فارسی و تورکی و هەتا کوردیشەوە). دیارە دواتر ئەم بۆچوونە لەنێو دەقەکەدا بەشێوازی جودا جوادا بەرجەستە کراوە.

**لادان:**

# ڕەنگە هەر دووکەڵیش بێت و خۆی لەشێوەی هەور نیشاندابێت، لەبەری ڕۆژێ پەیدابوو، بۆ ماوەی سەرخەوشکانێ لەڕاستی وا راوەستا و سێبەرێکی تەنک تەنکی لێکرد، تەنکتر لەسێبەری پۆلە پەپوولە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٨).

# چاودێ، ئەو تاشە رەنگ تێرە، چیرۆکی کەشتی و ماری رەش، وشە وشە نیشاندەداتەوە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٧).

# گازیکرد: هۆ تەنبوورژەنۆ، هۆ...

وەرام لە بەردەوە هات، لەوەوە نەهات. ( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٦).

لەنێو زماندا کۆمەڵێک گفتوگۆ و دەرکەوتەی زمانەوانی دەبینرێت، وەکو (ڕستەی هەست و سۆز دەربڕ، سەرسوڕمان، هوتاف کێشان، وتاری هەست بزوێن... تاد) هەموویان کاریگەرییان کردۆتە سەر زمانەکانی جیهان. واتە ئەگەر ڕستەکە سەرسوڕمان بوو، مەبەست لەباسکردنی هەر تەنیا سەرسوڕمان نییە، بەڵکو ئایا ئەم هەستانە دەربڕی چ جۆرە هەستێکن؟ مەبەستی ماناکانیان چییە؟ (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٤٩).

ئێمە دەزانین ئەمە جۆرێکە لەلادان لەبنەمای هاریکاری پەیوەندی، چەندی و چۆنیش، ڕاستە لەوەسفدا کێشەی لەگەڵ بنەمای شێوە نییە، بەڵام لەڕووی واتاییەوە لادانە. (هۆ) ئامرازێکە بۆ بانگرکردن و ورياکردنەوە و بەئاگا هێنانەوە. بەڵام بەهیچ شێوەیەک وەڵام نییە، واتە تەنبور ژەنۆ دەنگی لێوە نایەت. ئێمە لەم شیکردنەوەدا بەدوای واتا دەرەکییەکەدا ناگەڕێین، بەڵکو ئەو واتایەی بەسەرسوڕمانەوە دەڵێت وەڵامی

نەبووە، هەستێکە هەستی (بێ هیوابوون، پچڕانی پەیوەندی، دابڕان لەسەرچاوەی زانیاری و ئاخاوتن و گفتوگۆ و دۆزینەوەی سەرچاوەیەک بۆ وەرگرتنی وزە) دەچێت.
هەستێکە، بەدوای پرسیارکردن لەسەرچاویەکی متمانەدار دەگەڕێت، هەستێکە دەیەوێت لە تەنیایی و دابڕان دەرچێت و یەکێک قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام وەڵامە ناخییەکەی واتا مەبەستدارە ناوەکییە شاراوەکە، (درێژەدانە بەتەنیایی و نەبوونی هاوڕێ و پچڕان لەپەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاری و سەرچاوە). ئەم گوزارشتە لە(گەڕان بەدوای پەیوەندی و ئازاری دابڕان)، هەروەها واتای ئەوە دەگەیەنێت (کە بەتەواوی لەوەڵامدانەی گوێگر بێ هیوا بووە)، (چونکە بەرد نە وەڵام دەداتەوە، نە قسە دەکات). بەواتایەکی دیکە (قسەی هەست و سۆز دەربڕ ئاماژەیە بەهەر قسەیەکی قسەکەر، کە هەستیار بێت ئەوەش بەباش خوێندنەوە، یان چۆنیەتی ئەدای دەربڕین دەردەکەوێت، واتە دەبێت کۆمەڵێک سیفاتی جیاکەرەوەی ڕێزمانی هەبێت، کە قسەکە قبوڵ بێت وەکو قسەیەکی هەستوسۆز دەربڕ). (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٥١).
لەم نموونەیە لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) وەرمانگرتووە، هەستی قسەکەر هەست پێ دەکەین، کە بەچ سۆز و داخێکی دەروونی و ئازارئامێزەوە قسە دەکات. وەسفەکە وایە دەبێت لە(بەرد بێ دەنگتر و بێ زار و بێ وەڵامتر چی بێت؟).
یان (کەریم کاکە) دەڵێت:

# حەیف، بەقسەی تۆمان نەکرد. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٠)

# تۆ بڵێی گوێم زرینگابێتەوە!. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٦).

لەم دوونمونەیەدا دەمەوێت ئاماژە بەدوو دۆخی سەرسوڕمان، وەکو واتایەکی (هەستەکی ناوەکی شاراوە بکەم). یەکەمیان (حەیف) پڕە لە واتای (پەشیمانی، سەلماندنی ڕاستی قسەی قسەکەری پێشوو، بادانەوە، گۆڕینی بیروبۆچوون و پێداچوونەوە بەهەڵوێستە کەسی و دەروونییەکانی خۆی، حەیف ڕەخنەگرتنە لەخودی خۆی). ئەمەش واتایەکی ناخەکی و سەرسوڕمانێکی لەوێناکردنی وێنە (حەیف وەکو کردەیەکی واتاداری هەستەکی و دەربڕینی سۆزداری ڕووداونی شتەکانەوە هاتووە). (بەقسەی تۆمان بکربایە) واتەیەکی هەستەکی پەشیمان ئامێزی، کردە قسەی پاساوهێنانەوەیەکی لۆجیکی تێدایە، کە دەری دەبڕێت، ئێمە گوێگر و خوێنەر گریمانەی ئەو شتانە لەم دەربڕینە دەکەین: (ئەوان هەڵەیان کردووە، لە قەیرانێکدا چەقیوون، پێشتر نەوەیەک قسە و ئامۆژگاری نەوەیەکی لەخۆیان مەزنتر و بەئەزموونتری ڕەتکردۆتەوە).
لەنموونەی دووەمدا نیشانەی (!) سەرسوڕمانی بەکارهێناوە، ئەم نیشانە پراگماتیکییە سیمیۆلۆجییە هاریکاری وەرگر دەکات، کە وەرگر باشتر و ئاسانتر لەواتای سەرسوڕمانی نێو دەقەکە بگات. (لەدۆخی هەستەکی دەروونی پڕ لەگومان دایە)، (بیری مژۆلە، لەکات و شوێنێکدا دەژی هەمووی ژاوە ژاوە)، (متمانەی بەهیچ نەماوە)، بۆیە (لەم دۆخە دەروونییە هەستەکییەدا پێی وایە ئەوەی دەیبستێت هەر تەنیا زرینگانەوەیەکە و بەس). لەمەشدا

گومانی هەیە دەڵێت: (تۆ بڵێی گوێم زرینگابێتەوە)، واتە لەمەش دڵنیا نییە، ئەوەی ئەو دەیبیستێت (هەقیقییە، یان خەیاڵی)، یان (خۆی لەنێوان هەستێكی وەهم و واقیعدا) دەژیت.
لەوەسف و گێڕانەوەی لەم جۆرەدا پراگماتیك دەتوانێت هاوكارمان بێت لەدیاریكردنی دۆخی دەوروبەری ئەو كەسەی قسە دەكات و شتەكان دەگێڕێتەوە. چۆن: پراگماتیك بەدوای بەكارهێنانی زمان و بەستنەوەی واتاكانەوەیە لەدەوروبەری كۆمەڵایەتی و دەروونی قسەكەر، یان وەرگرەوە. گریمانەی ئەوە دەكەین (قسەكەر لەشوێنێك دایە، تەنیایە، ترسی هەیە، نیگەرانە، لەگوماندا دەژیت، فشارێكی دەروونی زۆری لەسەرە، گومان لەگوێیەكانی خۆی، لەئاخافتەكانی خۆشی دەكات، ئەو لەنێو ئەو تەنیاییەدا كە تەنیاییەكی ئابلوقەدراوە بەترس، لەگەڵ خۆی دەدوێت واتە (خۆی گوێگری خۆیەتی).
لەنمونەكەی دیكەدا (ڕاستی ڕێنوێنی كەسێك دەسەلمێنێت، كەپێش ساتی ئەو قسانە ئامۆژگاری كردوون. لەتەمەن پێ دەچێت قسەكەری یەكەم پیر بێت، ئەزموونداره. قسەكەری یەكەم ئەوەی ئامۆژگاری كردوون، ئەو شتانەی ڕەچاوكردووە، كە ئێستا قەوماون).

#خودێ، هەرگەر ئەو دەنگە دەنگە، دەنگی عارەبانە، بێژە من..
دەنگی رۆم و عەجەمیشی بیركەوتەوە بەلام بە خودای نەگۆ، پیر
چل چل زۆر جار دەیگۆ:

لەبنەمای پەیوەندیکردن شتێک دەگوترێت، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەبابەتە گوتراوە سەرەکییەکە نییە. قسەکەر دەڵێت (دەنگی عارەبان)، کەچی لەدەربڕینی دووەمدا دەڵێت (دەنگی ڕۆم و عەجەم) واتە دەنگی ئەوانیشی بیرکەوتەوە، ئینجا لەبەشی سێیەمی قسەکردنەکەدا دەڵێت: (پیری چل چلە زۆرجار دەیگۆ). من دەزانم کاتێک دەوربەری قسەکردنەکە بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی و مەبەستی بەکارهێنانەکەی لێکدەدەینەوە، بەناڕاستەوخۆیی بنەمای پەیوەندیمان بۆ ساخ دەبێتەوە. ئامانجی دەقنووس ئەوەیە بڵێت:

هەر بەتەنیا عەرەب فەرمانیان دژی ئێزدیان دەرنەکردووە، بەڵکو رۆم و عەجەمیش هەمان شتیان کردووە. لەلایەکی دیکەدا (پیری چل چلە) وەکو سەرچاوەی متمانەداری ئیمانداری لای (کەژێ) کارەکتەرە سەرەکییەکەی نێو دەقەکە دەردەکەێت. (کەژێ داوا لەخوا دەکات و جۆرێک لەپاڕانەوەی تێدایە)، ئینجا پیشانی دەدات (کەژێی ئێزیدی لەو شوێنە چۆڵەدا کەتەنیا خۆی لەوێیە) ، (ئیمانی بەخودا) هەیە، (لێی دەپاڕێتەوە هاوکاری بکات). (کەژێ لەنێو تەنیایدا لە چیای شنگالدا پەیوەندیی بەخودا دەکات، بۆ ئەوەی هاوکاری بکات)، کردەی (بنەمای هاریکاری پەیوەندی) ڕادەپەڕێنێت، لەناخییەوە، لەمێشک و دڵەوە پەنابردنە بەر خودا، واتە خوداناسی و بڕوابوون بەخودا لەیەک دەستەواژەی کورتی دروستی پەیوەست بەباتەکە دەردەبڕێت. ئەویش (تەنیایی، بیرکردنەوە، پەیوەندیکردن، پەنابردنە بەر خودا، خوداناسی) دەگرێتەوە. کردەکان (کورت و پوختن و پەیوەندیان بەبابەت و ڕووداو و شتەکانەوە هەیە)،

هاریکارییە بۆ ئەوەی وەرگر و خوێنەر بەقووڵی و بەڕوونی و بێ شاردنەوە لەوە بگەن (کچە ئێزیدی بڕوای بەخوا هەیە)، ئەوە ڕاست و ڕەوا نییە، کە هەندێک دەڵێن (شەیتان دەپەرستن).

# تۆ ئەستێرەی شەش چوکلەی سەر دیوارەکەت دی؟
سالحۆ: ئەوەی داود دەڵێی؟
کەژێ: داودی چی! کوڕ و کچەکە دەڵێم
سالحۆ: ئەستێرەی کچ و کوڕ؟
کەژێ: نا، ئەو ئەستێرەیە کچ و کوڕن، باوەشیان بۆ یەکتر کردۆتەوە.
سالحۆ: ئەو هێمایەم وانەخوێندبۆوە، کەواتە ئەوە من و تۆین.
تەنبوور لەلالشەوە هێنایەوە بن دار هەنجیرەکەی شنگال....
(کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٥٢- ٥٣).

لەبەکارهێنانی زماندا دەکرێت هەر تەنیا لەڕێگەی قسەکردنەوە نا، بەڵکو لەڕێگەی خەیاڵ و وێناکردنەوەی وێنە هزرییەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و مەزەندەکردن و کارەکانی نێو بیرکردنەوە و بیرهێنانەوەش وەکو بنەماکانی هاریکاری و پەیوەندیکردن لەنێوان قسەکەر و وەرگر بەدی بهێنرێت. لەم گفتوگۆیەدا، کە بەشێکی گفتوگۆیە لەنێوان دوو کەسدا، بەڵام لەهەمان کاتدا پەنا براوەتەوە بەر هێماو نیشانە و ڕەمزەکان، بۆ ئەوەی واتایەکی دیکەی شاراوە، کە هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی کردەی لێکەوتەی ئاخاوتن بەمەبەستی نیشاندانی مەبەستێکی

ناڕاستەوخۆ، یان مەبەستێکی ناڕاستەوخۆی شاراوەی نادیاری هەستەکی و ئەو شتانەی لەنێوان مێشک و دڵدا قەتیس ماون.
(د. وریا عومەر ئەمین) دەڵێت: بە خوێندنەوە و نووسینەوە پیاو دەتوانێت هەزاران وشە بخاتە ناو مێشک و لێیەوە دەربهێنێت بێ ئەوەی زاری بکاتەوە و نقەی لێوەبێت. ئەمە ئەوە دەردەخات، کە مەرج نییە وشە بریتی بێت لە دەنگ... گریان و پێکەنین کۆمەڵە دەنگن بەزار دروست دەکرێن و ماناش دەبەخشن (ئازار، خەم، شادی، گاڵتە.. تاد) چۆن بەوشە لە قەڵەم دەدرێن؟. (د.وریا حومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤، ١١٢). لە دەربڕینەکانی دەقەکەی (کەریم کاکە)دا هەندێک شت ورژێنراوە، کە پەیوەندییان بەوشەوە نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو وێنە و نیشانە زمانەوانی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریانەن، کە لەسەر هەورەکە وەکو خەیاڵاندن دروستبووە. ئەمە ئامازەیە بۆ دروستکردنی جۆرێک لەناردنی پەیام و دۆزینەوەی ئامرازێک بۆ لەیەکتر گەیشتن و بەدیهێنانی گونجان لەنێوان دوو کەسدا، لەڕێگەی ئامازەکردن و پەنا بردنە بەر هۆکارێکی وێنەیی، نیشانە و هێنا. لەم دەربڕینانەی پێشوودا لەنێو ئەم هەموو قەیران و ترس و دڵەڕوکێ و ڕاکە ڕاک و خۆشاردنەوە و تەنیاییەدا، بۆ نموونە ئەم بیرۆکە و وێناکردن و نیشانانە دەبینرێن:

یەکەم: ئەستێرەکەی داود، واتە نیشانەی دەوڵەتی ئیسرائیلی.

دووەم: خەیاڵی سالحۆ لای (جووەکانە)، (لای پشت و پەنایێکی دژ بەعەرەبە)، (بیری لەم چرکەیە بەلای دۆزینەوەی هێزێکە، کە دەکرێت بەشێک بێت لەخەونەکانی). لەنێو ئەم هەموو شتانەدا بۆچی دەقنووس، یان (سالحۆ)ی گوێگری (کەژێ) لەوەڵامی پرسیارەکەدا، لەنێو ئەم هەموو نیشانە و هێما و سیمبولانەدا، تەنیا فکری بەلای ئەستێرەکەی (داود) دا چووە. ئەمە خۆی لەخۆیدا جێگەی (پرسیار و سورسوڕمانە).

ئایا تاکی کوردی، هێندە تامەزرۆی پەیوەندییە لەگەڵ ئیسرائیل، ئایا تەنیا ئیسرائیل دەتوانێت چارەی کێشەی ئیسلامی توندڕەوی ڕەگەز پەرست بکات، یان کورد لەنێو دوورگەیەکی تەژی لەدڕندە، تەنیا دەرگایەکی لەبەردەم مابێت، بیرکردنەوە بێت لەئیسرائیل.

دووەم: تێڕوانین و دیدگای (کەژێ) لەم وێناکردنەدا، گەڕانەوەیە بۆ (خۆشەویستی) و پەیوەندی ئاشقانەی نێوان (کەژێی کەچە کوردی ئێزیدی) و (سالحۆ)ی (کوڕە کوردی موسڵمان). ئەمە هەستێکی ئەزەلی مرۆڤە، مرۆڤ لەکاتی ڕوودانی کارەساتی هەرە سەختیشدا، ناتوانێت لە دەرەوەی (هەستونەستە ناوەکی و جدییەکانی خۆی) بیر بکاتەوە، یان دوور بکەوێتەوە. بەتایبەتی (خۆشەویستی) یەکێکە لەو هێزە شاراوانەی مرۆڤ ناتوانێت لێی دابڕێت، ئینجا ئەم خۆشەویستە هەر جۆرێک و بۆ هەر بابەت و شتێک بێت. خۆشەویستی نێوان دوو کەس، خۆشەویستی نیشتیمان، خۆشەویستی نێوان خانەوادە، خۆشەویستی بۆ کارو پیشە.. تاد

لەم دەربڕینەدا بنەمای هاریكاری پەیوەندیی دوو دۆخی جودامان بۆ دەسنیشان دەكات:

یەكەم: وەڵامەكەی (سالحۆ) لادانە لە بنەمای هاریكاری پەیوەندیی، چونكە وەڵامەكەی پەیوەندی بەپرسیارە (شاراوە پێچراوەكەی قسەكەرە نییە). قسەكەر باسی پەیوەندیی نێوان خۆی و (سالحۆ) دەكات، كەچی ئەو لەوەڵامەكەیدا بۆ لای (ئەستێرەی داود) دەچێت.
دووەم: قسەكانی (كەژێ)ی قسەری پرسیاركەر، پەیوەستە بە بنەمای هاریكاری پەیوەندی، چونكە باس و وەڵامی نێو گفتوگۆكەی (سالحۆ بەلای بابەتەكەی خۆیدا دەهێنێتەوە). كە دەڵێت (داودی چی! كوڕ و كچەكە دەڵێم). لەیەك گوتندا دوو شێواز و جۆری بنەمای هاریكاری پیادەكراوە. ئەمەش بەهێزی دەق دەگەیەنێت. لەهەمان كاتدا لەشێوەی سەرسوڕمان و ڕەنگە جۆرێك لە گاڵتەپێكردنیش دەڵێت (داودی چی!). بەكارهێنانی نیشانەی سەرسوڕمان، واتا و هەستونەست و هێز دەركەوتن لەنێو دەربڕینەكە باشتر دەردەكەوێت، كە (كەژێ) لەوەڵامی، یان لەڕێگەی ڕاستكردنەوە بۆچوون و خەیاڵ و مەزەندەی (سالحۆ) دەری دەبڕێت.

#مە مەسهەفا رۆژیش هەیە، تە نەبیستیە؟
ئێ، هات، لەشكری ئایینی لەبیانانەوە سەرهەڵداو هات..
(كەریم كاكە، ٢٠١٩، ٤٠).

گەڕان بەدوای واتادا بەشێکە لەو دەقانەی خوێنەر هاندەدەن بیربکەنەوە و لێدانەوەی جیاواز بۆ دەق، یان دەبڕین و گوتنێک بکەن. ئەمەش یەکێکە لەبنەماکانی دۆزینەوەی (هاریکاری) بۆ تێگەیشتن لەمەبەست و پەیامی گوتارەی دەقەکە. هەرچەندە ڕێژی لێڵی و نامۆیی و لێکدانەوە، یان نوێکردنەوەی ژمارەی لێکدانەوە لەبارەی ڕستە زۆر بێت، ئەوەندە تیۆری واتایی بایەخی پتر بەدەربڕینە هاودژەکان دەدات وەکو:

# خوشکە شوونەکردووەکەم شووی بەڕەبەنێک کردووە.

هەروەها بایەخ بەپەیوەندییەکانی نێوان دوو دەربڕینەکە دەدات، وەکو:

# زۆربەی قوتابییەکان نەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە.

(کلۆدجێرمان، ریمون لۆبلان، واتاسازی، وەرگێڕانی د. یوسف شەریف سعید، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٠).

لەم دەربڕینەدا (لەکاتێکدا باسی مەسهەف) دەکات، کەچی کەسی دووەم یەکسەر باسی شتێکی دیکە دەکات. ئەمەش لەڕووی واتاییەوە شتێک دروست دەکات، کە دەبێت بیری لێبکرێتەوە، لێڵی و شتی شاراوە و کاردانەوەی تێدایە. لەهەمان کاتدا (وەسفێکی دیکەی مەسهەف) دەکات بە (ڕۆژ) ناوی دەبات، بەڵام لەشێوەی کردە قسەی (پرسیار و سەرسامییەوە) قسەکە دەردەبڕێت.

لەڕووی واتاییەوە زانیارییەکان بەرەو لایێکی دیکەمان دەبەن، کە لەبنەڕەتدا پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەیە. هەردوو گوتن و وەسف و زانیاری باسی (مەسهەف)ە بەڵام (ڕۆژ)ی بۆ زیادکراوە. بەڵام لە بەشی دووەمی گوتنەکەدا لادانێک لەبنەمای هاریکاری پەیوەندی ڕوویداوە، ئەویش ئەوە قسەکان پەیوەندییان بە پرسیارەکەوە نییە، لەبارەی (مەسهەف)، بەلکو (باسی هاتنی لەشکر) دەکات. واتە قسەکەر بەئامانج و مەبەستێکی دیکە قسەکەی بەرەو بابەت و مەبەست و شتی دیکە بردووە. ڕەنگە بیەوێت:

یەکەم: زانیاری تەواو بە گوێگر نەدات.
دووەم: ڕەنگە زانیاری تەواوی لەبارەی پرسیارەکەوە نەبێت.
سێیەم: دەیەوێت سەرنجی گوێگر بەلای بابەتە سەرەکییەدا ببات، کە هاتنی داعشە.
چوارەم: کاتی پێویستیان نەبێت، بۆ باسکردنی مەسهەف و بابەتی لەمجۆرە.
پێنجەم: ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت نهێنییەکان ئاشکرا نەبێت.
شەشەم: شوێنە، کەشوهەوای کاتی گفتوگۆیە دوورنییە لەبار نەبووبێت.
حەوتەم: باری دەروونی قسەکەر، لەنێو ڕووداوەکان گونجاو نەبێت بۆ وەڵامی تەواوی ئەم جۆرە پرسیارانە.

# زاری کردەوە بلێ:
مامۆ، ئەز لێرەم.

قووتیدایەوە و نەیگۆ، چاوەڕی مان، لە چاوەڕوانیدا خەونی دی، نا لەخەون نا، لەدەرێی خەونێ گەیشتەوە چارشەمەی سۆر. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٤٤).

# لالش ئاوازی ژیانە و نابڕێتەوە، کوڕە دەڵێتە کەژێ:

ئایینی هەوە، دەڵێی ئایینی تیشک و رەنگ و ئاوازە.
بەبەژنی کەژێدا دەروانێ و:
وێنەی تۆ سپی و سادەیە.
کەژێ دەڵێ:
ئایینێ مە ئایینێ سرووشتیە، جوانە، ئەدی هی وە چیە، سالحۆ؟
سالحۆ بە پێکەنینەوە:
ئایینێ مەژی ئەگەر تیر و شیری تێدا نەبێ، جوانە..
لە ئایینی سپیی ئێوە، تەنها یەک گەرد هەیە.
کەژێ زەردەخەنەیەک دەکات:
دەزانم چ دبێژی، نەبێژە. (کەریم کاکە ، ٢٠١٩، ٤٥- ٤٦).

گفتوگۆی نێوان ئەم دووکەسە گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی بنەمای هاریکاری بۆ "گونجان"، گونجان لەنێوان دوو کەس، کە جۆرێک لەپەیوەندی ئەشق و ئەڤینیان لەنێوان دایە، گونجان لەنێوان دوو ئایین، گونجان لە نێو دوو دۆخی (کەسێکی قڕکراوی ئێزیدی و کەسێکی سەر بەئاینی قڕکەر). لەهەمووشیان گرنگتر "گونجان"ی گوتاری دەقێکی بەرهەمهێنراوی (کەریم کاکە)یە لەگەڵ واقیعی دوای هێرشەکانی داعش و کۆیلەکردنی ئافرەت و

منداڵی ئێزیدی و هێرشکردنە سەر شەنگال و قڕکردنی کوردە ئێزدییەکانە.
گونجانی دەقی (شنگال، هایێ ل من) لەگەڵ (کاردانەوە و کارەسات و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و مرۆییەکانی دوای قڕکردنەکەیە)، (دەبێت ئەوە نەشارینەوە گونجانەکە پەیوەندی بەپێوسیتییەکانی کارامەیی و چالاکی پەیوەندیکردنەوە هەیە). (د. هدسون، ١٩٩٠، ٢٩). لەبنەڕەتدا ئەم دەقە ڕۆمانە بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدی) نووسراوە، لەپێناو کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان (نووسەر و خوێنەرەکانی)، لەنێوان (کوردی ئیسلام و ئێزیدی و هێزە ئیسلامییە توندڕەوە داگیرکارەکان) بەرهەمهێنراوە. ئێمە لەوە دەگەین، کە (کارامەیی و چالاکانە کارکردنی زمان بۆ بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیی) یەکێکە لەو ئەرکانەی لەپێناو "گونجان" لەنێوان نێرەر و وەرگر پێویستە.
گونجان لەنێوان (کەژێی ئێزیدی و سالحۆی ئیسلام)، لەنێوان (ئێزیدی و ئیسلام)، لەنێوان (قڕکردن و پێکەوەژیان)، لەنێوان (ڕەتکردنەوە و قوبڵکردنی یەکتر)، لەنێوان (لادان لەئایین و قوبڵکردنی یەکتر)، لەنێوان (ڕەگەزپەرستی و توندازۆیی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئاشتەوایی)، لەنێوان (مێژوو و ئێستادا) دەخولێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەمانەش پێویستیان بەکردەی پەیوەندیکردن هەیە، گوتاری دەق بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان نێرەر و وەرگر بەرهەم دەهێنرێت.

لەڕێگەی ئەم گفتوگۆیەدا نووسەری دەق پەیوەندییەکی سروشتی دروستکردووە، بۆ ئەوەی پیشانی بدات، کە ئایین ڕێگر نییە لەبەردەم پەیوەندی خۆشەویستی، ئەوەی هەیە دۆخە کۆمەڵایەتییە باوەکەیە.
ئێزدیەکان بڕوایان بەتوندوتیژی نییە، ئایینەکی سروشتییە، کەچی کوڕە ئیسلامەکە دەڵێت ئایینەکەی ئێمەش وایە، ئەگەر (شیر و تیر)ی تێدا نەبووایە جوانە. لەم جیاوازییەدا، دەقنووس لەڕێگەی تەنیا دوو وشەدا، ئاماژەیەکی قووڵ و گەورە بە جیاوازیی و دونیابینی و بڕیار و یاسا و هێز و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئیمانی ئایینەکە کردووە. ئەمەش دەبێتەوە سەرچاوە بۆ ئەوەی لەجیاتی "گونجان" بەکردەی "نەگونجان" شتەکە بەراورد بکات. ئەمە پەیوەندییەکی پتەوی بە بنەمای هاریکاری پەیوەندییەوە هەیە، چونکە، گوێگر بە کورتی، بە ڕوونی و ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە وەڵامێکی داوەتەوە، وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیار و شێوازی گفتوگۆی نێوان هەردوو کەسەکە هەیە. ئەم (نەگونجان)ەش لەبنەرەتدا بەمەبەستی (گونجان) بەکارهێنراوە، چونکە نەگونجانەکە ئاکامی دۆخە کۆمەڵایەتی ئایینەکەیە و کە ئەوان دەیانەوێت ئەم (نەگونجانە) تێک بشکێنن.
دەقنووس هاریکاری خوێنەر دەکات، لەوە تێبگەن جیاوازیی و نەگونجانەکە پەیوەندیی بەچییەوە هەیە، زۆر بەکورتی (شیر و تیر)ی کردۆتە جیاوازی، ئەمەش گریمانەی ئەوەمان بۆ دروست دەکات:

یەكەم: ئیسلام توندوتیژە. ئێزیدی لاشەڕن.
دووەم: دونیابینی و یاسای ئایینی هەردوو ئایینەكە ڕێگرن لەچۆنیەتی دۆزینەوەی ڕێگەیەكی گونجاوی هاوبەش بۆ پێكەوەژیان.
سێیەم: ئەمە فەلسەفەی حوكم و بڕیار و بیركردنەوەی ئایینەكە دەردەخات.

مەبەستمان ئەوەیە بڵێین دەقنووس لەڕێگەی بەكارهێنانی زمانێكی كۆمەڵایەتی، دۆخێكی باڵاتری وەسفكردووە، كە لەنێو ئاڵۆزیدا گیری خواردووە. لەكردەوەدا ئەو وەسفە هەقیقەتی واقیعی (سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئایینی و دەروونی و خوڕەوشتی) نمایش كردووە، ئەو هیچ شتێكی زیاد و كەمی لەقسەكانی نەئاخنیوە، تەنیا ئەوە نەبێت (قسەی كوڕە ئیسلامەكە) وەكو پێناسە و زانیاریی و ڕوونكردنەوە و دەرخستنی شێوازی بیركردنەوەی ئیسلام خستۆتە بەردەم خوێنەر، ئەمەشی وەكو هاریكاری لەقازانجی "گونجان" نییە، چونكە (توندوتیژی ئاكامی خراپە)، لەكاتێكدا كوڕە موسڵمانەكە دەیەوێت ئەمانەت و ڕاستگۆیانە قسە بۆ كچە ئێزدیەكە بكات، زیادگوتن و درێژدادڕی و زیادەڕۆیی لەقسەكردنەدا بەپێی بنەمای هاریكاری چەندی و چۆنیەتی كردووە و بە تەنیا دوو وشە بە تام و واتای ئەوەی بڵێت بەداخەوە ئەوە ئایینەكەی من لەسەر ئەو بنەمایە بەڕێوەدەچێت، واتاكەی ئەوەیە دەڵێت (بەڵێ، گومانەكەت ڕاستە، ئیسلام ئەوهایە).

لەدیمەنێکی دیکەی ڕووداوەکانی نێو دەقەکە، دوای بڕینەوەی دارێک لەلایەن سالحۆ، کەژێ بە کورتی و پوختی، بێ ئەوەی درێژە بەڕاپەڕاندنی کردەی هاریکاری، لەتێگەیاندنی بەرانبەرەکەی بدات، زۆر بەکورتی بێ ئەوەی هیچ زیادە و کەمێک بێختە نێو قسەکانی و ئاراستەکردنی فەرمانەکەی و تێگەیاندنی وەرگری قسەکانی (کەژێ) دەڵێت:

#گوناهت کرد، دەستت بکەوە.

ئەم کردەی پەیوەندییە، بەواتای سزادانی کەسی گوێگر دێت، بەڵام جۆرێک لەلادانی تێدایە، ناڵێت لێت دەدەم، فەرمانە و حوکمە و دەبێت وەکو دادگایی سزات بدەم، لەکردەوە مەبەستی (سزادان و دادگایی کردنی گوێگرەکەیەتی، کە تاوانێکی کەلتوری بەهەڵکەندنی دارێک کردووە).
دەڵێت (گوناهت کرد). واتا پیشێلکاری لایەنێک لەیاسا کەلتوریی و ئایینی ئێزیدی کردووە، پێی ناڵێت (سزات) دەدەم، دەڵێت (دەستت بکەوە). سزایەکی سروشتییە، ئەویش لێدانی چەند دارێکە لەنێو لەپی دەستی ئەو کەسەی دارەکەی هەڵکێشاوە.
لێرەدا لادان لەکردەی پەیوەندی هاریکاری ڕوویداوە.
لادانەکە پەیوەندی بە(سزا) نییە، بەلکو بە پێچڕانی قسەکانی پێش ئەم بەسەر هاتەیە، کە قسەکەر (کەژێ) نایەوێت وەڵامی (سالحۆ) لەبارەی هەموو شتێک بداتەوە. هەروەها لادانە، چونکە مەبەستی ئەوەیە پەیامێکی دیکەی نەگوتراوی شاراوە ئاراستەی (سالحۆ) بکات.

# نەگیرا، شنگال بە شەڕ نەگیرا، ئێزیدی و موحەمەدی، ڕێککەوتن...
کوڕە کۆچۆیی لە سەری خۆی دا:
لە ئایین وەرگەڕان؟
کەژێ، پێنەدەچوو گوێی لە پرسیارەکە بووبێت:
ڕێککەوتنەکە ئەوهابوو (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٦٦).

زمان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و ئاخاوتن لەگەڵ یەکتردا، هیچ مەرج نییە ئاخێوەرانی یەک زمان، بەشێوەیەکی سەرکەتوو لەقسەکانی یەکتر بگەن، یان بۆچوونیان لەبارەی یەک شت هەمان (تێگەیشتن و هەڵێنجان) بێت، بەپێی دەوروبەری بیرکردنەوە، زانیارییەکانیان لەبارەی شتەکان، دۆخی دەروونی و هەستیان لەبارەی شتەکان شی دەکەنەوە و قسەی خۆیان لەبارەیەوە دەکەن. بۆیە ئێمە کاتێک بمانەوێت شیکردنەوە لەبارەی زمانی کەسێک بکەین، پێویستە لەخووڕەوشت و نەریت و هەڵسوکەوت و کەسایەتی و چۆنیەتی دەربڕینی هەستەکانی قسەکەر بگەین. (ئەگەر بیروبۆچوونی کەسی قسەکەرمان وەرگرت، ئەو کەسە لەیەک کاتدا قسەش دەکات و گوێش دەگرێت). (د. هدسون، ١٩٩٠، ٢٧).

لێرەدا مەبەستی (نەگیرا) بەشەڕ و هێرش دەرەقەتی ئێزدیەکان نەهاتن و نەیانتوانی شەنگال بەشەڕ و جەنگ بگرن. (لەئایین وەرگەڕا) واتە (تەسلیم بوون). کەچی (کەژێ) لەوەڵامەکەیدا

باسی شتێکی دیکە دەکات، ئەمەش جۆرێکە لەلادان لەبنەمای هاریکای پەیوەندی، واتە وەڵامەکە خۆدزینەوەیە لەوەڵامی قسەکەری یەکەمی نێو ئاخاوتن و گفتوگۆیەکەدا، ئەو دەبووایە وەڵامی (لەدین وەرگرانەکە) بداتەوە، کەچی دەڵێت: (ڕێککەوتنەکە ئەوهابوو) بۆ دەبێت بەمجۆرە وەڵام بداتەوە، لێکۆڵینەوەی پرگماتیکی لەپشت بەستن بە لێکەوتەی ئاخاوتن و بنەماکانی هاریکاری سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشن، ڕەنگە وەڵامەکە پەیوەندی بەم شتانەوە هەبێت، وەکو:

یەکەم: خۆدزینەوەیە لەهەقیقەتی باسکردنی ڕووداوەکان.
دووەم: ڕەنگە قسەکەر زانیاری و شتی وەکو پێویست نەزانێت و ئاگای لەتەواوی ڕووداوە مێژووییەکان نەبێت.
سێیەم: ڕەنگە قسەکەر نەیوستبێت لەبەر خۆشەویستەکەی سالحۆی موسڵمان، ناوی خیانەتکارە کوردەکە، کە خیانەتی لەئێزدیەکان کردووە، باس بکات.
چوارەم: باسێکی بێزارکەرە، لەنێو ڕاکردن و خۆشاردنەوە و ئاژاوەدا، باسی لەدین لادان بکرێت.
پێنجەم: پشتگوێخستنی گوێگرە.
لەقسەی دوایدا، لەڕووی دەروونی هەست بەم دۆخ و هەست و هەناسەیە دەکرێت:

- ئاخ و داخ هەڵکێشانی پێوەدیارە.
- لەجۆری دەربڕینەکەدا دیارە، ئێزیدی فێڵیان لێکراوە.
- بەناچاری بەم ڕێککەوتنە ڕازیی بوون.

- ڕێککەوتنێکە پەیمان شکێنی تێدابووە، دەربڕینەکە لەڕووی دەروونییەوە وا نیشان دەدات ناهاوسەنگی لەڕێککەوتن و ئەنجانەکاندا نەبووە.
- (ئەوهابوو) جۆرە وەسفێکە پڕیەتی لەپەشیمانی، ترس و لایەنێکی تۆقێنراوی دۆڕاو لەڕێککەوتنەکە ئاماژە پێ دەکات.

لەم گفتوگۆیەشدا ئەو کەسەی قسە دەکات، لەیەک کاتدا هەم (قسەکەرە و هە گوێگرش)، لەهەمان کاتدا وەکو گوتمان قسەکەر لەیەک کاتدا (گوتاری هەیە) و لەهەمان کاتدا (گوێگریشە). ئەمە بنەمای پێکهاتەی ڕۆمانە، کە پشت بە گفتوگۆ و قسەکردن دەبەستێت. قسەکانیش پەیوەندیان بە(دۆخی دەروونی قسەکەر و گوێگرەوە) هەیە، قسەکان ڕەنگدانەوەی نەریت و خووڕەوشت و باری دەروونی کارەکتەرەکانە، هەر کارەکتەرێکیش پێناسەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و فکری خۆی لەگەڵ خۆیەتی. ئەوان نین شتەکان نیشان دەدەن و ڕادەپڕێنن، بەلکو ئەوە قسەکانیانی ئەوانە وەکو کردە قسە، مەبەستی نێو شتەکان ڕادەپڕێنن.
گوێگری یەکەم یەکسەر لەقسەکاندا ئەوە تێدەگات و هەڵدەهێنجێت، کە (لەدین وەرگەڕوان)، چونکە (تەسلیم بوون لای ئێزدیەکان یەکسان کراوە بە لەدین وەرگەڕان)، دوژمنەکانیان هەمیشە پێیان دەڵێن (بوونە ئیسلام، یان سەر پەڕان). لەزۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا گوتاری (هەڕەشە و

تەسلیمبوون) بە (مردن، یان ئایین گۆڕین) ئاماژەی پێکراوە، لەکردەوەشدا ئەمە هەقیقەتێکی ئێجگار قورسە بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئێزدیەکاندا سەپێنراوە، لەهێرشەکاندا ئێزدیەکی دیلکراوەکان یان سەریان پەڕێنراوە، یان داوای بەئیسلام بوونیان لێکراوە، ڕەنگە ئیسلام بوونەکەشیان نەیتوانیبێت، ژیانیان بپارێزێت.

# سالحۆ: تۆ بەمن بڵێ، ئێزیدی تف ڕۆکردنە سەر زەویان پێناخۆشە؟
کەژێ: زۆر زۆر
سالحۆ: مامۆستایەکمان دەیگۆت: ئەگەر بتەوێ ئێزیدی تووڕە بکەیت، تف ڕۆکە، چونکە لە کن ئەوان هەموو تفێک، تفکردنە لەشەیتان، شەیتانیش خودای ئەوانە.
کەژێ: تۆش باوەڕت بە مامۆستا کرد، وا نە؟
سالحۆ بەپێکەنینەوە: ئەدی باوەڕ بە مامۆستا نەکەم، بەکێ بکەم؟
کەژێ: مامۆستای ئاواتان هەیە، بۆیە، ئێمە تا دێ لێکدی دووردەکەوینەوە.
سالحۆ بەسەر سوڕمانەوە:
من و تۆ؟
کەژێ بزەیەکی شیرین دەکات: نا، ئێزیدی و موسڵمان دەڵێم.
(کەریم کاکە ، ٢٠١٩، ١٣٨-١٣٩).

پێش سەرنجدان و شیکردنەوەی ئەم گفتوگۆیە فکری و کۆمەڵایەتی و پڕ ئازارە، باسی تێڕوانین و بیروڕا دەربڕین دەربارەی کەلتوری ئایینی و شێوازی بیرکردنەوەی ئێزیدی و لەهەمان گاڤدا تێڕوانینی هەندێکی ئایینی دیکە لەبارەی ئێزدیەکان دەکەین، ، لەوانە:

- بەکارهێنانی وشەی (زۆر زۆر) بە مەبەستی دووبارەکردنەوە و بەگرانی سەیرکردنی بابەتەکە و لەهەمان کاتدا ڕەتکردنەوەیەکی توندی ئەو بۆچوونەیە، کە پێشتر سالحۆ دەربیبڕیوە دەربارەی (تف لای ئێزدیەکان). ئەم بۆچوونە وەکو ئەوە وایە بڵێ (مردن هەر مردنە)، ( کتێب کتێبە)، (نان نانە).
- بەپێکەنینەوە جۆرێک لەگاڵتەکردن و لاقرتی تێدایە، ئەمەش بۆ دوو مەبەست بەکارهێنراوە: یەکەمیان بەکردەوە گاڵتەی بەم باس و خواس و شتە دێت. دووەم: دەیەوێت بە قسەکەری بەرانبەری بڵێت، نەخێر من ئەو شتانەم پێ ڕاست نییە. واتە لەیەک کاتدا دەیەوێت لەڕێگەی ئەم کردە (هێما و نیشانەییە، کە پێکەنینە) دوو واتا و مەبەستی جیاواز دروست بکات، کە لەبنەڕەتدا ڕەنگە هەردووکیان پەیامێکی درۆزنانەی نادروستی دوور لەلۆجیکی لەخۆ گرتبێت. بەم پێیە ئەمە دەبێتە لادان لەبنەمای هاریکاری پەیوەندی، چونکە پشت بەڕاستی

نابەستێت، بەڵام لەکردەوەدا ئەوپەڕی بنەمای هاریکاری پەیوەندی پەیڕەوە کردووە، چونکە ناخی شاراوەی قسەکەر نیشان دەدات، ئەمەش نیشاندانی پەڕی ڕاستی وهەقیقەتی قسەکەرەکە دەگەیەنێت. واتە بنەمای هاریکاری پەیوەندی کاردەکات ناخی قسەکەر و بەستنەوەی بەدەوروبەرەکەی، کە مامۆستا و قوتابخانەیە ئاشکرا بکات، هاریکاری وەرگرەکان دەبێت، لەپێناو شیکردنەوەی دۆخی (بیرکردنەوە و تێڕوانین و فکری کەلتوری و ئاینی) کەسانێکی کورد دەربارەی ئێزدیەکان. پێچەوانەی (پێکەنینەکەی) (سالحۆ)، (کەژێ) بزەیەکی شیرین دەکات. ئەم بزەیەش پەیوەندی بەدۆخی (ئافرەتبوون، لاوازی لەپێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی، خۆشەویستی سۆزدارانە لای ئافرەت بەهێزترە، هەمیشە لایەنی لاواز بیر لەڕێگەی عاقڵانەترقسەکردن و هەڵسوکەوت و هێمانە دوان دەکاتەوە، دوور لەسوکایەتی و ناشیرین ئاخاوتن و بەکارهێنانی نیشانە و هێمای نادروست). ئەمەش وەکو کەلتوری ئێزدیەکان کە (ئاشتەوایی و لاشەڕییە) ڕەنگ دەداتەوە. (پێکەنینەکەی) (سالحۆ)ش وەکو کەلتوری (زۆرینە و ئیسلام و نێر و پێگەی بەهێزتری دەروونی) دەردەکەوێت، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ئەوەی لەڕێگەی لێکەوتەی ئاخاوتنەوە بە (واتا و مەبەست و شیکردنەوەیەک) بگەین، کە (متمانە) لەنێوان

ئەم دوو کەس و پێکهاتەیە لاوازە، یان لەژێر هەژموونی گومان دایە.

قسەکەری یەکەم (سالحۆ) دەیەوێت مەسەلەکە بە (خۆی و کەژێ) گرێ بدات، واتە بابەتەکە لەبازنەیەکی بەرترسکی (خۆیی و خودیدا) وەسف بکات، بەڵام (کەژێ) بابەتەکە لەبازنەیەکەی گشتی و بەرفراواندا وەسف دەکات، هاریکاری وەرگر دەبێت، کە ئەو تێڕوانینە پەیوەندی بە ئایینیەوە هەیە، نەک کەسەکان، بریتییە لەتێڕوانینی ئیسلام بەرانبەر ئێزیدی. لەڕاستیشدا ئەوەی (سالحۆ) گوتیەتی گشتگیرە، پەیوەندی بە ئایینەوە هەیە، (نەک کەس و خود و ئەو).

زمان بریتییە لەهێما، هێمایەکی دەنگی و فۆرمە، هێمایەکی دەربڕین و واتایە. هیچ گوتنێکی کە گوێمان لێ دەبێت، هەر تەنیا دەنگ و گوتنەکە نییە، بەڵکو بریتییە لەدەربڕینێک لەدەوروبەرێکی تابەت دەربارەی شتێک، کە واتایەکی تایبەت، یان گشتی، یان پڕ لەواتا دەگەینێت. (زمانی مرۆڤ بریتییە لەو پەیڕەوەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاری دێنێت، بەکارهێنانی پەیڕەوەکەش بەندە بەتوانای داهێنان و لێکدانەوە و بەکارهێنانی هێماکە، مرۆڤ لەهەموو گیانلەبەرێکی تر جیا دەکاتەوە. هێمای زمانی بریتییە لە ڕۆنانێک دوو دیو، یان ڕووی هەیە، دیوێکی پێکهاتووە لەریزە دەنگێک کە بەر گوێ دەکەوێت و دەبیسترێت و دیوکەی تریش بریتییە لەبیرێک، کە بەرانبەر ڕیزە دەنگەکە دێت و لەمێشکی مرۆڤدا هەڵگیراوە). (د. محمد معرف فتاح، ٢٠١١، ٤٤).

لەم ئاخاوتنەدا سەرچاوەی (زانستی/ مامۆستا) وەکو هۆکارێکی نەرێنی، پێچەوانەی بوارە مەدەنی و پێشکەوتووە عەقڵ کراوەکان، تێڕوانینێکی نەرێنی لای گوێرەکانی دروستکردووە. مامۆستا قسەکەرە و قوتابیش گوێگرە، مامۆستا گوتارێکی دروستکردووە، کە بریتییە لە گوتاری (ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە، سوک نیشاندانی ئایینێکی دیکە، دابەشکردنی نەتەوە، ڕقلێبوونەوە، ناشیرن پیشان دان و سوکایەتی و لاواز و کەم بایەخ کردن، پیس وەسفکردنی کەسانێکی دیکە دەگرێتەوە.. تاد).

لەیەکێک لەقسەکانیدا دەڵێت واتە مامۆستا بۆتە سەرچاوەی لێکدوور کەوتنەوە. لەکاتێکدا مامۆستا هێمایەکی زانستی و کۆمەڵایەتی ئەرێنییە لەزۆربەی کۆمەڵگاکان. ئینجا (سالحۆ) قسەکەر و گوێگرە و لەهەمان کاتیشدا لەنێو ئەم گفتوگۆیەدا بە (کەژێ)ی قسەکەر و گوێگر دەڵێت، واتە (من و تۆ)، ئەویش بەلادان لەبنەمای هاریکاری پەیوەندی ئاماژە دەکات، کە (نا ئێزیدی موسلمان) واتە (کوردی ئێزیدی و موسلمان). ئەم بنەمایە بۆ ئەو مەبەستە هاریکاری گوێگر دەکات، تاکو لەوە بگات، کە هەندێک کەس و دەزگا و ئایین و پەروەردە ڕۆڵێکی نەرێنی لەبیناکردنی کۆمەڵگەیەکی (دوڕدونگ و ناکۆک و ناتەبا) دروست دەکات. لەهەمان کاتدا ئەم بنەمایە هاریکاری ئێمەش دەکات، پەیوەندییەکی دروست لەبارەی تێگەیشتن و هەڵێنجانی بابەتە سەرەکییەکە بکەین، کە دەبێتە مایەی (هەڵسەنگاندن و بەراورد و پێداچوونەوە و بڕیار) لەپێناو بەرهەمهێنانەوەی گوتاری دەقەکە.

#سالحۆ، نیگایەکی هێند تیژی لە چاوی بڕی، دڵی کەژێ لەرزی، گۆت: مەلەک تاوس، ئەو چاکەم دەگەل بکە، وا بکە ئەو کچە بۆ من بێ.
کەژێ: تۆ دەزانی واتای وشەی تاوس چیە؟
سالحۆ: نازانم، بەڵام چ دوور نیە، بە واتای کەژێ بێ ..
کەژێ: مەیکە گاڵتە، دەزانێ یان نا؟
سالحۆ: نا
کەژێ: واتە رووناهیی خودا.
سالحۆ: ئەدی نەمگۆ، واتە کەژێ؟ تۆ تاوسی منی. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤١-١٤٤).

بەکارهێنانی زمان، ئاسانکارییە لەتێگەیشتن، هەموو گۆڕانێک بەمەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەیە، کە دەکەوێتە سەر ماسولکەکانی ئەندامانی ئاخاوتن. لەوانە تواندنەوە کرتاندن و جیابوونە و جێ گۆڕکێی و بەرزبوونەوە و سووک بوونی واتا و گۆڕان لەڕیزبوونی کەرەسەی رستە و پەیوابوون و لەناوچوونی ئامراز.. تاد) ئەمانە هۆکارن بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دەربڕین. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ١٢٩).

سالحۆ دەیەوێت لەم دۆخە ئاڵۆزەدا باسی شتێک بکات، کە پەیوەندی بەقسەکانی کەژێ و پرسیار لەبارەی ئایین و تێڕوانینی جیاواز لەبارەی ئایینەوە نییە، وزەی بەکارهێنانی

قسەکردن لای (سالحۆ) جیاوازە لە وزەی (کەژێ). لێی دەپرسێت دەزانی (مەلەکی تاووس مانای چییە؟ ئەویش دەڵێت: نا. کە بنەرەتدا وشەکە (نەخێر)ە. لەم گوتنەدا کورتبڕی و قرتاندن لە وشەی (نەخێر) ڕوویداوە، بۆ ئەوەی وزەی دەربڕینەکەی بپارێزێت. ئەم وزەپاراستنە پەیوەندی بەچەند شتێکەوە هەیە:

یەکەم: نەزانینی پرسیارەکە، شەرم، لەکۆڵخۆکردنەوە.
دووەم: ئاخاوتن بەزمانێکی نافەرمی کۆمەڵایەتی، واتە بەکارهێنانی زمانی گفتوگۆی ئاسایی
سێیەم: قرتاندن و گۆڕنی دەنگی (ە) بۆ (ا) وزەی کەمتری پێویستە بۆ دەربڕین.

کەژێش لەجیاتی شیکردنەوە درێژ دادڕانە دەڵێت: (واتە ڕووناهی خودا) قسەکەی (کەژێ) جۆرێک لە فەرمی بوونی پێوە دیارە، هەروەها قسەکانی جدیی و تۆکمەن.
ئەم وەڵامە لەکردەوەدا نیشاندانی زانیارییەکی زۆر و درێژە لەپێناسە وەسفێکی کورتدا و باسکردنی مەلەکی تاووسە، کەزۆرترین مشتومڕی لەنێوان ئێزدیەکان و ناحەزانی ئێزیدی دروستکردووە، بەڵام ئەو لەپێناو پاراستنی وزەی ئاخاوتن و کورتکردنەوەی قسەکانی و بەدیهێنانی کردەی هاریکاری پەیوەندی بۆ دروستکردنی لێکەوتەی ئاخاوتن، بەکورتی و پوختی، بەشێوەیەکی ڕوونی واتادار و هەڵگری فکرێکی قووڵ و تێڕوانینێکی فرە ڕەهەند وەڵامی (سالحۆ) دەداتەوە، کە پێشتر ئەو بە (نا) هەست و قەناعەتی خۆی دەربڕی بوو. وەڵامی

(کەژێ) شیکردنەوەیە، بەڵام بەتەنیا لەڕێگەی بەکارهێنانی سێ وشەدا، یان باشتر بڵێم دوو وشە (ڕووناهی خودا) و بەس. ڕووناهی نیشانە و هێمایەکی فکری و کارەکی و ئەرکییە بۆ سیفەتەکانی خودا. کە دەبێتە ڕوونکی بۆ (چاوکرانەوەی مرۆڤ و دیتن و فێربوون و ژیان و وزە و دۆزینەوە و دەرچوون لەتاریکی .. تاد). (خودا)ش بەواتای ئیمان و بڕوابوونی ئێزدیەکان بە (خوادا) دێت، هەموو ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە کە ئێزدیەکان شەیتان پەرست بن.

# ئەو سەگبابە درۆزنە، نەکوژێنینەوە، لێرە دەڕۆم.
دیرۆکزان دەڵێ: تووڕە مەبە، من دەڕۆم..
دەچێتە ئەو دیوی کەژێ، هەستدەکات، ئەویش دەیەوێ گوێیلێبگرێ، بۆیە زۆر کزی ناکات: ئاخر ئەوانە جگە لەوەی خوانەناسن کوردیش نین، هەموو دنیا دەزانی نەوەی یەزیدی کوڕی موعاویەن، هەڵگەراوەن، دووجار هەڵگەڕاوەن، جارێک لە عەرەب، جارێک ئیسلام. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٧).

# دەچینەوە، من دەبێ داک و خوشکم ببینمەوە،
خودێدە: چوونەوە بۆ کوێ؟ کەس نەما، ئێزیدی نەما.
کوڕە کۆچۆیی: ئێزیدی جگە لەچیا، چیای شنگالێ، لە چ جیێ دنیایێ پارێزراو نیە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٢٢).

(واتا بەشێوە بڵاوەکەی هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە زمان دەیگەیەنێت دەبێت بەچەند جۆرێکی جیاوازەوە، لەمانە لەهەموویان گرنگتر واتای لۆجیکی یان (هۆشەکی) و کێشەکی و بابەتییە). (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ١٦٠).

لەلێکدانەوەی واتای هۆشەکیدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە واتایەکی ڕوون و پتەو و ئاسانە لەتێگەیشتن، بۆ نموونە وشەی (ژن) دەکرێت بڵێین (مرۆڤ + هەراش+ مێ) دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا دەکرێت واتای دیکەی (چەوسانەوە، ئەشق، دایک)یش بگرێتەوە، لەم دقەدا، کە دەڵێت: (چیای شنگال) بۆ ئێزدیەک واتای (شوێن، نیشتیمان، پاراستن لەهێرشی داگیرکەران، خۆپاراستن و مانەوە و بەرەنگاری و ئینتما بە بیروڕای ئایینی ئێزیدیاتی، وابەستە بوون بەمێژووی کۆن و بەسەرهاتەکانی ئێزیدیاتەی) دەگرێتەوە. لەسەرەتای دقی (شنگال، هایی ل من)ی (کەریم کاکە)دا چیای شەنگال وەکو هێزێک بۆ خۆپاراستن و مانەوەو دەربازبوونی ئێزدیەکان لەهەموو فەرمانەکان ئاماژەی پێکراوە، بەمەش بۆتە (جوگرافیاو شوێنێکی سەخت بۆ مانەوە و لەهەمان کاتیشدا شوێنێکی پیرۆز بۆ ئایینەکەش).
واتای لۆجیکی لەم دەربڕینە پڕ سۆیە دەروونییەدا، ئەوەیە گەنجێک لەچیای شەنگال دەڵێت: (دەچینەوە، من دەبێ داک و خوشکم ببینمەوە). ئەمە واتای لێکدابڕانی خێزانێکە، کۆیلەکردنی کچ و دایک و منداڵەکان نیشان دەدات. بەجۆرێک لێیان قەوماوە، کە خێزانەکان پەرتەوازە کراون، لێکدابڕاون، کەس بەهاواری کەسێکی دیکەوە نەگەیشتووە. لەڕووی

لۆجیكییەوە (ئەمە واتایەكی هۆشەكیی و دەروونییە)، گەنجێك دەبێت پێش هەر شتێك بەدوای خوشك و دایكیدا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. ئەوی دیكەیان (خودێدە) بەدوای واتای كێشەكی دیكەدا دەگەڕێت، واتای كێشەدار، دەڵێت: (چوونەوە بۆ كوێ؟ كەس نەما، ئێزیدی نەما). كێشەكە لەوەیە، ئەو وای دادەنێت (هەموو كەسوكاریان كۆیلە و كەنیزیەك) كراون، بۆ دەچنەوە و بەدوای چیدا دەگەڕێن (كەس نەماوە). ئەمە واتای كێشەیەكی قووڵتر لە كێشەی چوونەوە و دۆزینەوەی كەسوكار دەگەیەنێت. (كەس نەما). (نەما) پەیوەندی بەكێشەی بنەڕەتی ئێستا و داهاتووە هەیە. ئەم بنەما واتاییە هاوكاری وەرگرەكان دەكات، بنەمای پەیوەندی قسەكردنەكە، كە پەیوەندییان بەكێشەیەكی قووڵ و گرفتێكی دەروونی و مرۆییەوە هەیە، بدۆزنەوە. ئێمە دەزانین بنەمای هاریكاری لەسەر پێدانی زانیاری دروست و تەواو و تۆكمە و پێویست كار دەكات و هاوكاری وەرگر دەكات، قسەكانی قسەكەر بەتەواوی و بێ كێشە و بەدروستی وەرگرێت و شی بكاتەوە.

بەڵێ؛ ئەم قسەكەرە پەیامێك لەنێو گوتارە دەروونی و هەستییەكەیدا دەردەبڕێت، كە پەیوەندی بەكێشەی (نەمان/قڕكردن)ی خانەوادەكانیانەوە هەیە. ئێمە دڵنیان لەوەی ئەم دەقە دوای ڕووداونی (هێرشە داگیركاری و جینۆسایدیی ئەم دواییەی ئێزدیەكان لەسەر دەستی داعشی ئاڵاڕەشی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام) نووسراوە، واتە دەقنووس وەكو (بەڵگەیەكی مێژوویی) بەڵام لەنێو گوتارێكی مرۆیی و هونەری و بەزمانێكی چڕوپڕ لەواتا و لێكدانەوە و فكر، دەقەكەی

بەرهەمهێناوە. ئێمە هەموومان هەواڵ و زانیاریی و بەسەرهات و کارەساتی قڕکردنی کچ و دایک و ژن و منداڵی ئێزیدی و فرۆشتنەوەی ئافرەتانی ئێزیدیمان لەبازاڕەکانی موسل و ڕەقە بیستووە. ئازار و مەینەتی و پیسی و توندڕەوی ئیسلامیمان بینی، بەڵام هیچ کەسێکمان وەکو (کەریم کاکە) لەگۆشە نیگای دەق و نووسینی دەقدا سەیری بەسەرهاتەکانمان نەکردووە. زمانی گوتاری دەقی هەواڵ و ڕاپۆرتی سیاسی و مرۆیی و ڕاگەیاندن و بابەت و وتاری سیاسیمان خوێندۆتەوە، بەڵام هیچ یەکێکیان وەکو زمانی دەقی (کەریم کاکە) پڕ لە(هەست و دەروون و ئەرک و کردە قسە و پێناسە و دەربڕین و وەسف و گێڕانەوە و فکر و لێکدانەوە و مێژوو و کردەی هاریکاری بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن لای وەرگرەکانی .. تاد) نین.
واتا لەم کردەیەدا بەرهەم دێت، کە هەڵگری دەربڕینێکی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و مرۆیی و فکری و وێناکردن و هێما و نیشانە) زمانییەکانە. لەم دەقەدا (کتومت زمان) باڵادەستە، زمان حاکم و بڕیاردەرە، خۆسەپێنی دەقنووس هەست پێ ناکرێت، زمان ئازادکراوە لە بینینی ئەرکی مرۆیی و ئەدەبی و فکری.
(کوڕە کۆچۆیی) بەخەمناکییەوە، کە وشەکانی پڕە لەوێنەی کشتوبڕ و جینۆسایدی کۆچێ، لەم دەقەدا دەڵێت: (ئێزیدی جگە لەچیا، چیای شنگالێ، لە چ جیێ دنیایێ پارێزراو نیە). ئەمە واتایەکی دەروونی، لۆجیکی بیرکردنەوەی گەنجێک نیشان دەدات، کە تەنیا خۆی لەنێو مردوواندا زیندوو ماوەتەوە. بڕوای وایە تەنیا (چیای شەنگال) ئێزدیەکان دەپارێزێت. دۆخی

دەربڕین و واتای ناوەکەی و هێزی دەربڕینەکانی نێو مێشکی قسەکەی ئەوەمان نیشان دەدات، ئەو بنەمای قسەکردنە هاریکارمان دەبێت بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین، هەر (تێڕوانین و لێکدانەوە و کاردانەوەیەک) لەدوای کارەسات بێت، پەیوەندییەکی پتەوی بە (نیگەرانی دەروونی و پەژارە و پەنابردنە بەر سەرچاوە ئیمانییە ئایینیەکانەوە هەیە). بۆیە ئەو شێوازەی کارەکتەرەکان قسەی پێ دەکەن، شێوازی هەقیقی بیرکردنەوەی کەسایەتییەکانی نێو ئەو کارەساتەیە، کە وەکو بەشێک لەشەرمەزاری دادەنرێت.

ئێزدیەکان لەوە گەیشتوون (چیای شەنگال) بۆ ئەوان لەکەشتی نوحیش گرنگتر و جێگەی متمانەی زۆرترە. لەبەر ئەوەشە نووسەری ئەم دەقەکە (لەلایەک وەکو گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان لەسەری چیا)، هەروەها وەکو (شوێنێکی پیرۆز و قایم و جێگەی بڕوا) دەقەکەی هەمووی لەنێو (بەرد و بن دار هەنجیر و زەیتون و هەنگوین و کانی کەرسێ و کانی سپی پیرۆز و شەرەفەدین و چل مێرا.. تاد) بەرهەمهێناوە.

دەقەکە لەنێو چیادا بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوە، لەنێو شاخیشدا گێڕانەوەی ڕووداوەکان گارە دەدات، و کلیلی (شیکردنەوە و تێگەیشتن و لێکدانەوەکەش) ڕادەستی خوێنەرەکانی دەکات. لەبەر ئەوەشە (ناوی سەرەکی دەقەکەشی شنگالە). واتە دەمەوێت بڵێم نووسەر لەخۆڕا و بێ هۆکار شەنگالی نەکردۆتە (شوێن و کات و بابەت و نیشانە و هێما)ی دەقەکەی.

### ٤-١٠-٢ چوارەم بنەمای هاریکاری شێوە/ ڕێباز :

لەم جۆرە قسەکردنەوەدا قسەکەر هەوڵ دەدات خۆی بپارێزیت لەشاراوەیی مانا و نادروستی گوتنەکان. واتە ئەم بنەمایە داوای دروستی زانیارییەکان دەکات لەئاخاوتندا و خۆدوورگرتن لەنادیاری و دوورکەوتنەوە لەدرێژ دادڕی ناپێویست ، وەکو ئەم نموونە:

نەخۆشەکەتان چۆنە؟
سوپاس بۆ خوا باشە.
وەڵامەکە دروستە، گوێگر بەقسەکەری گوتووە، دەتوانرێت بخرێتە بواری ئەم بنەمایەوە، بەڵام نموونەی دیکەی قسەکردنمان هەیە، کە گوێگر لە وەڵامی پرسیارەکەدا پەنا وەبەر وەڵامێکی تەنزئامیز و بەتەوسەوە دوان دەبات، وەکو:

#نەخۆشەکەتان چۆنە؟
ئەمڕۆش وەکو ڕۆژەکانی تر، زۆر باشە.

لەم جۆرە دەربڕینانەدا هەمیشە بەزمانی جەستە یاخود جۆرە ئاوازێک دەردەبڕێن. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٢١). لەبیری نەکەین زمان هەڵگری ژمارەیەک ئاماژەی (کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەلتور)یە، لەڕاپەڕاندنی هەر گوتارێکدا ئەمانە لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو

بەکاردەهێنرێت، زمان ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە، بریتییە لەنیشاندانی کەسایەتی و دۆخی دەروونی ئاخیوەر. واتە قسەی زاری خەڵک گەلێک جاران دەبێتە سەرچاوەیەکی دروست و شیاو بۆ دەربڕینی ئەو پەیامەی لەگوتاری دەقدا جێبەجێ دەکرێت. لەهەموو زمانێکدا بەئامانجی کۆمەڵایەتی، دەروونی، زمانەوانی لادان، یان دەرچوون لەدەق، لەشێوازی ئاخاوتن، بۆ بەدیهێنانی مەبەست و خواستی گوتنی سەرەکی دەقەکە لادان ڕوودەدات.
لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە مەرج نییە لەکاتی گفتوگۆی نێوان قسەکەر و وەرگر لەهەموو کات و شوێن و دۆخێکدا بەپێی بنەمای پێناسەکراوەکان پرۆسەی گفتوگۆکان بەڕێوەبچن و لادان ڕوونەدات، چونکە ئەمە پەیوەستە بەئەنجامی دەوروبەری (کۆمەڵایەتی ئەوانەی قسەدەکەن و گوێ دەگرن و سەر بە چ چین و توێژ و ڕەگەز و تەمەن و ڕۆشنبیریی و کەلتور و ئایینێکن، لەڕووی دەروونییە کەسێکی ئاساییین، یان گرفتی دەروونیان هەیە، ئەو شوێن و کاتەی قسەی تێدا دەکەن گونجاوە، ئارامە، یان نەگونجاوی پڕ لەئاژاوە و گرفتە. باری ئابووری قسەکەر چییە؟ قسەکەرەکان لەچ ئاست و ئیلتیزامێکی ئایدیۆلۆجی دان.. تاد).

# دیرۆکزان: محەمەد لەمە نابڕێن، دوایان بڕێ. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٩٠).

قسەکەر، ئەوەی گوتاری هەیە دیرۆکزانە، لەڕوانگەیەکی لۆجیکی، لەڕێگەی پشت بەستن بە بەڵگە مێژووییەکان و

بەراورد و پێوانەکردن و لێکدانەوەی وردتر لەخەڵکە ئاساییەکە، بەکورتی، بەتێڕوانینێکی تۆکمە، بێ ئەوەی زیادەشتێک بخاتە سەر دەربڕینەکەی، یان ئەو وەسفەی لەبارەی گێڕانەوەی ڕووداوەکە دەری دەبڕێت، پلارێکی توندی نەشیاوی پێوە بنێت، هەولی داوە قسەکان لەچوارچێوەی لۆجیک و ڕەچاوکردنی نەریتی کۆمەڵایەتی بەرێوەبچن، دەڵێت: موحەمەد لە ئێمە نابڕێن، ئەمە دوو مەبەست، ڕەنگە پتریش نیشان بدات، (موحەمەدی پێغەمبەری ئیسلام)ە و (موحەمەدێکی) دیکەی کورد هەیە، کە خیانەتی لە برا ئێزدیەکەی دەکات و دەبێتە چاوساخی دوژمنەکان. لەکردەوەدا لەم دەربڕینەدا دەقنووس بەمەبەستی ئامازە بۆ (کوردە خاینەکە) بەکاریهێناوە. ئەمەشی بەستۆتەوە بە وشەی (دوایان بڕێت). لێرەدا بەکۆ قسە دەکات، واتە لەیەک موحەمەد پتر خیانەتیان کردووە، ئەوانەی ناویشیان موحەمەد نییە، لەسەر هەمان شێوە پێوانە کراون.

لەم کردەی هاریکارییەدا، بەشێوەیەکی تۆکمە سێ مەبەستی سەرەکی بێ هیچ زیادەیەک، یان کاردانەوەیەک، کە ببێتە مایەی سوکایەتی و قسەیەک سوکایەتی و کەمکردنەوەی پلەی کۆمەڵایەتی تێدا بێت ئامازەی بە (خیانەت، هەبوونی پتر لە موحەمەدێک، نزایەک کە زۆر کوردانەیە دوایان بڕێت) دەکات. واتە خۆیان هیچ کردەوە و دژە کردەوەیەک بۆ تۆڵە کردنەوە لە موحەمەدەکان ئەنجام نادەن، تەنیا ئەوە نەبێت دوعای (دوا بڕانیان) لێ دەکەن. جۆرێک لەقسەکردن هەیە پێی دەڵێن خشکەیی، واتا بەڕاستەوخۆیی مەبەستی نێو قسەکە دەرنابڕێت، بەڵکو پەناو وەبەر کەرەستەی دیکە دەبات، بۆ باسکردنی

بابەتێکی سەرەکی تر. (لیڤنۆس) لەبارەی ئەم باسە ئاماژەی کردووە، کە ڕاستی سروشتی گشتی کەسێتی بەخشکەیی دەربڕین، لە ئاستی فەرهەنگیدا گومان لێکراوە، سەرەڕای ئەوەش هەندێک نموونەی هێناوەتەوە، کاریگەری لەسەر بەهەمهێنانی ئاخاوتنی بەخشکەیی دەربڕین دەبێت لەسەر ئاستی فەرهەنگی، وەکو:

# باوکی ئەو کچە لەکوێیە؟
ماڵی ئەو کچە لەسوچی کۆڵانەکەدایە.
لەم نموونەیدا مەبەست لەوەیە، کە کچەکە خانووەکەی لەسەر سوچی کۆڵانەکەیە، یان شەقامەکەیە. ئەگەر لەڕووی بنەماکانی (گرایس)ەوە بۆ ئاخاوتن مەسەلەکە ڕوون بکرێتەوە، ئەوە دەگوترێت لەوەڵامەکەدا بنەمای پەیوەندیی بەدی دەکرێت، چونکە وەڵامێکی ناڕاستەوخۆیە، کە گوێگر ماڵی کچەکە نیشانی قسەکەر دەدات و پێی دەڵێت ئەمە ماڵی کچەکەیە، کەوتۆتە قوژبنەکەی ئەودیو، کەواتە باوکیشی لەوێیە. بەم جۆرە واتا شاراوەکە لەبنەمای چەندێتی ئەوەیە، کە ماڵەکەی لەسوچەکەیە و لەوێ نشیتەجێیە. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٢٢).

دەقنووس (دەربڕینێکی پڕ واتا) وەسفێکی قووڵ، وێناکردنێک، کە نیشانی دەدات مرۆڤێک، کە دەسەڵات و هێزی لەدوژمنەکەی کەمتر بێت پەنا وەبەر دوعا لێکردن و ڕادەستکردنی بەخوا دەبات. ئەمەش زانیارییە لەبارەی گێڕانەوە لەدۆخێکی دەروونی

و تێڕوانینێکی فکری و مێژوویی کەسێک و گروپێک. گوتاری ئەم دەربڕینە (گێڕانەوە، پاڕانەوە و بەکارهێنانی وشەیە لەجیاتی تۆڵە، تێڕوانینێکی قووڵی متمانەدار بە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراوە لەئاماژەکردن بەکەسانی تاوانبار، یان سەرچاوەی نەهامەتییەکان). واتە (کەریم کاکە) ویستویەتی لەڕێگەی گفتوگۆی نێوان قسەکەر و گوێگر لەنێو دەقەکەیدا، بەخشکەیی واتایەکی دوورتر لەواتا بەرجەستەکراوەکەی نێو هەقیقەتی ڕووداوەکان لەم گوتارەدا پێ ئاشنا بکات، ئەویش لەڕێگەی ئاماژەکردن بە (موحەمەد). ئەو هەر بەتەنیا ناڵێت (موحەمەد) خراپن، بەڵکو (دوابڕانیان) بۆ دەنێرێت و دەیکاتە پێوانەیەکی خشکەیش بۆ واتا و دەرخستنی مەبەستێکی دیکە.

# لەم دنیایە، تا ڕۆم و عەجەم وعارەب، تا کوردی کرێگرتە، تا ئیسلام مابێ، فەرمان بنی نایە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٨١).

لەم وەسفەدا فراوانتر لەبارەی سەرچاوەی کێشەکان دەدوێت، کردەی هاریکای شێوەی بەکارهێناوە، چونکە تەنیا بەیەک وشە ئاماژە بە مەبەستە بنەڕەتییەکە دەکات. (لەم دنیاییە) گشتیگر و فراوانە، واتای شتێکی زۆر، بابەت و شوێن و کات و کەس و لایەن و هێز و بەسەرهات و هیواخواستن و شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و کاردانەوە و بنەمای کۆمەڵایەتی و ئایینی چی و چی دەگرێتەوە، بەڵام لەدیاریکردنی سەرچاوەی کێشەکە بەڕوونی و پتەویی، بێ بەکارهێنانی هیچ وشەیەک لەپێش، یان لەپاش ئاماژە تەنیا بە وشەی (ڕۆم و عەجەم و عارەب و کوردی

کرێگرتە، ئیسلام مابێ)ی کردووە، ئەمانە بەهۆکار و سەرچاوەی فەرمانەکان دژی ئێزیدی دادەنێت.
گوتارێکە ڕوون، ئاشکرا و تۆکمە، واتە تاکو ئیسلام مابێ، کە دەمێنێت، دەبێت هەمیشە چاوەڕوانی فەرمان و قڕکردنی دیکە دژی ئێزدیان و ئێزیدخان بکرێت. ئەمەشی بەستاوەتەوە بە (ڕۆم و عەجەم و عەرەب و کوردی کرێگرتە).
بەڵێ بنەمای هاریکاری شێوە پەیڕەو لە (ڕوون بدوێن) دەکات، بۆئەوەی ( خۆ بپارێزن لەدەربڕینی تەم و مژواوی و لێڵ، خۆ بپارێزن لەلێڵی، پوخت بدوێت و خۆ لەزیادە گوتنی ناپێویست بپارێزێت و گوتنەکە تۆکمە بێت و ڕێزبەندی گوتنەکان ڕەچاو بکرێت. (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ٧٠). بەڵێ دەقنووس بەپێی کاریگەریی و هێز و ڕیزبەندی ئەوانەی فەرمانیان دژی ئێزدیەکان داوە، یان بەشدار بوون لە (ڕۆم و عەجەم و عارەب) دەست پێ دەکات و بە(کوردی بەکرێگیراو) دەوەستێت. قسەکانی تۆکمە و ئاشکرا و ڕاشکاوانەیە. لەمەش قوڵتر و بێ تەم و مژ دەڵێت مەسەلەکە پەیوەندی بەبوونی (ئیسلام)ەوە هەیە. واتە سەرچاوەی سەرەکی ئەم فەرمانانە (ئیسلام)ە و بەویشەوە پەیوەستە و درێژەی دەبێت.

# ژن، ژن، ژنانی ئێزیدی هەمان ئەو ژنانە بەهەشتن.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٦٥).

ئێمە گوتمان بنەمای هاریکاریکردن سەرەتایەکە بۆ تێگەیشتن لەو قسانەی لەنێوان (نێرەر و وەرگر) ڕوودەدن. پرۆسەی

تێگەیشتن یەکێکە لەو کردە گرنگانەی گوتاری دەق لەپێناوی بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن بەڕێوەدەچێت. ئەگەر تێگەیشتن لەنێوان قسەکەر و گوێگر ڕوونەدات، پەیوەندییەکە، دەبێتە پەیوەندییەکی (سارد، بێ ئاکام و بێ بەرهەم).
(یۆڵ) لەبارەی شیکردنەوەی نموونەیەکی لەم جۆرە، دەڵێت:

# هەمبەرگەر هەمبەرگەرە.

ئەگەر ئەم نموونە و وشەکانی وەکو (بازرگانی بازرگانییە، مندڵ منداڵە) لەڕواڵەتدا بێ واتان، بەقسە جووینەوە، یان هەمانبێژی ناودەبرێن، بەڵام ئەگەر ئەو جۆرە دەربڕینانە لەگفوگۆدا بەکاردێن، بێ شک قسەکەر مەبەستێتی زیاتر لەوەی دەگوترێ بگەیەنێت. (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ٦٧). کاتێک (کەریم کاکە) دەلێت (ژن، ژن) مەبەستی دووبارەکردنەوەی دەربڕینەکە نییە، بەقەد ئەوەی دەیەوێت مەبەستێکی دوورتر لەوشەی (بێ واتا و دووبارەکراوەی ژن) بڵێت، ئەو لەگفتوگۆ دایە، دەیەوێت بڵێت (ئاگاداربن، بەهەڵە نەچن، ژنی ئێزیدی ژنی پیرۆزن، چۆن دەبێت کۆیلەبکرێن و لەبازاڕەکانی موسل بفرۆشرێنەوە..). نەک هەر ئەوەش (دەستبردن بۆ ئافرەتی پیرۆزی بەهەشت) دەستبردنە بۆ (دەستکردەنکانی خودا، شکاندنی سنووری پیرۆزییە..).
بەپێی شیکردنەوەی پراگماتیکی نووسەر باسی (ژن) ناکات، بەڵکو باسی (پیرۆزییەکان و گەورەیی و شکۆی) ژن دەکات، باسی (ژن) ناگێڕێتەوە، بەڵکو (دەستدرێژی و بەکۆیلەکردنی ژن قاو

دەدات و ڕیسوای دەکات). (پێگەی ژنی ئێزیدی بەرەو پێگەی ژنە پیرۆزەکان بەرز دەکاتەوە). (ئەوە ڕەت دەکاتەوە ژنی ئێزیدی ژنی شەیتان پەرست بن، ژنی خواپەرستی پیرۆز و گەورە و بەڕێزن).

(کەریم کاکە) وشەی (ژن) دووبارە ناکەتەوە، بەڵکو دووجار بروسکەی ئاگاداری بۆ گوێگر و خوێنەرەکانی دەنێرێت، کە وریابن، ژنی ئێزیدی ژنی متمانەداری ئیمانداری و خواپەرستن، سوکایەتیان پێ دەکرێت. لەم وەسفەدا بای (پێگە و گەورەیی و میهرەبانی ژن) ناکات، بەلکو ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە دڕندەیی و مەترسیی و بەسوکایەتی و دەستدرێژی سێکسی و کەرامەت شکاندنی ژن دەکات.

(کەریم کاکە) لەم دووبارە کردەنەوەدا دەیەوێت بزانێت بۆچوون و بیرکردنەوەی گوێگرەکانی لەبارەی (ژنی ئێزیدی) چییە، دەیەوێت بە ئا و نا، بەپاڵپشتی، یان ڕەتکردنەوە شتێک لەم بارەیەوە ببیستێت. نووسەر گوتارێکی لەبارەی (ژنی ئێزیدی) لەسەرتاپای ڕۆمانەکەی بەرهەمهێناوە، دەیەوێت بزانێت خوێنەر و وەرگرەکانی گوتاری دەقەکەی چۆن و بەچ شێوازێک بەرهەم دەهێننەوە. ئەمە یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی گوتار، چونکە گوتار پەیوەندی بە (بەکارهێنان و قسەکردن و کارتێکردن و پەیوەندیکردنەوە) هەیە
.

# وادیارە، دنیا من دەبینێ! (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٦).

لەگوتاردا، یان لەچۆنیەتی ئاراستەکردنی قسەکان، گرنگە بزانرێت لەپێناو چی قسە دەکرێت، مەبەست لەپەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر چییە. (زمان کەرەستەی قسەکردنە). (هدسون، ١٩٩٠، ٢٤). (کەریم کاکە) زمانی بەشێوەیەکی ورد بۆ گەیاندنی مەبەست و ئەرک و ڕاپەراندنی کارەکان لەنێو دەقدا بەکارهێناوە. هەندێک جار نووسەری واهەیە لەبەر تێنەگەیشتن لەئەرکی زمان لەنێو دەقدا، تووشی شلەژان و ڕێگە ونبوون دەبێت.

کاتێک دەڵێت ( وادیارە، دنیا من دەبینێ)، مەبەستی خودی کەسی قسەکەر نییە، بەڵکو مەبەستی (هەموو ئێزدیەکانە). ئەمە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بۆ هاریکاربوونی خوێنەر تاکو لەپەیامی ئاخاوتنەکەی بگات. (وادیارە) گەیاندنی پەیامی (هەواڵی ئەرێنییە، دەرچوونە لەبازنەیەکی خنکێنراوی دابڕاو لەجیهان)، (دنیا من دەبینێ)، واتا کردەی (ڕاگەیاندن و ئاگاداربوونەوەی لەنێوان ئەوان و دونیا هەیە)، (پەیوەندییەکی سادە لەنێوان دونیای ئابلوقەدراوی قسەکەر لەگەڵ دونیای دەرەوە نیشان دەدات، هەرچەندە پەیوەندییەکە دەروونییە، ناخە، هەستونەستی قسەکەرێکە، کە بەستەلەکی بێدەنگی دەوری داوە). هاریکاری خودی قسەکەریش دەکات، کە لەتەنگەژەی دەروونی دەرچێت، پێمان دەڵێت (دۆخەکە بەرەو گۆڕانە، گۆڕانێکی باش). گرنگی دەقنووس لەوەدایە بنەماکانی هاریکاری بۆ گەیاندنی زانیاری و تێگەیاندنی خوێنەر بەشێوەیەک ئەنجام داوە، بێزارکەر نییە، ئاڵۆز و قورەپەستکراو

نییە، بەڵکو بەزمانێکی چڕ و واتایەکی ئاشکرای دروستکردووە، بەشێوەیەکی هونەری جوان مەبەستەکانی گەیاندووە.

# تۆ بلێی، لێرەش ژیانیان قڕکردبێ! (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١١).
# (دەموچاوی شوشت، لێوی کولایەوە: تۆ، بەکانی سپی نەبێ، خاوێن نابیەوە). (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٩).

ئەمە سەرەتای پەیوەندیکردنە بە وەرگر، کە قسەکەر لەدۆخێکی دەروونی و دڵەڕاوکێ و ترسێکی قورسدا کاتەکانی بەڕێ دەکات. باسی (کات واتە ژیان) دەکات. ئەگەر ژیان قڕکرابێت، واتە کاتیش کۆتایی دێت. ئەو کەسە بەشێوەیەک لەشێوەکان لەدەرەوەی کات سەیری ڕووداوەکان دەکات، دەپرسێت، پرسکردن کردەیەکە، پێویستی بە وەرگر هەیە، چونکە (فەرمان و پرس و وروژاندن) دەبێت وەرگر کاری وەڵامدانەوەکەی یەنجام بدات، یان داوا و فەرمان و کارتێکردنەکە هەڵسوڕێنێت. لەم دەربڕینەدا (قسەکەر خۆی وەرگری خۆیەتی) ئەو لەگەڵ ناخی خۆی گفتوگۆ دەکات و قسە دەکات.
لەدەقی ئەدەبیدا گەلێک جار ئەم جۆرە گفتوگۆ و وێنە و وێناکردنانە دروست دەبن، کەسێک خۆی خۆی دەدوێنێت، خۆی خۆی هەڵدەگرێت، خۆی خۆی تورە دەکات و پرسیار لەخۆی دەکات و هەر خۆشی وەڵامی خۆی دەداتەوە. لەم دەربڕینەدا لەقووڵایی هەستێکی تەژی لە (گومان و ترس، تەنیایی و بێدەنگیدا) قسە لەگەڵ ناخی خۆیدا دەکات.

لەم گوتنەدا (دەموچاوی شوشت، لێوی کولایەوە: تۆ، بەکانی سپی نەبێ، خاوێن نابیەوە )، جۆرێک لە(لێڵی) واتایی هەیە، یان مەبەستەکەی ناڕاستەوخۆیە. (ئایا تاوانی کردووە، تا پاک بکرێتەوە)، (یان برینەکەی پیس بووە)، (یان گومانێکی دەروونی هەیە)؟.

دەقنووس لەڕێگەی بنەمای شێوەدا، زۆر بەکورتی، بێ گێڕانەوەی زیادەی بەسەرهاتی لێوی برینداری (کەژێ)، بروسکە ئاماژەیەک بەبوونی (کارێکی نەشیاو، گومانێکی دەروونی، بابەتێکی ناسروشتی) دەکات، کاتێک دەڵێت: (بەکانی سپی نەبێت، خاوێن نابیەوە). (بێگومان) ئەگەر بیگوتبایە (پاک) نابییەوە، ڕەنگ بوو گریمانەی (پاکبوونەوەی) ڕۆحیمان بکربایە، یان (تاوانێک، یان کارێک، کە لادان لەکەلتور و ئەخلاق و ئایینی) تێدا بێت، بەڵام دەکرێت بڵێن (خاوێن) ڕەنگە مەبەستی (پیسبوونی برین، یان قورسی برین و دەرمانکردن) بێت. یان دوور نییە دەقنووس بێ وردبوونەوە لە ئەرکی جیاوازی (پاکبوونەوە وخاوێنبوونەوە) کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکی تایبەت و وشەی دووەمی بەکارهێنابێت.

لەڕاستیدا ئەم برینە پەیوەندی بەدەستدرێژی ئالاڕەشێکی کوژراوەوە هەیە، کە (کەژێ) بەچەقۆی دەستی دەیکوژێت و خۆی لێ دەرباز دەکات و دەگاتە چیای شەنگال، بەڵام برینی سەرلێوی، کە پێ دەچێت (مۆری ددانە پیسەکانی ئالاڕەشێک) بێت، ئازاری دەروونی دەدات و خاوێن نابێتەوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێن لادانێک لەڕووی واتایی لەبنەمای هاریکاری شێوەدا ڕوویداوە، گریمانەی دوو واتای جیاواز لەنێوان

(پاک) و(خاوێن) بوونەوە دەکرێت، یەکێکیان (رۆحییە) و ئەوی دیکەشیان (برینی جەستەیە و فیزیکیە).
(پاکبوونەوە) پەیوەندی بەبیرکردنەوە و تێڕوانین و ئیمان و سزا و لێپێچینەوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەیە.
(خاوێن) بوونەوە پەیوەندی بەکردەیەکی بەرچاوی بینراوی (ڕووداوێک، جەستە، ئازارێکی دەرەکی، شێواندن.. تاد) هەیە. ئەم دوو دەستەواژەیە، دەربڕی دوو دونیای جیاواز و لێکدانەوە و بەرپرسیاریەتی و ئەرک و زانیاریی و وەسف و ئەنجام و تێگەیشتنی جیاوازن.

# حەیف زوو بە قسەی تۆمان نەکرد (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٠).
# لەوەڵام وخوێندنەوەی سەر تاشە بەردان کە دەڵێت تیشک پیت پیت، وشە وشە، رستە ڕستە سپی سپی رژایە سەر لاپەرەی بەرد، بەردی مەیلە و زەرد، بەئاستەم دەخوێندرایەوە:

وەڵات هەموو ئێزیدینە، هەموو لەسەر دینی خودێنە ئایینی بێگەری خودایی، بێ پەیامبەر، خودێ و بەس، ئایینی سرووشت، ئایینی ئاواز و رەنگ و تیشک و کەسکایی ومیهرەبانی وبوێری و ... (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٦-٣٧).

لەم دەربڕینەدا، وەکو زۆر شوێنی دیکەی نێو دەقەکە بنەمای شێوەی هاریکاری، کە بەشێکە لەلێکەوتەی ئاخاوتن، یان یەکێکە لەبنەماکانی ئەو بوارە بەڕوونی قسە و مەبەست و ویستەکانی دەربڕیوە، هیچ لێڵی و ناڕوونییەک لەدەربڕین و واتا

و مەبەست تێدا نییە. لەهەمان کاتدا خۆی لەئاخاوتن و گوتنی زیادە دەربڕین پاراستووە، بەم جۆرە بەشێوەیەکی تۆکمە و متمانەدار و ڕیزبەندییەوە شتەکانی گوتووە. ئاخێوەر بەزنجیرە باسەکان دەگێڕێتەوە، بۆ نموونە دەڵێت:

ئێزیدی ئایینی (هەموو ئێزیدینە، دینی خودا، بێگەرد، بێ پەیامبەر، سروشت، ئاواز و ڕەنگ و تیشک و کەسکایی و میهرەبانی و بوێر). بەو واتایەی هەموو ئێزیدیەک دەبێت (بوێر بێت)، ئیمانی بە (خوا) بێت، ئەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەخواوە هەیە و لەڕێگەی پەیامبەرەوە دینەکەیان بۆ نەهاتووە، بڕوایان بەسروشت بوون و سەوزایی و بێگەردی هەیە، ئاواز و تیشک و ڕەنگ وەکو بنەمای گەیاندنی پەیامەکەیان بەکاردەهێنن.

لەبارەی هەریەکێک لەم دەستەواژانە دەکرێت باس و بەشێکی جودا بنووسرێت، بەڵام دەقنووس بەکورتی و پوختی و تۆکمە شتەکانی گوتووە.

گەلێک جار لەقسەکردن و ئاخاوتن لەنێوان کەسەکان لادان لەئاخاوتن، یان کردەی پەیوەندیکردن و تێگەیاندن لەنێو قسەکەر و گوێگر ڕوو دەدات. ئەم لادانە زمانییە، کارێکی ئاساییە، لەنێو دەقی ئەدەبیدا، لەنێو چیرۆک و ڕۆمانیشدا پترە وەکو گەمەی زمان و گەڕان بەدوای واتای نادیار و شاراوە بەکاردەهێنرێت.

لەبەشێکی ئەم دەقەی (کەریم کاکە)دا شارەزایانە ئەم لادانە پەیڕەو کراوە، لەبنەمای شێوەدا، کە پشت بەڕوونی و دۆخی خۆ

دوورگرتن لەواتا و فرە واتایی دەبەستێت و تۆکمەیە، زمانێکە ڕاستەوخۆ، ئاشکرا و بەبەڵگە قسان دەکات، گوتارێکە پشت بەبەڵگە و قسەی تۆکمەی مێژوویی دەبەستێت، بەڵام بۆ دەربڕین و نیشاندانی شێوەی کۆمەڵایەتی و دۆخی دەروونی قسەکردنی کچێک لەگەڵ کوڕێکی نەناسیاو پەنای وەبەر ئەم شێوە دەربڕینە لەبنەمای هاریکاری بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی پەیوەندیی نێوان دوو کەس بردووە، لەم دەقەدا گوتیەتی:

سالحۆ: ئەی نالێن لە ئایینی ئێزیدی زەبروزەنگ نینە؟

کەژێ بزەیەکی هێند شیرنی بۆ کرد، خۆی دیتبای، لێوی خۆی ماچ دەکرد، بە شەرمەوە:

بۆ خۆشتڤیان، هندەک گاڤا، سزا پێتیڤیە.

سالحۆ دیسان دەستی کردەوە و گوتی:

سەد داریدیم لێدە.

کەژێ دەستی چەپی بە زاریەوە گرت و دەستی راستی بۆ لقی دارەکە راکیشا:

دەتەوێ لە زەوی بکەمەوە و منیش گوناهەکەی تۆ بکەمەوە؟. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٤٨- ٤٩).

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەکارهێنانیشی پەیوەستە بەدۆخی کۆمەڵایەتی و ئەو دەوروبەرەی قسەکردنەکەی تێدا ڕادەپڕێنرێت. دۆخی ئەم گفتوگۆیە پەیوەندی بەڕووداوێک هەیە، کە دیار نییە. لەکردەوەدا بابەتی (دار هەڵکێشان) لەئایینی ئێزیدی قەدەغەیە و سزای بەدواوەیە.

لەکردەوەدا ئەم ڕووداوە لەپێناو بابەتێکی دیکەی سەرەکی هێنراوەتە نێو باسەکە، ئەویش پەیوەندی خۆشەویستی نێوان (کەژێی کچە ئێزیدی و سالحۆی کوڕە موسلمانە). (واتە هەڵکێشان) شێوەیەکی ئاشکرای گفتوگۆیەکە بۆ ئەنجامدانی کردەی هاریکاری، مەبەست لێی هەڵێنجان و بەدەستهێنانی ئەنجامی کارلێکردنی ئاخاوتنەکەیە. ئەم قسەیە هاریکاری وەرگر دەکات:

یەکەم: سالحۆ، کە گوێگری نێو دەقەکەیە:

آ- لەئاییینی ئێزیدی داربڕینەوەی تەڕ قەدەغەیە.
ب- سزادانی بەدواوەیە، لەپێناو قەدەغەکردنی ئەم دیاردە خراپە، سزاکەش قورس نییە، بەئاگا هێنانەوەیە، هوشدارییە، وریاکردنەوە و تێگەیاندنە.

دووەم: گوێگر و وەرگری گوتاری دەقەکە خوێنەرە:

آ- کردە و قسە و دەربڕینەکان دەروونین، دەرخەری هەست و نەستی دوو کەسی ئاشقە.
ب- ئەم سزایە گوزارشتە بۆ پیشاندانی کەلتووری قسەکردنی نێوان دوو ئاشق و دۆزینەوەی بنەمای هاریکاری بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئاڵۆگۆڕی زانیاری.

ج- کچێکی ئێزیدی، کوڕێکی موسڵمانی خۆش دەوێت، لەکاتێکدا کارەساتی ئێزدیەکان، ئیسلامییە توندڕەوەکان قەوماندوویانە. ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕێگە پێ نەدراوە.
د- کاردانەوەی دەروونی کچێک (لە بەشەرمەوە قسەکردن، گەیاندنی پەیامێکی ناخەکی دەروونی، مەکری کچانە، گفتوگۆی نێوان دوو کەسی ئاشق).
شیکردنەوەی پراگماتیکی ئەو شتانە دیار دەکات، کە گوتراون، بەڵام چۆن و بە چ مەبەستێک گوتراون، کە ( لەپەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا لەگەڵ کەسانی تر بەکاردێت، کەچی دەگوترێت؟ چۆن دەگوترێت؟ توانا و چالاکی زانینی دەربڕین و ئاماژە، پێویستییەکی زیندووە بۆ پراگماتیک بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت بۆچوونە کەسییەکان و هەستەکان بزوێنەرەکان بگەیەنرێت)، (هاوسەر، نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ١١).

# وەرنە کۆیلان، وەرنە کەنیزان، وەرنە ژنی جوانی ئێزیدیان، حەڵاڵ حەلال، وەکو شیری دایک حەڵاڵ، بەپێی فەرموودە و ئایەتان. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٢١).

کردە قسە ئەرکی ڕاپەڕاندنی کارێکە لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەوە، یان دەنگ و هێما و نیشانەیەک، لەم گوتارەی لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) هەیە، زمان هەر بەتەنیا ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانی نییە، بەڵکو بەدیهێنەری وێنەیەکە، کە

مرۆڤ (هەڵوێست و درککردن و لێکدانەوەکانی) تووشی هەژان، هەژانێکی سەخت و دژواری پڕ لەئازار دەبێت.
لەکۆندا ئەو کاتەی (تەماتە و ترێ بەگەنم) دەفرۆشرا، واتە شت بەشت دەگۆڕدراوە، پارە نەبوو، پارە هێندە کەم بوو، نەدەگەیشتە دەست خەڵکی ئاوایی و گوندەکان، بۆیە کەسانێک بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی ژیان (ترێ و هەنار و تەماتە و شتی دیکەیان بە (گەنم) دەگۆڕییەوە، نەیان دەگۆت (دەفرۆشت) دیارە فرۆشتن بەرانبەر پارە بەکار دەهێنرا، گۆڕینەوە واتای ئاڵوگۆڕی شت بەشت بوو. (کەریم کاکە) وێنەیەکی کۆنی فرۆشتن و کڕینی کەلوپەلیان بەکەرەستەی کۆنی ئاڵگۆڕکردن لەنێو ئەم دەقە، بەزمانێکی جیاواز بۆ شتێک بەکارهێناوە، کە ڕوودان و بەکارهێنانی دەرچوونە لەهەموو نەریت و بارێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و یاسایی و دەروونی، بەڵام لەکردەوەدا و لەهەقیقەتدا ئەم کارە ڕوویداوە، دەڵێت: (وەرنە کۆیلان، وەرنە کەنیزان، وەرنە ژنی جوانی ئێزیدیان، حەڵاڵ حەلال، وەکو شیری دایک حەڵاڵ، بەپێی فەرموودە و ئایەتان). ماناکەی ئەوەیە، کە (کچ و ژنی ئێزیدی بەکۆیلەتی) لەبازاڕی ئیسلامی، وەکو سەردەمەکانی کۆیلایەتی دەفرۆشرێن، وکو کەلوپەلێکی هەرزان دەفرۆشرێن. ئیسلامییە (خاوەن ئایەت و فەرموودەکان) دەیانکڕن و دەیانفرۆشەوە. (حەلال.. حەلال) جەختکردنەوەیە ڕاپەراندنی تاوانێک، بەڵام بەپێوەری بەکارهێنەرانی (حەلالە). گرنگ لەم دەقەدا نووسەر هاریکاریمان دەکات چەند شتێکی بنەڕەتی بەبیر خۆمان بهێنینەوە:

یەکەم: لەسەردەمی کۆندا هەمان دەنگ و بنەما بۆ گۆڕینەوەی کەلوپەل وەکو دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتور بەکاردەهێنرا.
دووەم: گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆیلایەتی و کەنیزەک.
سێیەم: ئەوەی ئەم کارە دەکات، ئیسلامین و بەگەڕانەوە بۆ ئایەت و فەرموودەکانی ئیسلام ئەم کارە دەکەن.
چوارەم: حەلالکراوە. کە چەند جارێک وشەی حەلال بەکار دەهێنێت، واتە (مولکی هەر کەسێکە، کە دەیانکڕێت و چیان لێ دەکەن و چۆن بەکاریان دەهێنن و سێکسیان لەگەڵ دەکەن و دواتر دەیان فرۆشنەوە، یان دەیانکەنە خزمەتکارێکی بێ بەها).
پێنجەم: گوتاری بنەڕەتی ئەم دەقە ڕیسواکردنی ئەم تاوانە قێزەوەنەیە، کە لەسایەی دەسەڵاتی هێزێک بەناوی ئیسلام و بەپشت بەستن بەدەقی ئایینی ئیسلامی ئەنجامی دەدەن.
قسەکەر هاریکاریمان دەکات، لەوە بگەین، ڕێک لەوە بگەین، کە ئەوەی ڕوودەدات تاوانە، سەردەمی تاریکی و بێدەنگی جیهانە لەم تاوانە.

# هیچوپووچ، ناکەسی لە ناکەسان، بۆچی وا لەئێمە داخ لەدڵە، ڕەنگە وا تێگەیشتبێ، بەفەرمانی ئێزیدی هەڵەبجە کیمیا بارانکراوە پێنج هەزاریان تیاچووە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٨).

لەگێرانەوەیەکی دیکەدا، کە بریتییە لەبیروڕای کەسێک دەربارەی کەسێکی دیکە، کوردێکی ئێزیدی دەربارەی مەلاییێکی کوردی موسلمان قسە دەکات، بەڕقەوە و بەتوندی بەجۆرێک

وەسفی دەکات، کە وەڵامدانەوەیەکی داخ لەدڵانەیە، لەڕوانەگەی وەڵامێکی کەسی نەک ئایینی پێی دەڵێت (هیچوپووچ، ناکەسی لەناکەسان)، واتە پلارەکەی بۆ ڕەسەن و ئەسل و باپیرانیی دەنێرێت، کە کەسێکی بێ بایەخی، نەزانی، خراپە. لەمەش دوورتر دەڕوات لەچوارچێوەی قسەکەیدا چەند شتێکی دیکەی گرنگ ئاشکرا دەکات، لەڕێگەی بەکارهێنانی هەندێک شتی وەکو:

یەکەم: هەڵەبجە، واتە ئەو کەسەی لێرەدا گوتارەکەی ئاراستەکراوە و دەبێت گوێگر بێت، مەلایەکی خەڵکی هەڵەبجەیە.
دووەم: گریمانەی ئەوە دەکرێت قسەی خراپی دژی ئێزدیەکان کردبێت. ڕەنگە وا تێگەیشتبێت بەفەرمانی ئێزدیان هەڵەبجە کیمیاباران کراوە، یان ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوەی بەبیری بهێننەوە کێ شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد.
سێیەم: وەکو سوکایەتی و گلەیی و ڕەخنەلێگرتن و بەبیرهێنانەوە و بیرکردنەوە و ئاماژەیەکی مێژوویی، دەڵێت: (پێنج هەزاریان تێچووە).
چوارەم: وا وێناکراوە، ئەو کەسەی باسی دەکرێت، کەسێکی داخ لەدڵە دژی ئێزیدیان.
پێنجەم: ئەم گوتارەی قسەکەر ئێزدیەکە جدیەتی لەڕەخنەگرتن تێدایە، قسە و ڕەخنەکەی پشت بەبنەمایەکی خۆماڵی و خۆکردی مێژوویی دەبەستێت، بەڵام قسەی مەلا کوردەکە، وا لێکدراوەتەوە بۆ (قین لەدڵی دژی ئێزیدیان) و بە (فەرمانی بێگانە) بووبێت،

یان بەلای کەمەوە (ئیزیدی) سەرچاوەی نەهامەتییەکانی کورد نین، ئەوانەن کە ئێستا ئێزدیەکان قڕ دەکەن.
شەشەم: بنەمای هاریکاری شێوە، زۆر بەکورتی و پوختی ئەوەی پێویستە، بەخوێنەری دەگەیەنێت، نەک شتی زیادە، هەروەها کردەیەکی پتەوی بەدوای یەکدا هاتووە. یەکەمجار قسەکەر (قسەی ناخی خۆی، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ مەلا کردووە، دواتر پێی دەڵێت کاردانەوەکەت (قین لەدڵییە دژی ئێزیدیان) و ئینجا (بیرهێنانەوەی مێژووە)، لەوەی لێی دەپرسێت کێ هەڵەبجەی قڕکرد. دەکرێت ئەمە بنەمای هاریکاری چەندی و پەیوەندی و ئینجا شێوەیش بێت.

# من لەوڕۆوە تەنها ئێزیدیم، نە کوردم و نەهیچ.
دیرۆک شتەکە، مەلا تشتکەدی، تۆش.....( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٤٩).

بەپێی لێکدانەوەی گریمانە، دەتوانین بڵێین (تا ئەم چرکەیەی قسەی تێدا دەکات کورد بوونی خۆی سەلماندووە). (هیچ نابێت)، تەنیا (ئێزیدی) نەبێت، هەروەها (چی دیکە کورد نابێت).
دۆخی قسەکردنەکە (سزادانی خودی قسەکەرەکەی لەلایەن خۆیەوە تێدایە)، (ڕەتکردنەوەیە)، (بڕیار و فەرمانە)، (هیچ نەبوون، یەکسانە بەڕەتکردنەوەی کوردبوونیی)، (هیچ یەکسانە

بەشتێک، هەر شتێک گوێگر و وەرگر بیری لێ بکەنەوە). هەموو شتەکان ڕەتکراوەن، تەنیا ئێزیدی بوون نەبێت.
دیرۆکزان لەڕێگەی هێنانەوەی (وشەی دیرۆک، و مەلا) دەیەوێت پەیوەندییەکی دیکە و ئاراستەیەکی دیکەی جیاواز لەقسە و گوتاری ڕەتکردنەوە بەرهەم بهێنێت، کە ئەویش لێکەوتەی لۆجیکی و گوتارێکی ستراتیجیە، ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی قسەیەکی ڕاشکاونە و ئاشکرای بێ دوودڵی و بێ شاردنەوە ڕادەگەیەنێت، لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (مەلا تشتەکەی دییە). بەڵام کاتێک دەڵێت (تۆش .....) دونیایەکی کراوەی پڕ (وێناکردن و لێکدانەوە و بەراورد و پێوانە و پێچواندن و گریمانە و شتی دیکەش) دروست دەکات.
کردەی هاریکاری (پەیوەندی و چۆنی و شێوە) لەم دەربڕینەدا بەرجەستەیە. چۆنیەتی هاریکردن و وەسفێکی ورد و بێ زیادە و لەجێیە، هەروەها (هاریکاری پەیوەندییە) بۆ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان قسەکەر و دیرۆکزان و وەرگرەکانی دروست بکات و زانیارییەکی دروستیان پێ بدات، کە (دیرۆک ئەوە نییە، قسەکەر حاشا لەکورد بوونی خۆی بکات)، هاریکاریەکەی دیکەش شێوەیە، بەو جۆرەی بەشێوەیەکی بەیەکەوە بەستران لەنێوان (دیرۆکزان و قسەکەر و وەرگر) هەیە، بەیەکەوە بەسترانی ڕووداوەکان و کاردانەوەکان و هەڵێنجان و تێگەیشتن).
ئامانجی هەر گوتارێک بەدیهێنانی کردەی پەیوەندییە لەنێوان قسەکەران و گوێرەکانیان، لەڕێگەی ڕاپەڕاندنی ژمارەیەک کردە قسەوە، ئەمەش دەرفەتی هاریکاری کردن بۆ شیکردنەوەی

پرگماتیکی لەبارەی بابەت و کێشەکان دروست دەکات. لەم دەقەدا لەنێو دەقە گشتیەکدا دەقنووس (پەیامێکی تۆکمەی گرنگ و پوخت و واتائامێزی کاریگەرمان) پێ دەدات، ئەویش (ڕەتکردنەوەی کەسێکی ئێزدیە، لەڕقی هەندێک کوردبوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە). لەهەمان کاتدا پەیامی (لۆجیکی و دیرۆکی و بیرکردنەوە لەکەشێکی هێمنانەتر لەقسەکەری یەکەم لەسەر زاری دیرۆکزان) پیشان دەدات.

# مەلا، مەلای کوێرەوار لە ئایین و زمانی ئێزیدیان، ئێزیدی باوەریان وایە: زمانی بەهەشت، زمانی ئێزیدیانە، زمانی کوردیە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥٠).

لەگفتوگۆیەکی دیکە ناوەوەیدا، بیرکردنەوەیەکی ژیرانەتری دوور لەکاردانەوە، لەڕێگەی بنەمای هاریکاری و بنەمای پێشگریمانەی قسەکەر دەربارەی بوونی (ئێزیدی و زمان و بیرکردنەوەیان) دەڵێت: مەلا لەئایینی ئێزیدیان نازانێت، زمانی بەهەشت زمانی ئێزدیە، زمانی ئێزیدیانیش کوردییە. ئەمە هاریکارمان دەبێت لەڕێگەی زمان ناسنامەی نەتەوەیی ئێزدیەکان بناسرێتەوە، لەڕێگەی زمانی بەهەشتیش دان بەوەدا بنێین، کە ئایینی ئێزیدی ئایینێکە خواپەرستی و ئیمانی تێدایە.
گوتنەکان بەرێزبەندییەوە گوتراون (زمانی بەهەشت، زمانی ئێزیدی، زمانی کوردی).

لەسەرەتاوە گوتمان پراگماتیک کاردەکات ئەو دۆخەی زمانەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت شی بکاتەوە، هەر قسەکردن و ئەرک و ڕاپەراندنی کارێک پەیوەستە بە (دەوروبەری بەکارهێنانی زمانەکە). دەوروبەری بەکارهێنانی زمان لەم ئاخاوتن و دەربڕین و گوتارەدا، بریتییە لەدەوروبەرێکی ئێزیدی، کە لەبەردەم پەلاماری دڕندانەی ئیسلامییە توندڕەو و گوتاری هێرشی کودی بەکرێگیراو، لایەنە توندڕەوە عەرەبی و تورکی و فارسییەکانە. دەوروبەرێکی دەروونی ئاڵۆز و پڕ لەقەیران، دەوروبەرکەیان پەیوەستە بەگێڕانەوەی مێژوو، ڕووداوەکانی ئێستا و بیرکردنەوە لەبارەی داهاتوو. دەوروبەرێک پڕ لەناکۆکی لەنێوان هێزەکان، ناکۆکی لەنێو ناخی کەسێک و هێزێک و شوێن و کاتێکدا. دەوروبەرێکە بەستراوەتەوە بە (ئایین، نەتەوە)، (قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە). هەندێک کوردی ئیسلامی بەخۆبەستنەوە بەدەقی ئایینی ئیسلامی، ئایینی ئێزدیەکان ڕەتدەکەنەوە، هەندێک ئێزیدیش لەژێر کاریگەری ئەم قسە و بێدەنگی هەندێک کورد و شەڕ نەکردنی پێشمەرگە لەڕۆژانی سەرەتایی ڕووداوەکان قبوڵ نەکەن کورد بن.

# لەبەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن کوردێک دەیگوت: یەزیدی کورد نین، چ کوردێ جلکی عارەبی لەبەر ناکات، ئەوان کراسی شۆڕی عارەبیان لەبەرە، چەفیە و عەگالی عارەبیان لەسەرە، زمانیشیان عارەبیە، ئەوانی بەکوردیش قسەدەکەن، زمانیان خوارە و من تێیاناگەم.

لەبەرنامەیەکیتر، عارەبێک دەیگوت: یەزیدیەکان، کوردی گاورن. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥٢).

ئەو گوتارە پەیوەندی بە (کاردانەوە و قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە) هەیە، گوتارێک کار لەسەر (پەیوەندیی و بەراورد و ڕەتکردنەوە و وەسف و پێوانەکردن) دەکات و لەڕێگەی ئاماژە بەوەسفێکی قسەکانی نێو تەلەڤزیۆنەکان، وێناکردنێکی وێنەی ئەو بۆچوون و لێکدانەوە و گوتارانەی کردۆتەوە، کە هەندێکیان مووی پرچی سەری مرۆڤی بەویژدانی قیت دەکاتەوە. (پێوانەی نەتەوەبوونی قسەی مەلای کورد بۆ ئێزدیەکان لەبەر ئەوەی جلکی عەرەبیان لەبەرکردووە)، پێوانەی کابرای عەرەب بۆ ئێزدیەکان بە (کوردی گاور) چ دۆزەخێکە. سەربازی ئەوەش لای مەلای کورد (زمان کراوەتە پێوانە). شیکردنەوەی پراگماتیکی کار لەسەر دەرخستنی هەقیقەت و ڕاستی دەکات، کار لەسەر ئاشکراکردنی ئەو لایەنە واتایی و مەبەست و خواستانە دەکات، کە زانستەکانی دیکەی زمانەوانی پەی پێ نابەن، یان ئاشکراکردنی ئەو شتانەی ڕوون نین. (پراگماتیک ئامرازێکە بۆ دەرخستنی ڕاستی واتای هەندێک نووسراو، کە لەڕووی سیماتیکەوە تەواو نییە، یاخود واتایەکی جیاواز دەبەخشێت لەوەی هەیە). (هاوسەر، نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ، ٢٠١٤ ، ١١).

لەکردەوەدا ئەوەی کارەکتەرە عەرەبییەکان بەناوی ئایینی ئیسلام دەیکەن و فەرمانی پێ دەدەن، بەشێکە لە (جینۆساید و لادان لەبەهای مرۆیی و ئایینی)، (ئەوەی کوردێک بەناوی ئایین

دەیڵێت و وەکو کردە قسەی حوکم، بەکاری دەهێنێت) سەرچاوەکەی (زمانی عەرەبییە) و (بەشێک لەو قسانەی دەیکات بەزمانی عەرەبییە و بەشێک لەکەلتوری جلوبەرگەشی یان عەرەبییە، یان لەژێر کاریگەری عەرەبییە، تەنیا هەندێکیان کەجلی شێوە عەرەبی لەبەر دەکەن، وای نیشان دەدەن ئیمان و ئیسلامەتییەکەیان بێگەردتر و بەهێزترە). بۆیە ئەگەر ئەم کەلتورە بکرێتە کەلتوری گوتاری بیرکردنەوەی خەڵک، ئەمە لەسنوور و بنەمای سروشتی دەردەچێت و دەبێتە جۆرێک لەخۆسەپاندن و سنووردارکردنی ئەوانی دیکە و چەوسانەوەش. گومانی تێدا نییە ئەم چەشنە گوتارە پشت بە (ڕەتکردنەوە و قبوڵکردنێکی زۆرەملێ و پێوانەکردنێکی نادادپەروەرانە و گوتاری خۆسەپاندنی تێدایە، گوتارێکە پشت بەڕەگەزپەرستی و ڕەتکردنەوەی پێکەوەژیان و قبوڵنەکردنی یەکتر لەباری (ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری) دەگرێتەوە.

لەبارەی بوونی وێنەی ئەردۆغان لەگیرفانی ئالاڕەشێکدا ئەم بەسەرهاتەی گێراوەتەوە:

# باشە وێنەی ئەو پیاوە، چ دەکات لە بەرگی ئەو تیرۆرسیتە؟
ڕەنگە بەهەڵە هەڵیگرتبێ.
نا، رایەڵێ هەیە.
ئەو رایەڵەی بکوژ و زۆردارانی دنیا بەیەکەوە دەبستێتەوە؟، لەبنی دونیاوەش فەرمانێ دژ بە ئێزیدیان، دژ بە کوردان دەرچێ، تورک دەستێکی تێدایە. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٥٨).

هۆکارەی پەیوەندیکردن، یان ئەو بنەمایانەی دەبنە سەرەتایەک بۆ کردەی پەیوەندیکردن لەنێوان قسەکەرانی نێو دەقەکە و دەرەوەی دەقەکە، ئەو ئامێرانە دەبنە هۆکار بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان ڕووداوەکان و قسەکەران و گەیاندنی زانیاری و هەواڵ چەند لایەنێکە:

یەکەم: قسەکەران و گوێگرەکان، ئەوانەی لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ دەکەن.
دووەم: ئەو کەسەی شتەکان دەگێڕێتەوە.
سێیەم: ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و مۆبایل و ئەنتەرنێت و گوتاری ئەوانەی (حوکمیان بەدەستە، یان ئەوانەی قسە و فەرمانی کەسانی دیکە جێبەجێ دەکەن).
چوارەم: ناردنی پەیام، هەستکردن و درککردن بەو شتانەی (وەردەگیرێن و جارێکی دیکە) لەڕێگە (زمان و هێما و نیشانە و ڕەمزەکانەوە) بڵاودەکرێنەوە.
پێنجەم: لەنێو ڕاپەڕاندنی هەر قسەیەکدا (جۆرێک لەپەیوەندیکردن) هەیە، کە پشت بەبنەمای هاریکاری بۆ تێگەیشتن و گەیاندن و گواستنەوەی (هەواڵ و زانیاری و ئەرکەکانی دیکەی زمان) دەبەستێت.
شەشەم: بڵاوبوونەوەی هەواڵی کارەساتەکە. لەهەمان کاتدا (بە بەرچاوی دونیا کوردی ئێزیدی سەردەبڕێن و هەتک دەکرێن)، کەچێ کەس ئەم کارەساتە نابینێت، کوێرە، بایبستێت، لارە

متەقی نایە. واتە پێچەوانەی پەیوەندیکردن، هەیە دەیەوێت هیچ پەیوەندییەک ئەنجام نەدرێت.
(کەسێک کاتێک ڕستەیەکی وەکو ئەو نموونەی خوارەوە بەکار دەهێنێت، مەبەستی ئەوەیە ئازارەکەی نەگواستۆتەوە بۆ گوێگر، بەڵکو تەنیا پێی ڕاگەیاندووە، کە سەری ئازاری هەیە، وەکو:

# سەرم ئازاری هەیە. (هیوا مەولود عەبدوڵڵا، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١٦، ٥٠).

ڕێک لەم نموونەی خوارەوە، قسەکەر، کە لێی دەپرسن تۆ موسڵمانی، ئەو ناڵێت من موسڵمانم، تەنیا دەڵێت (ئێزیدی نیم). واتە وەکو مەسەلەی ژانە سەرەکە، باسی ژانەکەی ناکات، بەڵکو تەنیا باسی (سەری) دەکات. ئەویش باسی (ئیسلام) ناکات، تەنیا دەڵێت (لە ئێوە نیم). ئەمەش وەڵامێکە (بۆ دوورخستنەوەی ناوی موسڵمان لەو کاتە هەستیارەی قسەکەی تێدا بەڕێوەدەچێت).

# چما تۆ موسڵمانی، ئێزیدی نی؟
کوڕە: نا من ئێزیدی نیم. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٦١).

# کەواتە، نابیە، موسڵمان؟
ئەز ئێزیدیمە.

تاحەفتان دەژمێرم، یان شادە هێنان، یان بەرەو دۆزەخ تێهەڵدان؟
ئەز ئێزیدیمە، ئەز بەهەشتیمە. (کەرم کاکە، ٢٠١٩، ١٦٤).

لەم دوو وێنەیەدا گفتوگۆ لەدوو کات و شوێن و لەگەڵ دوو گروپی جیاواز کراوە. لەوەی یەکەمیاندا موسلمانێک لەترسی داعش لەگەڵ ئێزدیەکان بەشاخ کەوتووە، سەرەتا وا دەزانن ئەویش ئێزدیە، بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێت و دەڵێت (نا، من ئێزیدی نیم). لەم گوتنەدا دووجار (من و م) وەکو نیشانەی بوونی (کەسی) بەکارهێناوە، (ناو و نیم)یشی وەکو دوو ئاماژەی نەبوون بەکارهێناوە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە بەپێداگرییەوە دەیەوێت بڵێت نەخێر من برای ئێوەم بەڵام موسڵمانم و ئێزیدی نیم. لە گفتوگۆی دووەمیشدا قسەکەر (ئالاڕەش و گوێگر ئێزدیە)، بەڵام لەدۆخی دووەمدا، کە دەبێتە وەڵامدانەوە، ئێزدیەکە قسەکەرە و دەڵێت (ئەز ئێزیدیمە). بەپێداگریی و جۆرێک لەشانزایی و بەئاشکرایی و ڕوونی و بێگرێ دەڵێت من ئێزیدم. ئەمە پەیوەندی بەبنەمای هاریکاری شێوە هەیە، کە بێ پێچ و پەنا، بەئاشکرایی و ڕوونی ئەو شتە دەڵێت، کە دەیەوێت ببێت. بۆ دەڵێین بنەمای هاریکاری شێوە، چونکە ئەو بەشێوەیەکی بەیەکبەستراو قسەکانی دەکات، لەهەمان کاتدا لەناخیشەوە، لەدەروون و شێوەی بیرکردنەوەیدا (بەیەکەوە بەسترانی بەدوای یەکدا هاتووی لێکنەپچڕاو) لە دەربڕینەکانیدا هەیە، بەوەی ئەو (ئێزیدیم) دەڵێت. واتە (ئێزدی + من)، دەبێتە دەرخەری ئەو دۆخەی کەسە دیلکراوەکەی ئێزدیەکەی تێدایە. گریمانەی ئەوە

دەکرێت، دۆخەکە بەم شێوەیە بەیەکەوە بەستراوە و بەیەکەوە گریدراون:

یەکەم: ئەو هەر ئێزدیە.
دووەم: تەسلیم نابێت و پەیشیمانی بۆ ئێزدی بوونی خۆی دەرنابڕێت.
سێیەم: ئەو پەیوەندییەکی توند بەیەکەوە بەسترانی لەگەڵ ئایین و بوونی کەسایەتی خۆی هەیە.

لەدۆخێکی دیکەدا (هەڕەشەی لێ دەکەن و فەرمانی پێ دەکەن، کە تاکو حەفت بژمێرێت، ئەگەر نا سەری دەپەڕێنن)، ئەویش دیسان دوور لەهەموو لێڵی و خۆدزینەوەیەک، بەمتمانە بەخۆبوون و بەسترانەوەی بە ئیمان و بیرکردنەوەی خۆی، لەوەڵامەکداە بەڕاشکاوی و بەتۆکمەیی دەڵێت: (من ئێزیدم و بەهەشتیم). دوو (وەڵامی پێچەوانەی پێشگریمانەی قسەکەری ئالاڕەش) بەکارهێنراوە، یەکەم : ئێزدیە و دووەم: بەهەشتییە.
لەم دەقەدا نووسەر هاریکارمانە بۆ ئەوەی زانیارییەکی دروستمان لەبارەی دەوروبەری کاردانەوە و دۆخی دەروونی بیرکردنەوە و بڕیاری کەسەکانمان پێ ئاشنا بکات، هاوسەنگی لە (لێبوردەیی گفتوگۆی قسەی گەنجێکی موسڵمان و ئێزدیەک) هەیە، ئەویش ( پێکەوەژیان و قبوڵکردنی یەکترە)، لەگفتوگۆی دووەمدا هاوسەنگی نییە، چونکە (ئالاڕەشەکان، پێکەوەژیان و بوونی ئێزیدیان) پێ قوبڵ ناکرێت.

لەیەکەمدا (ئاشتەوایی و تێگەیشتن و هاریکاری) هەیە، لەدووەمدا (شەڕ و کوشتار، ڕەتکردنەوەی تێگەیشتنی هاوبەش و ڕێزنەگرتنی یەکتر) هەیە.

لەیەکەمدا (دۆخێکی دەروونی بەختەوەر و سەرکەوتوو هەیە)،(بەڵام لەکردەوەدا جۆرێک لەشەرم و هەستکردن بەگوماهێکی ئەو نەکردە لەلایەن موسڵمانەکە هەست پێ دەکرێت) لەدووەمیاندا (دۆخێکی دەروونی شلەژاو، دۆڕان و ملکەچ پێکردن و بەرەنگاربوونەوە و ئازار و زۆرلێکردن و ڕەگەزپەرستی و کوشتن) هەیە لەهەمان کاتدا، پێچەوانەی دۆخی کوڕە موسڵمانەکە (شانازیی و پێداگرییەکی پڕ لەمتمانەبوون و ئیمان لەلایەن ئێزدییەکە هەست پێ دەکرێت). وایە لەنێو یەک دۆخی هەر یەکێک لەو وێنانەی دەقنووس وێنایی کردوون، لەنێو هەر یەکێکیاندا (پتر لەدۆخێکی هەستەکی و دەروونی و جەستەیی و بیرکردنەوە و دەربڕین) هەیە.

لەیەکەمدا (هەست و سۆزی خۆشەویستی)، لەدووەمدا (هەستی ڕقلێبوونەوە و مردنی سۆز هەیە).

لەیەکەمدا (هاریکاری و بوژانەوە)هەیە، لەدووەمدا (مردن و کوژانەوە) بەدی دەکرێت.

لەیەکەمدا (شەرمەزاری لەو نیمچە شەرمەی لەپێناسەکردنی خۆی بەئیسلامدا هەیە)، لەوەی دووەمدا (شانازی و سووربوون و سەربەرزی بە ئێزیدی بوونەوە دیارە). لەکاتێکدا لەوەی یەکەمدا (توندوتیژی و فشاری دەروونی نییە)، کەچی لەدۆخی دووەمدا (شمشیر و سەرپەڕاندن هەیە).

لەشێکردنەکەماندا ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، توانا و دەسەڵاتی پراگماتیک لەئاشکراکردن و درککردن ئەو گوتن و مەبەست و ئەرکانەی لەنێو دەقی زماندا هەیە، سنووری لەزانستەکانی دیکەی زمانەوانی فرانترە.

# کچم بەعارەبکردنی، دەڤەری شنگالێ هی ئەورۆ نیە، هی سەروبەندی بە تورکمان کردنی قەڵاتێ هەولێرێیە... ( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٧٤).

لەم دەربڕینە بەراورد کارییە لەنێوان (قەڵاتی هەولێر و دەڤەری شنگال)، گەڕانەوە و بەسترانەوەیەکی بەسەرچاوەی بنەڕەتی کێشەکان هەیە، ئەویش (بەتورکمان کردنە). مەبەستمان ئەوەیەە بڵێین، دەقنووس لەڕێگەی هاریکاری، ئاماژەی بروسکە ئاسا بە سەرچاوەی کێشەکان، پەیوەندیی نێوان (ڕابردوو، ئێستا)، (هەولێر و شەنگال)، (بەعارەبکردن و بەتورکمانکردن) ئاماژە پێ دەکات. ئەمە لایەنێکی بنەمای پەیوەندی شێوەیە، بابەتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، دەکرێت بڵێین بنەمای کاریکاری پەیوەندیشی تێدایە، چونکە لەبنەڕەتدا (بەعەرەبکردن و تورکمانکردن) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. تەواوکەری یەکترن.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، بەهەڵە ناچین ئەگەر بڵێین بنەماکانی چەندی و چۆنیشی تێدا پەیڕەو کراوە، چونکە زانیارییەکان دروستن، پوختن، لەکاتی قسەکردندا شتێکی زیاد

لەپێویست باس ناکات، یان زانیاری ناپێویست نائاخنێتە نێو قسەکانی، لەپێناو درێژکردنەوەی بابەتەکان و وەسفکردنی زۆرتر و پێشکەشکردنی زانیاریی دیکەی زۆرتر. لەکاتێکدا خوێنەر هەر بەو هێندە دەربڕین و زانیارییە لەوە دەگات (کوردستان لەکۆن و ئێستادا لەژێر فەرمان و سیاسەتی بەعەرەبکردن و تورکمانکردن) دایە، هیچ ئامازەیەکی دەرەکی، فیزیکی، یان وەسفکردنێکی ڕووداوەکان ناکات، کە ئەم سیاسەتە چ ئازار و مەینەتی و گرفتێکی هەمەلایەنی بۆ کورد دروستکردووە، بەڵام خوێنەر، کە دەچێتە ناوەوەی ناو وشە و دەربڕینەکان، کاتێک دەچێتە پشکنینی واتای نێو واتاکان، لەوە دەگات چ مێژوویێکی سەخت و پڕ ئازارە، بەسەدان هەزار لاپەڕەش باسکردن و وەسفکردن و لێکدانەوەی تەواو نابێت، بەڵام (کەریم کاکە) بەتەنیا دوو دەستەواژە هەموو شتێکی ئامازە پێکردووە.

## ٢-١١ بۆ بەکارهێنانی بنەماکانی هاریکاری گرنگە

یەکەم: زمانێکی پوخت و پتەوی متمانەدار و پڕ لەزانیاری دروست پێشکەش بەکار دەهێنرێت.
دووەم: زانیارییەکان نە زیاد و نەکەمیان تێدا بەکارناهێنرێت، بەپێی پێویست پێشکەش دەکرێن، ئەمەش هاریکار دەبێت لەوە:

آ- نووسینەکان بەشتی لاوەکی و قسەی بێ بنەمای درێژدارڕ و وەسفی فکرکوژ و شتی رزیوی بۆگەنکردوو پڕ نەکرێتەوە، قسەکردن هەر تەنیا لەپێناوی درێژدارِیی و زۆرکردنی رستە نابێت، بەڵکو لەقسەکدندا دەستەواژەیەکمان هەیە پێی دەڵێن (زۆررِەوی/ یان زیادەرِەوی/ یان زیادەرِۆیی، درێژدادرِی، زۆر گوتن قوئان خۆشە، کەمدوو.. ).

ب- لەسەردەمی ئێستا نووسین بەرەو کورتبرِی و کورتگوتن و دەستەواژەی چڕ دەچێت. ئەمەش پەیوەندی بە (پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، گەشەکردنی عەقڵی خوێنەر و وەرگرەوە هەیە، ئابوریکردن لەنووسین و بڵاوکردنەوە و گوتن، مژولی خەڵک بەشێوەیەکی گشتی، پەیوەندی بەکەمبوونەوەی کات و خێرا رۆیشتنی کاتەوە هەی.. تاد). بۆیە سەردەمی کوت و پوخت گوتنە.

سێیەم: (جۆج یۆڵ) دەڵێت: (ستانداردی کردای ئاخاوتن نەک هەر وەک شتێک دابنێم، کە هەموویان، زۆربەمان "بەرِاستی" پێرِەوی لێدەکەین، بەڵکو ئەوە وەک دیاردەیەک دادەنێم، کە پێرِەوی لێکردنی "مەعقولَ"ە. (جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٥٩).

چوارەم: پشکی بەشداربووەکان لەئاخاوتنەکاندا دەبێت بەتەواوی گونجاو بێت و پێکبەندییەکی دووسەرە لەنێوانیاندا هەبێت. ( جۆرج یۆڵ، ٢٠١٦، ١٦٠).

پێنجەم: گفتوگۆکان، پرسیار و وەڵامەکان هێندە کورتن دەکرێت بەواتای (بەڵێ و نەخێر) لێکبدرێنەوە، یان ئەو مەبەستە

بگەیەنن، یان لەکردەوەدا هەر ئەم جۆرە دەستەواژە کورتانە بەکاربهێنرین.

شەشەم/ تیۆرێکی زمانەوانی بەناوی (هاوشێوەبوونی قسەکردن) هەیە، ئەم تیۆرە پشت بەوە دەبەستێت لەجۆرە زمانییەکاندا (زمان، یان زار، یان شێواز، یان دیالێکتیک)، لەگەڵ ئەو زمانانەی فێری دەبن، دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ هەتا زمانی زیاتر فێربێت، توانستی پەیوەندیکردن و توانستی کۆدگۆڕینەوەشی فراوانتر دەبێت، هەروەها ئەو کۆمەڵانەی کە جووت زمانن، یان فرە زمانن، بەپێی ژمارەی زمانەکان و ئاستی فێربوونیان و پلەوپایەی هەر زمانێکیان و شوێنی بەکارهێنانیان، کاریگەریی جیاواز لەسەر توانستی پەیوەندیکردن و توانستی زمانی دایک و باوک و کۆمەڵەکەیان وەردەگرن، توانستی کۆدوەرگرتن و بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەشیان لەژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەدا گەشە دەکات. (سوزان جاس و م. و. سلینکر، لاری،٢٠٠٩، ٣٥٦). (هیوا مولود ئیبراهیم، ٢٠١٦، ٧٤).

مەبەستمان لەم ئاماژەیە شێوازی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقەکەی (کەریم کاکە)ەیە، کە شێوە زمان و زارێکی تێکەڵە، وەکو لەپێشتریش ئاماژەمان پێکردووە، لەڕووی هونەری (بەیەکەوە بەستنی لەهجەکان، بەیەکەوە بەستنی شێوازی بیرکردنەوەی بەکارهێنەرانی لەهجەکانی کوردی) خاوەنی توانستێکی گونجاوی سەرکەوتووی گونجاوە.

دەقنووس ئاماژە بەڕۆڵی زمان لەسەر زاری کارەکتەرێکی سەر قرتێنراوی دەستی ئالاڕەشەکان دەکات، کە جل و چەفیەی سەری عەرەبییە، کەچی تەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکات و بەکوردی

دەڵێت (من ئێزیدیمە، من بەهەشتیمە). لێرەدا فرە زمانی خزمەتی کەسە ئیزدییەکە ناکات، بەڵکو مانەوەی بەئیزیدی و سوێندخواردن و ڕەتکردنەوەی تەسلیم بوونی پەیوەندی بەتاکە زمانە زانراوەکەیەتی ئەویش (کوردییە).

لەم گفتوگۆیەدا زمان نەزانین، دەبێتە هێما و هاریکاری بۆ پێناسەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی (ئێزدیەکە)، کە داوای لێ دەکرێت شەهادە بهێنێت و ببێتە ئیسلام، بەڵام ئەو، کە جلکی عەرەبی لەبەرە، تەنیا یەک زمان دەزانێت، ئەویش زمانی کوردییە. تەنیا لەسەر زاری کەسایەتییەکی ئێزیدی نێو دەقەکە لەبارەی پابەنوونیان وەکو ناسنامە بەزمان دەڵێت : (زمانی بەهەشت کوردییە). واتە ئەمە دەربازبوونەوە لەداگیرکاری زمانی عەرەبی، زمانی ئیسلام، کە لەزمانی عەربی چڕ کراوەتەوە.

مەبەستم ئەوەیە لەم دەقەدا (زمان، تاکە زمانێک) پارێزەری ناسنامەی نەتەوەیی قسەکەرە زۆرلێکراوەکەیە. لەکاتێکدا (فرە لەهجەیی و فرە زاری و فرە زمانی دەربڕین و پەیوەندیکردن و گەیاندنی زانیارییەکان لەدەقی (کەریم کاکە)دا، بەهێزکردنی بنەمای نەتەوەیی بوون، بەهێزکردنی کەسایەتی دەق و دەرفەت دروستکردن بۆ تێگەیشتن لەخودی دەق لەلایەن لەهجە جیاوازەکانی کوردیش دەگرێتەوە. واتە دەوروبەری بەکارهێنان کاریگەری لەسەر جێبەجێ کردنی تیۆرە زمانەوانییەکانیش دەبێت، نەک بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی شێوە زمانی گوتاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و ئابووری و .. تاد.

## ٢-١٢ نیشانە ئاماژەییەکانی کەسایەتییەکان

لایەنێکی دیکەی شیکردنەوەی پراگماتیکی کارکردنە لەبارەی نیشانەکان لەنێو دەقدا، (سۆسێر) زمان بە کۆمەڵێک نیشانە وەسف دەکات، لەکردەوەشدا زمان بریتییە لەنیشانە (کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و هونەری و ڕیکلام و ... تاد). ئەو نیشانانەی دەبنە هێما و ڕەمز بۆ دەربڕین و گەیاندنی ژمارەیەک مەبەست و واتای هەمەجۆری گوتار، هەر بەتەنیا ئاماژەیەکی ڕووت و بێ دەسەڵات و هێز و بوون و چالاکی نییە، بەپێچەوانەوە گەلێک جار ئاماژەی شوێن، یان کات ڕۆڵی لەنێو دەقەدا بۆ گەیاندنی پەیامی گوتار زۆر لەڕۆڵی کارەکتەر و کەسێک پترە، کە ئەرک و پەیامی نییە، یان قسەکانی لەدەرەوەی چالاکی و ئەرک و راپەراندنی مەبەستەکان و کارتێکردنە.

پراگماتیک هەر بەتەنیا کار لەسەر بواری پێکهاتە و ئاستەکانی زمان ناکات، بەڵکو (هێما و نیشانەکان)یش شی دەکاتەوە، نیشانە ئاماژەییەکان دەبنە سەرەتا و بنەتانێکی دیکەی شیکردنەوەی دەق، دەقی گوتاریش، کە پەیوەندی بەگوتن و ئاخاوتنەوە هەیە، باشتر لەڕێگەی ئەم سەرەتایانە شی دەکرێتەوە، کە پراگماتیک بایەخیان پێ دەدات. بۆ نموونە (شنگال) لەناونیشانی ئەم دەقەی (کەریم کاکە)دا هەر بەتەنیا

ناوێک بۆ دەق و ناونیشان بۆ شوێنێک و ئاماژەیەک بۆ (ژیانی ئێزدیەکان) نییە، بەڵکو بۆتە (هێما و نیشانەیەکی واتایی فکری و هەتا ئایینیش) بۆ مانەوە و بەرەنگاری و پاراستنی ئێزدیەکان لەو فەرمانانەی دژیان هەبووە.

لەتەک ئەوەشدا (ئاماژەکان) بەواتا زهنییەکەش کاریگەری لەسەر دەق و بەدیهێنانی مەبەستەکاندا دەبێت. بۆ نموونە کە دەڵێین:

# ئەوەیە نان!

لەڕووی واتاییەوە ئاماژەکە تەنیا بۆ نانە، بەڵام واتاکەی تەواو نەبووە، بەڵکو مەبەستی نیشانە پراگماتییەکەیە، بەهۆی کۆنتێکستەوە و ئاگاداربوون لەگفتوگۆ و زانیاری پێشینە دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕستەکە چەند مانایەکی شاراوەی تێدایە، بەهۆی نیشانە کەسیەکەوە ، وەکو ئەم دوو نموونەیە ڕونکراونەوتەوە:

# ئەوە نانێکی باشە.
# ئەوە خواردنێکی خۆشە.

بەمە بۆمان دەردەکەوێت ئاگاداربوون لەشوێنی گوتن و کەسی قسەکەر و کاتی گوتنەکە و بوارە کۆمەڵایەتییەکەیی و دەقی گوتنەکە، واتای تەواوی پێ دەبەخشن، ئەمەش نیشانەی

بەکارهێنانی کەرەستەکانە وەکو نیشانەی پراگماتیکی. (هاوسەر، نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ، ٢٠١٤ ).

**٢-١٣ نیشانە پراگماتییەکانیش ئەمانەن:**

**٢-١٣-١ نیشانە کەسییەکان:**

کەسەکان بەردەوام دەورەکانیان دەگۆڕنەوە، لەڕاستیدا نیشانە کەسییەکان هەریەکە لە (جێناوەکانی ئاماژەکردن، جێناوەکان (چ سەربەخۆ و چ لکاو)، ناوی تایبەت، ناوی خزمایەتی، نازناو) دەگرێتەوە و بەپێی دەروبەر هەر جارەی بۆ کەسێک، یان ڕووداوێک، یان شتێک دەگەڕێنەوە. واتە بەپێی کەس و کات و شوێنی گوتن، واتاین دەگۆڕێت و بەبێ دەوروبەر واتایەکی ڕوون و دیاریکراویان نابێت). (هۆگر مەحمود فەرەج، ٢٠٠٠ ، ٧).
لە زماندا بێ بەکارهێنانی (ناو، جێناو، یان بکەر)، ( کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ و ئێستا). ئاماژە کەسییە ناویی و جێناوەکان لە دەقدا گرنگن، هەر یەکێک لەناو جێناوەکانی (کەس بن، یان شت، یان بابەتێک) لەنێو ڕستەدا پێگە و دەسەڵات و هێزی دیاریکراون بۆ (گەیاندن و پەیوەندیکردن و کارتێکردن و لێکدانەوە) هەیە.
ئەمانەش بریتین لە (من و تۆ و ئەو و ئێمە و ئێوە و ئەوان) و (م/ ی – یت، ت ، ین، ن، ن)، یان ئاماژەی (خۆیی).

ئێمە دەزانین دەق بریتییە لە (وشەیەک، ڕستەیک، هێما و نیشانەیەک) یان پتر. بۆ نموونە کە دەڵێین:

# هێنام

واتە (من کەسی یەکەمی تاک) شتێکم هێنا، کە دیار نییە شتەکە چییە. ڕەنگە مەبەست لەمە ئامازە بێت بۆ ئەوەی ( ئەوم هێنا)، (دارەکەم هێنا)، (مەرەکەم هێنا). لەم دەربڕینەدا ( جێناو و کار و بەکاری نادیار) هەیە. هەروەها (کات و شوێن) هەیە. کاتەکەی (ڕابردووە)، کاتی ڕاگەیاندنی هێنانەکەش (ئێستایە، واتە ساتی قسەکردن و ڕاگەیاندنی هەواڵی هێنانەکە دەگرێتەوە). بێگومان دوو شوێنیش وەکو بوونی دوو کاتەکە لەم گوتنەدا هەیە، وەکو ( لەوێ هێنام، بۆ ئێرە، کە دەکاتە ئەو شوێنەی قسەکەری تێدایە). بابەتی نێو دەقی گوتاری ئەم گوتنە بریتییە (لەهێنانی شتێکی نادیار). لە کردەی هەواڵدا مەرج نییە پشت بەبنەمای (ڕاستی، یان درۆ) ببەستێت.

بۆ نموونە لەدەقی (شنگال، هایێ ل من) بە، جۆرە جێناوەکان بەکارهێراوە:

# گوێتان لێیە؟ تەنبوور (شنگال هایێ) دەڵێتەوە. (لەم ڕستەیداجێناوی (تان)ی کەسی دووەمی کۆ (ئێوە) ەیە، (لێیە) واتە گوێتانە (لە ئەو) کەسی سێیەمی تاکە، لێرەدا مەبەست (شتێکە)، یان(کەسێکە) بەپێی دەروبەری گوتنەکە دەردەکەوێت

(شتێکە/ تەنبوور لاوک دەڵێت). ئینجا کاری (دەڵێتەوە) لەم پێکهاتانە پێکهاتووە (نیشانەی کاتی داهاتوو (دە)، (لێ چاوگی داهاتووی کارەکە)، (ت جێناوی کەسی سێیەمی تاک) و (پاشگری ەوە).

لەبەشی یەکەمی گوتنەکەدا دۆخی کردەی پرسیارە و نیشانەی (؟) هەیە. واتە (قسەکەر، پرسیار لەگوێگرەکەی دەکات و چاوەڕێی وەڵامیشی لێ دەکات، بەڵام کە دەوروبەری گوتنەکە دەپشکنین، لەوە دەچێت دۆخی پرسیارەکە چووبێتە دۆخی سەرسوڕمان، یان گەیاندنی هەواڵێک، یان داواکردن و جۆرێک لەفەرمان. قسەکەر چاوەڕێی وەرگر ناکات، وەڵامی بداتەوە، هەر خۆی دەڵێت (تەنبوور (شنگال هایێ) دەڵێتەوە).

ئەم کردەیە ئەگەر لادانیشی لەبنەماکانی هاریکاری تێدا بێت، بۆ دەقێکی ئەدەبی، کە پشت بە(وێناکردن، لادان، دروستکردنی دۆخی هەڵگەڕاوە و ڕەوانبێژی و ئینجا جۆرێک لەوروژاندنیش) دەبەستێت، ئاساییە (کەسێک پرسیار بکات و هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی بداتەوە). ڕەنگە:

- کەسێکی خۆڕەپێشکەر بێت، حەز لە خۆدەرخستن بکات.
- کەسێکی زۆر بڵێی دوور لە ئەتەکێت بێت.
- کەسێک بێت، خۆی خۆی بدوێنێت و گفتوگۆی ناوەخۆیی لەگەڵ خۆیدا ئەنجام بدات.

- گوێگرەکانی (گوێیان لەو نەبووبێت، توانای قسەکردن و وەڵامدانەوەیان نەبێت، یان لەڕووی تەمەن و ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتی لەئاستی قسەکەر نەبن، بۆیە وەڵام نەدەنەوە.
- ڕەنگە لەبنەڕەتدا گوێگرەکان لەقسەکانی قسەکەر (بێزار و نارازیی بن).

# گەیشتنە سەر بستیەک، دیتیان سە سپی لەو سەرەوە، لۆژ لۆژدەگەڕێتەوە، گێیەکانی شۆڕکردۆتەوە.
گەیشتن واتە ئەوان کەسی سێیەمی کۆ، گەیشتنە سەر بستیەک، (هەر ئەوان دیتیان، سەگی سپی لە لایەکەی دیکە، بەرەو ئەوان دەگەڕێتەوە.
یەکەم: قسەکەر ئەو کەسەیە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە، باسی (ئەوان، سەی سپێ) و (گەیشتنی ئەوان و گەڕانەوەی سەی سپێ و گوێ شۆڕکردنەوەی دەکات).
دووەم: لەبواری واتایدا لەهەموو شتێک دیارتر و جێگەی سەرنجتر (گەڕانەوەی سەگەکەیە بە گوێ شۆرکردنەوە). بەو واتایەی شتێکی چاوەڕوانەکراو، کە جێی دڵخۆشی نییە، ڕوویداوە، یان ڕوودەدات. (گوێ شۆڕکردنەوەی سەگ) بەواتای هەواڵی ڕووداوێک، یان پێشکهاتێکی باش نایە. ئەم وێناکردنەی وێنەی سەگەکە، نیشانەیەکی سیمیۆلۆجی کۆمەڵایەتییە لەشێوەی پەیوەندی نێوان سەگ و مرۆڤدا، یان لێکدانەوەکانی مرۆڤ بۆ هەر بزاڤ و جووڵەیەکی جەستەیی لای ئاژەل.

سێیەم: ئاماژە کەسییەکانی ئەم دەقە بریتییە لە(کەسی قسەکەر/ ئەوەی بابەتەکە دەگێڕێتەوە. کەسی سێیەمی کۆ، ئینجا سەی سپی) بەواتای ئەوەی سێ (کارەکتەر) لەنێو دەقەدا هەیە (سەی سپی) بەناو ئاماژەی پێکراوە، (ن) جێناوی لکاو و (قسەکەری نادیار).

# دەفتەرەکە مابا، دەگەیشتینە سەرە داوێ...

(ئێمە) قسەکەرە، یان کەسی یەکەم، لەبەشی یەکەمی گوتنەکەدا (من)ە و لەبەشی دووەمی گوتنەکەدا بۆ (ڕێزگرتن، یان بەشداری پێکردنی گوێگرەکانی) بێت بە (ین/ جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ) قسە دەکات.
بە سەرسوڕمان و ئاشکراکردنی زانیارییەک ئاشکرا دەکات، کە بەلای (خۆزگە و هیواخواستن) دایە. پێمان ڕادەگەیەنێت (دەفتەرەکە) کە (شتێکی ناسراوە) نەماوە و لەناوچووە، یان بردوویانە. هەواڵی ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە ئیدی ناگەنە ئەو مەبەستەی پێویستیانە، یان بیری لێدەکەنەوە، چەنکە بەهۆی (نەمانی دەفتەرەکە)، (گەیشتنەکەش هیچ بەهاو و واقیعێکی نابێت). (نەمان یەکسانە بە نەگەیشتن).

# من دڵنیام.
ناوی من) و جێناوی (م)ی کەسی یەکەمی تاک، لەم گوتنەدا ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی نیشانەی کەسی.

# نەتانی؟

(ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک (تۆ) (تۆ نەتانی؟). لەڕاستیدا (نەتانیت) دروسترە، چونکە (ت)ی نیشانەی جێناوەکە (یت) پەڕینراوە. واتە (نەتوانیت) هەروەها (و)ەکەش بەپێی گوتنی قرتێنراوە. ئەمە لەۆخی پرسیارە، واتە ئەگەر نەتوانی ئەو شتکە بکەیت، یان نەتوانیت بێتە ئێرە. ئەمە واتای ئەوە نییە (نە)توانیت پیشان دەدات، بەلکو پرسیاری لێ دەکەن، ئەگەر نەتوانێت کارەکە بکات؟ دەبێت شتێک ڕوبدات.

# منداڵەکە

کەسێکی ناسراوە، بەهۆی نیشانەی ناسراویی (ەکە)، ئەمە دیار دەکرێت.

# لەوێنەی بەرخۆلە بە خۆ بادانەوە، خۆی هاویشتە ئامێزی.

(خۆی) نیشانەی ئاماژەی ڕستەیی (خۆی)یە.

# منیان قۆڵبەستکرد.

من + یان (ئەوان کەسی سێیەمی کۆ) + کار. (ئەوان/ یان) کارەکەیان کردووە، (من) کارێکم بەسەردا سەپێنراوە، کە ئارەووی منی تێدا نییە. (هەواڵە).

# یەکیان پڕیدایە خوشکم.

یەکێک، نیشانە و ئاماژەیە بۆ (کەسێک، واتە یەک کەس لەناو کۆمەڵێک خەڵکی دیکە، یان زیاتر لە کەسێک) کارێکی کراوە. (قسەکەر، قسەکان دەگێڕێتەوە). (خوشکم) پێکهاتووە لە (خوشک + م/ جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک). (قسەکەر لەم ڕستەدا (من)ە، باسی (ئەوان دەکات و بەدیاریکراوی لەناو ئەوانیشدا ئاماژە بە یەکێکیان دەکات، یەک کەسیان (ئەو)، کە پڕیداوەتە (خوشک/ ئەو) واتە خوشکەکە بۆ (من/ م) دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەواتای (هی ئەو، تایبەتمەندییەکی تێدایە).

# ئەوە دەڵێی قسەی کەسێک دەگێڕێتەوە!

(ئەوە) ئاماژەیە بۆ نیشاندانی دۆخێک، ساتێک، بارێک. واتە (ئەو/ی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک)ە لەم ڕستەیەدا (سێ) لەدۆخی قسەکردن دان، یان لای کەمەوە دووانیان لەکاتی ئاماژە و گێڕانەوەی قسەکەدا قسە دەکەن، کەسەکان لەیەکتر نزیک نین، بەڵام قسەکەری یەکەم دەڵێت (ئەو) قسەی (کەسێکی نادیار) دەگێڕێتەوە. (ئەو) قسەی قسەکەری سێیەم (کەسێک) کە نەناسراوە (ێک) دەگێڕێتەوە.

ئەوەی قسە بۆ ئێمە دەکات، ئاماژە بەدۆخی گومانکردن لەگێڕانەوەی (ئەو) بۆ قسەی (کەسێک) دیکە دەکات. شوێنی (قسەکەری یەکەم و ئاماژە بۆ ئەو لێک دوورە). (قسەکەری یەکەم) لەدوورەوە (ئەو دەبینێت و گومان دەکات قسە لەبارەی قسەی یەکێکی دیکە بکات)، (دیار نییە کەسێک قسەی کردووە، یان نا) بەڵام بەپێی پێشگریمانەی قسەکەر، دیارە دڵنیایە کە (کەسێک) قسەی کردووە، بۆیە (ئەو) قسەکانی ئەو دەگێڕێتەوە. بەکورتی (من دەڵێم ڕەنگە ئەو، قسەکانی ئەو بگێڕێتەوە).
ئەمەش وەکو بنەمای هاریکاری چۆنیەتی، ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە (یەکێک دەربارەی یەکێکی دیکە قسەدەکات، کە ئەویش خەریکی گێڕانەوەی قسەکانی یەکێکی دیکەیە). واتە لەنێو ئەم هەموو ئاماژانەدا، قسەکەر/ دەقنووس هاریکاری ئەوەمان دەکات و زانیاری پێویستمان لەبارەی ئەو کەسانە پێ دەدات، کە زانیاری ڕاستن و لەچوارچێوەی پێویستیش دەرناچن.

# ئەو کچە دین بووە.

(ئەو) نیشانە ئاماژەیە (کچ ) ناوە، (بوو)، نیشانەی کاتی ڕابردووی تەواوە. یەکێک باسی (کچ)ێکمان بۆ دەکات، کە بە شێت وەسفی دەکات. لای ئێمەش مەسەلە بەم جۆرەی لێدێت (دەقنووس) باسی (ئەو) دەکات، کە (ئەو)یش باسی (کچ)ەکە دەکات.

# من زوو لەو تێگەیشتم و بە قسەم کرد.

(من / م) دوو نیشانەن بۆ کەسێک. (لەو/ واتە لە ئەو) کەسی سێیەمی تاک. کاتێک دەڵێت (بەقسەم کرد) ئەگەر بەتەنیا بێت ولە ڕستەی پێشە خۆی، یان دەربڕینەکەی پێەخۆی دابڕین، نازانین (باسی) کێ دەکات، کە ئامۆژگاری کردووە و ئەویش بەقسەی کردووە. لێرەدا (من) قسە دەکات، باسی (ئەو) دەکات.

# ئەگەر بەقسەی  پیری چل چلەیان کردبا، ئێزیدی بۆ وایان بەسەر دەهات...

قسەکەر باسی دوو گروپی خەڵک دەکات. ئەوەی قسەکە دەکات، دیارنییە کێیە، بەڵام پێ دەچێت کەسێکی ئاگادار و نزیکی ڕووداوەکان و ئێزدیەکان و پیری چل چلەیە شتەکان باس دەکات. گرنگ دەڵێت (یان/ ئەوان) بە قسەی (ی/ ئەو)یان بکرابایە، ئەوەی قەوما نەدەقەوما. (ئێزیدی، ناوی گروپێکە)، (یان/ کەسی سێیەمی کۆیە، ئەمەش هەر بۆ ئێزیدی) دەگەڕێتەوە.
ئێمە دەزانین لەهەر ڕستە و ئاخاوتن و گوتنێکدا نیشانە کەسییەکان بەکاردێت، بەکارهێنانەکانیش (دۆخ و پلە و ئەرک و شێوە و جۆری) جیاوازیان هەیە. ئێمە ناتوانین یەک بەیەکی ڕستەکانی نێو دەقی ڕۆمانەکە شی بکەینەوە، ئەوەمان هەر تەنیا وەکو چەند نموونەیەک بەکارهێناوە.

### ٢-١٣-٢ نیشانەی کاتی:

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کاتێک هەیە، کە قسەر بەکاری دەهێنێت، لەکاتی ئاخاوتندا، واتە ئەو چرکە ساتەی قسەی تێدا دەکرێت و وەرگر گوێی لێ دەبێت، ساتی ڕووداونی کردەی قسەکردن تێیدایە، ئەمە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە و پەیوستە بەدەوروبەری بەکارهێنانی کاتەکە. ئەو کاتەی، کە بریتییە لەکاتی بەسەرهاتەکان، واتا ئەو کاتەی لەڕابردوو شتەکان تێیدا ڕوویانداوە، پەیوەستە بەکردەی گێڕانەوە، دوور نییە دەقنووس، یان قسەکەری نێو دەقەکە وەسفی کاتەکانیش بکەن، ئەمانە نیشانەی ئاماژەیی پراگماتیکن و کاریگەرییان لەنێو دەقدا هەیە، یان باسی داهاتوو دەکرێت، وەکو هزر و تێڕوانین و چاوەڕوانی.

کاتێکی سێیەمیش هەیە، کە دەوروبەری ئەم جۆرە ئاخاوتنەوەیە و لەپێویستییەکانی دەژمێردرێت، ئەویش کاتی دەوروبەرە. بیریش بۆ ئەوە دەچێت، کە قسەمان لەبارەی ئەم کاتەوە بێت، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەشتێکی نازمانییەوە بەستراوە، لەدەوروبەرەوە بۆمان زیاد دەکرێت، بەڵام ئەو دەوروبەرەی لەم بوارە پراگماتیکییەی ئاخاوتندا مەبەستمانە، ئەوە دەبێت، کە بریتییە لەبنیاتێکی زمانی و کۆمەڵێک پەیوەندیی، کە ئاخاوتن خۆی تیایدا خاڵی دەکاتەوە. بەپێی ئەم واتایەش کات شێوەیەکی زمانییە و ئاخاوتن دەیخولقێنێت لەپێناوی ئەوەی، کە دەیڵێت، نەک لەچی دەدوێت. لەبەر ئەوە

ئەم کاتی سێیەمەش وەکو یەکەمیان، کاتێکە لەدەوری ئاخاوتنەکەیە و تایبەتێتییەکی پێ دەدات، بەوەی دەوروبەرەکە و لەبنیاتناندا وەکو واتا هاوبەشی دەکات. (هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلیژزی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٣).

# کەژێ و گوڵەشلێرە مانەوە، دوای چۆلبوون. (ئەمە ئاماژەی بەکات، کە مانەوە، واتە کاتێک لەوێ بەسەر دەبەن)
# یەکپێ هەستا. (واتە یەکسەر، بێ دواکەتن و بەخێرایی و لەهەمان کاتدا).
# بەپرتاو پێڵاوی لەپێ کرد. (بەخێرایی).
# جەند جارێ کەوت و هەستایەوە. (نیشانی دەدات، چەند کاتێکی پێچووە لەم کەوتن و هەستانەوەدا).
# فڕی، کەزی زەر فڕی، بگەنێ. (ئاماژەیە بەکاتی فڕین، پێ دەچێت نە نزیک بێت، نە دوور لەڕووی شوێنەوە، بەڵام کاتی ڕوودانەکە هەمان کاتی قسەکردنەکەیە، ڕووداوەکە هەمان کاتی قسەکردنە (ئێستا) ڕوویداوە.
# کاکە، واز لەو نوێژی سبەینانە بێنە، وەک من لە دەمی تاوکەوتنێ بیکە، باشە وات بەسەر هات. (لەم دەربڕینەدا چەند کاتێک هەیە. یەکەم: نوێژی سبەینێ. دووەم: دەمی تاوکەوتنێ. کاتی قسەکردنی قسەکەر، لەداوای لێ دەکات واز لەو نوێژ کردنە بهێنێت).

# شەو داهات و چوونە تاریکایی ئەشکەفتەوە.(شەو ئاماژەی بەکات، تاریکایش جۆرێکە لەئامارژەدان بەکاتێک کە شوێنەکەی تاریکە.)

#سبەی دەچینەوە، ئاوەدانی. (سبەی، دەچینەوە هەردووکیان ئامارژە بەکاتی داهاتوو).

# سبەی زوو بەڕێدەکەوین. (سبەی، زوو، بەڕێ دەکەوین، هەر سێ دۆخەکە کاتیەکە، پەیوەندییان بە داهاتووەوە هەیە و ئامارژەن بۆ کاتێک کە هێشتا نەهاتووە، یان شتەکەی تێدا ڕوونەداوە).

# هەر وەکو ڕۆژانە و ئەو بەرە بەیانەی پێوە دیار نییە. (ڕۆژانە، بەرە بەیان).

# تاو کەوتووە، کاتی نوێژی وان هاتووە. (تاوکەتووە، کاتی نوێژ، هاتووە، نیشانەی کاتیان تێدایە).

# کەم کشایەوە، پاش کەمێ ئاوڕی لێدایەوە... دیسان ڕووی خۆی وەرگێڕا، گازیکرد. (پاش کەمێ، دیسان، لەنێو (ئاوڕدانەوە و وەرگێرا و گازیکردیش کات بەشێوەیەکی نادیار هەیە. چونکە لەنیو کاتێکدا (ئاوڕی داوەتەوە وگازیکردووە و ڕووی وەرگێراوە).

# دنیا تەواو ڕووناکبۆتەوە. (رووناک بۆوە، پەیوەندی بەکاتەوە هەیە).

# بە ئاگایدەهێنێتەوە و نایەلێ نوێژی بچێ. (بەئاگا لەکاتێکدا ڕوودەدات، نوێژی بچێت، دیسان ئەمەش پەیوەندی بەکاتەوە هەیە).

# سەری هەڵبڕی ڕۆژ لەسەر ئاوابوونە. (وەسفی کاتە)

# پەلەی نییە. (پەیوەندی بەکاتەوە هەیە، کاتی نییە).

# دنیا لەسەر تاریک بوونە. (باسی کاتێک دەکات، بەپێوەری سروشتی).

# پاش کەمێ بڕیارمدا. (پاش پێوانەیەکە بۆ کات، کەمێ بەهەمان شێوە پێوانەیەکی دیکە بۆ کات).

# تەواو، بیست ساڵ تەواو.. (ژمارەی ساڵ، ژمارەی کاتژمێر، ژمارەی ڕۆژ.. تاد) پەیوەندییان بە کاتەوە هەیە.

# کەژێ تێگەیشت، پیری چل چلە، بیست ساڵ و هەر ساڵێ چل ڕۆژ لە زستان و چل ڕۆژ لە هاوین بە ڕۆژوو بووە. ( کەی تێگەیشت، بەجۆرێک لەجۆرەکان واتایەکی کاتی تێدایە. بیست ساڵ، چل ڕۆژ، زنستان، ڕۆژ، هاوین، بەڕۆژوو، بوو) هەرهەموویان بەڕاستەوخۆیی، یان ناڕاستەوخۆیی پەیوەندییان بەکاتەوە هەیە، بۆ نموونە (بوو) واتای کاتی ڕابردوو دەگەیەنێت.

# ئەو ڕۆژەی داعشیش شنگالی ئەنفال کرد. (ڕۆژ)، واتە (ئەو کاتەی).

# چەند جغارەخۆرێ. (ئەمەش وەسفە بۆ کاتێکی کورت).

# دوای هەواڵەکە، یەکسەر.. (دوای، یەکسەر) هەردووکیان باس لە کات دەکەن، لەنێو هەواڵیشدا کات و ئامارژەی کات و بوونی کات هەیە.

# لەوەتەی هەیە. (لەوەتە، جۆرێکی دیکە لەئامارژەکردن بەکات).

# دوای ماوەیێ. (ئەمەشیان هەر ئامارژەیە بۆ پێوانەکردنی کات).

# تا دوایان بڕا. (واتە کۆتاییان هات).

# دەمێ. (ئەمەش باسی کاتێکی کورت دەکات).
# لەو سەر و بەندە. (لەو کات و دەمەدا).
# لەکژە لە ئامیزی دەردێنێ. (لەگژە کاتی مژول بوون و کارکردنە).
# تاوێکی باش گریا. (تاو، واتە ماوەیەک).
# ئاخر هەینێ ترک کەم بوون. (هەینێ واتە ئەو کات و سەردەم).
# لەدوای هەڵاتن و ئاوابوونی ئۆسمانی و هاتن و هەڵهاتنی دەوڵەتی عارەبی لەعێراقێ. (لەدوای ئامازەیە بۆ کات، واتە سەردەمی دوای. هەڵاتن و ئاوبوونیش ڕەگەزی کاتیان تێدایە).
# تیشک و کەژێ پێکڤە گەیشتنە سەر تاشەبەردەکانی بەری ڕۆژی چل مێرا، چ ڕۆژێ بە وێنەی ئەوڕۆ، بلەز نەبوو... (گەیشتن، ئامازەیە بە کات، (بەری) واتە کاتی پێش ئەو شتە دەکات، (چ ڕۆژێ بەوێنەی ئەوڕۆ) هیچ (کاتێک لەوێنەی کاتی ئێستا) نیشان دەدات، (بلەز/ واتە خێرا، ئەمەش هەر پەیوەندی بەجووڵەو ڕۆیشتنی کاتەوە هەیە، (نەبوو) ئەمەش ڕەگەزی کاتی بەنەفی تێدایە.
# نایەوێ ... بەجێبێلێ. (لەم دەربڕینەدا کاتی ئاشکرا بەدی ناکرێت، بەڵام هەر کاتێک یەکێک باسی شتێک بکات، کە پەیوەندی بەنەویستنەوە هەبێت، ڕێگەیەکی بەکاتەوە بەستراوەتەوە. بۆ نموونە (کاتی نەویستنەکەی، یان دەربڕینی ئەو نەویستنەی کەی بووە). بۆ (بەجێبێلێ) هەمان شتە، (چ کاتێک بەجێبێلێ)، یان (کاتی بڕیاردەکەی بۆ جێبێلێ) کەیە؟.

# لەکۆتایی بێزار بوون. (لێرەدا بەئاشکرا بە سنووری کاتەکە دێت).
# بە لێو جوولان و گریان تێگەیشت سەربردەی ئێزدیان دەگێڕێتەوە. (کاتێکی پێویستە بۆ جووڵاندنی لێو و گریان، هەروەها کاتێکیشی پێویستە بۆ تێگەیشتن، ئینجا گێڕانەوە پەیوەندیی توندی بە کاتەوە هەیە).
# گۆت، بوو، هات، نییە. (ئەم چوار دەربڕینە لەنێو کاتدا نەبن دەمردن، واتە (گۆت) بەشێکە لەهەناسەدانی نێو کات، (بوو)ش پڕاوپڕە لەکاتێکی تەواو ڕابردوو، یان تەواو بوو. (هات)یش بەهەمان شێوە دەبێت بەنێو کاتدا تێپەڕێت، بەهێز و دەسەڵاتی کات دێت. (نییە)ش ناتوانێت بێ کات هیچ بڕیار و کردارێک بۆ ڕەتکردنەوە ئەنجام بدات.
# بێژە. دەربڕینێکە قسەکەر بە گوێگرەکەی دەڵێت (ئێستا) کاری بێژە ئەنجام بدە، قسەکەر لەئێستا قسەدەکات، وەڵامەکەی وەکو فەرمان هەر لەئێستا دەوێتەوە.
# لەو ساتە دەنگی ڕادیۆ نەما. (لەو ساتەدا، پەیوەندی بە کاتی دیاریکراو و سنوورداری ئەنجامدانی ئەو کارەوە هەیە، کە قسەکەر داوای دەکات، یان قسەکەر مەزەندەی دەکات، یان پێویستیەتی، یان بڕیار و حکومی تێدا دەدات).
# دەداتەوە، دەبات، دەهێنێت. (لەم سێ دەربڕینە واتادارەشدا، ڕەگەزی کار بەدی دەکرێت. کەی ئەو شتەی دەداتەوە؟، واتە مەسەلەی دانەوەی شتەکە پەیوەندی بەکاتەوە هەیە و قسەکەر ئاماژە بەوە دەکات، وەرگر چ کاتێک کردەی (دەداتەوە) ڕادەپەڕێنێت. (دەبات)یش هەر وایە، کەی کارەکەی، نانەکەی،

ماڵەکەی، سەیارەکەی دەبات، یان بەتامەیە بیبات، یان بردوویەتی. لێرەدا بەڕوونی ڕۆڵی کاتمان لەم گوتنە بۆ بەدیار دەکەوێت. (دەهێنێت)یش هەمان بواری هەیە، هێنان لەدەرەوەی کاتدا تووشی ئیفلیج بوون دەبێت.

# لەبەرد ەمی ڕاوەستاوە (ئیستا، کاتی قسەکردن کەسێک لەبەردەمی کەسێکی دیکە دەوەستێت، واتا کردەکە لەکاتی ئاخاوتندا بووە).

# ئەز ئێزیدیمە، ئەز ئێ زی دی مە. (لەم گوتنەدا کاتمان بەشێوەیەکی پچڕ پچر بۆ دەردەکەوێت. لەجاری یەکەمدا بە یەکە دەربڕین و لەیەک کاتی بەیەکەوە بەستراو قسەکەی کردووە، کەچی لەجارەی دووەمدا پیتەکانی بەپچڕ پچڕی گوتووە، واتە کاتی قسەکردنەکەشی پچڕ پچر بووە.

# ئەز ئ ی ز ی دی م ە.

ئامارژەمان پێکرد، بەهۆی پچڕانی پیتەکانەوە، کە لەزاری قسەکەرەوە دەردەچێت، دۆخی دەربڕینی سەربڕاوەکە وێنادەکاتەوە، ئەمجارە (کاتەی دەربڕینەکەی هەندێک لەگوتنی یەکەم و دووەم جیاوازترە، چونکە لێک داپچڕانی پیتەکان زۆرتر و درێژتر کراوەتەوە، ئەمەش بەپێویستی بە وزەی زۆرتر و کاتی پتر هەیە، بۆ گەیاندنی وشەکان. چ لەتەرخانکردنی کات بۆ وێناکردنەوەی ئەو وێنەیەی لەکاتی ڕووداوەکەوە بینی، چ لەکاتی گێڕانەوە قسەکانی خۆیدا دەری دەبڕێت. واتە قسەکەر

قسەی کەسێک دەگێڕێتەوە، بۆ گوێگرەکان. ئەمەش هەمووی پەیوەندی بەوزە هەیە و وزەش پێویستی بەکات هەیە، بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک.

# تا حەفتان دەژمێرم، یان شادە هێنان... ( لێرەدا ژمارە وەکو کات بەکارهێنراوە، واتە کاتی داوەتێ، بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و بڕیار بدات. (شەهادە هێنان) بەواتای پێدانی کاتێکی دوورودرێژ دێت، کوشتنیش بەواتای کۆتایی پێهێنانی کات و وەستاندنی کات دێت.).

# هی نیوەڕۆ بکە و بەدەنگی بەرزیشەوە. (نیوەڕۆ ئاماژە بەکاتێکی سروشتی، بەپێی کاتەکانی نوێژ، یان بەپێی کاتی دەرکوتن و ڕۆیشتن و ئاوابوونی ڕۆژ دیار دەکرێت، دەنگی بەرزیش بەناڕاستەوخۆیی ئاماژەی کاتی تێدایە. چونکە قسەکردن بەبەرزی پێویستی بەوزە و کاتی پێویست بۆ گەیاندنی زانیارییەکە دێت). (قسەکەر کات بەگوێگرەکەی دەدات نوێژێک بەدەنگێکی بەرز بکات. واتە بڕێک کاتی پێداوە، کە بریتییە لە ماوەی ئەنجامدانی کاتی نوێژکردن.

# نوێژم دابەست، چوار رکاتم بە دەنگی بەرز خوێند. (ئەنجامدانی هەر کارێک، پێویستە لەنێو کاتێکدا بەڕێوەبچێت، بەواتایەکی دیکە هیچ کارێک لەدەرەوەی کات ئەنجام نادرێت، بۆ نموونە نوێژم کرد، واتە کاتێک بۆ ئەنجامدانی نوێژکردنەکە تەرخانکراوە، ئەمەش واتای ئەوەیە ئامارژەیەکی واتایی و ناڕاستەوخۆی کات لەدەربڕینەکەدا هەیە. ئینجا کاتێک (بەدەنگی بەرز دەخوێنێت)، واتا پێویستی بەوزەی زۆرتر و کاتی

پتر و وردیی و بەوردی خوێندنی نوێژەکەی هەیە، بۆ ئەوەی هیچ هەڵەیەکی زەق ئەنجام نەدات. (نوێژ کردن لەکاتی ترسدا) بەدوو شێوە ئەنجام دەدرێت (یەکەم بەخێرایی بەواتای ئەوەی کاتێکی کەمتری بۆ تەرخان دەکرێت. دووەمیان درێژکردنەوە کاتی نوێژ کردنەوەیە، یان دووبارەکردنەوەیەتی بەهۆی هەڵە، یان نزاو پاڕانەوەی پتر. سێیەم دۆخی ئەو نوێژکردنەیە، کە لەنێو ئەم دەقەدا بەشێوەیەکی نادیار ئاماژەی بۆ کراوە، گوێگری نێو ڕووداوەکان، کە دەبێتەوە قسەکەری نێو ئەم دەقەش لەژێر هەڕەشە و فشاری دەروونی دایە، داوای لێ دەکەن بۆ تاقی کردنەوە لەنێوان ژیان و مردن نوێژێک بکات، بەدەنگی بەرزیش بیکات، بۆ ئەوەی قسەکەر بزانێت، ئەو کەسە نوێژ دەزانێت و سەر بە چ ئایینێکە. لەم دۆخەدا لەبیر دەکرێت (کات بژمێردرێت، درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆلی کەسی گوێگری ڕاپەڕێنەری نوێژەکە نامێنێت، کات ئاڵۆزە، وەکو ئاڵۆزی دەروونی).

# بیری نەکەوەتەوە. (لەم دەربڕینەشدا بەشێوەیەکی دیکە ئامازەی کاتی تیدایە، ئەویش بیرهێنانەوەیە، بیرهێنانەوە، راپەڕاندنی کارێکە کە پەیوەستە بەکاتی قسەکردن و ئاگادار کردنەوەکە، بەڵام دەربارەی کاتێکی دیکەی نادیار، نازنرێت چەند بووە و چەند درێژەی کێشاوە، کاتی ڕووداوەکە کەی بووە).

# لەگەڵ سەی سپی جمکن. (تەمەن، هاو تەمەنی، لێرەدا ئامازە بە جمکی کراوە، کە واتای یەک تەمەن دەگەیەنێت).

# هەتا هەتایێ. (کاتێکی بێ کۆتایی، بێ سنوور دەگرێتەوە).

لەم دەقەدا دەکرێت ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆرتر لە نیشانەکانی (کات) بکەین، چونکە هیچ دەربڕینێک، کە پێویستی بە بەکارهێنانی وزە هەیە، بێ کات و ڕەچاوکردنی کات ناتوانرێت ئەنجام بدرێت. هەروەها دەقنووس ژمارەیەکی وشەی واتایی، فرە ڕەهەندی دەربارەی ئاماژە بۆ نیشانەکانی کات بەکارهێناوە، ئەویش پەیوەستە بەفەرهەنگی زمان و فرە وشەیی لەگەیاندنی واتای کات.

سەرباری ئەوەش لەسەر زاری خەڵکدا، ژمارەیەک ئاماژەی (کۆمەڵایەتی و سروشتی) بۆ کات کردووە لە (کاتی نوێژ، ڕۆژهەڵات، تاریکبوون، ڕۆژئاوا.. ). ئەمانەش هەموویان بەواتای دەوڵەمەندی و شارەزایی لەبەکارهێنانی زاراوە هەمەجۆرەکانی کات دێت.

لەپێناو کورتکردنەوەی بابەتەکە، ئاماژەمان بەهەموو وشە و دەستەواژەکانی تایبەت بەکات، یان بوونی کات بەشێوەیەکی واتایی و زهنی و نادیار لەنێو وشە و کار و دەربڕینەکاندا نەکردووە، چونکە لەهەموو، یان زۆربەی کارەکاندا، وزە هەیە، وزەش پێویستی بەکات دەبێت، بۆ جێبەجێکردن و ڕاپەراندنی هەر قسەکردن و گوێگرتنێک، کە لەنێوان (قسەکەر و گوێگردا)، پێویستمان بەکات و دەرفەتی زۆرتر دەبێت، بۆ ئاماژەکردن بەهەموو دیاردەکانی کات، لەنێو دەقدا، ئەمانەی سەرەوەمان هەر تەنیا وەکو چەند نموونەیەک بەکارهێناوە.

**٣-١٣-٣ نیشانەی شوێن:**

ئەو كەرەستە زمانی و نازمانییەی نیشانەكانە، كە بەشێوازێكی خشكەیی دەربڕینانە، یاخود بەڕاشكاوانە لەكردەی گەیاندندا لەژێر بار و یارمەتی دەوروبەر و ئاخاوتن دەبنە هێما و نیشانە بۆ گەیاندنی چەمكی ئەو شوێنەی، كە قسەكەر مەبەستێتی بیگەیەنێت. (قەیس كاكل تۆفیق، ، ١٩٩٥، ٤٠).

شوێنەكان بەم شێوەیە دیاركراون:
شوێنی نزیك لەقسەكەر
شوێنی نزیك لەگوێگر.
شوێنی نزیك لەجەماوەر.
شوێنی نزیك لەكەسێك، كە هیچ كام لەخاڵەكانی پێشوو ناگرێتەوە. (ئاڤێستا مەحمود،٢٠٠٩، ٣٤).

# ژن توند بە خۆیەوە نووساندووە و نایداتێ. (ئێمە هیچ ئامارەیەكی شوێن نابینین، بەڵام (بەخۆیەوە نووساندووە، بریتییە لەشوێن، واتە جەستەی ئەو بۆتە شوێنێك بۆ پاراستنی كەسێكی دیكە. شوێنەكە نزیكە لەو كەسەی ئامارەی بۆ دەكرێت، واتە ئامارەیە بۆ ژنەكە، بەڵام مەرج نییە شوێنی قسەكردنەكە بێت، بەڵام شوێنەكە بە جەستەی ژنەكەوە نووستاوە). مەبەستم ئەوەیە بڵێم (شوێنەكە جەستەیە، شوێنێكی دەروونی و زهنیی و پڕە لەسۆز، چەند ئاراستە و

پێگەیەکی جیاوازی هەیە لەنێوان (قسەکەر و گوێگر و کەسی ئاماژە بۆکراو، یان بابەتی نێو باسەکە).

# لەئامێزیان ڕاپسکاند. (ئامێز شوێنە، بەڵام بریتییە بەشێک لەجەستەی مرۆڤ).

# هەوکی گیرا.. ریز ریز ڕۆندکانی باراند. (هەوک بەشێکە لەشوێنێکی جەستە، گیراوە. واتە شوێنەکە بچووکە و پڕ بۆتەوە. باراندی ڕۆندک لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچێت، هەروەها ڕۆندکەکە بەشوێنێکیشدا تێ دەپەڕێت).

# لەوەی تەنیشم پرسی. (ئەم شوێنە نزیکە لەقسەکەر و گوێگر. ئەو شوێنەی قسەکەر قسەی تێدا دەکات بریتییە لە (تەنیشت ئەو کەسەی گوێگریەتی، واتە قسەکەر و گوێگر زۆر زۆر لێک نزیکن و ڕەنگە بەیەکەوە نووسابن).

# کەژێ لەشوێنی خۆی، لەبن درەختەکە. (ئاماژەی خۆیی بەشوێنی کەژێ کراوە، کە بن دارەکەیە. واتە ئەم کەسەی ئاماژەی بۆکراوە، شوێنێکی تایبەتی هەیە، بەردەوام لەو شوێنە دەبینرێت، شوێنی دانیشتن و بیرکردنەوە و بینین و دەرکەوتن و بەیەکگەیشتن و قسەکرنەکانیەتی... تاد. بە واتایەکی دیکەش لێکدەدرێتەوە (لەشوێنی خۆی) واتە لەو شوێنەی لەکاتی قسەکردندا دەبینرێت. شوێنەکە لە بۆ قسەکەر هەندێک دوورە، ڕەنگە تا رادەیەکی باش دوور بێت، بەڵام بەچاو دەبینرێت قسەکەر بەئاماژە بن دارەکە دیار دەخات).

# چەکدارێ هاتە لامان. (ئەمە شوێنێکی نزیکە لەشوێنی قسەکەر، بەو واتایە چەکدارێک، لەشوێنێکی دوور لەقسەکەر،

دێتە لای قسەکەر. هات واتای گواستنەوە لەشوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە دەگەیەنێت).

# وەرن کەزی زەر لێرەیە. (داوا، یان فەرمان بە (ئەوان) دەکات لەوێوە، لەشوێنێکی هەندێک دوورتر لەچەقی شوێنی قسەکردنی قسەکەر، بێتە (ئێرە، چونکە کەسەکە لێرەیە. واتە جووڵە لەشوێنێکی هەندێک دوور، بۆ شوێنی قسەکردن. (وەرن ئاماژەیە بۆ ئەوێ ، لێرەیە، ئامازەیە بۆ ئێرە). (گوێگر هەندێک لە قسەکەر دوور، بەڵام قسەکەر، لێرە، لەچەقی شوێنەکە قسە دەکات، کە ئامازەی پێکراوە بۆ هاتنی ئەوان بۆ ئەو شوێنە نوێیە).

# ئێستا لە بن دیوارێکین.. نازام چ کۆڵان و گوندێکە، لەسەرە کۆڵانێ ئەو سەری، هەندێ چەکدار سێ ژنیان بە پێش خۆ داوە. ژنێکیان زارۆیەکی بە ئامێزەوە بوو. (لە بڕگە نووسینەدا بەچەند جۆرێک ئامازە بەبوونی نیشانەکانی شوێن کراوە، لەوانە "بن دیوار، کۆڵان، گوند، سەری کۆڵان، ئەو سەری، پێش خۆ، ئامێز"، ئەمانە هەر هەموویان ئامازەن بۆ نیشانەی شوێن. قسەکەر لەبن دیوارەکەوە قسە دەکات و شتەکان دەبینێت و دەگێڕێتەوە. لە هەندێک جێگادا شوێنەکە نزیکە، یان لەنێو چەقی شوێنەکەدا قسە دەکات، هەندێک جێگاش دوورە لەشوێنی قسەکەرەکەوە).

# شەوە، لەشوێنێکین نازانم کوێیە. (لەشوێنێکین، ئامازەیەکی ئاشکرا و دیارە بۆ شوێنێکی نادیار، ئینجا کە دەڵێت (نازانم کوێیە)، واتای ئەوەیە لەشوێنێکەوە قسەکەر قسە دەکات، کە دیار نییە، نازانێت کوێیە، شوێنێکی نەناسراوە. لەهەمان کاتدا

لەنێو کاتیشدا شوێنێک دیاریکراوە کە (شەوە). شوێنی کات لەناو کاتەکە دیاردەخات).
بۆیە ئێمە هەر کاتێک بمانەوێت لێکۆڵینەوەی لەشوێنی نێو دەق بکەین، پێویستە وریا بین، چونکە لەنێو خودی کاتیشدا (شوێنکات) هەیە، لەنێو شوێنیشدا (کاتشوێن) هەیە، لەنێو جەستە و بیر و مێشک و دڵ و تەنیا لەنێو بۆشایشی بێ سوێنیشدا شوێن هەیە.
# بەدیارییەوە دانیشت. (دانیشتن، پەیوەنیی بەشوێن هەیە و ئامازەیە بۆ نیشانەیەکی واتایی شوێنەوە، لەدیاریش، بەهەمان شێوە پەیوەندی بەشوێنەوە هەیە، قسەکەر زۆر نزیکە لە گوێگرەکەی).
# سێ چوار چەکدار وەژورێ کەوتن. (وەژورێ کەوتن، ئامازەیە بۆ هاتنە نێو شوێنێک کە نزیک، یان شوێنی قسەکەرەکەیە، ئەویش نێو ژوورەکەیە، بەواتایەکی دیکە سێ چەکدار لە(دەرەوە) دێنە (ژورەوە). هیچ وەسفێکی شوێنەکەی تێدانییە، تەنیا ئەوە نەبێت، هەندێک چەکدار لەشوێنێک بەرەو شوێنێکی دیکە دێن. شوێنەکە نزیکە لەقسەکەر، بەڵام شوێنی هاتنی چەکدارەکان دوورە لەقسەکەر).
# چاوی لەجێی چاوی ئەوانە. (جێ، لەم دەربڕینەدا بەواتای شوێن دێت. چاو بەشێکە لەشوێنێکی مرۆڤ، شوێنەکە لەشوێنی قسەکەر دوورە. ئەو، کە بە نیشانەی جێناوی (ی) کەسی سێیەمی تاک ئامازەی بۆ کراوە، لەشوێنێکەوە وەستاوە، سەیری شوێنێکی دیکە دەکات، ئەم کردەیە لەشوێنێک بە بەشێک لەشوێنێکی جەستەی (چاو) ئەنجام دەدات. (ئەوان) لەشوێنیکی

نادیارن، بەبەشێک لەجەستەیان، جەستە (چاویان) سەیری شوێنێکی دوورتر لەخۆیان دەکەن. مەسەلەکە بەمجۆرەیە (ئەو لەشوێنێکەوە/ دوورە، سەیری شوێنی بینینی ئەوان دەکات، کە ئەوان لەشوێنێکی دوور لە (ئەو) و قسەکەر وەستاون و سەیری شوێنێکی دوور لەخۆیان دەکەن.) کاتێک دیقەت لەپرۆسەی بەکارهێنانی شوێن، شوێن بەهەموو ئاراستە و پێکهاتەکانییەوە دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت لە نێو ئەدەب و گوتاری دەقدا (شوێن) پلە و پایە و دەسەڵاتێکی بەهێز و کاریگەری بۆ گەیاندنی مەبەست، یان وەسفکردنی دۆخەکان و نیشاندانی خواستی قسەکردن هەیە.

# شتی لەسیمای بخوێنێتەوە. (سیما بەشێکە لە شوێن لەنێو جەستەدا. گوێگر لەقسەکەر نزیکە، بەڵام (ئەو) هەندێک لە قسەکەر و گوێگر دوورە).

# کریڤۆ چاوی کردەوە، کەزی زەر نەمابوو. (لەم گوتنەدا شوێنێک هەیە، کە کریڤۆی تێدایە، چاوی دەکاتەوە، واتە بەشێک لە جەستەی بەکاردەهێنێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێت زەوی بۆ خانوو کردن و کێڵان بەکاربهێنێت، بەهەمان شێوە دەتوانێت بەشێکی لەشی وەکو شوێن بەکاربهێنێت. (نەمابوو)، ئەمە ڕێک ئەوەمان پێ دەڵێت لەو (شوێنە) نەمابوو. لەکاتێکدا لەڕووی (فۆرم)ەوە، وشەی (نەمابوو) هیچ پەیوەندییەکی فیزیکی بەشوێنەوە نییە، بەڵام لەڕووی واتایی و وێناکردنی زهنییەوە، ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆیە بە (شوێن).

# سە سپی لەو واقووڕماوتر چاوی بڕیوەتە دوندی بێ کچ. (دوند شوێنە، شوێنێکی فیزیکی، دوورە لە قسەکەر).

# کچە کەزی لێرەش نییە. (لێرەش بەواتای (ئێرە) دێت، بەڵام (ش) بەواتای بەراورد و جەختکردنەوە و ڕاگەیاندنی هەواڵێکە. واتا قسەکەر لەشوێنی قسەکردنەوە جەخت لەنەبوونی (کچە کەزی) دەکاتەوە، بەلام ئەو بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانی قسەکەی، ئەوە نیشان دەدات، کە لەشوێنی دیکەشدا نەبووە. واتە نەلێرە و نە لەشوێنەکەی دیکەشدا نەبووە. (ئاماژە ڕاستەوخۆیەکە نزیکە لەقسەکەر و گوێگر، بەڵام ئاماژە پێ نەکراوە نادیارەکە، دوورە لە قسەکەر و گوێگر).

# دوای چۆلبوون، لە گۆماوەکەی خوار کانیەکە خۆیانی پشیلە شۆر کرد. (چۆلبوون، بە واتای شوێنێک دێت، کە خەڵکەکە بەجێیان هێشتووە، کەسی لێ نەماوە. (گۆماو) شوێنە، (خوار) مەبەستی ئاماژەیە بۆ هەڵکەوتەی شوێنەکە، (کانیەکە) شوێنێکی دیاریکراوە. (خۆیان) واتە (لاشەی) خۆیان شوشت، شوێنێک، یان هەموو شوێنی جەستەیان شووشتوە. (شوێنەکە دوورە لە قسەکەر و نابینرێت).

# لەدەو کانی تەواوێ دانیشتن. (لەدەو، ئاماژەیە بە شوێنێک، کە دەکاتە دەوروبەری شوێنێک. (کانی)یش شوێنە، دانیشتنیش ئەنجام دانی کردەیەکە لە شوێنێک، لەسەر شوێنێک، یان لەنێو شوێنێک دانیشتوون).

# هەڵاتن، هەڵاتم، بە ڕێی زارۆی باڵگرتوودا هاتم، ئەو بەڕێی ئاسماندا و من بەڕێی زەویدا.. ئەگەر ڕێم هەڵەکردبا، سەرم هەڵدەبڕی.. (لەم دەربڕین و گوتنەدا ژمارەیەک ئاماژە بە نیشانەی شوێن کراوە، لەوانە ( ڕێ، باڵ، ئاسمان، زەوی، سەر). لەتەک ئەوەشدا لە کاری ( هەڵاتن و هەڵاتم)دا شوێن هەیە،

ئەوان لەشوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دیکە جوولاون. (باڵگرتوو) لەنێو شوێنێکدا کە بۆشایی ئاسمانە دەفڕێت. (سەرم هەڵبڕی) واتە سەری لەدۆخێک و لەشوێنێک بەرەو شوێنێکی دیکە جوولاندووە).

# لەسەر تیشە شاخێ قیت ڕاوەستا، خۆی گەیاندێ، لەسەر دوندی لەهەموو دوندان بڵندتر کە هێندە لێیەوە دوور نییە. (تیشە شاخ) و (دوندی، دوندی بڵندتر) ئاماژەی فیزیکین بۆ نیشانەی شوێن، ئینجا لەنێو (قیت ڕاوەستا و خۆی گەیاندێ و لێیەوە، دوور) هەموویان ئاماژەن بۆ شوێن. لەشوێنێک وەستا، لەشوێنێک خۆی گەیاندنێ، لێیەوە ئامازەیەوە بۆ شوێنێک، دووریش پێوانەیە بۆ دووری و نزیکی لەشوێندا).

# نایەوێ چل مێرا بە جێبێلێ، ئەوەتا هاتە خوارێ . (چل مێرا شوێنە، ناسراوە، هاتە خوارێ بەواتای لە شوێنێکی بەرز، بەرەو نزم دەچێت، جێ بێلێت، واتە لەشوێنەکە نەمێنێت).

# بەدەوری خۆیدا دەسوورێتەوە. (نزیکە لە گوێگر. بەدەوروی خۆیدا، ئامازەیە بەشوێنی وەستانی گوێگر و ئەو شوێنەی لەدەوروبەری گوێگر دایە).

# دەڵێی ژەنگ لێیداون. (ئێمە لەم دەربڕینەدا هیچ ئامازەیەکمان بۆ شوێن نییە، بەلام لەڕووی واتایی و بەپێی دەوروبەری بەکارهێنان ئێمە دەزانین ژەنگ (لەشتێک) دەدات، گرنگ نییە ئەو شوێنە چییە، بەلام لەڕووی کردەییەوە (ژەنگ لەشوێنێک) بەدیار دەکەوێت. (ژەنگ لەئاسان، لە گەلای دار.. تاد) دەدات. ڕەنگە وەکو واتایەکی نالۆجیکی ڕەنگە بڵێن (بیروبۆچوونەکانی ژەنگ لێی داوە). مەبەستمان ئەوە بڵێین

ئامـاژەیـەکـی شـاراوە، نـادیـار لـەبـەکـارهێنـانـی (ژەنـگ) هـەیـە، کـە دەبێـت لـەشوێنێک، بـەسـەرشوێنێک ژەنگـەکـە بینـرا بێت).
# کـەژێ لـەپێچـەکـە سـوورایـەوە. (پێچ ئـامـاژە بـە شوێن، دوورە لـەشوێنـی قسـەکـەرەکـە).
# لـەجێـی خـۆی پـاڵکـەوتـووە. (جێـی خـۆی، واتـە ئـەو شوێنـەی تێیدایـە، پـاڵکـەوتـووە، ئـامـاژەی بـەشوێن(.
# بـەکوێدا ڕۆیشت؟ (کوێ ئـامـاژە و نیشـانـەیـە بـۆ پرسیـار لـەبـارەی شوێنـەوە، ڕۆیشت بـەهـەمـان شێـوە پـەیـوەنـدی بـەئـەنجـامـدانـی کـارێک، کـە (ڕۆیشتنـە) لـەشوێنێک بـۆ شوێنێکـی دیکـە).
# لـەدوورِ مـاڵـی بـەسـەریـان دادایـان. (لـەدوورِ واتـە لـەنـاو شوێن، مـاڵ شوێنـە و سـەریـان دادان، پـەلامـاریـان دان. واتـە هـاتوونـەتـە شوێنـی مـەبـەست. شوێنـەکـە نزیکـە لـەقسـەکـەر).
# بنـاری شـەنگـال تێدەپـەڕێ. (بنـار پێنـاسـە و ئـامـاژەیـە بـەشێـوەی شوێن، شنگـال نـاوی شوێنـە و نـاسـراوە، تێپـەڕینیش پـەیـوەنـدی بـە ڕاپـەڕانـدنـی کـارێک بـەشوێنـەوە هـەیـە).
# نـەمـدەزانـی ڕوو لـە کوێ بکـەم. (کوێ، مـەبـەستـی شوێنـە، هـەروەهـا (ڕوو) مـەبـەستـی شوێنـە، شوێنـی قسـەکـردن نزیکـە لـەقسـەکـەر، بـەڵام شوێنـی مـەبـەست دوورە).
# لـەئێرانـێ بـەردی بنـاغـەی شـارێکـی جـوانـی دانـا، نـاوی یـەزدی لێنـا. (ئێران و شـار و یـەزد) نـاوی شوێنن، بنـاغـە شوێنـە، دانـا واتـە لـەشوێنێک دانـا).
# هـەستـا و لـەئـەشکـەفتـێ چـووە دەرێ. سـە سپیش بـەدوایـەوە. (هـەستـا پـەیـوەنـدی بـەئـەنجـامـدانـی کـارێک لـەشوێنێک هـەیـە،

ئەشکفەت ناوی شوێنە، چووە دەرێش هەر شوێنە، بەدوایەوە دیسان نیشاندانی شوێنە، کە (پشت) دەگرێتەوە).

# چۆوە سەر تاتەبەردەکەی خۆی. (سەر واتای شوێنێک دەگرێتەوە، تاتەبەردیش ناوی شوێنێکە، نزیکە لە گوێگر، دوورە لە قسەکەر).

# باش بوو، هاتی. تۆش لێرە نەبای، دڵمان دەتەقی. (هاتی، واتە گەیشتیە ئێرە، شوێنی نزیکی قسەکەر و گوێگر دەگرێتەوە، لێرە، ئێرەیە دیسان شوێنی نزیکی قسەکەر و گوێگرە، دڵ بەشێکە لەشوێنێک لەجەستە، ئەمە نزیکە لەقسەکەر، بەڵام مەرج نییە لەگوێگر نزیک بێت).

# دەچم، شتەکانم دێنم، دەگەڕێمەوە. (دەچ، دێن، دەگەڕێمەوە هەر سێ کارەکە پەیوەندی بەڕاپەڕاندنی کارێکە لەنێو یەک شوێن، یان لەنێوان چەند شوێنێک هەیە. قسەکەر لەیەک شوێندا لەدەرەوەی ئەم شوێنانە قسە دەکات، کە کارەکانیان تێدا ئەنجام دەدرێت، کاتی کارەکانیش لەنێوان (دەستپێکردن لێرە و چوون بۆ ئەوێیە)، لەگەڵ دوو شوێن لەنێوان ( لەوێڕا، دێنمە ئێرە) و (گەڕانەوە) لەشوێنێکی دوور، بۆ شوێنێکی نزیکتر، ئەویش ئێرەیە. (شوێنی قسەکردن و شوێنە ئامازە پێکراوە نادیارەکانی نێو کارەکان و شوێنی گوێگر دیار نین) بۆیە ناتوانین بڵێین ئەم شوێنانە لەکامەیان نزیکە، یان دوورە.

# چەند ڕێچکەیەکی لێ دەبێتەوە. (شوێنێک دابەشی سەر چەند شوێنێکی دیکە دەبێت، شوێنە لێکەوتەکان بەرهەمی دابەشبوونە، پرسیارە، سەرسامییە، ئاڵۆزیی دەروونی و فکرییە، دۆخی سەخت و ئاڵۆزە).

# ئەوەیان بگرە کە بەچەپی بەردێکدا دەڕوا. ( بگرە، واتە ئەو شوێنە بگرە و پێیەوە وابەستە بە، (چەپی ئاراستەی شوێنەکەیە، بەردێک، نیشانەیە بۆ شوێنێک، دەڕواتیش بەهەمان شێوە پەیوەندی بە بەکارهێنانی شوێنەوە هەیە، بۆ ئەنجامدانی کاری ڕۆیشتن).

# هەورازێکی سەخت. (هەوراز وەسفی جێگا و شونە).

# لەشکر پێ بەپێ، بە چیای شەنگال هەڵدەگەڕێت. (پێ بەپێ نیشانەیەکە بۆ چۆنیەتی پێ خستنە سەر زەوی و ڕۆیشتن، (چیا و شەنگال)یش شوێنن.

# ڕێکردنەوەی بەری ڕۆژئاوا. (ڕێ واتای شوێنە، کردنەوەش هەر بەمەبەستی دۆزینەوەی شوێنێکە بۆ پێدا ڕۆیشتن، بەری ڕۆژئاواش ئاماژەی بە ئاراستە و لایێکی شوێنەکە. شوێنەکە دوور لە قسەکەر و گوێگر).

# هەلەبجە. ئورفە، ماردین. (ئەمانەش ناوی هەندێک شوێنی جوگرافین لە گوێگر و قسەکەر لەنێو دەقەکەدا دوورە).

# شنگال خۆی کەشتیە، بن ناکەوێ، ئاو بگاتە ئاسمانێش شنگال نوقم نابێت، ئێوە دابەزن. بەرەو جودی بادەداتەوە. (شنگال، کەشتی، جودی، ئاسمان) ناوی شوێنین. بن شوێنێکە لەژێرەوە، دابەزن، واتە لەشوێنێک بەرەو شوێنێکی دیکە بڕۆن).

# بەدوای دا چوون. (ئەمەش نیشانەی چوونە بەرەو شوێنێک).

شەنگا، چیا، ئەشکەوت، بن دار هەنجیر، سەر بەرد، کانی، بن سیبەر، ئاسمان، گومبەزی سەر شەرەفەیدن، لێڕەوار، ڕێەکی پێچاو پێچ. چل مێرا. کۆچی، نەینەوا. (ئەمانەش هەموویان ئاماژەن بۆ شوێن).

# لەو ئاودیو بە. (واتە لەم شوێنە بڕۆ بەشێکی دیکە شوێنەکە، شوێنەکە دەرباز بکە بەرەو شوێنیکی دیکە).

# لەهەموو لایەکەوە هێرش ببەنە سەریان. (لەهەموو لایەکەوە ئاماژەیە بۆ هەر چوارلای شوێنەکە).

# لەهەناوی هەر ئێزیدیەک ...(هەناو شوێنێکە، پەیوەندی بەناوەوەی هەستو نەست و دڵ ودەروونی مرۆڤەوەیە هەیە، نزیکە لەناخی قسەکەر و گوێگر).

# لەبیرماوە. (واتە زانیارییەکانی لەشوێنکدا پاراستووە، کە نێو مێشکی خۆیەتی. (بەشێکە لەقسەکەر و نزیکە).

# لە ناو ئۆتۆمبێلێکی سەر کراوە. ( ئامارژەی شوێنێکی نزیکە، بەڵام سەری کراوە ئاماژەیە بۆ نێو شوێنی بەستراوە بە ئۆتۆمبێلەکە).

# کچ تۆ دەبێ بە چیا کەوی. (ئاماژەیەکی دوورە بۆ چیا، هەروەها ئاماژەی شوێنی قسەکردنەکەی لەهەمان کاتدا تێدایە)،

# هاتنە گوندێکی نزیکە وێ. (دوورە لە قسەکەر و گوێگر، گوند و نزیک ئاماژەن بۆ شوێن، (وێ بەواتای ئەوێ) دێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ نیشانەی شوێن).

# لەبەر دەمی ڕاوەستاوە. (شوێن/ ئێستا). (ئاماژەی نزیکە نێو شوێنەکەیە قسەکەر و وەرگر لەهەمان شوێن دان، کە قسەی تێدا دەکرێت).

# هەردوو بەری نەینەوا. (ئاماژەی دوورە بۆ شوێن و لایەنەکانی شوێن).

# بەناو قەرسیلدا غار بدات. (قەرسیل شوێنە، دوورە لە قسەکەر و گوێگر).

# لە گەوەکە سەردەکەوێ، لە ملەکە ئاودیو دەبێ، بەر لەوەی بەدوایدا ئاودیو بێت، ئاوڕێکی لە دیرۆکزان دایەوە، بە ئامارژەی سەر و کلک گۆتی. (گەو، ملە، ئاودیو، بەدوای، سەر و کلی) هەموویان ئامارژەن بۆ شوێن.

# گولە بەسەر ئێزیدندا باری. ئەم جۆرە شوێنانە شوێنی هەقیقی، یان بەرجەستە نین، هەندێکیان واتایین، هەندێکیان هەستەکین و هەدنێکیان بریتییە لە (سەر و ژێر). لێرەدا (بەسەر) واتا لەبۆشایدا لەبەشی سەرەوەی سەر سەری مرۆڤ تەقە کراوە.

# ئەمن قسەی ئەو کورەم کەوتە دڵی. (کەوتە دڵی) واتایەکی دەروونی و هەستەکییە. قسەی کەسێکی بەدڵ بووە. شوێنەکە نزیکە و بەستراوەتەوە بە (قسەکەر) و نزیکیشە لە گوێگر.

# دەیانەوێ بمانبەنە ریزی خۆیان... (ریزی خۆیان واتایەکی هۆشەکی و پلە و پایەی کۆمەلایەتی و دابونەریتەوە هەیە.

# پشت لەپەرەکانی مێژوو دەکات. ( پشت ئامارژەیە بە شوێنک لە دوای کەسێک، یان شتێکەوە دیارە، پەرەکانیش شوێنێکە بۆ ئەو شتانەی لەبارەی مێژوو شتی تێدا نووسراوە. واتایەکەی پەیوەندی بە لێکدانەوە و شیکردنەوە و تێڕوانینی فکرییەوە هەیە.

# گوڕیان کردێ (هاتنە ناوی، پێوەبوون).

# نەمامەکان دەڕسکێن و پەل و پۆ بۆ ئاسمانێ دەهاوێژن. (بۆ ئاسمانێ، واتە چوون بەرەو شوێنێک دێت، بەواتای دەوروبەر مەبەستی گەورەبوون و پتر شینبوونی دارەکە دێت).

# سەرێکی لەماڵەکەی خۆیدا. (لێرەدا ئەم شوێنە بەواتای سەردانیکردن بەکارهێنراوە، نەک سەر لە خوونێک بدات و سەری خۆی ئازار بدات). بە واتای ئەوە شوێن وەکو دەربڕینێکی واتایی بەکارهێنراوە، بۆ گەیاندنی مەبەستێک کە زۆر دوورە لە واتا (فۆرمی و فیزیکیەکەی شوێن).

# هێشتا زۆری لەدڵ مابوو، هەڵیڕێژێ. ( لەدڵ مابوو، مەبەستی دڵ وەکو بەشێک لەجەستە و شوێن نییە، بەڵکو مەبەستێکی هەستەکی و دەروونی و نەریتە، کە مەبەستی (ڕقلێبوونەوە، دژایەتی، خراپ سەیرکردن... تاد) دێت.

# سەر چاو. (لێرەشدا ئاماژە بە بەشێک لەجەستە، یان شوێنێک لەلەش بۆ ئەوە نییە شوێنی جەستەی فیزیکی مەبەست بێت، بەلکو بۆ واتایەکی کۆمەڵایەتی و دەربڕینێکی فەرمی و نیشاندانی ڕێز و بایەخ پێدان بەکارهێنراوە. کورد لەقسەکردنی ئاسایی و فەرمی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی فراوان بۆ نیشاندانی (ڕێزگرتن و ڕازیبوون و ئەنجامدانی کارێکی داولێکراو وشەی سەرچاو) بەکاردەهێنێت. قسەکە نزیکە لە قسەکەر و گوێگر).

# بیری نەکەوتەوە. (پەیوەندی بەشوێنی بیرکردنەوەی قسەکەر و مێشکی قسەکەرەوە هەیە، واتایەکی ناوەکیی لەخۆ گرتووە، قسەکە نزیکە و بەشێکە لەقسەکەر).

# غاری دایێ، لەو ساتە مێشکی خۆی کوشتی، تا وەبیری بێتەوە. (چوو بەرەو ئەو، قسەکەر و گوێگر لێکزیکن، مێشکی خۆی کوشی، واتە بەشێک لە جەستەی خۆی بەکارهێناوە، ئەویش مێشکە، بەڵام کە دەڵێت کوشی، واتایەکی هەستەکی و دەروونی بەرهەمهێناوە، کە مەبەستی بەکارهێنانی بەشێک لەشوێنێکی

جەستەی خۆیەتی بۆ دروستکردنی واتایەکی هەستەکی نوێ. ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات، چۆن (شوێنێکی فیزیکی بۆ واتایەکی زهنی و وێناکردن و واتای فکری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و شێواز و لێکدانەوە) دەگۆڕێت).

# بە تیرێ سینگی دە ئۆسمانی دەسمن، بە شیرێ ملی حەوت ئۆسمانی دەپەڕێنن. (سینگ و مل، واتای شوێن دەگرێتەوە).

# سوپاسی ئۆسمانی بە ناو ئێزیدیان وەربوون. (وەربوون، واتا چوونە نێویان دەگرێتەوە).

# نیوەی دونیا گەڕاوی. (ئەمەش واتا جوگرافییەکە، یان واتایەکی زهنی پیشان دەدات قسەکە نزیکە لەقسەکەر و گوێگر).

# نووکی چەقۆکەی بخاتە سەر وشەکان. (لەم دەربڕینەدا شوێن لەنێوان هەقیقەت و خەیاڵدا، لەنێوان ڕاستی و وێناکردنێکی هونەریدا بەرجەستەیە).

**٢-١٣-٤ شوێنێکی پڕ لە شوێن**

تۆپیک زوو بۆ ماڵێ مە هات، ماڵمان روو لە منارە بوو، ئەز لە قاتێ سەرێ بووم، بانی خانیێ مە تەپی، ئەز کەوتمە بن پارچە ساپیتەییێکی داڕماو، باش بوو لا دیواری رووخاو گرتیانەوە و نەیانهێشت ئەز بفلیقێمەوە، بە چ جێم نەکەوت، ئێشم نەگەیشتێ، لە بن دار و بەرەوە کەلێنێکم دیتەوە، بە خۆ باریککردنەوە پێودەهاتم، سەرم دەرهێنا، لەناو تۆز و خۆڵێوە، عەودالی تەنبوورژەنم ناسیەوە، دیتم پشتی داوەتە منارەی

شاکار، منارەی بانگەواز، پێ لەسەر پێ تەنبوور دەژەنێ، لەو خەرابوونەی شنگال ئەو مێش مێوانی نیە و تەنبوور دەژەنێ، بە ئاستەم دەنگی تەنبوورم دەبیست، لەدڵێ خۆم گۆتم.
لەم پارچە دەربڕینەدا گەلێک شوێن لەنێو شوێندا بەکارهێنراوە. شوێنی دەق، شوێنی قسەکەر، شوێنی گوێگر، شوێنی کارەکتەرەکان، شوێنی جوگرافیا، شوێنی ناو شوێنەکان، شوێنە زهنییەکان و شوێنە واتاییەکان و شوێنە فکرییەکان.

## ٢-١٤ نیشانە کۆمەڵایەتییەکان

ئەمەیان پلە و پایەی قسەکەر و چین و توێژ و ئاستی ڕۆشنبیریی و پیشە و ڕەگەز و تەمەن و باری خزمایەتی و دوور نزیکی و یەکسانی و نایەکسانی، لەگەڵ گوێگردا لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا بەپێی دەوروبەر دیاردەکەن، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری لەڕێی گوتنەوە. (هۆگر مەحمود فەرج، ٢٠٠٠ ، ١٤٠ ). بەپێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەم نیشانە کۆمەڵایەتییە کەسیانە بەم شێوەیە دیارکراون، وەکو (دکتۆر، مامۆستا، پرۆفیسۆر، مامە، خاڵە،.. تاد)، هەروەها ئامرازەکانی بانگکردن (کاکە، برا، دادە.. تاد). (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٢، ٢٠٣).

لە دەقی (شنگال، هایێ ل من) (کەریم کاکە) بەشێوەیەکی ورد نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێناوە، من نایشارمەوە ژمارەیەکی زۆر نیشانەی لەم بوارەدا بەکارهێناوە، من تەنیا هەر بۆ ئامازەکردن بەهەندێک لە نیشانەکان دەکەم. لەوانە:

# دادە.. دادە، کریڤۆ، مامۆ، کاکە، کچم.
# کوڕی من مەرد بە، بە ئێزیدی بژی.
# کاکی من، برای من.
# خوسک، داک، دایک.
# دایێ ئەزم.
# کوڕی من.
# گەورەم.
# کوڕی ڕوو بەماچ.
# ئەز ئێزیدیمە.
# قەوال، شێخ ، میر، فەقیر، مەلا، مەلای کوێرەوار.
# سولتان، سوڵتان ئێزید ب خۆ پادشایە.
# هەشتسمێل.
# چارشەما سۆر، لالش.
# پێشنوێژ، مزگەوت
# لاوک و تەنبور.
# دایە دایەکی بۆ دایکی کردووە.
# پیس، نینۆک ناکەن، بستێ درێژ، شەیتان لەبن نینۆک، تف ڕووکردن.

### ٣-١٤-١ نیشانەکانی دەقی گوتار

لەم لێکۆڵینەوەیدا کارمان لەبارەی بنەمای هاریکاری کرد، بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانە شی بکەینەوە، کە دەقنووس لەپێناو هاریکاری وەرگر و خوێنەرەکانی بەکای هێناوە. ئێمە زمانەکەمان وەکو پێکهاتەیەکی (ڕێزمانی) ڕووت واتە (دەنگ و فۆنیم و وشە و ڕستە و واتا) شی نەکردۆتەوە، بەڵکو بەپشت بەستن بە تیۆری پراگماتیکی لەو بنەما دیار و کاریگەرەنەمان کۆڵیتەوە، کە دەبنە هۆکار بۆ هاریکاری وەرگر و خوێنەر تاکو زانیاری پێویست و ڕاست و بەو بڕ و پێوانەیە پێشکەش بکات، کە وەرگر پێویستییەتی.
دەقەکەی (کەریم کاکە) لەئەنجامی دەقێکی پوخت و چڕە، زمانەکەی هێندە پشت بەئاماژە و کورتە دەربڕین و زانیاری سنووردار بەستووە، نیو هێندەش نەچۆتە نێو ئاقاری بێ کۆتایی وەسفکردن و بەیەک بەستنەوەی ڕستەی لێکدراوی بێ خاڵ و وەستان. بۆیە ئێمەش پەنامان وەبەر سەرەتای هاریکاری بردووە.
لەهەمان کاتدا زمانی کۆمەڵایەتی و پراگماتی بەدیهێنانی مەبەست و خێرا تێگەیاندنی وەرگر، هاندەرێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەمانە. لەبەر ئەوەی پێکهێنەرێکی دیکەی دەقی گوتار نیشانەکانە، ئێمەش کارمان کردووە هەندێک لایەنی

نیشانەکان شی بکەینەوە، ئەوەش لەئاست و بوارێکی دیکەدا هاریکاری وەرگر دەکات، باشتر لەئەرکی دەقی گوتار و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی مەبەستەکان بگات.
نیشانەکانی دەقی گوتار بەو خاڵە- چەقە دەگوترێت، کە گوتەکەی بەتەواوەتی تێدا دێتە بەرهەم لەلایەن قسەکەرەوە، تیایدا هەردوو نیشانەی (کات و شوێن) کاردەکەن، هەروەها بەپێی مەبەست و کەسی قسەکەر نیشانە کۆمەڵایەتییەکانیش بەکاردەهێنرێن، یان دەتوانرێت بگوترێت، نیشانەکانی دەق " ئەو نیشانانەن، کە ئاماژە بۆ ئەو بەشەی تێکست (دەق) دەکەن، کە گوتنەکەی تێدایە، یان ئاماژە بۆ پەیوەندیی نێوان گوتنێک و دەقەکەی لەدەوروبەرەکەیدا دەکات، دەق هەر دەقی نووسین ناگرێتەوە، گفتوگۆی نێوان دوو کەس هەر پێی دەگوترێت دەق، لەبەر ئەوەی دەق بەتێپەڕبوونی کات ئاشکرا دەبێت، کارێکی ئاساییە، کە ئاوەڵکارەکانی کات نیشانە بن بۆ دەق، هەروەکو لەم نموونەیەدا ئاماژەی پێ دەکەین:

# شەوی پێشوو ئامۆزاکەتم بینی. لەم نموونەیەدا ئاوەڵکاری کاتی (پێشوو) ئاماژەیە بۆ نیشانەی دەق. (هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، ٢٠١٤، ١٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (د. محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٢) و (ئاڤیستا کەمال مەحمود، ٢٠٠٩).

نامانەوێت بگەڕێینەوە سەر درێژەی ئەم باسە، چونکە لەپێشتر شیکردنەوەمان بۆ نیشانە پراگماتییەکانی دەق کردووە. تەنیا بۆ دەرخستنی پێگە و بایەخی نیشانەکان لە گوتاردا هەندێک

لایەنی کورتی ئەم بابەتە ئاماژە پێ دەکەین، بۆ نموونە (کەریم کاکە) دەڵێت:

# (کەژێ/ کەزی زەر)
پیری چل چلە

پیری چل چلە بەدەوری منارەدا دەخولێتەوە، بۆ کچ و کوڕانی ئەو ناوە دیرۆکی فەرمان دەگێڕێتەوە، هەندێک پێی پێدەکەنن و وادەبینن دین بووە، بەڵام ئەو گوێناداتێ، دیرۆک دەگێڕێتەوە، ترس و فەرمانی دادێ دەگێڕێتەوە: فەرمان لە ڕێیە، لە سەردەمی عەیازی کوڕی غەنەمەوە لە ڕێیە، لەسەردەمی بەدرەدینی لوئلوئەوە لەرێیە، لەسەردەمی ئەبوو سعوودی موفتیی ئوسمانیەوە، فەرمان بۆ قڕکردنی ئێزیدیان لەڕێیە، گەلەک باوەڕ بە هاوزمانێ خۆش ناکەن، ما نازانن ئەوانیش موحمەد موسافیریان هەبوو.. ئێستاش لەرێیە، کەس بەهانای ئێزیدیانەوە نایێ، تەنها چەک و چیا، چیا شنگال، لەبەر هەندێ راهێنان لەسەر چەک بکەن، خۆ فێرە بە چیای شنگال هەڵگەڕان بکەن و چل مێرا پشتیوانیێ هەوا دەکات. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢١).

دیارە لەم گوتارەدا ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە، کە دەق پشت بەهێزی (مێژوو) دەبەستێت و ئازارەکانی ڕابردوو، مەینەتییەکانی ئێستا و ترس و نیگەرانی بەردەوامی لە دوارۆژ وچاوەڕوانییەکانی سبەینێ دەردەخات.

گوتارێکە پشت بەدەقی نیشانەکانی کات لە (ڕابردوو، ئێستا، سبەینێ) دەبەستێت. (هەواڵگەیاندن و ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوە و پرسیار و فەرمان و هاریکاری و پاساوهێنانەوە... تاد) تێدایە. زمان دەسەڵات و هێزە. هەموو شتێک لەزمانەوە دەبینرێت و هەست پێ دەکرێت و بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات.

**٣-١٤-٢ شوێن و نیشانە پیرۆزەکان**

کانی کەرسێ، گەلی کەرسێ، شنگال، چل مێرا، کانی سپی، لالش، شەرەفەدین. بەرد، دار، ئاسمان، کەشتی نوح، منارەی شنگال.

.

کانی سپی: ( دەموچاوی شوشت، لێوی کولایەوە: تۆ، بەکانی سپی نەبێ، خاوێن نابیەوە). (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٩).

**تەنبور:**

ئێزد لێرە، لە ئاو و گڵی ئێرە ئادەمزادی هێنایە دنیا، بە دەستی خۆی گلی پیرۆزی شنگالی شێلا، ئادەم و حەوای لە گڵ و ئاوی کانیی کەرسێ شێلا، لەسەر تاتە بەردێ، لەبەر تیشکی ڕۆژی شنگالێ هەڵیخستن، کزر بوونەوە، وشکبوونەوە، حەفتسەد ساڵی خشت هەر بە خشتی مانەوە، چەندی گیانی دەنارد، نەدەچووە

لەشی ئەو ژن و پیاوە خشتەوە، گیان نەدەچوو، ئێزد بیریکردەوە، هۆی ئاوێتەبوونی گیان و قوڕی دیتەوە، گازی کردە تاوسی مەلەک:

# هەڕە، تەنبوورەک بینە.

تەنبوری هێنا، بە دیار قورەوە، ژەندی، ئاوازی گیان و ژیانی ژەنی، لەشێوەی ئەو عەودالەی خۆمان ژەنی، لەپڕ ژن و پیاو قیت بوونەوە، چویان بە شنگال بەو (لاوجوان)ەی دنیا هەڵێنا، لە شنگالەوە خاک و باو و ئاو وئاگریان ناسی، لەوێ هەنجیر و ترێ و هەناریان تامکرد، بەهەنگوینی شنگالێ شیرینیان بە ژیان بەشی، لەسەر تاتەبەردی شنگالێ کڕنووشیان بۆ ئێزیدی مەزن برد، زاوزێیان کرد، بە ئاوی کانیی کەرسێ و شنگال و بارا و جێ دارا خۆیان شووشت، زۆر بوون، شنگال ئەو هەموو کچ و کوڕەی حەوا و ئادەمی نەگرت، بەگەلیی کەرسێدا هاتنە خوارێ و بە هەر چوار ئالی دنیادا پەرتبوون.. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٢٦-٢٧).

# هەنجیر، زەیتوون، هەنگوین و داری تەڕ و سەوز.

وەکو (شێخ زێدۆ باعەدری) بۆی باسکردم، زەیتون یەکێکە لە دارە پیرۆزەکانی شنگال، هەنجیرش وایە، لەڕاستیدا ئەمانە بەرهەمێکی باشی ناوچەکەشن، هەنگوین لای ئێمە گرنگی و کاریگەری تایبەتی هەیە، نەخۆش چاک دەکاتەوە. داری تەڕ

قەدەغەیە ببڕێت. بۆیە ئەمانە لەئایین و کەلتور و ژیانی کۆمەڵایەتی ئێزیدیەکان پیرۆزکراوە و بایەخی تایبەتیان پێ دەدرێت.

## ماری ڕەش

سەربوردەی ماری ڕەش (ئەز نوحم، خواد رایسپاردووم بێژمە نگۆ، رزگارکەری گیانلەبەر و زیندەوەرانم، ئەگەر ناتانەوێ، تۆ و بنەچەتان ببڕێتەوە، سوار بن..
کەسێ لە سەری چل مێرا، وا باگۆی نووح دەداتەوە:
شنگال خۆی کەشتیە، بن ناکەوێ، ئاو بگاتە ئاسمانێش شنگال نوقم نابێت، ئێوە دابەزن...
نووح سەر بادەدات و بادەداتەوە، بەرەو جوودی بادەداتەوە، لەو رێیە کەشتی کونی تێدەبێ، کەسیش هەست پێناکات مارەکە نەگەیشتبا، بن ئاو دەکەوت، هەموو نە نووحیشەوە تێدا دەچون مەلە تاوس، هەستپێدەکات، دێت لەو شنگالەی خۆمانەوە، مارێکی رەش رادەسپێرێ، مار هێندەی بڵێی یەک و دوو، دەگاتێ، لەسە کونی کەشتی پەپکە دەخوات و ونووح و کەشتینشینان لە مردن رزگار دەکات، هەر لەبەر هەندێش ماری رەش پیرۆزە و نووحیش شنگالی پیرۆزکرد. (کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٨).
بەڵێ بەپێی سەرچاوەکان و قسەکانی ڕۆشنبیرێکی ئێزیدی ئەم ئەفسانە و لێکدانەوە کۆنە دروستە، ئیزدییەکان لەڕێگەی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە (ماری ڕەش)یان لا پیرۆزە و دەستی لێ نادەن.

**ڕەنگی شین**

(تا دێ شینتر هەلدەگەڕی، شینێکی تاریک، ئەو ڕەنگەیە کە دەمێکە شنگالنشینان بە دینتن وی سەر و دڵیان تێکدەچێ، دەست بە چاوانەوە دەگرن و ڕوو وەردەگێڕن، ئەو ڕەنگەی شین و رۆرۆ و گازی مەرگی تێدا رەنگدەداتەوە، ئەو رەنگەی چەندان پشتە لەسێبەری ئەو و ئەو رەنگانەی لەو رەنگە رەنگدەدەنەوە فەرمانی مەرگ هاتووە، کەژێ بەدیتنی وی رەنگێ، هێندە رەنگەی بە ڕوویەوە مابوو، ئەویش پەڕی، دنیا لەبەر چاو تاریکتر داهات. ( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ١٠).

واتە ڕەنگی شین وەکو نیشانەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی و پراگماتیکی لەم دەقەدا بەستراوەتەوە بە بیروبۆچوون و لێکدانەوە ئایینی و کەلتورییەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدی، هەر کاتێک دەقەکە دەبەستینەوە بەدەوروبەری بەکارهێنانی ڕەنگی شین، لەوە دەگەین، پێشوازی نەکردن، لەم ڕەنگە پەیوەندی بە (کارەساتە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و دەروونی و کەلتووری و نەریت و ڕووداوە مێژووییەکانی) ئێزیدیانەوە هەیە. ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە، هەندێک گروپ و نەژاد و نەتەوە (ئارەزووی بەکارهێنانی هەندێک ڕەنگیان لا گونجاو، یا دروست نییە)، لەهەمان کاتدا هەمان ڕەنگ لای هەندێکی دیکە پێشوازی لێ دەکرێت.

بەکارهێنانی نیشانەی ڕەنگ لەڕوانگەی پراکماتیکی پەیوەندی بەنیشانە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، ئەمانە نیشانەی

سیمیۆلۆجین بۆ دیاردە و نەریت و دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی ڕەنگ بەکاردەهێنن، یان ڕەتی دەکەنەوە.

چل مێرا

چل مێرا وەکو شوێنێکی پیرۆز لەسەر چیای شنگال ئاماژەی بۆ کراوە، لەهەمان کاتدا (هیزێکی ئەفسوناوی پیرۆزی ئێزدیەکانیشە)، دەقنووس دەڵێت: ل وێرێ، چل مێر هەن، لە بن فەرماندەی مەلەکی تاوسن، ئێزیدی نایانبینن، بەڵام لەچاوی نەیارانی ئێزدیەوە جوان دیارن، باسک و رانێ وان داربەڕوون، سینگێ وان تیشە شاخن، شیر و تیر نایانبڕن، هەر مێرێ لەو چل مێرە چل مێری ئێزیدیانی تێدەبێ، هەر مێرەکی ئێزیدیش چل مێری نا ئێزیدیانی تێدەبێ.. کچا من تو بزنە، ئازایەتی، لەئایینی ئێزیدیانەوەیە؟. ( کەریم کاکە، ٢٠١٩، ٣٣).

هەموو گروپ و نەژدایێکی مرۆیی، خاوەنی ژمارەیەک چیرۆک و بیروبۆچوونی کۆمەڵایەتین، لەئەنجامی پارێزگاریکردن لەخۆیان، یان پیرۆزکردنی هەندێک شت، یان بەستنەوەی خەڵک بەهەندێک سەرچاوەیی ئیمان و نەریت و بیروباوەڕ پەنا وەبەر ژمارەیەک چیرۆک و بەسەرهاتی دەگێڕنەوە، کە بەقوڵی بەستراوەتەوە بە(مێژوو، ئایین، کەلتور)ەوە.

لەم دەقەدا ئەم چەند نیشانە و چەندین نیشانەی سیمیۆلۆجی دیکە بەکارهێنراوە، ئامانج ئەوەیە هاریکاری خوێنەر و وەرگر بکەن بۆ گەیاندنی (مەبەست و زانیاری و مەعریفەی پێویست).

## پوختەی لێکۆڵینەوە

دیارە من لەبەکارهێنانی زمان لەدەقەکەی ئەم ڕۆمانووسە کوردە هەولێرییەم لەزەتێکی زۆرم وەرگرت، چونکە لەسادەییەکەی بەرەو قووڵاییەکی قووڵی پڕ لەواتا و فکر و مێژووی ڕووداوەکانی بردم. بۆیە دەڵێم هەولێر، چونکە ئەو وەکو ڕۆمانووسێک کۆڵانەکانی هەولێرمان، بە زمانێکی کۆمەڵایەتی بەرز بۆ دەنووسێتەوە، لەم دەقەشدا (شنگال، هایێ ل من) سنووری کۆمەڵایەتی زمان، گروپەکانی زمانی بەزاندووە، بە شێوزاری سۆرانی( کرمانجی ناوەڕاست و تامێکی زۆری زاراوە و دەستەواژەی هەولێریی و کرمانجی سەروو، بادینی) دەقەکەی بەرهەمهێناوە. لەئاخاوتن و گفتوگۆکانیدا زمانێکی تێکەڵ لەهەردوو دیالەکتیک، هەردوو شێوە زار و زمان بەکارهێناوە، بۆیە من ناوی دەنێم (زمانی کۆمەڵایەتی، چونکە نووسەر دەیەوێت لەڕێگەی هاریکاریی بەکارهێنانی زمانەوە، ڕێگەی هاریکاری تێگەیشتن و هەڵێنجانی واتا و مەبەست و خواست و پەیامی گوتاری دەقەکەمان لەنێوان خوێنەر و گوێرەکانی بەشێوەیەکی (هاوسەنگ و یەکسان، نەرم و تەڕ) دروست بکات.

(هالیدەی) دەڵێت: سنووری لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بەلێکۆڵینەوە لە (زمان و کۆمەڵ، گەشەی زمانیی منداڵ، زمانی نەتەوەیی/ ساتاندارد، هەمەچەشنی زمانیی، جووت –زمانیی، فرە – زمانیی، فرە – زاریی، پلاندانای زمانیی، زارە کۆمەڵایەتییەکان، شێواز و ڕێبازی قسەکردن، گواستنەوە

لەزمانێکەوە بۆ زامانێکیتر و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەریی لەئاستەکانی زمان دەکەن) دەست پێ دەکات. (هادی نهر، علم اللغة الاجتماعی عند العرب، الجامعة المستنصرية، ١٩٨٨، ٣٥). لەهەمان کاتدا (هدسون) لەبارەی زمانی کۆمەڵایەتی دەڵێت: (زمانەوانێکی تر سنووری توێژینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی بەلێکۆڵینەوە لە ئاخێوەر/ نێرەر، گوێگر/ وەرگر، بابەتی قسەکردن و چۆنێتی ئەنجامدانەکەی، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی و پیشە دیاریکردووە). (هدسون، ١٩٨٧، ١٧- ٣٤).

(محەمەد مەعرف فەتاح)یش دەڵێت: (یەکێکی تر پێوانەیە، کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەر زمان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی ئاخێوەران بەرامبەر بە زمان و زار و ئاخێوەران، بەئەرک مەبەستی ئەم زانستە دیاریکردووە). (محمد معروف فتاح، ٢٠١٠، ١٣٩).

با لەدیدێکی دیکە لەئەرکی زمان لای (کەریم کاکە) بڕوانین، زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە لەنێوان تاکەکانی پێکهاتەیەک و کۆمەڵگەیەدا، یان ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن لەنێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. ئەم دەقەی ئێمە شیکردەنەوەمان بۆ کردووە، وەکو هۆکار و ئامرازێک بۆ گرێدانی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتە (ئایینییەکانی هەرێمی کوردستان) کار دەکات، وەکو دروستکردنی کردەی پەیوەندییە لەنێوان (تاکەکانی کورد لەهەر

ئایین و ڕەگەز و تەمەن و چین و دەستەیەک و گروپێکی حزبی، ئایدیۆلۆجی و کەلتور و جلو بەرگێکدا بن)، چونکە (زمان هێندەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی و بەسترانەوەی کۆمەڵ بەکاردێت، نیو هێندە بۆ دەربڕینی بیر بەکارنایەت). (ستیف اولمان،١٩٧٥، ٢٦).

ئەمەش ئەو بڕوایەمان لا پتەوتر دەکات، زمانی دەقەکەی (کەریم کاکە) زمانێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە باسی (پێکهاتەی ئایینی و کۆمەلایەتی و خێزان و ژینگەپارێزی و ژنهێنان و شوکردن و پابەستیان بەئایین و جلوبەرگ و زمانی ئاخاوتن و ...تاد دەکات.

زمانی دەق لای ئەم دەقنووسە، بریتییە لەتۆمارکردنێکی خێرا و وەسفێکی پوختی (ئەوەی لەناو کۆمەڵدا دەیبینێت و دەربڕینەکانی بریتییە لە قسە ئاساییە پڕ واتاکانی مرۆڤی قسەکەر لەگەڵ مرۆڤێکی تردا. هەر بۆیە زمانەوان پێناسە گەلێکی زۆریان لەسەر پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ خستووەتە ڕوو. لەوانە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵ بە ئامانجی پەیوەندیکردن و هاوکاریی ئەنجامی دەدات. (محمد حسین عبدالعزیز، ١٩٨٣، ٧٧).

لەباسکردنی زمان لای (کەریم کاکە) بەهیچ شێوەیەک ناتوانین زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا وەکو ئەرک و گوزارشت و دەربڕین لەدۆخی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر جیابکەینەوە و ئاماژەی پێ نەکەین. زمانێک بەهوردە، بەسادەیی بەڵام بەقووڵی و ئاوس بەواتا و تڕروانین و

وێناکردنی زهنی و فکری بەشداری لەبەرهەمهێنانی دەقەکە کردووە، لەم دەقەدا (دوو شێوەزار لەگفتوگۆ و دەنگ و وشە و دەربڕین و زاراوەکاندا) بەشداری لەبیناکردنی دەقی گوتارەکە کردووە، منی خوێنەر و وەرگر پێم وایە لەم بوارەدا، دەکرێت ئەم خاڵانە بەکورتی ئاماژە پێبکەین:

یەکەم: شێوازی بەکارهێنانەکەی کۆسپ نییە لەبەردەم تێگەیشتن و قورسکردنی خوێندنەوە و لێکدانەوەی مەبەستی دەقنووس و ئاخێوەرەکانی نێو دەقەکە.
دووەم: لەڕێگەی زمانەکەوە کارەکتەر و کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی واقیعی تەعبیریان لەبوونی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئایینی خۆیان کردووە.
سێیەم: ئەم جۆرە شێوە نووسینە، هەر بەتەنیا دەقێکی هونەری و زمانێکی باڵای دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبی پیادە نەکردووە، بەڵکو زمانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشی لەنێوان (کوردی ئێزیدی و کوردی موسلمان، ئێزیدی کورد و موسڵمانی کورد) دروست کردووە.
چوارەم: ئەم جۆرە بەکارهێنانەی زمان هێزێکی پتر بەمەبەستەکانی نووسین داوە، نەک بەپێچەوانە.
پێنجەم: شێوازێکی تایبەتە، نەیویستووە واتا و وێنە و وێناکردنە زهنییەکان لەبەر خاتری زمانەکە مردار بکاتەوە، بەپێچەوانەوە، لەڕێگەی ئەم زمانە دەسەڵات و پێگەیەکی متمانەداری بەهێزی بەواتا و وێنەکانی نێو دەقەکەش داوە.

شەشەم: یەكێك لەگرفتەكانی دیكەی زمانی كوردی دابەشبوونە جوگرافییەكەیە، ئەم دابەشبوونە كاریگەری لەسەر ئاخێوەران و ئاستی تێگەیستنیشیان كردووە، تەنیا وەكو لەنێو دەقەكەدا دیارە، ئاماژە بەقسەكانی مەلایەكی كوردی ئیسلام كراوە دەڵێت: (لەبەر ئەوەی من لەزامانی خواری ئێزدیەكان ناگەم، بۆیە ئەوانە كورد نین) . ئەمەش (هەموو ئەو جیاوازییە زمانیانە دەگرێتەوە، كە لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا هەستی پێ دەكرێت و پشت بەجیاوازیی چینەكان كۆمەڵ، بۆنە، تەمەن و رەگەز دەبەستێت). ( نەریمان عەبدوللا خۆشناو، ٢٠١٢، ٩٢).

واتە ئەم دابەشبوونە (جوگرافی و چینایەتی و كەلتوری و هەتا ئایینەی) لە كوردستاندا هەیە، وایكردووە ئاستی تێكگەیشتن لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵی كوردیدا گرفتی هەبێت، تا دەگاتە ئەوەی ل دەقی (شنگال، هایێ ل من) ئاماژە بە قسەكانی كەسێكی ئیسلامی كوردی بكات، تێك نەگەیشتن لەبەر هۆكاری زمان، بكاتە سەرچاوە بۆ بە كورد نەزانینی ئێزدیەكان، یان جلوبەرگیان بكاتە نیشانەیەكی كۆمەڵایەتی ناسنامەی نەتەوەییان.

(كەریم كاكە) لەم دەقەدا لەڕێگەی بنەمای هاریكاری و لێكەوتەكانی ئاخاوتن، زانیاریمان پێ دەبەخشێت و هاوكاری وەرگرەكانی دەقەكەی دەكات، لەو دۆخە بگەن، كە زانیارییەكان دروست نین، ئەو زانیاریی نوێمان پێ دەدات، كە جیاوازی ئێمە، تێڕوانینی هەندێك بۆ ڕەتكردنەوەی پێكەوەژیان لەگەڵ ئێزدیەكان لە ڕێگەی بەكارهێنانی (زمانی عەرەبی وەكو سەرچاوەی بیركردنەوەی كۆمەڵایەتی و فكری و ئایینی) خۆیان

بەکاردەهێنن، ئەمەش بۆتە بەرهەمهێنانی زمانێکی کۆمەڵایەتی پشت ئەستور بە (توندتیژی و قڕکردن و لەناوبردنی ئێزدیەکان).
واتە زمانێکی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوەوە بۆ داڕشتنەوەی پێناسەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی، لەپێناو گەیاندنی پەیامی گوتارێکی کۆمەڵایەتی تازە بۆ بەدیهێنانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نوێ و متمانەداری هاوبەش و یەکسان لەنێوان پێکهاتەی کوردی ئێزیدی و کوردی موسلمان. بەدیهێنانی ئەم کردەی پەیوەندیکردنە، بەکردەوە ئەرکی ڕاستەقینەی زمانی دەقی گوتارە.
کۆدەکانی دەقی گوتاری (شنگال، هایێ ل من)، بریتییە لەئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی کۆدەکان، ئەویش یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کۆمەڵ دەپارێزن و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی بەتاک و گرووپەکان دەبەخشن. کەلتوور و ڕۆشنبیرییان هەڵگرتووە و بڵاویدەکەنەوە. هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەناسێنن. (هیوا مەولود عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٦٥ ). مەبەستمان لەم ئاماژە کۆدییە ئەوەیە لەم دەقەدا کار بۆ گێڕانەوەی (متمانە و یەکڕیزی و کوردبوونی ئێزدیەکان و هەماهەنگی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی کەرامەتی ئێزدیەکان وەکو کۆمەڵگەیەکی تایبەتی کورد و ئایینی تایبەت کراوە، کۆدەکە باس لەگێڕانەوەی کەرامەتی دایک و کچانی ئێزیدی دەکات، باس لەگێڕانەوەی کەرامەتی ئەشقی نێوان دوو گەنجی کوردی، کچێکی ئێزیدی و کوڕێکی موسڵمان دەکات. باس لەڕیزگرتن لەکەلتوری ئایینی و کۆمەڵایەتی و نەریتە باوەکانی ئێزدیان و پاراستنیان دەکات.

پەیامی گوتاری ئەم دەقە، بریتییە لەکۆدێکی کۆمەڵایەتی، بنەماکەی هاریکارییە بۆ تێگەیشتن و هەڵێنجان و بڕیاری دروست لەبارەی پێکەوەژیان و کوردبوونی ئێزدیەکان و ئایینێکی لاشەڕی خواپەرستی کۆنی ناوچەکە و کوردیی، کە ئایینێکی کۆمەڵایەتی سروشتییە.

بۆ ئەوەی چاک لەبەکارهێنانی زمان بگەین، دەبێت نەک هەر گوێ بدەینە فۆرم، یان ڕواڵەتی ڕستەیەک، بەڵکو دەبێت بارودۆخی قسەکە و دەوروبەری قسەکەر و گوێگرەکانیش بەبایەخەوە بەکاربهێنین و دەبێت بەتەمای ئەوەش بین بەتایبەتی لەئاخاوتندا، کە مەبەست بەپێچەوانە دەردەبرێت، هەندێک جاریش شتێک دەڵێین و مەبەستمان شتێکی دیکەی جیاواز لەو شتەی کە دەیڵێین، بۆ نموونە، کە ڕوو دەکەینە مێوان و دەڵێین:

# قاپەکەت هیچی تێدا نییە.

مەبەستمان ئەوە نییە، کە هەواڵێکی بدەینێ، یان ڕاستییەکی پێ ڕابگەینین، بەڵکو ڕستەکەمان تەنیا لەڕواڵەتدا هەواڵ گەیەنە، لەڕاستیدا دەمانەوێت بزانین میوانکە ڕێگامان دەدات قاپەکەی بۆ پڕ لە خواردن بکەین، کەواتە ڕستەکەمان لەڕاستیدا پرسیارە، نەک هەواڵ گەیاندن و تەنیا بۆ ڕێزلێنان خستومانەتە

قالبی ڕستەیەكی هەواڵ گەیەنەوە. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٣٨).

لەپۆلێنكردنی گوتندا دەبێت وریابین و چاك گوێ بدەینە بارودۆخی قسە، تاكو لەمەبەستی بەرامبەرەكەمان بگەین و نەكەوینە هەڵەوە. (د. محمد معروف فتاح، ٢٠١١، ٣٨).

بەكارهێنانی (بنەمای هاریكاری) وەكو لێكەوتەی ئاخاوتن كە بەشێكە لەتیرۆی پراگماتیكی، سەرەتایەكی گونجاوە بۆ شیكردنەوەی دەقێكی لەم جۆرە، چونكە زمانی دەقەكە پشت بە(دروستی و پێشكەشكردن و هاریكاری خوێنەر) دەبەستێت. دەقنووس ئارەزووی زۆر قسەكردن و پێشكەش كردنی لەخۆڕا و بێ بەهای هیچ زانیارییەكی نییە.
دەقەكە بریتییە لە ڕستەی كورت، زانیاری چڕو پڕ، ئامانجی (پەیوەندیكردن لەنێوان خوێنەر و دەق). مەبەستی سەرەكی (نمایشی زانیاری و هەقیقەتی مێژوویی و كارەساتەكانی ئێزدیەكانە) لەپێناو (هاریكاری خوێنەر لەبواری چەندی و چۆنیەتی و پەیوەندی و شێوە). هیچ گومانم نییە، ئەم دەقە دەكرێت لەبواری دیكەی (هونەری نووسینی ڕۆمان و شیكردنەوەی زمانەوانی) لێكۆڵینەوە بكرێت
پەیام و مەبەستی گوتاری ئەم دەقە، داكۆكی لەكێشە و مێژوو و كەلتور و كەسایەتی ئێزدیەكانە، بێ ئەوەی تەنیا بەیەك وشەش نووسەر (دەربڕێنێكی تایبەتمەندی خودی خۆی بەناوی هەڵوێست، خۆ هەڵكێشان، یان خۆ خزاندن و خۆسەپاندنی نێو

بابەتەکەی پێوە دیاربێت) بەڵام دەقەکە بەرگرییەکەی ڕوون و ئاشکرایە لەهەبوون و بوونی ئێزدیەکان. لەهەمان کاتدا (ڕەخنەی ئاشکرا لەبۆچوونی ئیسلام) دەگرێت، بێ ئەوەی هیچ دژە کردەوەیەکی خودی دژ بە ئیسلام نیشان بدات. بەواتایەکی دیکە لەم دەقەکەدا دەقنووس خۆی نەکردۆتە هەڵوێستباز، بەلکو ئەو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، فکرە و کەلتوور و مێژوو دەنووسێتەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەم دەقە، ئەوەیە دەقنووس باسی مێژووی ئێزدیەکانی کردووە، بێ ئەوەی وەکو مێژوونووسێکی وشەکەگۆ، بابەتەکەکان بگێڕێتەوە، (هاریکاری خوێنەر) دەکات، زانیاریی پێویست بەپێی پێوانەی پێویست وەرگرێت.

گوتاری دەقەکە، گوتارێکە (بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵێنجانی) بابەتی تێدایە، واتە دەسەڵات بە وەرگر و خوێنەرەکانی دەدات (لەنێو دەقەکەدا) خاوەنی بڕیار و هێزی بەرهەمهێنانەوەی دەقی گوتارەکە بن. ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ بڕیاردان لەچارەنووسی دەق، دیارکردنی پێگە و بایەخ و کاریگەری دەقەکە.

## سەرچاوەکان

ئاڤێستا مەحمود، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی رەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

انجلینا لینکه وآخرون، دراسات فی علم اللغة، مدخل منهجیة اساسیة الی البحث الغوی، قسم الاول، ترجمة سعید حسن بحیری، کلیة السن، جامعة عین الشمس، مکتبة زهراع الشرق، القاهیرة، ط١، ٢٠١٢.

بادیس لهویمل، التداولیة والبلاغة العربیة، بحث مجلة المخبر، جامعة مۆمد خضیر، الجزائر، العدد السابع، ٢٠١١.

بیرنارد لویس، فرەشوناسەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، وەرگێرانی لەئینگلیزی لەیلا حەمید، دەزگای توێژینەوە، بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر چاپی یەکەم، ٢٠١١.

بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

توين فان دايک، الخطاب والسلطة، ترجمة غيداء العلي، مرجعة وتقديم عيماد عبد اللطيف، المركز القومية للترجمة قاهيرة، طبعة الاولى، ٢٠١٤.

ج. ب براون، ج. يول، تحليل الخطاب، ترجمة د. محمد لطفى الزليطنى ، د. منير التريكى،جامعة ملک سعود، اللملكة العربية السعودية، ١٩٩٧.

جرهاد هلبش، تطور علم اللغة منذ عام ١٩٧٠، ترجمة سعيد حسن بحيرى، مكتبة زهرء الشرق، القاهيرة، ط ١، ٢٠٠٧.

جون لاينز، المعنى والسياق، ترجمة د. عباس صادق الوهاب، سلسة المائة كتاب، دار الشوءن الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.

جۆرج یۆل، مەبەستناسی پراگماتیک، وەرگێڕانی د. ڕەحیم سورخی، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولرەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ٢٠١٦.

جۆرجیس مینۆس، مێژووی دۆزەخ، وەرگێڕانی هێمن مەهدی نەقشبەندی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، جاپخانەی موکریانی هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

حورية قايش، التحليل اللغوى للخطاب الشعرى، الماجستر، جامعة بن بوعلى بالشلى، الجزائير، ٢٠٠٨.

حەبیبوڵڵا تابانی، هاونەتەوەیی قەومی کوردو ماد، وەرگێرانی جەلیل گادانی، بەرگی دووەم، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی ٢٠٠٦.

د. الزواوی بغورة، مفهوم الخطاب فی فلسفة میشیل فوكو، المجلس الاعلی للثقافة، ٢٠٠٠.

د. سعید یقطن، تحلیل الخطاب الروائی، المركز الثقافی العربی بیروت، ط ١، ١٩٨٩.

د. عبدالسلام المسدی، الاسلوبیة والاسلوب، الدار العربیة للكتاب، ١٩٩٧.

د. عبدلهادی بن ظافر الشهری، استراتیجیات الخطاب، دار الكتب الجدیدة المتحدة، ط١ ٢٠٠٤.

د. عبدالواحد موشیر دزەیی، زانستی پراگماتیک، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١١.

د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرەگی دووەم، دەزگای ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.

د. محمد شومان، اشكالیات تحلیل الخطاب فی الدراسات الاعلامیة العربیة، الدراسات المصریة، نموذجا، بحث، المجلة العلمیة لكلیة الاداب، جامعة المنیاء ابریل ٢٠٠٤.

د. محمد مفتاح، الخطاب الشعری استراتیجیة التناص، المرکز الثقافی العربی، مغرب، ط ٢، ١٩٨٦.

د. محمود عکاشة، تحلیل الخطاب فی ضوء نظریة اعداث اللغة، دار النشر للجامعات، قاهیرةم ٢٠١٤ .

د. نایف سلێمان، د. عادل جابر، د. حسن قراقیش، د. محمد الحمور، د. عبدالموءمن ابو حسل، مستویات اللغة العربیی، دار الصفاء للنشر و التوزیعم عمان الاردنم ط١، ٢٠٠٠.

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ،سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم ،٢٠١٠.

د. هدسون، علم اللغة الاجتماعی، ترجمة د. محمود عیاد، عالم الاکتب، قاهیرة، ١٩٩٠.

د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٤.

د، محمد معروف فەتاح ، زمانەوانی، چاپخانیە حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

دومينيك مانغونو . المصطلحات المفاتيح لتحليل الخطاب، ترجمة محمد يحياتن، الدار العربية للعلوم ناشرون،الجزائر، ٢٠٠٨.

رەحیم سورخی، شیکردنەوەیەکەی رەخنەیی گوتاری سیاسی رۆژنامەنووسیی کوردی (١٩١٨- ١٩٣٢)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

ستيف اولمان، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، ١٩٧٥.

ستيف اولمان، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، ١٩٧٥.

سعيد يقطن، تحليل الخطاب الروائى، مركز الثقافى العربى، بيروت، الدار البيضاء، ط٢، ٢٠٠١.

سلوى الشرقى، تحليل الخطاب، الرسائل السياسية فى وسائل الاعلام، مكرز النشر الجامعى، تونس، ٢٠١٠.

فردیناند دی سوسێر، کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی، وەرگێرانی پ.ی د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، هەولێر، ٢٠١٩.

نەریمان عەبدوللا خۆشناو، زار و زمان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

سوزان جاس و م. و. سلينكر، لاری، اكتساب اللغة الثانية، ترجمة ماجد الحمد، جامعة الملك سعود، السعودية، ٢٠٠٩.

سەرباز مەجید محەمەد، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد رەفعەت)دا، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٩.

سەربەست حسێن، ئێزدیەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری، سلێمانی چاپی دووەم، ٢٠٠٢.

غازی حەسەن، گوتاری سیاسی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا شیکردنەوەی پراگماتیکی، نامەی ماجستەر، زانکۆی سۆران، ٢٠١٧.

فردیناند دی سوسێر، کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی، وەرگێرانی پ.ی د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، هەولێر، ٢٠١٩.

فيليب بلانشيه، التداولية من اوستن الى غوفمان، ترجمة صابر الحباشة، دار الحواء، سوريا، ط١، ٢٠٠٧.

فيليب سيرنج، الرمز فى الفن- الاديان- الحياة، ترجمة عبدالهادى عباس، دار الشرق للطباعة والنشر، بێ ساڵی چاپ.

کاروان عومەر قادر، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا بەکرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، چاپخانەی بینایم سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

قەیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٥.

محمد حسين عبدالعزيز، مدخل الى علم اللغة، دار النمر، جامعة القاهيرة ، ١٩٨٣ .

محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانیی، هەولێر، ٢٠١٠ .

محمد معروف فتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، دەزگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانیی، هەولێر، ٢٠١٠.

محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر ٢٠١٢.

نعوم تشومسكی، بنیان اللغة، ترجمة ابراهیم الكلثم، جداول للنشر والترجمة والتوزیع، بیروت، طبعة الاولی، ٢٠١٧.

نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، زار و زمان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

هاجر مدقن الخطاب الحجاجی انواعه وخصائصه، الطبعة الاولی، منشوارات الاختلاف، الجزائر. ٢٠١٣ .

هادی نهر، علم اللغة الاجتماعی عند العرب، الجامعة المستنصریة، ١٩٨٨.

محمد حسین عبدالعزیز، مدخل الی علم اللغة، دار النمر، جامعة القاهیرة ، ١٩٨٣.

هاوسەر، نەوزاد فەقێ ئیبراهیم، مۆرفۆپڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی فاکەلتی زانستە مرۆڤایەتییەکان سکولی زمان، ٢٠١٤.

هیوا مەولود عەبدوڵلا، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١٦.

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/131220191

**ڕێورەسمی جەژنی فەقیرانی کوردانی ئێزیدی لە شنگال بەڕێوەدەچێت ،**

سایتی ئاوێنە، (https://www.awene.com/detail?article=15865

سەروەر پێنجوینی، ئیسلام و ئایینی ئێزیدی، https://sarwar-penjweni.blogspot.com/2013/12/blog-post.html

محمد بلوافی، قرآءة فی غلاف الروایة شرفات بحر الشمال،

http://www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=18088

محمد رجب صدیق،بنیة مدخل التداولیات الخطاب, حولیات اداب عین شمس المجلد ٤٤ سبتیمبر ٢٠١٦سایتی باس نیوز، (http://www.basnews.com/index.php/so/news/iraq/566637

ویکیپیدیا، ئایین لە کوردستان، https://ckb.wikipedia.org/wiki/%D8%A6%D8%A7%DB%8C%DB%8C%D9%86_%D9%84%DB%95_%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86

Joseph Isya, Devil worship: The sacred Books and Traditions of the Yezidiz, Boston, R.G
N.Failclough anda power, Longman 1990, p 26